حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان
سکوڵی زمان
بەشی کوردی

# بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفتان دا

لێکۆڵینەوەیەکە پێشکەش کراوە لەلایەن

سەیوان محمد طاهر سعید

بۆ

ئەنجومەنی فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان - زانکۆی سلێمانی
بەشێکە لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی پلەی ماجستێر لە
ئەدەبی کوردی دا

سەرپەرشتیار

پ.ی.د.عبدالقادر حەمە ئەمین محمد

1434ی کۆچی 2713ی کوردی 2013ی زایینی

2020

پەیجی فەرمی سەرچاوەی کوردی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانكۆی سلێمانی ئامادەكراوە كە بەشێكە لە پێداویستیەكانی بە دەست هێنانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی كوردی دا.

**پ.ی.د.عبدالقادر حەمەئەمین محمد**

بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشكەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

**پ.ی.د.دڵشاد عەلی محمد**

**بەروار:** 2013/2/18

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان لە گەڵ خوێندکارەکە خوێندەوە و گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردی دا پێ بدرێت.

ناو : پ.ی.د.طاهر محمدعلی
ئەندام
رۆژ و بەروار: ١٤\٥\ ٢٠١٣ زایینی.

ناو :پ.ی.د.فازڵ مەجید مەحمود
سەرۆکی لیژنە
رۆژ و بەروار:١٤\٥\٢٠١٣ زایینی.

ناو : پ.ی.د.ئەنوەر قادر
ئەندام
رۆژ و بەروار: ١٤\٥\ ٢٠١٣ زایینی.

ناو : پ.ی.د.عبدالقادر حەمەئەمین محمد
ئەندام و سەرپەرشتیار
رۆژ و بەروار:١٤\٥\ ٢٠١٣ زایینی.

لەلایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی زمانەوە پەسەند کرا .

ناو : د.کاوان عثمان عارف
سەرۆکی سکوڵی زمان :
رۆژ و بەروار:

پێشکەشە بە :

وزە بەخشی ژیانم...

بە نیوەی مانا بەخشم...

بە دایك و باوکم

کە زۆر میهرەبان بوون لە گەڵم.

## سوپاس نامە :

- ♣ سوپاس و پێزانینی بێ پایان بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز و خۆشەویست پ.ی.د.ع بدالقادر حەمە ئەمین محمد، کە ماندووبون و ئەرکی کێشا و کاتە بە نرخەکانی خۆی بۆ تەرخان کردین تاوەکو ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکە بگرێتە ئەستۆ.
- ♣ سوپاس و ڕێز بۆ مامۆستایانی بەشی کوردی کە یارمەتیدەرمان بوون لە تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندنی ماجستێر بە سەرکەوتوویی، ئەرك و ما ندوو بوونیان کێشا تا سەرکەوتوو بین لە تەواوکردنی ئەرکەکە نمان.
- ♣ سوپاس و خۆشەویستیمان بۆ کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و کۆلێج، کە ئەرك و ماندوو بوونیان کێشا لەگەڵمان.
- ♣ سوپاس بۆ هەموو ئازیزان و دۆستان کە یارمەتیان دام بە سەر چاوە و زاذ یاری پێویست.
- ♣ سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە هاوکاریان کردم لە وەرگێڕانی با بەتی پێویست سەبارەت بە نامەکەمان.

# پێرست


| بابەت | پەرە |
|---|---|
| سەرەتا | 1 |
| بەشی یەکەم | 5 - 60 |
| پاری یەکەم | 5 |
| چەمك و زاراوی بنیات | 6 |
| چەمك و زاراوەی چیرۆك | 12 |
| پاری دووەم: بنیاتە هونەریەکانی چیرۆك | 21 |
| رووداو | 21 |
| بنیاتی ڕووداو | 28 |
| ڕەگەزەکانی ڕووداو | 45 |
| واتا | 45 |
| پلۆت | 51 |
| بەشی دووەم: چنینی چیرۆکەکان | 61 - 143 |
| پاری یەکەم | 62 |
| گێڕانەوە | 62 |
| شێوەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا. | 66 |
| گێڕانەوەی خودی | 66 |
| گێڕانەوەی بابەتی | 69 |
| دیالۆگ | 73 |
| مۆنۆلۆگ | 80 |
| گۆشە نیگا | 85 |
| جۆرەکانی گۆشە نیگا لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا. | 90 |
| پاری دووەم | 101 |

| | |
|---|---|
| **وەسف** | 101 |
| **پەیوەندی وەسف بە گێڕانەوە** | 104 |
| **ئەرکی وەسف** | 106 |
| **وەسف لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا.** | 113 |
| **پاری سێهەم** | 123 |
| **کەسایەتی** | 123 |
| **جۆرەکانی کەسایەتی لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا.** | 129 |
| **شێوازەکانی کەسایەتی لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا.** | 136 |
| **بەشی سێهەم:کات و شوێن لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا.** | 185 143 |
| **پاری یەکەم** | 144 |
| **کات** | 144 |
| **دابەشکردنی کات لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا.** | 148 |
| **ڕێکخستن** | 149 |
| **فلاش باك** | 151 |
| **پێشخستن** | 154 |
| **مانەوە** | 157 |
| **خێرایی گێڕانەوە** | 158 |
| **کورت کردنەوە** | 158 |
| **لابردن** | 159 |
| **سستی گێڕانەوە** | 164 |
| **دیمەن** | 164 |
| **وەستان** | 166 |
| **پاری دووەم** | 169 |
| **شوێن** | 169 |
| **پەیوەندی شوێن بە واقیعەوە** | 174 |

| | |
|---|---|
| جۆرەکانی شوێن لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا | 175 |
| شوێنی واقیعی | 176 |
| دابەشکردنی شوێنی واقیعی بە پێی هۆکاری پێکهاتەیی | 177 |
| دابەشکردنی شوێنی واقیعی بە پێی پانتایی ڕووبەرەکەی | 179 |
| دابەشکردنی شوێنی واقیعی بە پێی هەستی تاکەکان | 181 |
| شوێنی خەیاڵی. | 183 |
| ئە نجام | 186 |
| سەرچاوەکان | 188 |
| پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی | |
| پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی | |



Kurdistan Regional Government

Ministry of Higher Education

And scientific Research

University of Sulaimany

# Artistic Basis of dr.Kaws Qaftan's stories

A study prepared by

Saywan Muhammad Taher Saeed

For

The Council of Faculty of Languages-

University of Sulaimany

Partial fulfillment for the degree of master of Kurdish literature

Supervised by

Assis.praf.Dr.Abdulqadr HamaAmin Mohammed

1434 HJ. 2013 GR. 2713 KU.

## سەرەتا

بنیاتی هونەری چیرۆك ڕەگەزێکی گرنگە لەشێوازی چیرۆك دا.هۆکارێکە لەوەوە بە وێنە گوزارشت لە وێنەیەکی هەستی خەیاڵی دەکات لە واتای زیهنی دا، لە هەمان کاتدا باری دەروونی، ڕووداوێکی هەست پێکراو، دیمەنێکی بینراو سەبارەت بە نمونەی مرۆڤایەتی و سروشتی مرۆڤایەتی،هەموو ئەو وێنانە پێکەوە بەرز دەکاتەوە و وێنەی دەکێشێت و ژیانێکی تایبەتی یان جوڵەیەکی نوێی پێ دەبەخشێت.ئەگەر واتای زیهنی شێوە و جوڵە بێت، یا باری دەروونی تابلۆیەك یا دیمەنێك بێت، ئەگەر نمونەی مرۆڤایەتیش کەسایەتییەکی زیندوو بێت و سروشتی مرۆڤیش بەرجەستەیەکی بینراوبێت، بەڵام ڕووداوەکان و دیمەنەکان و چیرۆکەکان لەلایەن کەسێکی زیندوو و ئامادە دەگوترێتەوە یا دەنووسرێتەوە کە ژیان و جوڵەی تێدایە، چونکە کەسێك کە زیندوو نەبێت ناتوانێت بە ئەنجامدانی کارێکی وا هەستێت.ڕەگەزی گفتوگۆش هۆکارێکی گرنکە تاوەکوو نمایشی چیرۆکەکان زیندووتر پیشان بدات، لەهەمان کاتدا خەیاڵەکان یەکسان دەبێت لەگەڵی.پێش ئەوەی نمایشی چیرۆکەکە دەست پێبکات گوێگر و خوێنەرەکان دەگوازێتەوە بۆ شانۆی ڕووداوەکان کە ڕووداوەکان لە شوێنێکدا خۆی دیاریکردووە تێدا ڕوودەدات.دیمەن هەوڵدەدات ئەو ڕووداوانەمان بۆ بگوازێتەوە وەك دیمەنێکی سینەمایی بێت وایە، لەهەمان کاتدا ئەم ڕووداوانە پێویستی بە جوڵە پێکەر هەیە ئەویش کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکەن، کە دێن و دەچن، هەرجارەی هەڵچوونێکی جیاواز لە ناخیاندا ڕوودەدات، کە لە ئەنجامی هەڵوێستی جوداجودا و ڕەو ڕەوەی ڕووداوەکانەوە دێتە ئاراوە.

وەسفەکانیش بەپێی هەڵوێستەکان و کەسایەتیەکان دێتە ئاراوە نەك بەبێ هۆکار، هەموو ئەمانەش لە زەمەنێکدا ڕوودەدەن یان ڕوویان داوە یان لەوانەیە ڕووبدەن لە داهاتوودا، بۆیە ژیان لەچیرۆکدایە، لە ناو گێڕانەوەی بەسەرهات و حیکایەتە جۆر بەجۆرەکانی ژیاندایە، لە خۆیەوە دروست نابێت، لە هەمان کاتدا حیکایەتی ژیان نییە وەك هەیە بەڵکو جیهانێکی تایبەتە کە ژیان دەگرێتەخۆ بە هەموو شتەجوان و ناشرینەکانیەوە، هەوڵی کامڵکردن و پڕکردنەوەی کەم و کورتییەکانی ژیان دەدات، ئامانجی پیشاندانی جیهانێکی جیاوازە لەوەی هەیە.بەم پێیە بنیاتە هونەریەکانی چیرۆکەکان دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە لەو جیهانە تایبەتەی کە چیرۆکنووس لە ناو چیرۆکەکانیدا ئەفراندوویەتی.

## هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە :

هۆكاری سەرەكی هەڵبژاردنی بابەتەكە بۆ سروشتی دەوڵەمەندی و فرە ڕەهەندی و جۆراوجۆرییەتی ئەو شێوە تایبەتەی (د.كاوس قەفتان) دەگەڕێتەوە كە لە چیرۆكەكانیدا هەیەتی، لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی كە هەیبووە لە دەوڵەمەندكردنی چیرۆكی هونەری كوردی لە سەرەتاكانی گەشەسەندنیدا، ئەم تایبەتمەندیانەش مەودایەكی فراوان بۆ توێژەر دەخولقێنێت كە لە پانتاییەكی فراواندا بخولێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بەكارهێنانە فراوانەی تەكنیك و فرە جۆری بابەتەكانی لە هەموو ڕوویەكەوە دێت كە (د.كاوس قەفتان) بەكاری هێناوە ، لێرەوە گرنگی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێكۆڵینەوەكەمان دووپات دەبێتەوە.

## سنووری لێكۆڵینەوەكە :

بەشێوەیەكی گشتی سنووری لێكۆڵینەوەكە ماوەیەكی دورو درێژە، ساڵانێكی پڕ لە ئێش و ژانی چیرۆكنووسە هەر لەو ڕۆژەی كە بەهرەی چیرۆكنووسینی لە لا پژاوە، ئەمەش بۆ چیرۆكنووس زۆرە بەو پێ یەی چیرۆكەكانی خۆی لە هەشت(8) كۆمەڵە چیرۆكدا دەبینێتەوە، چیرۆكەكانیش (دەچیرۆك، خۆری ئاوابوو، ڕاوەبەران، نیوهەنگاو دوور لەدۆزەخ، پێنج تابلۆی شێواو، ژووری میوان، ئێوارەیەك، داربەڕووە بێسێبەرەكە )ن.گەڕان لە ناو ئەو هەموو چیرۆكانەدا شتێكی ئاسان نیە، بە پێ ی توانا هەوڵمداوە شیكردنەوەیان بۆ بكەم، ئەوەندەی پێم كراوە چیرۆكەكانم گوڵ بژێر كردووە و وێنەی بنیاتی هونەری جوان و ڕێكمان لێ هەڵبژاردووە، بۆیە دەرخستنی بنیاتە هونەری یەكانی چیرۆكەكان و دەستنیشانكردنی بابەتەكانی لە ناو چیرۆكەكاندا بنەمای سەرەكی بابەتەكەیە و زیاتر قوڵبوونەوە و دەرخستن بەخۆیەوە دەبینێت لە ناو چوارچێوەی خوێندنەوەدا.

## ئامانجی لێكۆڵینەوەكە :

ئامانجی ئەم لێكۆڵینەوەیە سەرەتا خستنە ڕووی چەمك و زاراوەی بنیاتی هونەری و چیرۆكە.دواتر ڕوونكردنەوەی بنیاتە هونەریەكانی ناو چیرۆكەكانی (د.كاوس قەفتان)ە، كە جۆرەكانیان و چۆنیەتی بنیات نانیان و شێوازی دروستكردنیانە كە سەرچاوەكانی ئەم بنیاتانە ڕوخساری خۆیان لە ناو چیرۆكەكاندا دەرخستوە.ڕەگ و ڕیشەی ئەو زاراوە و بنیاتە هەمە جۆرانە بۆ كێ و بۆ كوێ دەگەڕێتەوە، ئەو واتاو ئیحایانە چین كە دەیبەخشن.هەموو

ئەمانە لە گەڵ چۆنیەتی یەکگرتن و دروستبونی ئەو بنیاتانە بە شێوەیەکی گشتی لە ناو چیرۆکەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

لە توێژنەوەکەماندا میتۆدی وەسفی شیکاریـمان بە کارهێناوە، سەرەتا میتۆدی وەسفیمان گرتۆتە بەر تاوەکو لایەنە تیوریەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستیانە بخەینە ڕوو.بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی چیرۆکەکان و پراکتیزە کردنی جۆری بنیات و سەرچاوە و بەرامبەرکردنی نمونەکان پەنامان بردۆتە بەر میتۆدی شیکاری، لە زۆر شوێنیشدا هەردوو میتۆدەکە تێکەڵ دەبن و دەبنە تەواوکەری یەکتری.

## پلانی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لە سێ بە ش و سەرچاوە و ئەنجام و کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەبینێتەوە .لە پێشەکیدا کورتەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، لە گەڵ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و ئەو میتۆدەی کە تێیدا پەیڕو کراوە.لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێ بەش دابەش کراوە :

### بەشی یەکەم :

لە دوو(2) پار پێکدێت، پاری یەکەم لە " سەرەتایەك سەبارەت بە چەمك و زاراوەی بنیات و چیرۆك پێك دێت.پاری دووەم لە بنیاتە هونەری یەکانی چیرۆکەکان دەدوێت کە خۆی لە ( ڕووداو، بنیاتی ڕووداو و ڕەگەزەکانی ڕووداو کە "واتا و پلۆت " ە دەبینێتەوە.

### بەشی دووەم :

ئەم بەشە بە ناو نیشانی " چنینی چیرۆکەکان"ە کە دابەشی سەر سێ(3) پاردەبێت.(پاری یەکەم) بە ناونیشانی " گێڕانەوە و شێوەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا، دواتر گۆشە نیگا و جۆرەکانی گۆشەنیگا لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا دەگرێتەوە ، کە هەوڵمان داوە هەریەکەیان لە ڕووی چەمك و زاراوەوە بناسێنین ، هاوتا لەگەڵ هەر یەکێکیان لە چوارچێوەی چیرۆکەکاندا نمونەمان بۆ هێناوەتەوە.لە (پاری دووەم)دا باس لە وەسف دەکەین، کە بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە " ناساندنی وەسف و پەیوەندی وەسف بە گێڕانەوە و ئەرکی وەسف لە چیرۆکەکان و وەسف لە چیرۆکەکانی

د.كاوس قەفتان دا دەبينێتەوە.(پاری سێهەم)یش خۆی لە ناساندنی کەسايەتی دەبينێتەوە لە ڕووی چەمك و زاراوەوە، دواتر جۆرەکانی کەسايەتی و شێوازی کەسايەتی یەکان لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا خراوەتە بەر باس و ڕوون کراوەتەوە.

## بەشی سێهەم :

ئەم بەشە دوا بەشی لێکۆڵینەوەکەمانە، لە دوو(2) پار پێکدێت، لە تايبەتمەندیەکانی کات و شوێن دواوين لە ناو چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا.پاری یەکەم لە کات پێك دێت، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵمان داوە بەشەکانی کات لە ناو چیرۆکەکاندا باس بکەین.پاری دووەم پێك دێت لە ناساندنی شوێن و پەیوەندی شوێن بە واقیعەوە، دواتر "جۆرەکانی شوێن"مان بە پێ ی هە بوونی لە ناو چیرۆکەکاندا باس کردووە.

لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێك خستۆتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەك سەبارەت بە چەمك و زاراوەی بنیات و چیرۆك

## پاری یەکەم

### 1: چەمك و زاراوەی بنیات :

سەبارەت بە چەمك و زاراوەی بنیات لەکۆنەوە تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان لەبوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا بەکاردێت و چەندەها پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، هەر ئەم پێناسە جیاواز و بەرفراوانانە بوونەتە هۆکاری دەوڵەمەندی زاراوەکە، بەردەوامیش لە ناوەندە ڕۆشنبیری و مەعریفی و ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەییەکاندا بەکاردێت.هەر نووسەرە و لێکۆڵەرێك بەشێوازی جوداجودا لێکدانەوەی بۆدەکات.بنیات بەشێکە لە پەیوەندییە کۆمەلآیەتی و دەروونی و مێژوویی و ئەدەبی و مەعریفیەکان...، چونکە هەر ئەو بنەمایانەن لە ناو دەقدا بەتایبەتی لە ناو بنیاتی چیرۆکدا دەردەکەون کە خۆی لە چوارچێوەی کات و شوێن و ڕووداو و گێڕانەوەدا دەبینێتەوە، بۆیە بنیات ((بریتی یە لە جۆرێك دەورەدان کە هەندێك شت تێدا دامەزراوە، یان شوێنێکە کە ڕووداوێکی تێدا ڕوودەدات.زەمەن و شوێنیش لە چیرۆکەکەدا پێشکەش دەکرێت، وەکو ڕوودانێك جا ڕوودانی شتێك لە کاتێکی دیاریکراو یان نەزاندراودا بێت ))[1].ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە شێوازی توێژینەوەی بنیاتگەری شێوازێکی زانستیە، هەمو زانستێك ماددەیە و هەموو ماددەیەکیش بنیاتی هەیە،توێژینەوە پسپۆڕییەکانیش ئامانجیان دەرخستنی تایبەتمەندی بنیاتەکەیەتی تا توێژەر بتوانێت سیفەتی توێژەری بنیاتگەری بەدەست بهێنێت.

دوای دەرکەوتنی پرۆگرامی بنیاتگەری شۆڕشێکی گەورە لەبواری ئەدەب بەگشتی و لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی و توێژینەوەییەکاندا هاتە ئاراوە، بنیاتیش لەسەر بنەمای سیستەمێکی ئەندازەیی و وەسفی تەواو بۆ تێڕوانینەکانی دەیگرێتە خۆ دروست دەبێت، هەر لەمیانەی ئەم تێڕوانینەوە هەموو ئەو لایەنە جوانکاریانە ئاشکرادەکات کە چیرۆکنووس دوای تەواو کردنی کارەکەی ئەو بینا هونەرییانەی بۆ ئاشکرادەبێت کە تەواوی کردوە و بنیاتی ناوە.لە چیرۆکیشدا کۆی یەکەکان پێکەوە چیرۆکەکە و ئەو گواستنەوانەشی کە تێیدا ڕوودەدات بنیات

---

[1] The penguin Dictionarry of literary Terms and literatury theory .J.A. cuddon. reciend by.C.E.preston.1970-1998.p.812

دەنێن، لێرەدا هەر زیادییەك لە بنیاتنانەكە دەبێتە هۆی زیادەی واتا، بۆیە هەر گۆڕانكاریەك لە بنیاتدا دەبێتە هۆی گواستنەوە لە واتاكان.بەشێوەیەكی گشتی بنیات هەڵگری دەلالەتێكی بیناسازییە كە بۆ كارەكانی((بنیاتی نا، بنیات دەنێت، بنیات نان و باڵەخانە و بنیات ))[1].بنیاتیش لە ڕوی زاراوەوە بۆ یەكەمجار لەلایەنی(جان مۆكاروفسكی)هاتە ئاراوە و دەڵێت:(( بنیات سیستەمێكە لەڕەگەزە هونەری و بابەتییە بەدەستهاتووەكان لەڕێكخستنیدا، شێوەیەكی ئاڵۆزی هەیە و ڕەگەزێك لەڕەگەزە دیاریكراوەكان لەگەڵ یەكتردا كۆیان دەكاتەوە ))[2].

لە زمانە ئەوروپیەكانیشدا لە بنەڕەتە لاتینیەكە وەرگیراوە كە Stuere ە،كە بە واتای ((بنیاتنان یا ئەو ڕێگایەی كە تەلارێكی لەسەر بنیات دەنرێت، دواتر چەمكی ئەم ووشەیە درێژ بۆتەوە و هەموو بەشەكانی تەلار بەشێوەیەكی گشتی دەگرێتە خۆ لەگۆشەیەكی هونەری بیناسازی كە جوانییەكی پەیكەرسازی پێ دەبەخشێت))[3].لە زمانی فرەنسیشدا ووشەی Structure لە بنەڕەتدا لە كاری زمانی لاتینی Struere دا هەڵێنجراوە كە بەواتای بیناكردن دێت.بۆیە بنیات بابەتێكی ڕێك و ڕێكخراوە تایبەتمەندێتی و خودێتی خۆی هەیە.دواتر بنیات ئەو چەمكە بەرفراوانەی بەخۆیەوە دیت لە بواری بنیاتنانی باڵاخانەیەك كە شێوازی جوانكاری دەگرتەخۆ، ئەم زاراوەیەش تاسەدەكانی ناوەڕاست هەر بەواتای بنیاتنانی باڵاخانە و تەلاردەهات، بنیات دەلالەتە لە ڕووخساری ناوەوە و دەرەوەی بیناكە، چونكە هەموو ئەوانە لە چەند بەشێك پێكهاتوون كە لە كۆتاییدا بیناكە دروستدەكەن و سیمایەكی جوانی پێدەبەخشن.لەبەر ئەوە دەشێت لە هونەری چیرۆكیشدا زاراوەی بنیات بەكاربهێنین، ئەو ڕەگەزانەی چیرۆكیش پێكەوە بنیاتی هونەری چیرۆكەكە پێكدێنن، چونكە بە تەنها بنیاتێك ئەو دەقە ئەدەبییە دروست نابێت.

لە بنەڕەتدا ووشەی بنیات واتای (كۆ یا گشت) دەگەیەنێت كە پێكەوە هەریەكەیان لەسەر ئەوی تریان دەوەستێت و لە میانەی پەیوەندیان بەیەكەوە دیاردەكەون.بۆیە زمانەوانە عەرەبەكان بەم شێوەیە تەماشای بنیاتیان كردووە كە (( پەیكەرێكی جێگیرە بۆشت یا بۆ شتەكان، پەیكەرساز دەربارەی بیناكەی قسەدەكات یان وێنای دەكات وەك ئەوەی كە

---

[1] مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية.الدكتور زكريا ابراهيم.الناشر مكتبة مصر.1990م.ص 29.

[2]معجم مصطلحات نقدية الرواية، عربى ، أنكليزى، فرنسي. د.لطيف زيتونى، مكتبة لبنان ناشرون، دار النهار للنشر.ط.الثانية. 2002 م .ص 37.

[3] نظرة البنائية فى النقد الأدبى.د.صلاح فاضل دار الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الأولى بغداد.1987م. ص17 .

ڕێکخراو و داڕێژراوە ))[1] ، هەروەها بەلای (أبن گبا گبا) وە بنیات بەواتای دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان بەشەکانی دەقدا و دەڵێت: (( ئەگەر شاعیر ویستی هۆنراوەیەك بنیات بنێت ئەوا واتای ئەوەیە کە ئەو واتایە دە پشکنێت کە دەیەوێ ئەو شیعرە لە بیری خۆیدا دروست بکات ))[2] دەکرێت ئەمە بەسەر چیرۆکدا پراکتیزە بکەین، چونکە چیرۆکنووس ئەو واتایە دەپشکنێت کە سەرەتا لە بیری خۆیدا دروستی کردووە و پاشان بەپێی ئەو بنەمایەی کە چیرۆکەکەی لەسەر بنیات دەنێت بە هەموویانەوە چیرۆکەکە بنیات دەنێن، لێرەدا بوونی واتا لە ناو بیری مرۆڤدا زۆر گرنگە، چونکە پێش ئەوەی واتا لە دایك بێت چیرۆکنوس ئەو واتایە لە ناوی بیری خۆیدا دەپشکنێت تاوەکو بتوانێت ئەو چیرۆکە بنیات بنێت کە خۆی مەبەستێتی و دەیەوێت پەیامەکەی خۆی تێدا ئاراست بکات.

لە ڕووی زمان و زاراوەوە شێوازی دەربڕینی بنیات، بنەڕەتە زمانییەکەی بە واتای "بینا" دێت کە دەگوترێت(( خانوویەکی باشی لەڕووی بیناو کۆڵەگەوە بنیات ناوە و بینا کردووە ))[3]، وشەی بنیات لێرەدا دەلالەت لە بنیاتنانی باڵەخانە و چۆنیەتی بنیاتنانی ئەو شێوازەی کە لەسەری بنیاتنراوە دەکات.لە زمانی کوردی و ڕۆشنبیری کوردیشدا زاراوە و وشەی بنیات بە چەند شێوەیەك هاتووە ئەوانیش (( بنیاتگەری ، بونیادگەری ، بنەماخوازی ، پێکهاتەخوازی ، نژیاگەری ، بناغەگەری ، پێکهاتەگەری ، قەوارەخوازی ))[4]هاتووە.هەروەها لە هەندێك فەرهەنگدا بنیات بە واتای ((دروستیکرد، دایمەزراند، پێکەوەی نا))[5] یاخود بە واتای ((سەرەتا، بناغە، اصل ))[6] هاتوە.

سەبارەت بە زاراوەی بنیاتیش لە زمانی عەرەبیدا(( زمانەوانە عەرەبەکان جیاوازییان لە نێوان وشەی واتا و بینا دەکرد.بەڵام هەندێك لە زانایانی زمان مەبەستیان لە وشەی "بینا" "بنیات" بوە لە ئێستادا، واتە زاراوەی "بینا" لە کۆندا بەرامبەر زاراوەی "بنیات"

---

1 هەمان سەرضاوە.ل 175.

2 الفواعل السردية، دراسة في الرواية الأسلامية المعاصرة، بان البنا، عالم الكتب الحديث، الطبعة الأولى أردن. 2009م .ص 9.

3 أساس البلاغة، جارالله ابى القاسم محمود بن عمر الزخمشرى، دار الفكر للطباعة والنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، لبنان 2006م.ص51.

4 رەخنەی بنیاتطەری لە تیۆرەوە بۆ ثراکتیزە کردن - ڕەخنەی شیعری کوردی بە نمونەوە . دکتۆر علی تاهیر حسێن ، ضاث و ثەخشی سەردەم _ ضاثی یەکەم ، سلێمانی 2008 ی زایینی .ل 21.

5 فەرهەنطی یاریدەر، عەرەبی_ کوردی _ ئینطلیزی.فوئادی تاهیر سادق.بەڕێوەبەرێتی ضاث و بلاَوکردنەوەی سلێمانی. بەشی یەکەم ((أ_ت)).کوردستان 2007 ی زایینی.ل 335.

6 فرهنط فارسی _ کوردی.بە سەرثەرشتی ماجد مردۆخ روحانی.لە بلاَوکراوەکانی دانشطاە کوردستان، سنندج. 2011 ی زایینی.ل129.

دەوەستێت لە ئێستادا))[1].بۆیە دەکرێت گرنگی بنیات ئاشکرا بکەین کە لەسادەترین پێناسەیدا کە (د.زکریاأبراهیم) ئاماژەی پێداوە و دەڵێت: کە بنیات ((سیستەمێك یا نەسەقێکە لە مەعقولیەت))[2].بنیات بەو شێوە و وێنەیە تەنها وێنەی شتەکان و پەیکەری بالأخەنەکان و داڕشتنی گشتی نییە کە بنیاتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو یاسایەکە کە پێکهاتەی شتەکان و مەعقولییەتەکانی شیدەکاتەوە.بۆیە بنیاتگەرەکان ئامانجیان شیکردنەوەی ئەو نەسەقە عەقڵیانەیە کە پەیوەندی نێوان ڕەگەزە هونەرییەکان بەدەست دەهێنێت.چەمك و تێگەیشتنی بنیات زۆرێك لەلێکۆڵەران و ڕەخنەگران و زمانەوانەکان و زانایانی فەلسەفەی بەخۆیەوە خەریك کردووە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ئاشکراکردنی هەموو ئەو واتاو و مژدانەی کە دەق دیگرێتە خۆ، هەموو ئەمانەش بە هەوڵ و کۆشش و ماندو بوونی نووسەر ئەنجام دەدرێت.

میتۆدی بنیاتگەریش بۆ یەکەمجار بەکاریگەری زمانناسی سویسری (فردیناند دی سوسێر) دەرکەوت ئەویش لە تیۆرە دوانەییەکەی زمان و قسەکردن دا ، کە لەسەر دەستی ئەو جەخت لەسەر بنەمای بنیات کرایەوە بەتایبەت لەمیانەی لێکۆڵینەوە و وانەکانی بەناوی ( کۆرسێك لەزانستی زمان1916ز) کە دژی بنەمای مێژووی ڕووت بوو بۆ زمان لەگەڵ دژبوونی بۆ زمانییەکان کە زمانیان هەڵ ئەوەشاندەوە بۆ چەند ڕگەزێکی دابڕاو، بۆیە(سوسێر)بە سەردەستەی بنیاتگەرە نوێخوازەکان دادەنرێت، لە هەمان کاتدا دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە(سوسێر)هەرگیز ووشەی بنیاتی بەکارنەهێناوە، بەڵکو چەمك و تێگەیشتنی جەوهەری لەتێڕوانینی ئەوەوە چەمکی نەسەقSystemە.((بەلأم جێبەجێکردنی ئەم نموونەیە لە بواری ئەدەبدا بۆ ساڵی 1928ز دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا هەریەك لە (جاکوبسن و تینانوف) بەرنامەیەکی تایبەتیان بەم بوارە دانا، کە ئەمەش سەرەتای بنیاتگەری ئەدەبی بوو ))[3].بۆیە دیاریکردنی چەمك و زاراوەی بنیات کۆمەڵێك جیاوازی هەمەجۆری بەخۆیەوە بینیوە لەو بیروڕا جیاوازانەی کە بۆی کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە ڕێکەوتنی تەواو و هاوبەش نەبێت لە نێوانیان لە دیاریکردنی ئەم چەمکە، سەبارەت بەمەش (جان بیاجە) لەکتێبەکەی بەناوی "البنیویە" دا دەڵێت:(( پێدانی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ بنیات کەفیلە بەجیاکاری لەنێوان بیرێکی نمونەیی پۆزەتیڤ کە چەمکی تێگەیشتنی بنیات دادەپۆشێت لە ململانێکان یان لە

1 مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية.الدكتور زكريا ابراهيم.ص 19.

2.هەمان سەرچاوە.ص 33.

3بؤس البنيوية الأدب والنظرية البنيوية، ليوناردجاكسون، ترجمة ثائرديب.دارالفرقد للطباعة والنشر والتوزيع الطبعة الثانية 2008م.ص 47.

بێلایەنی جیاوازی جۆرەکانی بنیات))[1] ، هەروەها ئەو ددان پێدانانە ڕەتدەکاتەوە لە بوونی(( نموونەیەکی هاوبەشی ڕوون کەپێی دەگات یا هەمو بنیاتگەرەکان هەوڵی دۆزینەوەی دەدەن.لەگەڵ ئەوەی کە لە مەبەستەکانیان جیاوازن تا بێکۆتایی.))[2].(جان بیاجە) لەپشت هەمو ئەم ئاماژە جیاوازانەی کە بۆ بنیاتی دەکات لەبوارە جیاجیاکاندا، جیاوازی دەکات لەنێوان پێناسەکردنی بنیات لەگەڵ ئەوەی بنیاتگەرەکان ڕەخنەی لێدەگرن و ئامانجیانە، ئەم لێرەدا بنیات بەشێوەیەکی نێگەتیڤ نا ناسێت وەك بنیاتگەرەکان ڕەخنەی لێدەگرن، چونکە ئەو لە لقێکەوە بۆ لقێکی تر لە زانستە ڕاستییەکان و مرۆڤایەتییەکان دەگۆڕێت.هەوڵدەدات پێناسەیەکی گشتگیر بۆ بنیات بکات بەو ئامانجەی کە هەموو بەشەکان و لقەکان بگرێتە خۆ و یەکیان بخات، ئەمەش بەو ئامانجەی کەهەیەتی بۆ بەدەستهێنانی مەعقولییەتی تەواو لەڕێگای پێکەوەنانی بنیاتەکانی کە تەنها بەخوودی خۆی تەواو دەبێت، واتە بڕوایەکی خوودی هەیە لە تەواوکردنی بنیاتەکانی، بۆیە بۆ تێپەڕین بەسەریدا پێویستی بە ڕەگەزی دەرەکی نییە.(بیاجە) پێناسەیەکی گشتگیر پێشکەش دەکات دەربارەی بنیات بەو سیفەتەی کەوا نەسەقێکە لە جێگۆڕکێ، کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە.

بنیات(( کۆمەڵێك گواستنەوەیە و هەڵگری کۆمەڵە یاسایەکە(بەرامبەر تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزەکان)دەمێنێتەوە یا دەوڵەمەندە بە هەمان یاری یە جێگۆڕکێکان، بەبێ ئەوەی کە سنوری خۆی ببەزێنێت یا پشت بەڕەگەزی دەرەکی ببەستێت، بەکورتی بنیات خاوەن سێ تایبەتمەندییە ((گشتێتی، گواستنەوە، ڕێکخستنی خودی ))[3]مەبەست لە (گشتێتی) یا هەمەلایەنی ئەوەیە کە لەڕەگەزە ناوخۆییەکانی یاسا لەبەرگرتووەکانی بۆسیستەمی نەسەق پێکدێت.بەم تێڕوانینەش بنیات لە ڕەگەزە دەرەکیەکان پێك دێت یان سەربەخۆیە لەگشت، بەڵام گواستنەوە لەکۆمەڵێك گۆڕانکاری زنجیرەیی ناوخۆیی پێکدێت کە لەناو سیستەمدا ڕێکخراوە یا لەژێر دەسەڵاتی بنیاتە ناو خۆییەکاندا ڕێکخراوە.ڕێکخستنی خودیش ئەوە کە توانای ئەوەی هەیە کەخۆی ڕێکبخات و خۆی لەپارچە بوونیش بپارێزێت.بۆیە بنیات پەیوەندی نێوان یەکە جیاوازەکانە لەناو دەقدا، ئەو سیتەمەیە کە دەقە ئەدەبییەکە دروستدەکات، هەموو ئەو یەکانەش پێیان دەگوترێت System هەر ئەو سیستەمەشە بنیاتەکە درووست دەکات.بێگومان هەموو شتێکیش سیستەمی خۆی هەیە کە لەسەری بنیات دەنرێت.سیستەمیش لە(( بنیات پێکدێت یان زنجیرەیەك بنیاتی بچووك، کە بەهەموویان

---

[1] البنيوية، جان بياجه، ترجمة عارف منيمنه و بشير أوبرى.منشورات عويدات.بيروت لبنان.الطبعة الأولى1971م.ص 7.

[2] هەمان سەرچاوە.ل 7.

[3] البنيوية، جان بياجه.ص 8.

دەبنە پێكهاتەی ڕستەكان،كە لە بكەر و تەواوكەر و كردار پێكهاتوون و گۆڕینی بنیاتەكەش بەهۆی زیادكردنی ئامرازەكانی پرسیار و نەفی و سەرسوڕمانەوە دروستبوون، بەلاًم بنیاتە سەرەكیەكە هەر ئەمێنێ ))[1]، بەلاًم (كلودلیڤی شتراوسی) فرەنسی بنیات وەها دیاریدەكات كەوا(( نەسەقێكە پێكدێت لە كۆمەڵە ڕەگەزێك كە سەربە هەر گواستنەوەیەك بێت بەرەنگاری یەكیان دەبێتەوە و گۆڕانكاریش لە هەموو ڕەگەزەكانی تر بێنێتە ئاراوە ))[2] لەمەوە ئەوە دەردەكەوێت كە لەپاڵ هەموو دیاردە جیاوازەكان شتێكی هاوبەش هەیە كەوا كۆیان دەكاتەوە، ئەویش ئەو پەیوەندییە جێگیرە تاقیكراوەیە كە هەیە لەنێوانیاندا، بەهۆی ئەم پەیوەندییەی كە لەنێوانیاندا هەیە دەبێت شتەكان ئاسان بكرێت، چونكە ئاسانكاری لەنێوان شتەكان زۆرباشترە لە ئاڵۆزكردنی، بنیات لەم ڕوانگەیەوە (( بە شێوەیەك پێكهاتووە كە ڕێگا بە لێكۆڵەر دەدات تا ڕوونكردنەوە و شیكردنەوە بۆ هەموو دیاردە و تێبینیەكانی بكات ))[3].بۆیە توێژەرە بنیاتگەرەكان گرنگی بە بنیات دەدەن، چونكە هەموو ماددەیەك بنیاتی هەیە و توێژینەوەكانیش ئامانجیان دەرخستنی ئەو بنیاتەیە، كەواتە((بنیاتگەری پێكهاتەی كۆمەڵێك بەشی پێكەوە گرێدراوە))[4] واتە نێوانی بەشەكانی ئەوشتە دیاریدەكەن جا ماددی بێت یان نا.

بنیاتگەری باڵی كێشاوە و چۆتە ناو خانەی بوارەكانی وەك: زانستی سروشت و زانستی دەروون و ماتماتیك و كۆمەڵناسی زانستە مرۆڤایەتییەكان و تەلارسازی و ماتماتیك و ئابوری و فەلسەفە و مێژوو ...لەبواری ئەدەبیشدا (ڕۆلان بارت و جولیاكریستیڤا و جیراردجنیت و ڤلادمیرپرۆپ و جان كوهین و ریفاتیر و گریماس و تۆدۆرف و گۆلدمان) نوێنەری بوون، كە ڕۆڵێكی كاریگەریان تێدا گێڕا.دەتوانین بڵێین بنیاتگەری بەپێی واتا فراوانەكەی ئەوە دەگەیەنێت كە(( لێكۆڵینەوەی دیاردە جیاوازەكانە وەك كۆمەڵگا، عەقڵ، زمان و ئەدەبیات، و خورافییات، تەماشای هەموو دیاردەیەك لەم دیاردانە دەكات بە وەسفكردنی وەك سیستەمی تەواو، یا هەموویان پێكەوە بەستراون، یاوەسفكردنی بە بنیات، لێكۆڵینەوەی لەسەردەكات لەڕوانگەی نەسەقی پەیوەندییە ناوەكییەكان نەك لەمیانەی بەدوادا چوون و پێشكەوتنە

1 بنیاتی كارنامەیی دەق.د.عبدالقادر حەمە ئەمین محمد.مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی 2008 ی زایینی.ل .14.
2 نظرة البنائیة فی النقدالأدبی.د.صلاح فاضل ص 220.
3 هەمان سەرضاوە.ل 220.
4 بؤس البنیویة الأدب والنظریة البنیویة، لیونارد جاكسون.ص 48.

مێژوویەکەی.هەروەها بە واتای لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی بنیاتی ئەو پێکهاتانەش دێت کە پێی کاریگەربووە لەسەر ڕێگای هەستان بەکارەکانی )).[1]

پێناسەکردنی بنیات کارێکی ئاسان نییە، چونکە **سیاق** ڕۆڵێکی گرنگ لەدیاریکردنیدا دەبینێت بەپێی زەرورەتیش ئەم جیاوازیانە تاڵییەکی پێدەبەخشێت.کەواتە ئاماژەکردن بۆ چەمك و زاراوەی بنیات تەنها ئاماژەکردنێکە بۆ بە یەکەوە بەستنی ناوەوەی ئەدەبی لە چوارچێوەی سیاقی زمانی و نەسەقی، ئەمەش بەواتای ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندیانە دێت کە بابەتەکانی لەناو خۆیاندا هەیانە، لەهەمان کاتدا لێکۆڵینەوەی بنیاتی هونەری کارکردنە لەسەر زانینی بابەت و بەشەکانی لەگەڵ یەکتری لەناو دەق، بۆیە لێکۆڵینەوەی بنیاتی هونەری بەشێوەیەکی گشتگیر دەبێت هەمووی بگرێتەوە.کەواتە(( تێکستی ئەدەبی بەم پێ یەجیهانێکی سەربەخۆیە و لەچەند توخمێکی جیاواز و پێکەوە بەستراوپێکدێت و لە نووسەرەکەی جیادەبێتەوە، چونکە تەنها ئەو توخمانەن کە لەپەیوەندی تایبەتدا دەق پێکدێنن))[2].هەر نووسەرێك کە چیرۆکەکەی بنیات دەنێت ، ئەوا بە شێوازێکی تایبە ت بە خۆیەوە ئەو چیرۆکە بنیات دەنێت و شێوازێك بەکار دەهێنێت تاوەکو پێوەی بناسرێتەوە، بەڵام  لەگەڵ ئەمەشدا بنیات جیاوازی هەیە لەگەڵ شێواز، چونکە (( ئەگەر شێواز بریتی بێت لە ڕۆنانی ڕستە و وێنەی هونەری و شێوەکانی دەربڕین کە تام و چێژی تایبەتی هەیە.ئەوا بنیاتی هونەری بریتییە لە لێدانی ئەو ووشانەی دەقەکە بەپێی یاساکانی ناوەوە پێکی دێنێت.ئەو گوتنانەش دەگرێتەوە کە لە بنەمایەکی هونەرییەوە دەردەچێ یا ئەو  پێکهاتانە دەگرێتەوە کە دەقەکەی لەسەر ڕۆنراوە ))[3].هەروەها (ستاندال) دەربارەی شێواز ووتویەتی (( تەنهایەك شت دەزانم نابێ شێواز زۆر روون و ئاشکرایا زۆرئاسان بێت ))[4] هەرنووسەرە و شێوازی خۆیەتی، وەك شوێن پەنجەکانی خۆی دەبێت هاوتابێت.شێوازیش لەخۆیەوە گەشەناکات بەڵکو لە ئەنجامی بەردەوامی نووسینەوە گەشەدەکات و هەنگاوی نوێتر بەرەو پێشەوە دەنێت، بۆیە شێواز نابێت بە شێوەیەکی داتاشراوبێت.لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە نووسەر هەڵەکان نەهێڵێت لەناو دەقەکەدا وەك : دووبارەکردنەوەی زۆر، ڕستەی ئامادەکراو و لێنەهاتوو و کرچوکاڵ.بەڵام بنیات واتاو دەلالەتی فراوانتری هەیە وەك لە

---

[1] هەمان سەرضاوە.ل 47.

[2] بنياتى كارنامەيي دەق.د.عبدالقادر حەمة ئەمين محمد.ل 14.

[3] شويَنكاتى يەكەم لەدووەم و ئيَستاى سەطوەرِ.عەبدول موتەلَيب عبدالله، لة بلاَوكراوەكانى سەنتەرى فيكرى و ئەدەبى نما، ضاثى يەكەم _ هەوليَر 2004 ى زايينى .ل 60.

[4] رؤمان و ثيشەى نوسينى رِؤمان نوسين، ئەدوارد بلشن.دايانا داوبتفا ير.وەرطيَرِانى بؤعەرەبى، سامى محمد، وەرطيَرانى بؤ كوردى، ئەذى طؤران.دەزطاى رِؤشنبيرى وبلاَوكردنەوەى كوردى.بەغدا 1982 ى زايينى .ل 41 .

شێواز.چونکە شێواز خۆی بەشێکە لە بنیاتەکە و ئەو شێوازەیە کە چیرۆکنوس لە چیرۆکەکەیدا بەکاری دەهێنێت.

دەلالەتەکانی بنیات فراوانترە لە شێواز و جیاوازیشە لێی چونکە(( بنیات پەیوەندی بە بەیەکەوە بەستنی دەقەوە هەیە یا گرنگی بەناوەوەی دەق دەدات ، ئەوانەشی پەیوەندییان بەو بنەمایەوە هەیە کات و شوێن و ڕووداو و کەسایەتی دەگرێتەوە لە هەر چیرۆکێك یا ڕۆمانێك ، بەڵام شێواز پەیوەندی بەو شێوازەوە هەیە لەڕووی زمانەوە چۆن دەری دەبڕێت ))[1] ئەو پەیوەندیانەی کە باڵا خانەیەك دروستی دەکات لەگەڵ یەکتری تواندرا لەبواری دەقی ئەدەبیدا سوودی لێ ببینرێت ، چونکە ئەو بنەمایانە بەیەکەوە دەقێکی ئەدەبی و هونەری دروست دەکەن و بنەمای هەردەقێکی ئەدەبی پێکدەهێنن.بنیات واتای گشتی کاریگەری ئەدەبیە وەك چۆن بمانەوێت نامەیەك بنوسین ، ئەو کاریگەریە بە ڕێگای جۆرا و جۆر دەکرێت گوزارشتی لێبکرێت، چونکە تەنها بەگوزارشت کردنی کاریگەری ئەدەبی ئەو کاریگەریە درووست دەبێت.بۆیە لە چیرۆکدا گرنگە بنیاتی هونەری هەبێت تاوەکو هەموو بنیاتەکانی تر پێکەوە کۆبکاتەوە و لەگەڵ یەکتردا بیان گونجێنێت، ئەگەر وانەبێت ئەوا شیرازەی چیرۆکەکە تێکدەچێت و هیچ ڕێکەوتن و ڕێکییەکی پێوە دیارنابێت. بەرهەمێکی عەشوایی و بێ بنەمای لێدەردەچێت.وەك (لیۆ تۆلستۆی) دەڵێت: (( ئەوەی زۆر گرنگە لە شاکاری هونەرییا ئەوەیە کە ئەبێ جۆرێك لە ڕێوشوێنی هەبێ بەو واتایەی کە هەموو ئەو تیشکانە یەك بخاتەوە کە لێوەی درەوشاتەوە ))[2].کەواتە بنیاتی چیرۆکی سەرکەوتوو لە ڕیشەوە تا دەگاتە پەیکەری گشتی چیرۆکەکە پێویستی بەشارەزابوون و گۆشەنیگایەکی دیاریکراو هەیە تاوەکوو نوسەری چیرۆك بتوانێت چیرۆکێکی سەرکەتوو لە ڕووی بنیاتەوە بهێنێتە بوون، چونکە بنیات وەکوو تاڵە داوێك وایە هەموو بنیاتە هونەریەکانی تری هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەتایبەتی چیرۆك بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

## 2: چەمك و زاراوەی چیرۆك :

چیرۆك هونەرێکی گرنگی پەخشانە، وەك هەر هونەرێکی تر سەرچاوەکەی لە شوێنێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا هەڵقوڵاوە، (( هەموو داهێنان و ئەفراندنێك نیشتمانی خۆی هەیە.بۆ یەکەمجار لە وڵاتێکدا پەیدادەبێت و سەرهەڵدەدا و چاوی بوونی هەڵدێنێ، لە

[1] الفواعل السردية، دراسة في الرواية الأسلامية المعاصرة. بان البنا .ص 10.

[2] رؤمان و ثيشةى نوسينى ڕِؤمان نوسين، ئةدوارد بلشن.دايانا داوبتفا ير .ل 41.

شوێنێکدا و لەسەردەمێکدا لەپاڵ  بارودۆخێکی تایبەتی گونجاودا دروست دەبێ، لە ڕۆژگارێکدا گۆڕانێك دەبێتە هۆی پەیدابوونی، تێڕوانینێك لە ئایدیایەکی تایبەتییەوە کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیەکی کۆمەلأیەتیە و هەر ئەوەشە کە زادەی بارێکی ئابوری ئەوکۆمەڵگایەیە، کاتێ سیستەمی کۆمەڵگاکە و جۆری بەڕێوەبردن و فەرمان ڕەوایی گونجاو دەبێ بۆ ئەو سەوز بونە))[1].چیرۆکیش نیشتمانی خۆی هەیەکە سەرەتا لێوەی سەریهەڵداوە و هاتۆتە بوون، کۆمەڵە نووسەرێکیش هەن بوونەتە سەرمەشق و سەردەستەی ئەوانی تر و درێژە پێدەری ڕێبازەکەیان و هونەرەکەیان.بەپێی بارودۆخ و سەردەمەکەی خۆیان بەرە و پێشیان بردوە و پەرەیان پێداوە و چ لەڕووی ڕووخسارەوە یا ناوەڕۆکەوە، چیرۆکیش بەڕەگەز خۆرئاواییە و لە((ئادگارئالان پۆی ئەمریکاییەوە بۆ مۆپاسانی فرەنسایی و لەوێشەوە بۆ تۆرجینۆف و چیخۆفی ڕووسیایی سەریهەڵداوە.هەر لەوێ مەکسیم گۆرگی فەرمووبوی:هەمووما‌ن لە پاڵتۆکەی گۆگۆلەوە سەرمان دەرهێناوە.ئەوجا بۆ نوسەرە هەرە دیارەکانی سەدەی بیستەم، جێمس جویس ، فرانزکافکا، هەمەنگوایی، ولیەم سارۆیان، ئۆهەنری و گەلێکی دیکە ))[2].بێگومان هەموو ئەمانەش لەڕێگای وەرگێڕانەوە هاتونەتە ناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەلأتەوە لەوێشەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی.

چیرۆك لەمێژ نییە خولڤاوە و لە منداڵدانی ئەفسانە و حیکایەتە میللییەکانی وەك: (هەزارو یەك شەوە و دیکامیرۆن و ئۆدیسە و ئەلیازە و ئەنیادە) و هەموو ئەو حیکایەتە میللیانەی لای میللەتان بلأو بۆتەوەو لەدایك بووە.پێش ئەوەی چیرۆك بگاتە ئەو ئاستەی ئێستای بریتی بووە لە((بەسەرهاتێکی کورتی میللی و پاشماوەی باو و باپیرانە و دەچێتە ناو سروشتی مرۆڤایەتیە وە لە هەموو کات و شوێن و کۆمەڵدا، چیرۆك بەگەلێك سەردەم و تاقی کردنەوە تێپەڕیوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە نزیك ڕووداوە کانەوە بووە ))[3].چەمکی نوێی چیرۆکیش جیاوازە کە لەوەی پێشتر هەبووە چ لە ڕووی ڕۆڵەکان یا تەکنیکەکان، بۆیە چیرۆك تەنها ئەوە نیە کە ڕووداوەکان یاخوود ژیانی تاکە کەسێك بگێڕێتەوە بەڵکوو چەند بنیاتێکی هونەری دیاری کراوی هەیە کە لە هونەرەکانی تری جیا دەکاتەوە وەك: شانۆ، شیعر، هونەری گوزارشت کردن و ....کە ئەمەش زیاتر بۆگەشە کردنی

---

1 دةروازةى دراما، ئةحمةدسالار، لةبلأوكراوةكانى دةزطاى رِؤشنبيرى كوردى، بةرطى يةكةم .بةغدا 1980 ى زايينى.ل 2.

2 ئةزمونى ضيرؤكنوسين، مةحةمةدفةريق حسن.بةرِيَوةبةريَتى ضاث وبلاَوكردنةوةى سليَمانى، ضاثي يةكةم 2012 ى زايينى .ل 20.

3 مقدمة فى النقدالأدبي، علي جواد الطاهر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، منشورات المكتبة العالمية، الطبعة الثانية، بغداد 1983م.ص 243.

شارستانییەت و ڕۆژنامەگەری دەگەڕێتەوە.بۆ ئەوەی چیرۆکیش سەرکەوتوو بێت پێویستە بە وردی ڕەچاوی بنیاتە هونەریەکانی وەك: ڕووداو،کەسایەتی، چنین، شێواز، ژینگە و تەرکیزکردن بکات.هەموو ئەمانەش وەك بینایەیەکی توند و تۆلە پێکەوە لایەنە هونەریەکانی تەواو دەکەن، لاواز بوونی هەریەك لەم بنیاتانەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی بنیاتەکانی تر و پاشان هەموو کارێکی ئەدەبی.

لە کاتێکدا کە باس لە چیرۆك دەکەین مەبەستمان شتی گرنگتر لە هەواڵ گەیاندن و قسەکردنێکی ئاساییە، مەبەست لە چیرۆك (( ئەوکارە ئەدەبییە کە ئەنجامی خەیاڵی گێڕەرەوەیە، بۆ ڕووداوەکانی کە ڕوویداوە لەلایەنی پاڵەوانێکەوە کە بوونی نییە یاخود بوونی هەیە بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە  لە چواردەوری چیرۆکەکەدا ڕویداوە یا ڕووی نەداوە لە پاڵەوانەکە لەسەر بنەمایەکی هونەری ڕەوانبێژی کە هەندێکیان پێشکەوتوون و هەندێکیان دواکەوتون و هەندێکیان دەرکەوتوون و هەندێکیان لابردراون یاخود بۆ واقیع زیاد کراوە و خراوەتە سەری، لەوانەش هەندێکیان ڕوویان داوە یا خوود بەشێوەیەك لە وێنا کردنیدا زیادەڕۆیی تێدا کراوە کە کەسایەتیە مێژووییەکە لەو قاڵبە دەردەکات کە ڕاستیەکی ئاسایی و دیاربێت، بەڵکو دەیکاتە یەکێك لە کەسایەتیە خەیاڵییەکان))[1].

چیرۆکیش وەك ژانرێکی سەربەخۆ هونەرێکی نوێیە و بەرهەمی شاروو چەرخی مۆدێرنە، واتە لەگەڵ گەورەبوون و فروان بوونی شارو لە ئاکامی شۆڕشی پیشەسازی و کاریگەرییەکانی ئەو شۆڕشە لەسەر کۆمەڵگەی ئەورووپی سەری هەڵدا.بێگومان دواتر پەرەی پێدراو زیاتر چەسپاو گۆڕانکاری بەسەرداهات چ  لە ڕووی ناوەڕۆك و چ لەڕووی ڕووخسارەوە، دواتریش لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی و دواتر بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی گوازرایەوە، ئەمەش لەڕێگای پێشکەوتنی بواری ڕۆژنامەوانی و فراوانبوونی شارەکان و گرفتەکۆمەڵایەتیەکان و بابەتە نەتەوایەتیەکانەوە سەری هەڵدا، چونکە زیاتر بە چیرۆك دەتوانرێت گوزارشت لە دۆخە نوێیەکانی شار و شارستانی یەت بکرێت وەك لە شیعر.ڕاست شیعر گرنگە بەڵام چیرۆك زیاتر ڕووداوەکان لە ناو خۆیدا بەرجەستە دەکات وەك لە شیعر.ژانری چیرۆك گاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرەو پێشەوە چوونی ئەدەب و میتۆدەکانی ئەدەب هەبووە، لەگەڵ ئەم هەموو گرنگیەی کە هەیەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێك لە فەیلەسوفەکان چیرۆك بەگرنگ وەر ناگرن، چونکە پێیان وایە  ئەمە کارێکی واقیعی نیە بەڵکو خەیاڵە، هەر ئەوانن ناتوانن مێژوو وەك ڕاستیەك ببینن کەوا ڕووداوێکی ڕاستە قینەشە، چونکە

---

[1] الفن القصصی فی القرأن الکریم، محمداحمدخلف الله مع شرح و تعلیق خلیل عبدالکریم، مؤسسة الأنتشار العربی و سینا للنشر، الطبعة الرابعة 1999 م.ص 152.

دەتوانین بڵێین: مێژوو تەنها خودی خۆی دووبارە دەکاتەوە لە زەمەنێکی تردا بەڵام چیرۆك مێژویەکی خەیاڵیە(( چونکە لەسەر بنەمای خەیاڵ و ئەفسانە درووست دەبێت کە ئامانجی خۆ شی و گەیاندنە ))[1].ئەمە بەراوردێکی نێوان چیرۆك و مێژوو نییە بەڵکو مەبەستمان پێ ی ئەوەیە کە وا چیرۆك مێژووە بەڵام مێژووی کۆمەڵ و ڕووداوەکان و باری دەروونی کەسە کان و کارەساتەکان و ژیانیانە کە چیرۆکنووس جاریکی تر لە چوارچێوەی چیرۆکەکەیدا دای دەڕێـژێتەوە، بەڵام بە تێکەڵکردنی خەیاڵێکی فراوان، چونکە ئەوە کاری چیرۆکنوس نیە ڕووداوەکان وەك خۆی بگێڕێتەوە بەڵکو دەبێت بەشێوازێك بیگێڕێتەوە کە بتوانێت هونەر بخوڵقێنێت، ئەو واقیعە بەجوانترین و سەرنجڕاکێشترین شێواز بگێڕێتەوە، بۆیە خەیاڵ یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی چیرۆك، بەڵام ناتوانین بڵێین هەموو شتێکە ، چونکە زۆر شت لە واقیعدا بوونی هەیە بەڵام چیرۆکنوس جارێکی تر تێکەڵ بە خەیاڵی خۆی دەکات و بەرگێکی هونەری بە بەردا دەکات، هەروەها لە دونیای خەیاڵدا هیچ سنورێك نامێنێ بۆیە چیرۆکنووس بە ئازادانە هەموو سنوورەکان دەبڕێت تاوەکو بتوانێت هونەر بخوڵقێنێت و لەواقیع نزیکی بخاتەوە.

چیرۆك لە ژیاندا بۆی هەیە هەموو شتێك لەخۆ بگریت، ئەوانەی کە لەژیاندا ڕوویان داوە یا ڕوو دەدەن یاخود لەوانەیە لە داهاتودا ڕووبدەن ، هۆکاری ئەمەیە چیرۆکنوس بابەتەکانی لە ژیان وەر دەگرێت و تێکەڵ بە خەیاڵی خۆی دەکات و بڕوا بە بەرامبەرەکەی دەهێنێت کەوا ڕاستیە و هیچ کێشەیەکی لە گەڵی نییە، بۆیە چیرۆك دارشتنەوەی ڕووداوەکانی ژیانە بەڵام لەبەرگێکی نوێدا.بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خەیاڵ ((دەتوانێت شت خەڵق بکات زیاتر لەوەی لەسەریەك کۆیان بکاتەوە.بەنەهێشتنی شتی چەقبەستو و ئامادەکراو.ئەو وێنە زەینیانەی لەواتا وەرگیراون و لە یەکەیەکی گشتی تازەدا یەکیان دەخات ))[2].چیرۆکنووس بەشێوازێکی ووردتر دەچێتە ناو بابەتەکانەوە و باڵادەستترە لەهەر تاکێکی تری کۆمەڵگا لە ڕووی ووردی و بیرکرنەوەکانیدا، (شوپنهاور) دەڵێت: ((خەیاڵ یەکێکە لەو کەرەسانەی کە هەرگیز هونەرمەند لێی تێرنابێت، هونەرمەند ناتوانێت تێڕوانینی خۆی بۆشت و ڕووداوەکان لە وێنەی بەهێزو زیندوودا گەڵاڵە بکات ))[3].بۆیە چیرۆك چەند کار لەناو واقیع دەکات ئەوەندەش کار لەناو خەیاڵ و فەنتازیا دەکات تێدا، چونکە ڕۆڵی کاریگەری لە ئەفراندنی چیرۆکدا هەیە.(برناردی فۆتۆ) ش ڕای وایە کە چیرۆك بریتی یە لە (( گێڕانەوەی کۆمەڵە ڕووداوێکی

---

[1] تطور البنة الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة(1947_1985) ، شربيط أحمدشربيط ، اتحاد الكتاب العرب، الطبعة الأولى، 1998م.ص 19.

[2] شةش ليَكؤلَينةوةى شيعرى، ئازاد ئةحمد مةحموود، دةزطاى ئاراس، ضاثي يةكةم 2008 ى زايينى .ل 19.

[3] جوانى وجياوازى، مةحةمةدكوردؤ، ضاث وبلاَوكردنةوةى سليَمانى 2009 ى زايينى.ل 176.

خەیاڵی کە لە ژیانی کۆمەڵەکەسێکی خەیاڵیدا ڕوودەدات))[1] خوێنەر یا وەرگر بە شێوازێکی نوێ یا جیاوازتر دەبینێت لەجاران.بۆیە خەیاڵ (( کۆمەڵێك وێنەیە کە قسەکەر لەزیهنی گوێگردا ئاماژەی پێدەکات، بۆ ئەوەی واقیع جوانتربکات و کاریگەری زیاتری لێبکات ))[2].چیرۆکیش گێڕانەوەیەکە کە بتوانێت خوێنەر یا وەرگر توشی سەرسوڕمان بکات.

سەبارەت بە چەمك و پێناسەی چیرۆك چەندین بیروڕای جیاواز لە ئارادایە کە هەر یەکەیان بە شێوازێك پێناسەی دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان پێکەوە واتای چیرۆك دەبەخشن کە سوسیولۆجەکان لە دیدێکی سوسیولۆجیانەوە لە چیرۆکیان ڕوانیوە، سایکولۆجستەکان لە بەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی (فرۆید، یۆنگ)دا پێناسە و ڕاڤەیان بۆدەقی چیرۆك کردووە، فۆرمالیستە ڕووسەکان بە شێوەیەکی تر.

چیرۆك لە سادەترین پێناسەی دا (( جۆرە ئەدەبێکی پەخشانییە و لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و سروشت دەدوێ، لە هەواڵێکی ئاسایی دەست پێدەکات جا با هەواڵەکە ڕووداوێکی بچووك بێ یان گەورە و کاریگەر ))[3].هەروەها (هێنری جیمس) لەبارەی چیرۆکەوە دەڵێت: (( ئایا تاك شتێکە بێجگە لە تازە بوونەوە، یا ڕووداو شتێکە بێجگە لەڕوون کردنەوەی تاك ))[4].چیرۆك تازە کردنەوەی ڕووداوەکانە، لە هەمان کاتدا ڕوونکردنەوەی ژیانی تاك و کۆمەڵگایە لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە دێتە پێشیان هەمیشە تاکیش بەشێك بووە لە تازە بوونەوە بۆیە چیرۆکیش بەشێکە لەو تازە بوونەیەوە.یاخوود(( ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتیشکانەیە یا ئەو بینینەیە کە چیرۆکنووس کەرەستەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە وەلێ چنینی هونەری پێویستی بەو بینین و تێڕامان و دۆزینەوەیەش هەیە، کە لە پشت ئاوێنەکەوە چیرۆکنووسەکە لە هزر و خەیاڵی خۆیدا ئاوێتەی ژیانە ڕاستەقینەکەی دەکات ))[5].چیرۆك جوانی و تام و چێژ و دڵڕاکێشی دەداتە خوێنەر و سەرنجی خوێنەریش بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، چیرۆك لە بنەڕەتدا بریتی یە لە گواستنەوەی ڕووداوێك، یان کۆمەڵە ڕووداوێك، لەناو واقیع، یا لەگەڵ واقیعی بە ئەفسانە و فانتازیا تێکەڵکراوە، یان نووسەر خەیاڵی بۆ سەرکاغەز و شکڵ گیربوونی ئەو ڕووداوانە لە پانتایی زماندا دەخاتەڕوو.ئەگەر هاتوو دەقێکیش سەرسوڕهێنەری تێدا نەبوو ئەوا دەقێکی زیندوو نابێت، بۆیە پێویستە سەری

---

[1] بینای کات لەسێ نمونەی ڕمانی کوردی دا( ذانی طەل، شار، راز).نجم خالید ئەلَوةنی.ضاث وثةخشی سةردةم.سليَمانی 2004 ی زایینی ل 131.

[2] تهذیب البلاغة، الدکتور عبالهادی الفضلی، مطبعةالزهراء- قم، الطبعة الحادی عشر 1426 هیجری.ص 12.

[3] ڕؤمان لةطؤشةنیطای جیاوازةوة، صةلاَح عومةر، خانةی دهؤك، ضاثي يةكةم ی 2010 ی زایینی .ل 87.

[4] نظریة الأدب، شفیق یوسف البقاعی، منشورات جامع السابع من أبریل، الطبعة الأولی.لیبیا 1425هیجری.ص 393.

[5] ضیرؤکی کوردی، سابیرڕةشید، وةزارةتی ڕؤشنبیری.کتێبی طیرفان، هةلێر 2005 ی زایینی .ل66.

خوێنەری پێ بسوڕمێت، بەوەی جیاواز نوسرابێت و پێشتر دەقێکی لەم شێوەیەی بەرچاو نەکەوتبێت.

سەبارەت بەکەسایەتی دەشێ کەسایەتیەکانی چیرۆك تەنها مرۆڤ نەبن بەڵکوو دەکرێت ئاژەڵ و سروشت و بێگیان بن ئەم دیاردەیەش بەکەساندن ناودەبرێت.بۆ نموونە بڵێین هەورەکان سەمایان دەکرد، کەلێرەدا سیفەتی مرۆڤمان پێبەخشیووە لە کاتێدا مرۆڤ نی یە.بێجگە لە مانەش هەندێك هونەری تر هەن کەوا لە چیرۆك دەچن لە ڕووی گێرانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن لەوانەش:شانۆگەری، داستان، وێنە کێشان و هونەری پەیکەر تاشی و .....بۆیە چیرۆك بریتییە لەگێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی جیاوازو فرە چەشنە، کە بەسەر چەند کەسێکی جیاوازدا دێن و تێدەپەڕن لە شوێنوارێکی دیاریکراودا.کەواتە چیرۆك هەموو پەیوەستە بە مرۆ و ژیانی تاکەکان کە هەمیشە ئارەزووی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات کە دەیبینێت و بەسەریدا هاتوە، بۆیە چیرۆك بەواتای قسە کردن دێت کە وێنەی کۆمەڵگاو دەروونە شەڕانگێزەکان و باشەکانی تێدا وێنا کراوە.بۆیە بەلای نووسەری ئینگلیزی ( هـ.تشارڵتون H.B.tcharleton ) ئەگەر چیرۆك ((وێنەی واقیع پیشان نەدات یا نەکێشێت ئەوا ناتوانرێت بە هونەر دابنرێت ))[1]، بەڵام ڕەخنەگری ئینگلیزی( واڵتەر ئالن Walter Allen ) لەم سەردەمەی ئێستاماندا چیرۆك لە هەموو هونەرەکانی تر کاریگەرتر دەبێنێ لە ڕوانگەی هۆشیاری ڕەوشتی، بیرەکانی، یان هونەرەکانی.هەر ئەمانەش وا لە خوێنەردەکات کە بۆ جیهانە تایبەتیەکەی خۆی پەلکێشی بکات ، جیهان لەپێش چاوی خۆش و ئاسان دەکات و دوای ئەوەی جارێکی تر ژیان لەچیرۆکەکانیدا دا ئەرێژێتەوە، بۆیە چیرۆك (( بابەتی گێڕەرەوە یا ئەوەی دەیگێرێتەوە ))[2].

چیرۆك ڕووداوێکە لەنێوان دووکەس یا زیاتر لەسەر بنەمای وەسف و وێنەگرتن و چێژ دەوەستێت.دەبێت لەسەرەتاوە تا کۆتایی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشیت و واهەستبکات کەخۆی بەشێکە لە ڕووداوەکانی ناوچیرۆکەکە، بۆیە چیرۆك کارێکی ئەدەبی بەرزە باس لەژیان یان لەلایەنێکی ژیان دەکات، وێنەی ژیان دەکێشێت بەهەموو جوانی و ناشرینییەکانیەوە، بەخۆشی و ئازارە کانییەوە، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە بەهایەکی مرۆڤایەتی پێ ببەخشێت و بەکات وشوێن و ڕووداو و بیر و ژینگە ببەستێتەوە.هەرئەمەشە دەبێت پشکنینی بۆ بکرێت کاتێك کە چیرۆك بەراورد دەکەین بە ژیان یا هەڵدەستین بە حوکمدان لەسەر لایەنی ڕەوشتی و کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای کارەکانی چیرۆکنوسی، بەڵام

---

1 تطور البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة، شربيط أحمد شربيط .ص 10.
2 شعرية الرواية، فانسون جوف، ترجمةلحسن أحمامة، دار التكوين.الطبعة الأولى 2012 م.ص 43.

لێرەدا واتای حوکمدان نییە لەسەر واقیع لەناو چیرۆکدا ، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ڕەخنەگرتن لە هەموو ئەو خەیاڵانەی کە بەراورد دەکرێت بە تاقیکردنەوەی ژیانی ئێمە و ئەوخەیاڵانەی کەوا جیهانێکی کەمتر پێگەشتووە لە جیهانی چیرۆکنووس.[1]

لەگەڵ هەمو ئەو پێناسە جیاوازانەی کە بۆ چیرۆك کراوە لەڕووی زمانەوانی و ئەدەبی و مێژووییەوە ناتوانین لەسەر ئەو ئاستانەی بەتەنها یاخوود لەسەر لایەنی واتایی بوەستین، چونکە لەکاتێکدا کە باس لەچیرۆك دەکەین مەبەستمان شتی گرنگتر لە هەواڵ گەیاندن و قسەکردنێکی ئاساییە، مەبەست پێی ئەوکارە ئەدەبی یە کە ئەنجامی خەیاڵی گێڕەرەوەیە بۆ ڕووداوەکانی کە لەلایەنی پاڵەوانێکەوە ڕوویداوە، ئەویش بوونی هەیە یاخود بوونی نییە ، بەڵام پێناسەکردنی چیرۆك خۆی کارێکی زەحمەتە و ناتــوانین پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ بکەین، چونکە چیرۆك جیرییەکی زۆری تێدایە و بۆی هەیە بە ئاسانی فۆرمی خۆی بگۆڕێت.

چیرۆك بریتی یە لەباسکردنی بابەتە چارەنووس سازەکان کە بەشێوەیەکی تایبەت ڕێکخراوە و دەست نیشان کراوە، یاخوود بەشێوازێکی تایبەت دەنووسرێت لەلایەن چیرۆکنووسەوە یان بەشێوازێکی جودا دەگوترێت و دەگێڕدرێتەوە.بۆیە تەنها دەتوانیین ئەو پێناسەیەی بۆ بکەین کە دەڵێت: (( چیرۆك چیرۆکە و شتێکی دی نییە جا درێژبێت – یاکورت، شاعیری بێت یا ڕاپۆرت ئامێز، گرێچنی تێدابێ یا تەنیا وێنەیەك بێ ))[2].

سەبارەت بە زاراوەی چیرۆك لە ڕوی بەکارهێنانەوە ئەوا بەچەندەها شێوە بەکاردێت و پێی ناو دەبرێت ئەوانیش nouvelle، novella ، histoire، hystor. لەزمانی عەرەبیشدا بەواتای ( القصە)، لە زمانی کوردیشدا بەچەندجۆرێکی جیاواز بەکارهاتووە وەك (( هەقایەت، حکایەت، داستان، بەیت، ئەفسانە، مەتەڵ، جەنگنامە، چیرۆك ))[3].ئەم زاراوانە لەگەڵ ئەوەی کە بەناو میللەتدا بڵاو بوونەتەوە بەڵام هیچیان وەك پێویست تۆمار نەکراون.

چیرۆك زۆرکۆنە و لەکۆنەویشەوە بوونی هەبووە ، کە بەشێوەی ئەفسانە و چیرۆکە میللی و خەیاڵیەکان گێڕدراوەتەوە، بۆیە وشەی conte ی فرەنسی وtale ئینگلیزی کە هەموو ئەمانە بەواتای گێڕانەوەی سەرکێشی یە کە لەسەر واقیع بنیات نەنراوە، بەڵکوو لەسەر خەیاڵ و ئەفسانە بنیاتنراوە، بۆیە چیرۆك تەنها ڕێگەیەکی دەرباز بوونە بۆگەیشتن بە خولیاگەیشتووەکان.نووسەران و ڕەخنە گرانیش جیاوازن لە بەکارهێنانی زاراوەی چیرۆك لە ناو لێکۆڵینەوە زانستیەکانیاندا، ئەگەر بڕوانین ئەوا ( تۆدۆروف ) ووشەی histoir

---

[1] ڕۆمان لەطۆشەنیطای جیاوازەوە، صەلاَح عومەر.ل 90.

[2] ثەخشانی کوردی، عبدالرزاق بیمار، دەزطای ڕۆشنبیری وبلاَوکردنەوەی کوردی، دارالحریة للطباعة 1998 ی زایینی .ل 264

بەرامبەرگووتار Discourse بەکار هێناوە، بەڵام (بال Bal ) histoire بەرامبەر recite گێڕەوە یا قسەکەر بەکار هێناوە، لە لایە کی ترەوە(تشاتمان.Tshatman.Story بەرامبەر گوتار Discourseبە کارهێناوە)[1]، هەروەها ڕەخنەگری ئێرانی، (جمال میرصادقی) لەکتێبەکەی خۆی بەناوی (ئەدەبیاتی چیرۆك) دەڵێت:(( زاراوەی چیرۆك بۆ story بەزاراوەی وڵاتە ئەوروپییەکان دروست نییە، چونکە دەبێتە هۆی خەریکبوونی زەیین و شێواندنی خوێنەر، بۆیە باشتر وایە لەزاراوەی ئینگلیزیدا ووشەی tale بەکاربهێنین))[2].لە گەڵ هەموو جیاوازیەکانیشدا چیرۆك زاراوەیەکە کە دەلالەت لە گێڕانەوەی ڕووداو یان ڕووداوەکان دەکات لە ناو چیرۆکدا.

چیرۆك زیاتر لە ناو زەمەنی ڕابردوودا بنیات نراوە، زۆر جار بابەتەکانی خۆی لەچوارچێوەی مەسەلە سیاسییەکان و نەتەوایەتییەکان و عەشقەکاندا دەبینێتەوە، بەڵام زۆربەی بابەتەکان لە ناو چیرۆکدا بابەتی کۆمەڵایەتین، هەمیشە دووهێزی دژیان تێدایە کە یەکیان ئاماژە بە هێزی خێر دەکات ئەویتریشیان بە هێزی شەڕ و خراپە، یا خۆی لەبەرژەوەندی گشتی یان تاکدا دەبینێتەوە.یان هەروەك( أبو القاسم رادفر ) لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (کلتوری شانۆ) دا سەبارەت بە چیرۆك دەڵێت: (( چیرۆك ووشەی ڕووداوەکانە لە زاراوەکانی کۆن و زانا ئەدەبییەکانی فرەنسییدا کە بریتی یە لە ووتنەوەیەکی کورت دەربارەی چارەنووسەکانی کۆمیدیا و نوکتە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی سەرسوڕهێنەری بیر و زەیین ))[3].لەهەمان کاتدا وەها پێی وابووە کە چیرۆك شێوەیەکی سەرسوڕهێنەری فەلسەفی و ئامۆژگارییە.

لە ڕووی زمانەوە چیرۆك مەودایەکی فراوانی هەیە و پێناسە و زاراوەی جودا جودای بۆبەکار هاتووە،(( چیرۆك ژانرێکە بواری زۆری بۆ خستنەگەڕی توانای زمان، خواستن و مانۆڕ تێدایە، چیرۆك بۆی هەیە لەشیعر، وێنە و زمانی شیعری، لە ڕۆمان قارەمان و ڕوودا و بخوازێت، لەشێوە هارمۆنیای ڕەنگ و هێما و لەنگەرگرتن، لەمۆزیك زایەڵەی ووشەکان، لە شانۆ گوتوبێژ و گۆڕینی دیمەن و ململانێ و سود وەرگرتن لە پانتۆمایم دەخوازێت و خۆی پێ تۆکمەدەکات ))[4].لەڕووی زمانەوانیشەوە چیرۆك بەرامبەر content هاوواتا و ناوەڕۆك دادەنرێت، لەگەڵ substance بابەت.سە بارەت بە چیرۆکیش جیاوازی هەیە لەگەڵ

---

[1] التخيل القصصى، شلوميت ريمون كنعان، ترجمة لحسن حمامة، دار التكوين الطبعة الأولى 2012 م.ص 21.

[2] Yeklivan dastan.blogfa.com.post-120.spx.

[3] هةمان سةرضاوة.

[4] ئةزموونى ضيرؤكنووسين.مةحةمةد فةريق حسن. ل 119.

پلۆت، ئەمەش ویکرد کە نوسەرانی ئەنجلۆئەمریکی (فۆرستەر و هولتز و کیلغ ) جیاوازی بکەن لەنێوان ( چیرۆك و پلۆت ).چیرۆك بەلای ئەمانەوە تێگەشتنێکی گشتییە کە کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان دەگرێتەوە لەشێوەی حیکایەتی، بەلاّم پلۆت تێگەشتنێکی تایبەتە تەنها پەیوەندی بەڕووداوەکان هەیە بەبیّ کەسایەتیەکان یا پلەیەکەی تر.

سەبارەت بە شوێنی چیرۆکیش ئەوا لە نێوان (( کورتە چیرۆك و ڕۆمانە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ملکەچی پێکهاتەکانی ئەدەبی گێڕانەوە دەبێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك لە لایەن پالّەوانی چیرۆکە کەوە ))[1].

چیرۆك کۆمەلّە ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش و گوتراوە بە زمان یان نووسراوەتەوە، مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە قەناعەت پێهینان یا گەیاندنی زانیارییە.چیرۆك کارێکی ئەدەبی بەرزە کە گوزارشت لە ژیان یا بەشێکی ژیان دەکات، ڕووداوێك لەو ڕووداوانەی کە تێیدا ڕوویداوە دەکاتە نمونە ، نووسەری چیرۆکیش داهێنان لە ناو ئەو ڕووداوانە ئەنجام دەدات، تاوەکوو بە یارمەتی ڕووداو و کەس و کات و شوێن و بیر و دەروونی تاکەکان بەهایەکی مرۆڤایەتی پیّ ببەخشێت.ئەمەش وەك ئەوەیە راستیەکان بگوازێتەوە.( دکتۆر.سیدالنجاح ) سەبارەت بەم بوارە دەیگوت (( چیرۆك ئەوهونەرەیە کەوا ڕاستیمان بۆدەگوازێتەوە بەپێکهاتە ووردە کانییەوە ))[2].بۆیە چیرۆك ئەو ژیانە نهێنی یە کەوا چیرۆکنووس ڕووداوە نهێنی و شاراوەکانی ژیانی تێدا دیاردەکات و بۆخوێنەر و گوێگرانی دەخاتەڕوو، یاخوود زنجیرە ڕووداوێکە پێکدێت لەکردارەکان و واقیع و شتە دیارەکان، کە ئەمانەش پێکدێن لە کەسایەتی و دەورووبەر و ژینگە و چوارچێوە و هاوولاّتی و شتەکان.ئەمانەش پێش ئەوە دێت کەوا چیرۆکنوس بەپێی ئاراستە و ڕۆشنبیریەکەی بەرهەمی بهێنێت.

چیرۆك گەشتێکە بەناو ڕووداوە سەرسوڕهێنەر و دیار و دلّتەزێنەکانی ژیان، زەقکردنەوەی ڕوداوێکی گەورەی ژیان و میللەتێکە.چیرۆك مێژووی ڕاستەقینەی هەرمیللەتێکە کە چیرۆکنووس دەیگێڕێتەوە لە چوارچێوەی کتێبێکدا یان پیشاندانی ژیانە تێدا.

---

1 الرواية التأريخية، دراسة في الأدب الروائي محمد سليم سوار نموذجا، دكتور جمال خضير الجنابي، مطبعة الثقافة، اربيل _ كوردستان، الطبعة الأولى 2011 م .ص 13.
2 تطور البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة.شربط أحمد شربيط. ص 2.

## پاری دووەم

## بنیاتە هونەری یەکانی چیرۆکەکان

### 1. ڕووداو :

ڕووداو یەکێکە لە بنەماسەرەکیەکانی چیرۆك و گێڕانەوەی چیرۆك، هەموو بیر و بۆچون و تێڕوانین و واتاو واتاکانی ناودەقی تێدا دەسوڕێتەوە.بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە بنیاتی چیرۆکدا، چونکە بەبێ بونی ڕووداو چیرۆك دەبێتە گێڕانەوەی هەواڵێکی ئاسایی یاخود هەولێکی سادەی ڕاستەوخۆ.سەرەتاکانی بونی ڕووداویش بۆ (ئەرستۆ) دەگەرێتەوە، چونکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بنیاتی شانۆگەری لەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی پێکدێت، واتاهەموو ئەو ڕووداوانە هاوتا بن لەگەڵ هەڵسوکەوت و کاردانەوەی نمایشکەران بەپێی تێگەیشتنی چەمکی مرۆڤایەتی.ڕووداویش بابەتەکانی لەناو ژیانی مرۆڤایەتیەوە هەڵدەهێنجێنێت و بەشدار دەبێت لەگەشە سەندنی بابەتەکانی، ڕووداوەکانی ناو چیرۆکیش هاوتانییە لەگەل ڕووداوە ڕاستیەکانی ژیانی مرۆڤ، ڕاستە لەهەندێك لایەنەوە لەیەکتردەچن بەڵام ڕەگەزی خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگی تێدادەبینێت لە دروستکردنی کاری هونەری چیرۆك نوسیندا.بۆیە ڕووداو (( لە کاری کەسایەتیەکان و جوڵەکانی لەناو چیرۆك لە ئەنجامی پەیوەندیەکی بە هێزی لەگەڵ هەموو بنیاتە هونەریەکانی تردابە یەکتریان دە بەستێتەوە، بەتایبەتی کەسایەتی ))[1].

لەڕەخنەی نوێدا زیاترلە تێڕوانینێك لەبواری ڕووداودا هەیە، لە پێش هەموویانەوە ( پرۆب تۆماشێفسکی و بریمۆن و کریماس )، دواتر لە کۆمەڵە تێڕوانینێکی تر لە بواری لێکۆڵینەوەی رووداو هاتە ئاراوە ئەوانیش ( تۆدۆروف و ڕۆلان بارت و جیرارد جنێت ) بوون.بەڵام ڕووداو لەسەردەستی نووسەری فەرەنسی(( مۆپاسان لەچیرۆکدا ئاشکرا بو ئەویش

---

[1] المصطلح السردي فى النقد الأدبي العربي الحديث .احمد رحيم كريم الخفاجي، دار صفا للنشر والتوزيع، عمان الطبعة الأولى 2012م. ص 246.

لەژێر کاریگەری ئاراستەی واقیعیەتی نوێ، وای دەبینی کەژیان لەچەند چرکەساتێکی جیاواز پێکدیت، بۆیە بەلای (مۆپاسان)ەوە چیرۆك بریتی بوو لە وێنا کردنی تەنها ڕووداوێك لە یەك زەمەن یا ژینگەدا، نە لەپێش خۆی و نەلە دوای خۆی جودای نابێتەوە.دوای ئەم بانگەوازەی (مۆپاسان) ڕووداو بوو بە تەوەرێکی سەرەکی و بنەڕەتی چیرۆك و بەتوندی دەستی پێوە گیرا))[1]، چونکە بنیاتێکی سەرەکییە لە چیرۆکدا و ناتواندرێت دەست بەرداری بین, لە گەڵ ئەمانەشدا ڕووداو بە (( code دەناسرێتەوە وەك شتێك کەڕوودەدات ))[2].

گرنگترین بنەماکانی ڕووداویش ئەوەیە کە چێژ ببەخشێ و بتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت و لەسەرەتاوە تا کۆتایی پەلکێشی بکات.بۆیە بنیاتەکانی کات و شوێن و کاراکتەر و زەمان و ڕووداو پەیوەندیەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە و جیاکردنەوەیان ئەستەمە لە یەکتری بەتایبەت زەمەن یا کاتی ڕووداوەکە کە گرنگترین ئەو بنەمایەیە، کە ئەمەش خۆی لەچەند زەمەنێکدا دەبینێتەوە(( زەمەنی پلۆت ، چیرۆك و کاری چیرۆکنوسی و دواتر زەمەنی خۆیندنەوە))[3].بۆئەوەی ڕووداویش بگاتە پلەی کۆتایی پێویستە خاوەن واتا بێت .کەواتە ڕووداو ئەو توخمەیە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کاراکتەرەکانی لە چوار چێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم ڕووبەڕوو بوونەوانەش لە ڕێی هۆ و هۆکارەوە لە بەدوا هاتنێکی ڕێك و پێکدا یاخود بە شێوەیەکی تێکشکێنراو بە پێ ی ڕەچاو کردنی هۆ و هۆکار دەخرینە ڕوو.یاخوود بریتیە لە(( کۆمەکا کریاران و راستیان ب شێوەیەکی هۆکاری هاتیە رێکخستن ل دوور بابەتەکێ گشتی دزڤریت، وینێ کەسایەتی دکێشیت، دگەل دیار کرنا ململانێیا وی دگەل کەسایەتیێن وی یە کێتیا روودانی دهێتە جێبەجێ کرن دەما کو نڤیسەر بەرسڤا چوار پرسیارێن، چەوا و لکێرێ و کەنگی و بۆچی روویدان روودایە و روو دەدەت ))[4].وێنەکێشانی کەسایەتیەکان ئەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە ڕووداوەکان شوێنێکی دیاریکراو و زەمەنێکیان هەیە کە تێیدا دەبێت ڕووبدەن، بەڵام ڕووداو بەپێ ی چەمکی تێگەیشتنی یەکەمی گێڕانەوە لە کۆمەڵە ڕووداوێکی کاریگەر و بەش بەش و پێکەوە بەستراو و ڕێکخراو بەپێ ی سیستەمێکی تایبەت و دیار پێکدێت،بەڵام چیرۆکنووس نایات هەموو ڕووداوەکان هەڵبژێرێت، بەڵکو تەنها

---

1 تطور البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة. شريبط أحمد شريبط. ص 22.

2التخيل القصصى، شلوميت ريمون كنعان.ص 30

3 تطور البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة .شريبط أحمد شريبط. ص 23.

4 تـــەكنيكا ظـــەطێرانێ د كورتـــە ضـــيرۆكێن(مەيدانا كوضـــكان)ا، اســـماعيل هاجـــانى دا.حســـين عوســـمان عبدالرحمن.طۆظارى رِووطەه، زانكويا زاخۆ دەر دئێخيت، ضاثخانا خانى- دهۆك.ذمـارة 10ى هاظينـا 2011 ى زاييني.ل 11.

ڕووداوێك دەكاتە بابەت و تەوەری سەرەكی چیرۆكەكەی و لەگەڵ ڕەگەزەكانی تری كات وشوێن و كەسایەتی و ...دەیگونجێنێت، بۆیە پەیوەندیەكی پتەو لەنێوان ڕووداو و ڕەگەزەكانی تردا هەیە بەتایبەتی كەسایەتی، لە چیرۆكدا پەیوەندی لە نێوان ڕووداو و كەسایەتی زۆر لەوە بەهێزترە كە ڕێنوێنی بكرێت یا بیر بەرەو لای خۆی ڕای بكێشێت، بۆیە چیرۆكێك نابینین بێ ئەوەی ڕووداوێكی تێدا نەبێت، هەروەها ناتوانین نكوڵی لەوە بكەین كە چیرۆك بەهۆی ئەو مەودا كورتەی هەیەتی ڕووداوی كردۆتە یەكێك لەبنەما سەرەكیەكانی لە بنیاتەكانیدا.لە چیرۆكدا ڕووداوەكان هەمەجۆرەن، هەندێكیان خاوەن ڕەهەندێكی دەروونین، هەندێكی تریان لە ژیانی ناو كۆمەڵگاوە وەرگیراون یا لە ڕووداوە مێژوویی و ئەفسانەییەكان وەرگیراون یاخوود هەندێك لەوانە پشتی بە قەزا و قەدەر دەبەست، هەندێكی تر ڕووداوگەلێكن كە لەسەرڕووی واقیعەوەن واتە خاوەن ڕەهەندێكی فانتازین و لەسەرڕووی خەیاڵەوەن، یاخوود ڕووداوە كۆمەڵایەتییەكان سەردەستەی ڕووداوی ناو چیرۆكەكەیە...بێگومان هەموو ئەمانەش بەمەبەستی كاریگەری خستنەسەرخوێنەر و گوێگرەكانێتی.

لەڕووی زارەوەشەوە ڕووداو(( كۆمەڵە ڕووداو و كارن، ڕێكخراون لەسەر بنەمای هۆكاری))[1]، یاخود (( ڕووداوێكە لە كۆمەڵە ڕووداوەكان و قسەی تەمەنە ))[2] .هەموو ئەو پێناسانەش گوزارشت لە ڕووداویكی دیاریكراو دەكەن لەناو چیرۆكدا.بۆیە رووداو بریتییە لەوەی كە لەژیاندا ڕوودەدەن، بەڵام چیرۆكنووس جارێكێتر دێت لە چوارچێوەی چیرۆكەكەیدا تێكەڵ بە خەیاڵ و داهێنانی خۆی دایدەڕێژێتەوە.لەهەمان كاتدا دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین كە ڕووداوەكان بەپێی زەمەنەكانیان ڕێكدەخرێن و پەیوەندییەكی پتەویان لەگەڵیاندا هەیە كە ئایا ڕووداوەكە لە ڕابردوودا ڕوویداوە یا ئێستا یا لەداهاتوو لەوانەیە ڕووبدات.هەندێكجار ئەو زەمەنەیە كە ڕوویداوە بنیاتی ڕووداوەكە درووست دەكات.دەشێ زیاتر لە ڕووداوێك هەبێت لە ناو چیرۆكدا كە ئەمەش ڕێبازی نوێ ی چیرۆكنووسینە، چەند كردارێك یا هۆكارێك كار لە خوڵقاندنیان دەكەن، ئەو كارانەشی كار لە خوڵقاندنی ڕووداوەكان دەكەن هۆكاری جۆراو جۆرن وەك: ڕووداوی سروشتی، جەنگ، كۆمەڵایەتی، سیاسی و نەتەوایەتی.....بەڵام هەمیشە ڕووداوێك لەو ڕووداوانە دەبنە تەوەری سەرەكی چیرۆكەكە و چیرۆكنووس یش تەنها ئەو ڕووداوە بۆ چنینیی چیرۆكەكەی هەڵدەبژێرێت، چونكە ئەگەر چیرۆكنووس ڕووداوەكان ڕێك نەخات بەشێوەیەكی سیستەمی ڕێكو پێك ئەوا دەبێتە هۆی لاوازبوونی بنیاتی چیرۆكەكە و

[1] البنية السردية في الروايات نبيل سليمان .ساجدة زرارعزيز ئاودةلى.ص 87.
[2] أساس البلاغة. جارالله ابى القاسم محمود بن عمر الزخمشرى .ص 15.

شێواندنی بیری خوێنەر.بۆیە لێرەدا چیرۆکنووس ڕووداوێکی سەرەکی هەڵدەبژێرێت و ڕووداوە لاوەکییەکانیش لەخزمەتی ئەم ڕووداوە سەرەکیەدا بەکاردەهێنێت.

بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوی چیرۆکەکان، چیرۆکنووس(کاوس قەفتان)سوودی لەدیاردە کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابورییەکانی ناوکۆمەڵگا وەرگرتووە.ڕووداوەکانی هەموو لە چوارچێوەی ناو کۆمەڵگادا هەڵبژاردووە، بەپێی ئەو ڕۆژگارەی کە تێیدا ژیاوە، چیرۆکنووس پەنای نەبردۆتە بەر ڕووداوە ئەفسانەییەکان یان نەهاتووە بەشێوەی ڕەمز گوزارشتی لێبکات، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ ڕووداوەکانی ناوچیرۆکەکانی هۆنیوەتەوە.ئەو ڕووداوانە هەمووی لە چوارچێوەی چینی بۆرژوا و بێلانە و ماف خوراوەکانی ناو میللەت هەڵێنجاوە، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سەرەتای چیرۆکی کوردی کە بەشێوەیەکی ریالیستی ڕەخنەگرانە هەموو دیاردەکانی ناو کۆمەڵگای وێناکردووە، کە لەئەنجامی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانی ناو کۆمەڵگا لە دایك بووە.ئەمەش لە کۆچیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و هۆیەك بووە لەهۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵگا بەرە و باشتر و ڕەخنەگرتن لە چینی ئاغا و دەرەبەگ و دەسەڵاتی سەرمایەداری و پشتگیریکردن لەچینی هەژار و جوتیاری ناو کۆمەڵگاو پشتگیریکردن لە مافی ئافرەتان و ژنان.

ئەگەر بڕوانینە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکانی"د.کاوس قەفتان" ئەوا لەچیرۆکی"دواپێکەنین"دا باس لەکچێك دەکات کە لەوپەڕی جوانی و گەنجێتی دایەو لەسەرەتای تەمەنیدا دڵشاد و دەم بەخەندەیە، بەڵام لەکۆمەڵگایەکدا دەژیت کەچەك و هەڕەشە تێدا دەسەڵاتدارە و ژیانی لێ زەوت دەکرێت، دڵی بەکەسێکی ترەوەیە بەڵام یەکێك لە دەرەبەگە زۆردارەکان بەزۆر دەیخوازێت و بۆ دواجار ئەو قاقای پێکەنینەی کە هەموو ئاسمانی دەگرتەوە نامێنێت و لەجێگای ئەوە خەم و گریان جێگای دەگرێتەوە.

**(( کاس بوو بوو، تاس ئەیبردەوە.بۆ یەکەم جار هەستی کرد شارەکە شاری خۆی نی یە.**

**- بۆیە دەنگی قاقای پێکەنین نایا !**

**هەر ئەو عەسرە پاش ماوەیەك بە چاوی خۆی دی چۆن بە بووکی بردیان، لە ژێر تاراکەوە چاوی بڕیبووە زەوی، لێوەکانی گرژ و وشك پێکەنینی لەسەر مردبوو.تەواو مردبوو ئەمیش داخی خۆی نەبوو بەڵکو داخی ئەو، داخی ئەو پێکەنینەی بوو بە دڵیا ئەچزا، ئەو پێکەنینە پڕ لە ژیانەی مرد! لەوە ستەم تر نی یە پێکەنین لەسەر لێو بخنکێ ، پێکەنین گوایە جوانترین دیاری ژیان نی یە؟ ئەمەی هەر بۆ خۆی ئەوت و ئەوتەوە.))**[1].

---

[1] خۆری ئاوابوو، د.کاوس قەفتان، ضاثخانەی کامەرانی، سلێمانی 1970 ی زایینی. دوا ثێکەنین.ل 12.

لێرەدا چیرۆکەکە باس لەبەزۆر بەشوودانی کچان دەکات لەناو کۆمەڵگای کوردیدا کە ئافرەت بێ دەسەڵاتانە دەدرێت بە کەسێك دوور لەحەزی خۆی.ئەم بەشەی تێکستی چیرۆکەکە کۆی گشتی ناواخنی ڕووداوەکە دەگرێتەوە کە مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکەیە.هەروەها چیرۆکی"بستێ زەوی" ڕووداوەکانی لەچوارچێوەی خاڵەحەمەدا دەسوڕێتەوە کە بەدەست زەبر و زۆرداری ئاغاوە دەتلێتەوە و دەچەوسێنرێتەوە، تەنانەت بەبەرچاوی خۆیەوە دەزگیرانەکەشی لەلایەن ئاغاوە لێداگیردەکرێت.

**(( وەك هەمو لاوێك، ئارەزووی ژن هێنانم کەوتەسەر، بەدڵی خۆم ژنێکم خواست بە هەموو دڵ و گیان و هەستم خۆشم ئەویست دڵنیابوم لەوەی هەربوونی لەلامەوە تاڵی ژیاتمی کەم ئەکردەوە، بەڵام بڕوا ئەکەیت بە زۆر لێم سەندرا.))**[1].

ئەم ڕووداوانەش لە زاری گێڕەوەی دووەمەوە دەگێڕدرێتەوە کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و کۆی گشتی ڕووداوەکانیش لە چواردەوری ئەودا خول دەخۆنەوە.چیرۆکگێڕەرەوە ئەم گێڕانەوەیە بەهۆی تەکنیکی (فلاش باك)ەوە ئەنجام دەدات.لە بەشێکی تری تێکستی چیرۆکە کەدا زیاتر ڕووداوەکانی ژیانی ڕابردووی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە ( خاڵە حەمە) ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

**(( بەڵام هەر لەمناڵیەوە کەوتنە بەر بێگاری ئاغا.خەیاڵ شتێکە و هێنانەدی شتێکی ترە.بوونە پیاوی، تەنیا دوو کوڕم هەبو، هەردووکیان خزمەتکردنی ئاغایان هەڵبژارد و منیش دەسەڵاتم نەبوو...))**[2].ئەمەش نموونەی زۆرێك لە نەهامەتییەکانی ئەوسەردەمەی کۆمەڵگای کوردەوارییە تەنانەت ئەم دیاردەیە تا ئێستاش لە هەندێك ناوچەدا بوونی ماوە.

چیرۆکی "راوەبەران" باس لەخێزانێك دەکات کەباوك ناوی (سۆفی وەیس) و خێزانەکەشی (وەنەوش) و مناڵەکانیان و برازایەکیان کە هەموویان بەرەو گوندەکەی خۆیان دەڕۆنەوە، لەکاتی سەرکەوتنیان بەسەر چیایەکدا چیرۆکنووس لەزاری ئەوانەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کەئەمانیش وەك هەرخێزانێکی ئەم وڵاتە هەزارەها هیوا و ئاواتیان هەیە و دەیانەوێ پێی بگەن.لەلایەکی ترەوە باس لەوەستانی شەڕەکات کە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولە، چونکە ڕووداوەکان باس لە سەردەمی ئەو کاتی کۆمەڵی کوردی و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەکەن کە ڕوویان داوە.(حەمەوەیس) ئاواتە خوازی ئەوەیە کە وەستانی ئەم شەڕە هەتا سەربێت و وەکوو هەموو جارێك گەلی کورد دەسخەڕۆ نەکرێت و دەڵێت:**((– بەس خوا بکا وەستاندنی ئەم شەڕە تا سەربێت.وا دوو سێ مانگە نەختێك**

---

[1] هەمان سەرچاوە.ل 42.

[2] خۆری ئاوابوو.دوا ئێکەنین.ل 43.

**حەساوینەتەوە.زەوی خەریکە دەم ئەکاتەوە و سەری گەنم  و جۆی لێ بێتە دەرێ.بەخۆشی ببڕێتەوە، کوردەش دەس خەڕۆ نەبێت و چی ئەوێ بیدەنێ...))**[1]، بەڵام  لەگەڵ ئەوەی کە شەڕ وەستاوە سەربازەکان بەناوی ئەوەی کە گوایە بەرانی کێویین تۆپ بارانیان دەکەن  و هەموویان شەهید دەکەن، لێرەدا زوڵم و زۆرداری دوژمن پیشان دەدات، لەلایەکی ترەوە ئەم چیرۆکە گوزارشت لەململانێی نێوان نەوەکان دەکات کە لە نێوان (حەمەوەیس و برازاکەیی و کوڕەکەیەتی).کە لەبیرکردنەوەیاندا جیاوازن سەبارەت بەشتەکان.ئەم ململانێە سەبارەت بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و بڕیاردانی ژیان و بە ڕێوە بردنێتی.

لەچیرۆکی "نزای سێبەسێ" دا باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی باو دەکات کە ئەویش لێك تێنەگەیشتنی نێوان ژن  و مێردە.مێردەکە لێرەدا نووسەرە، هەمیشە بەخوێندنەوە و نوسینەوە ماندووە، ئەم کارەشی  بۆتە هۆی فەرامۆشی کردنی خێزانەکەی.ئەم کارەی دوو دڵی و گومان لەلایەن ژنەکەی دروست دەکات کە وا هەست دەکات مێردەکەی خوێندنەوە و نووسین و کتێب لەو بە باشتردەزانێت و رقی لێدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکانی نێوانیان و ژنەکەی بڕیاری جێهێشتنی ماڵ دەدات و بەرەو ماڵی دایکی دەڕوات، بەڵام دایکی لەوێ وانەیەکی خراپی فێردەکات کە پەنابردنە بەر نوشتە و دوعایە، ئەم کارە نالەبارەی دایکی دەبێتە هۆکاری قوڵبونەوەی کێشەکانی نێوانیان و لە ئەنجامدا تەڵاقدان و جیابوونەوەی ژنەکەی لێدەکەوێتەوە.چیرۆکگێڕەرەوە ئەم ڕووداوانە بەشێوەی دیالۆگ دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

**(( وەك ڕەشەبایەکی ڤ لێهاتوو دەرگاکەی کردەوە:**

**—ئەرێ وابوو بە یانزە و لە نووسین نەبویتەوە و دنیات لەبیر نەماوە.**

**ملی لە کەوان چووی بەرز بوەوە وەکو راستەی لێهات.**

**بە لەسەر خۆییەکی پتر لە پێویست وەڵامی دایەوە:**

**—جاری یەکەم هاتیت و فەرموت وا بوو بە تۆ و جەنابت تاقەتی لەنوسین نەچوو...))**[2].

ئاشکرایە کە دیاردەی تەڵاق یەکێکە لە دیاردەکانی ئەو سەردەمە و ئەم سەردەمەش.بەڵام ئەوەی چیرۆکنووس باسی دەکات زۆرکەمە، چونکە کێشەکانی جیابوونەوە هۆکار گەلێکی زیاتری هەیە کە وا دەکات خێزانەکان لێك بترازێن.لەلایەکی ترەوە چیرۆکنووس ڕەخنە لەچینی ڕۆشنبیر دەگرێت کە ناتوانن کێشەکانیان بەشێوەیەکی ڕێك چارەسەر بکەن ،

---

[1] راوةبةران.د.كاوس قةفتان. ضاثخانةى كامةرانى، سليَمانى، 1971 ى زاييني. راوةبةران.ل 68.
[2] نيوهةنطاودوور لةدؤزةخ.د.كاوس قةفتان.دةزطاي رِؤشنبيرى وبلاَوكردنةوة كوردى 1979 ى زاييني. نزاى سيَبةسيَ. ل 27.

ئەمەش دەبێتە هۆی دەست تێوەردانی  خەسوەکەی لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی نادروست و بەهۆی کارەکانیەوە لێك جیا ئەبنەوە و لەکۆتاییدا  ژیانیانی تێکداوە.

چیرۆکی"ئاوەژوو" یەکێکە لەو چیرۆکانەی کەباس لەبابەتی سێکس دەکات کە چۆن کاریگەری بەسەر خێزان و تاکەکان دا جێدەهێڵێت.چیرۆکەکە باس لەکچێك دەکات بەناوی "ئاتە" توانایەکی گەورەی هەیە لەهەڵگیرساندنی کێشە، توانایەکی سێکسی بەرزی تێدایە بۆئەم کارە، لەکاتێکدا ڕوو لەماڵەکە دەکات بۆ ژیان بەلام بەهۆی ئەو توانا مێینەییەی کە هەیەتی جۆرێك لەکێشە درووست دەکات لەوماڵە، چیرۆکنووس بە"ئاوەژوو" ناوی دەبات.هەموو شتێك لەوماڵە دەگۆڕیت، تەنانەت کوڕەکانی کەبەردەوام هامشۆی مزگەوت و قوتابخانەیان دەکرد وازیان لێهێنا.دایکی عەزیز دەڵێت:

**(( پیاوەکە ئەزانی عەزیزی کوڕمان خووی داوەتە ماڵەوەو خەریکی دەرس و دەورە !**

**جا لەوە   باشتر هەیە..! بەلام ئەزانی..حەمە غەریبیش چوونە مزگەوتی کەم کردۆتەوە..ئحم..خوا بە چاکی بگێڕێت....))**[1].بەهەمان شێوە باوکیان کاریگەرە پێی، بەلام دایکیان هەستی بەم گۆڕانکارییە نەکردووە.(عەزین)کە کەسایەتی سەرەکی یە بەهۆی زیندەخەوەوە دەیەوێت ئەوحەزەی خۆی تێربکات، ئەو حەزەی کەوا لە واقیعدا هێنانەدی ئەستەمە.بۆیە بە نائاگایی  پەنا دەباتە بەر زیندە خەون تا ئاواتەکانی بێتە دی، زیندە خەونیش لە کاتی ئاساییدا بەدی دێت نەك کاتی خەو.**(( باوەشی کرد بە ئاتەدا.دەستی گێڕا بەسنگی دا..لەپی تێنووی هار ئابلوقەی مەمکەکانی دابوو، وەکو لیمۆیێت ئەیمژی  و ئەیگووشی بە یەکەوە یەقیان ئەدایەوە...))**[2].ئەو پاڵنەرەشی کە دەبێتە هۆی زیندە خەون زۆرجار لە ئاگایی کەسەکانەوە دروست دەبێت وەك ئەوەی (عەزین) سەبارەت بە (ئاتە) دەیکات.(( لە زیندە خەون دا زۆرتر ڕێگاکانی بیرکردنەوەی ئاگایی و لۆژیکی عەقلانی بەکاردێت، زۆرتریش تێرکردنی پاڵنەرە هەستییەکانە ))[3].گێڕەرەوە بەشێوەیەکی بابەتی ئەم زیندە خەونە دەخاتە ڕوو، لە کۆتایشدا ئاوەژووەکە سەردەگرێت و(ئاتە وحەمەغەریب) پەیوەندییەکی سێکسی درووست دەکەن.ئەم چیرۆکە بە هەمان شێوە لەگەڵ دەروون شیکاری (فرۆید) ڕێك دەکەوێت کە سێکس کاریگەری لەسەرکۆمەڵگا و تاکەکان دروست دەکات.

ڕووداوەکان لەچیرۆکی" قەمەکەی خوای شەڕ"دا باس لە وێرانکردن و چۆڵکردنی گوندەکان دەکات کە لەسەرەتای شۆرشی ئەیلول هاتە ئاراوە، چیرۆکنوس ناوی گوندەکە

---

[1] هەمان سەرچاوە.ل 28.

[2] هەمان سەرچاوە.ل 31.

[3] معجم علم النفس و التحليل النفسي، مجموعة من المؤلفين، الطبعة الأولى، بيروت.بلاسنة.ص 181.

ناهێنێت تاوەکوو بەیەك گووند نەیبەستێتەوە، بەڵکوو مەبەستی هەموو گوندەکانی کوردستانە کە وێرانکراون، لەهەمان کاتدا ئاماژە بە خۆفرۆشی هەندێك کەس دەکات کە پاڵیان داوەتە پاڵ دوژمن بەڵام سودێکی نابێت بۆیان.ئەمەش لە زاری ( وەسمان )ی گەورەی گوند ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت:((**– مامە، هەموو شتێك پاداشتی خۆی هەیە، پاداشتی چاکە چاکەیە و هی خراپیش خراپە یە.ئەوان چەکیان بۆ شاخەکان هەڵگرتبوو، ئێمەش تفەنگمان پێوە ئەنان.مامە مەترسە، چاکە نافەوتێ.**))[1].چیرۆکەکە بەمردنی پاڵەوان و وێرانکردنی گوندەکە کۆتایی دێت کە چارەنووسی زۆرێك لە تاکی کورد و گووندەکانی کوردستانە بەدەستی دوژمنانی کورد.

ڕووداوەکانی چیرۆکی"نانی خوێناوی" باس لە شەڕی شۆڕشی ئەیلول دەکات بە پێی ئەوەی کە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لەو سالأنەدا نووسراونەتەوە کە میللەتی کورد تووشی نەهامەتی دەربەدەری زۆر بۆیەوە.ئەوەش دەخاتە ڕوو کە چۆن کاریگەری دەروونی بە شێوەیەکی بەرچاوی بە سەر تاکە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا بە جیٚ هێشتوە، پیشاندانی ساتە ناخۆشەکانی ئەو کاتانەیە کە چۆن بۆتە هۆی لە دەست دانی کە سە نزیکەکان و ئازیزان.ڕووداوەکان باس لە لەدەستدانی جگەر گۆشەکانی "حەمە ڕەش "دەکات کە بە هۆی شەڕەوە گیانیان لە دەست داوە، هەوڵی داوە زۆر بە هونەریانە تێکەڵ بە داهێنانی خۆی بکات و ئەو ساتە نا لەبار و ناخۆشە بگێڕێتەوە و خوێنەریش لەو ڕووداوانە بەشداربێت ، هەست بکات بەشێکە لێی.بەم شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

**(( ترسەکە ئەوەندە سامناك بو، لە ساتێکدا ئەو دوو منداڵەی فێری ئەوە کرد کە بیٚ ئەوەی هەنگاو هەڵبێنن چاوێك بە دەور و پشتی خۆیان بگێڕن.هەر ئەوەندەی دڵنیا بوون خێرا بە ڕاکردن هاتن.هێشتا لە ناوەڕاستی ڕێگادا بوون کە دوو شەست تیر بە دەست لەو سەری کۆڵانەکەوە بە ئامادەبییەوە وەستان و تێیان خوڕین: ڕاوەستن بۆ دواوە.))**[2] بە شێوەیەکی یەك بە دوای یەکی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە تا دەگاتە ڕووداوی کوشتنی منداڵەکان و دەڵێت:

**(( هەر لەو ساتەدا تەقەی شەست تیر بەرز بوەوە، گوللە لە قاچە ساواکانیان خێراتر بوو، هەردووکیانی قۆستەوە، وەها تاسابووم هەستم بە بوونی خۆم نەکرد بەڵام چاوی نەعلەتیم وازی نەهێنا و هەمیشە ئەیبینی ))**[3] .دواتر ڕووداوەکان بەرەو لوتکە دەبات و دیمەنی کوشتنی

---

[1] ئێوارەیەك.د.کاوس قەفتان.بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاَوکردنەوەی ی سلێمانی، چاپی یەکەم 2003 ی زاییني.قەمەکەی خوای شەر.ل135.

[2] دار بەڕووە بێسێبەرەکە.د.کاوس قەفتان.چاپخانە و ئۆفیسی بابان_سلێمانی 2007 ی زاییني. نانی خوێناوی.ل 12_13.

[3].هەمان سەرچاوە.ل 13.

هەردوو کوڕەکەی پیشان دەدات بۆ چەند ساتێك خوێنەر بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێنێتەوە کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوویداوە.ئەمەش بەخشینی تام و چێژە بە چیرۆکەکەو خوێنەر وا لێدەکات بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە تا ڕووداوەکان دەگەنە بنبەست.هەست نەکردنیش بە بێزاری نیشانەی سەرکەوتویی نوسەرە لە بنیات نانی ڕووداوەکان.بەم شێوەیە دیمەنەکان پیشان دەدات و دەڵێت:**((ماوەیەکی کورت ئەم قاچ و ئەو قاچیان کرد، چاویان بە پرسیارێکی سادەی بیٚ وەڵام کردەوە، وەکو گەڵایەکی وشك بن لەبەر ڕەشەبایەکی شێتدا، بیٚ هاوار، بیٚ زریکە کەوتن....))**[1].

بەم شێوە ڕووداوەکانی باس لەو سەردەمە دەکەن و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگای خستۆتە ناو چیرۆکەکانیەوە.خوێنەر بەردەوام بەرەو ڕابردوو دەگەڕێنێتەوە و واقیعی ئەوکاتی کۆمەڵی کوردی پیٚ ئاشنا دەکات.

## 2: بنیاتی ڕووداو :

ئەوانەی کە بنەما کانی ڕووداویان بەشێوەی زنجیرەیی دانا و دواتر لەیەکتریان جوودا کردەوە لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا توێژەرانی ڕووس بوون، لەوانیش یەکەم کەس(شکلۆفسکی، دواتر تۆماشێفسکی و پرۆب بوون، ئەوانەی دوای ئەمانیش هاتن( بریمۆن و تۆدۆروف )بوون.لەسەر ئاستی چیرۆکیش ڕووسەکان چوار ڕێگایان بۆ بنیاتی چیرۆك دانا و ئە وانیش:[2]

1 بنیاتنانی( یەك بە دوای یەکدا هاتن)،یا(پێکەوە بەستن )یا(بنیاتی پلە دار).

2 بنیاتنانی (تێکەڵاوی) یا(تێکهەڵکێش).

3 بنیاتنانی ( بازنە یی) یا(ئەڵقەیی).

4 بنیاتنانی (هاوتەریب یا هاوسەنگ).

دوا بەدوای ئەوەی کەتوێژەرانی ڕووس چوار ئاستیان بۆ بنیاتی چیرۆك دانا و دیاریانکرد،(بریمۆن) جارێکی تر هات سیٚ ڕێگای تری دانا بەمەبەستی بنیاتنانی زنجیرەی گێڕانەوە ئەوانیش:

1 بنیاتنانی (بەیەکەوە بەستن ) یا(ڕێکخستنی یەك بە دوای یەك).

2 (سیستەمی لە بەر گرتن) یا(سنوردارکردن).

---

[1]هەمان سەرضاوە.ل 13.

[2] سوودمان وةرطرتوة لة : المصطلح السردى فى النقد الأدبي العربي الحديث. احمد رحيم كريم الخفاجي. ص 307 بةسةرةوة.

3 (سیستەمی بەیەکەوەنووسان) یا (کۆکردن) یا (لەبەرگرتنەوە).

(سعیدیقگین)یش لەکتێبەکەی خۆی بە ناوی (تحلیل الخگاب الروائی) ئاماژە بەسێ جۆر لە بنیاتی گێڕانەوە دەکات ئەوانیش:[1]

1 یەك بەدوای یەکداهاتن.

2 تێکهەڵکێش.

3 نۆبەتی.

دواتر لە ڕەخنەی عەرەبیدا و لەژێرکاریگەریگەری لێکۆلەرانی ڕووس چەند جۆرێکیان لە بنیاتی ڕووداو ئاماژەپێداوە و پێڕەویان کردووە:

1 ڕێکخستنی یەك بە دوای یەك .

2 ڕێکخستنی لەبەر گرتن یاگەڕانەوە.

3 نۆبەتی یا هاوتەریب (هاوسەنگ).

4 تێکەلاّوبوون.

5 بازنەیی.

6 دووبارە.

7 دواخستن.

8 ئەلْقەیی.

بەپێی ئەو بنەمایانەی کە هەیە و بەپشت بەستن بەوانەی پێشووتر دەتوانین چوارجۆر بنیاتی ڕووداو دیاری بکەین لە چیرۆکەکانی (کاوس قەفتان) دا کە ئەوانیش:

1 بنیات نانی یەك بەدوای یەکدا هاتن (بە دوایەکهاتنی ڕووداوەکان لەگەڵ کاتدا).

2 بنیات نانی تێهەڵکێش (دەستێوەردانی ڕووداوەکان لە گەڵ کاتدا).

3 بنیات نانی هاوسەنگ ـ هاوتەریب (ڕوودانی ڕووداوەکان لە یەك کاتدا).

4 بنیات نانی بازنەیی ـ دووبارە (دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکان لەگەڵ کاتدا).

## 1. بنیات نانی یە ك بەدوای یەکدا هاتن: *consecutive

[1] سوودمان وةرطرتوة لة: تحليل الخطاب الروائى، سعيديقطين.الدارالبيضاء- المغرب.الطبعة الرابعـة، 2005 م. ص 257.

* ضةند نمونةيةكمان لة ضيرؤكةكان وةرطرتوة تاوةكو دووبارة نةبيَتةوة، ئةو ضيرؤكانةى كة زنجيرةيي بة دواى يةك هاتون بةشيَكى زؤرى كؤمةلَة ضيرؤكةكانى طرتؤتةوة.بؤ زانيارى زياتر سةبارةت بة تةكنيكةكان

(تۆدۆرۆف) ئەم بنیاتەی ناو ناوە(دانان) یاخود گێڕانەوەی (یەك بەدوای یەکهاتن) کۆنترین و ئاسانترین ڕێگایە بۆ بنیات نانی ڕووداو، گوزارشتێکە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە یەك دوای ئەوەی تر دەکەوێت، واتە((گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆك بەش لەدوای بەش بە بێ ئەوەی هیچ بەشێکی ترلە نێوانیاندا هەبێت بنیات دەنرێت ))[1] هەروەها بە واتای(( بەردەوامی و بەزریزەیەك لەپاش یەکهاتنی ڕووداو و ڕواڵەتەکان ))[2] دێت.

باوترین جۆرەکانی ڕێکخستنیشە لە گێڕانەوەی چیرۆك کە تاکەکان و شوێن و کات تیایدا زۆر بە ووردی دەستنیشان دەکرێت گرنگترین سیفە تەکانیشی ئەوەیەکە ڕێکخستنەکە زۆر ووردەو گونجاوە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن، ئەوەش لە ڕێگای بە کارهێنانی ڕستەکان بەجۆرێك خوێنەر وا دەزانێت کە ڕووداوەکان زۆر سروشتین و هەست بە هیچ گۆڕانکاریەك ناکات کە لە لایەن نووسەرەوە ئەنجام دراوە وەکو پاش و پێشخستنی ووشەکان.ئەم بنیاتەش زیاتر لە چیرۆکدا بە دیدە کرێت وەك لە ڕۆمان، چونکە چیرۆك مەودایە کی کورتتری هەیەو درێژیەکەی بە شێوەیەکە کە نووسەر دەتوانێت بەئاسانی پراکتیزەی ئەم بنیاتەی تێدا بکات، ئەمەش وەك پاش و پێشخستن و گەڕانەوە و تێکهەڵکێشکردنی ڕووداوەکان، بۆیە ڕووداوی یەك بەدوای یەکدا هاتن دەبێتە نەسەقێکی ڕاستەڕێ و ڕووداوەکان ڕێك دەخات و بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە بە پێی سیستەمە یەك بەدوایەکهاتنەکاندا، بۆیە(کلۆدبریمۆن) وایدەبینێت بنیاتی یەك بە دوای یەکدا هاتن زۆر پێویستە بۆ چیرۆك گێڕەرەوە، ناکرێت پەراوێز بخرێت و گرنگی پێ نە درێت، جەخت لە سەر ئەوەش دەکاتەوە و دەڵێت:(( ئەگەرهاتوو بنیاتی یەك بەدوای یەکهاتن نەما ئەوا چیرۆك هەڵدەوەشێتەوە و وەك تابلۆیەکی هونەری لێدێت کە تەنها وەسف دەکات و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بنەما کانی تردا نامێنێت تەنها بەشوێنکەوتە شوێنیەکەیەوە نەبێت ))[3] .

بەشێوەیەکی گشتی (د.کاوس قەفتان) چیرۆکەکانی لەڕووی ڕووداوەوە بەشێوەیەکی زنجیرەیی بنیات ناوە ،کە لەسەرەتاوە تاکۆتایی بەشێوەیەکی زنجیرەیی دەڕوات بەڕێوە.ئەم شێوە بنیاتەش هەوڵ و ماندو بوونێکی زۆری دەوێ تا بەم شێوەیە بنیاتی بنێت، لەلایەکی ترەوە توانای نووسەر پیشان دەدات لەم شێوە بنیاتنانەدا.

---

بروانة كؤمةلَة ضيرؤكةكانى(دةضيرؤك، راوة بةران، خؤرى ئاوابوو، نيو هةنطاو دور لةدؤزةخ، ضيرؤكيَك لةسةر كانيةك، ذورى ميوان، ئيَوارةيةك، دار بةرِوة بيَسيَبةرةكة).

1 جماليات التشكيل الروائى، دراسة فى الملحمة الروائية (مدارات الشرق) لنبيل سليمان.محمدصابر- سوسن البياتى، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع-أردن، الطبعة الأولى، 2012 م.ص 119.

2 بةرةوئاستانةى رِؤمان وطؤشةنيطاكان، عبدالله سةراج، ضاث و ثةخشى سةردةم.سليَمانى ضاثى يةكةم 2007 ى زاييني.ل 75.

3 البنية السردية فى روايات نبيل سليمان، ساجدة زرار عزيز ئاودةلى.ص 85.

لە دەسپێکی چیرۆکی "خەرمان" دا چیرۆکنووس لە ڕێگای وەسفکردنی ڕۆژێکی هاوینەوە کە وەسفێکی تەقلیدی یە لە زۆربەی چیرۆکەکاندا بەم شێوە وەسفە دەست پێدەکات، وەسفی ڕۆژەکە بە شێوەیەك دەکات کەوا هەستی خوێنەر بەرەو لای کەسایەتی سەرەکی (مام ڕۆستەم) دەبات کە چۆن لە ڕۆژەێکی گەرمەدا خەریکی کارە و هەوڵ و کۆشش دەدات تا بژێوی ژیانی بە هۆی بەرهەمی دەغڵ و دانەکەیەوە بۆ خۆی منالّ و خێزانەکەی دابین بکات ، چیرۆکگێڕەرەوە بەم شێوەیە ئەم وەسفە دەکات و دەڵێت:

**(( قرچەی نیوەڕۆیەکی هاوین بوو، تەمی گەرما بەردی ئاسمانی گرتبو، وەکو ئاگری لەژێردا کرابێتەوە داخبووبوو.هەرچوار لاش کش و مات کپ و بێدەنگ بو، لەشنەی شەماڵێکی کز جار جار هەڵی ئەکردو گەڵای دەوەنەکانی بەئاستەم ئەجولاّنەوە، لەگەڵ دەنگی شەنەکەی مام ڕۆستەم و هەناسکە برکێ ی بەو لاوە هیچی تر نەئەهاتە گوێ ))**[1].

دەسپێکی ئەم دەقە بەوشێوەیە یە کە پێکهاتووە لە پیشاندانی دیمەنی گەرمای هاوین و جوڵەی (مام ڕۆستەم) کە چۆن خەریکی کارە، پلەی (مام ڕۆستەم)یش دیاردەکات کە جووتیارێکی ماندووە.گێڕەرەوە ئەم دەسپێکەی کردووە بە سەرەتایەك بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دواتر و قوڵبوونەوە لە پەیکەری گشتی چیرۆکەکە.کە بەم شێوەیە ڕیزی کردووە:

یەکەم: سەرەتای چیرۆکەکە بەوەسف دەست پێدەکات لەگەڵ باسی مام ڕۆستەم و باری ئابوری و پیشاندانی دیمەنی ژیانی بەشێوەیەکی گشتی.

دووەم: لەڕیگای دیالۆگەوە کە لەنێوان مام ڕۆستەم و خێزانەکەیەتی هەلوێستی مام ڕۆستەم ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **(( سەیری خەرمانەی کردوو لەبەرخۆیەوە ووتی:**

**—ئەم زەوی یە لە باوو باپیرمەوە بۆم ماوەتەوە، تابیکێڵم و پێی بژیم کاتێ ڕۆژگاری درێژ ئەرەقێمەوە و ئەچەوسێمەوە قەت چارەی نابینم، کەچی هەرخەرمان هاتە کایەوە بەپوختەیی وەکوو ئبلیس لێم پەیدا ئەبێت و داوای بەشم لێ ئەکات.**

**کەئەمەی ووت سەرێکی بۆ ژنەکەی هەڵبڕی، کەمێك لێی وورد بۆوە چاوە پوشاوییەکانی ئەدرەوشانەوە.وا دیاربو ژنەکەی بەو سەیرکردن و تیشکی چاوە ڕاهاتبو بۆیە بەگاڵتەو بێ بروایی یەوە ووتی:**

**—دەی سا باشە نیازی چیت هەیە ؟ بڕیاری شتێکت داوە ؟**

**مام ڕۆستەم هەردوو دەستی خستەسەر ئەژنۆی و بێ ئەوەی چاو لەژنەکەی بتروکێنێ ووتی:**

- **بریارم داوە ئەم جارەش ئەیبەمە سەر.مەرج بێ یەك دەنك گەنمی نەدەمێ.))**[2].

---

[1] دةضيرؤك. خةرمان.ل 53.

[2] دةضيرؤك. خةرمان.ل 58_59.

ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و یەك بەدوای یەك ڕێك خراوە بێ پسان تاکۆتایی، کە (مام ڕۆستەم) بڕیارەکەی دەباتە سەرو خەرمانی ناداتێ، بەڵام ئاغا لەکۆتاییدا خەرمانەکە دەسوتێنێت و ڕەنجی بە فیڕۆ دەڕوات.ڕووداوەکان بە شێوەیەکی گشتی لەچیرۆکەکە دا وەك زنجیرێك وان پێکەوە، بێ پسان دەڕوات بەڕێوە، ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زۆر وورد ڕێکخراون، ئەم ڕێك خستنە ووردە و زنجیرەیی بوونەی ڕووداوەکان زیاتر لە ڕوواوەکانی ڕۆژدا بوونی هەیە، بێگومان ڕووداوی ئەم چیرۆکەش ڕووداوی ڕۆژانەی خەڵکانێك بووە لەو سەردەمەدا، هەر بۆیەشە دیارترین شێوەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکی کوردییدا ئەم شێوە گێڕانەوەیە و ڕیزکردنەیە کە (( ڕووداوەکان تێدا یەك بەدوای یەکدا دێن بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان تا ڕادەیەکی زۆر شێوەیەکی سادە وەردەگرن.لە سروشتی ڕیزکردنی ئەو ڕووداوانە دەچن کەوا لەواقیعدا ڕوودەدەن بەواتای ئەوەی کە بە هەمان ڕێچکە لەسەر هێڵێکی ڕاست، بێ پێش و پاشخستن سەرەتاکەی لەئاستی چیرۆکە و ئاستی کاتی ڕووداوەکانی ڕووداوەکە لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات و لە خاڵێکشدا کۆتایی دێت، واتە بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەکدا هاتنی سادە وەردەگرێت ))[1].ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی "قەمەکەی خوای شەر" بەهەمان شێوە نمونەی ڕووداوی یەك بەدوای یەکە کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەی لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەبێ پچڕان بەردەوام دەبێت، گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ڕووداوەکەوە و پێمان ڕادەگەیەنێ و دەڵێت:

**(( ئەو ڕۆژەی مام ڕەحمان بەهەڵە داوان هات و بەپەشۆکاوییەوە وتی: دوێنی گوندی (..) چۆڵکرا و هەمووش دوو بست لەئێمەوە دوورە، ))**[2].چیرۆکگێڕەوە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی دەگێڕێتەوە و گرنگی ڕووداوەکان دەردەخات بە مەبەستی درێژە دان بە زنجیرەیی ڕووداوەکان و بەردەوامی ڕووداوەکە بێ ئەوەی هیچ بەینێك لە نێوانیان هەبێت، ئەوا لە تێکستێکی تردا لەڕێگای گفتوگۆی نێوان (وەسمان گەورەی گوندو مام ڕەحمان) درێژە بە زنجیرەیی ڕووداوەکە دەدات و ئەو ئەرکەی کە ئەم تەکنیکە هەیەتی زیاتر ئاشکرا دەکات.((

**وەسمان پەژارە بوو، بەڵام دوایی وەکو دڵخۆشی ئەو بداتەوە بەزمانێکی بێ سڵەوە وەڵامی دایەوە:**

**– ڕەحمان مەترسە! ناگاتە ئێمە، ئەو گووندە لەسەر سنوورە، بەس ئێمە خوار ئەوین.**

---

[1] بینـای هونـةری ضـیرؤکی کـوردی لةسـةرةتاوة تاکؤتـا یـي جـةنطی دووةمـی جیهـانی، ثةریَزسـابر، ضـاث وثةخشی سةردةم، ضاثی یةکةم 2003 ی زایینی .ل 132.

[2] ئیَوارةیةك. قةمةکةی خوای شةرِ.ل 134.

**کەمێك وەستاو دوایی بەزمانێك هەستی شەرمەزاری تیا بەدی ئەکراو ووتی: ئەوە لەیاد مەکە ئەوگووندە قەت دەستبەرداری تفەنگ نەبوون.**

**– مام ڕەحمان کەمێك لێی وردبۆوە، چاوە لێڵەکانی لەترسا ئەوەندەیتر لێڵ بوو بوون.هەر بەوەدەنگە نزمەوە وتی:**

**کوڕم کەئاو گەیشتە لەپی پێ هەموو پەنجەکان تەڕ ئەکات.))[1].**

لەم شێوازەدا(( خۆمان بەرامبەر گێڕانەوەی چەند چیرۆکێکی جۆرا و جۆر یا ڕووداوی زۆر دەبینینەوە، بەتەواو بوونی هەریەکێکیان گێڕانەوەی دووەم دەستپێدەکات ))[2].درێژەدان بە یەك ڕێچکەیی ڕووداوەکان شارەزایی و توانای لە نوسەری چیرۆك دەوێت تا بتوانێت لە سەر یەك ئاست بەردەوام بێت، کە ئەمەش لەمدا بەدیدەکرێت، بەسەرنجدانیش لەم دوو چیرۆکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بنیاتەی لە داڕشتنی چیرۆکەکاندا بەکاری هێناوە جێبەجێکردنی تەواوی بنیاتی یەك بەدوای یەکە، چونکە گێڕەرەوە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و یەك لەدوای یەکی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و وەك ڕاستە هێڵێك بەدوای یەکدا دێن، بەبێ پاش و پێشخستن یان پچڕان هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی دەقەکان، بۆیە ئەم بنیاتە سەرەڕای کۆنییەکەی تا ئێستاش جێگای بایەخە و بەکاردێت و ڕۆلێکی کاریگەری هەبوە و هەیەتی لە بنیاتی ڕووداو بەتایبەتیش لە چیرۆکدا.

## 2. بنیات نانی تێهەڵکێش : interference*

سەبارەت بەم شێوازە ئەوەیە کە چیرۆکە ڕەسەنەکە دەکرێت چیرۆکێکی لاوەکی بگرێتەخۆ کە لەگەڵیدا دەگێڕدرێتەوە، گێڕانەوە لەم شێوازەدا وەك گێڕانەوەی حیکایەت وایە وەك(هەزارو یەکشەوە)، واتا چیرۆکنووس چیرۆکێکی نامۆ دەهێنێتە ناودەقی چیرۆکەکەوە و باسی دەکات، بۆچەند چرکەیەك واز لە ڕووداوە سەرەکیەکە دەهێنێت تاوەکو ئەو شتە باس بکات، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوە سەرەکیەکەی، بەلاّم بەدڵنیاییەوە دەبێت پەیوەندیەك لە نێوانیاندا هەبێت.ئەم چیرۆکە نامۆیەش بوونێکی ڕاستەقینەی مێژوویی هەیە کە پێش ڕووداوە سەرەکیەکە ڕوویداوە، ئەمەش میراتێکی نەتەوەییە.بۆیە هیچ دەقێك نییە سەد

---

[1]ئیَوارةيةك. قةمةكةى خواى شةرِ.ل 134.

[2] تحليل الخطاب الروائى، سعيديقطين.ص 73.

* بة زاراوةى(يةك لةناو يةك)يش ديَت.

لەسەد سەربەخۆ بێت و هیچ دەقێکی تر کەم تا زۆرکاری تێنەکردبێت، وەك(سۆسێر )یش دەڵێت: (( دەق موڵکی کەس نیە بە تەنها، بەڵکوموڵکی هەمووانە ))[1].

سەبارەت بە تێکهەڵکێش کردنی دەقیش دەڵێت:(( بیری تێکهەڵکێشانی دەق بیرێکی بنەڕەتییە، لەبەرئەوەی گشت دەقێك لە شوێنێکدا لەگەڵ ژمارەیەك دەقی تردا یەکان گیردەبێتەوە و ئەم لەچاو ئەواندا وەکوو دووبارە خوێندنەوە و دووپات کردنەوە و چڕکردنەوە و گواستنەوە و قوڵکردنەوە وایە ))[2].بۆیەدەکرێت بگوترێت یەك لەناو یەك ئەوەیە کە (( چیرۆکەکە لە دووبەشی یەك بە دوای یەك پێکدێت، بەشی یە کەمی چیرۆکە گەورەکەیە، بەشی دووەمی بەدوایەکهاتنی چیرۆکی دایك یا گەورەکە لە خۆدەگرێت ))[3].بۆیە ئەگەر زنجیرەی یەکەم وەستا ئەوا بەشی دووەمی چیرۆکەکە دەست پێدەکات کە تێك هەڵکێشەکەیە، دواتر کە تەواو بوو ئەوا دیسانەوە چیرۆکە سەرەکییەکە لەسەرکۆتاییە سروشتییەکەی خۆی بەردەوام دەبێت.لەم جۆرە بنیاتەدا کات بێنرخ دەکرێت، ئەمەش وا لە ڕووداوەکان دەکات تووشی پچڕان بن بە هۆی پێشخستنی ڕووداوەکانی ئێستا بۆ داهاتوو یا گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، ئەمەش واتا گرنگی نەدان بەدانانی ڕووداوەکان بەو جۆرەی کە یەکەم جار ڕوویداوە.ئەوەشی کە ئەم بنیاتە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە گرنگی دەدات بە دەرخستنی بەرپرسیارییەتییەکان ی پێش قسە کردن لەسەر هۆشیاری، کە ئەمانەش هەموو بۆ دەرخستنی لایەنی دەروونی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکەیە لەگەڵ بە کارهێنانی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی نوێ بەوجۆرەی کەوا دانەری چیرۆکەکە دەیەوێت.

تێکهەڵکێشکردنیش تەنها دەقێکی کۆنی ئەفسانەیی ناگرێتەوە، بەڵکو زۆرجار چیرۆکنووس پەنا دەباتە بەر تێکهەڵکێشکردنی قسەی نەستەق و پەند و چیرۆك و کورتەچیرۆك و ئەفسانە و ڕووداوە میللیەکان و بابەتە فۆلکلۆرییەکان و گوتەی ناوداران و.....

ئەگەر لە ڕاڤەکردنی ئەم شێوە تێکهەڵکێشە بڕوانینە چیرۆکی(خۆشەویستی)ئەوا گێڕەرەوە پەنای بردۆتە بەر تێکهەڵکێشکردنی ووتەیەکی( بایرۆن )ی نووسەری ئینگلیزی تا بتوانێت هەڵوێستی پاڵەوانەکەمان بۆ بخاتە ڕوو سەبارەت بە ئافرەت ، لەلایەکی ترەوە چیرۆکەکەی تێکەڵ بە دەقی خوشەویستی کردووە و دەڵێت:

**(( لەم ڕۆژانەدا قسەیەکی بایرۆن ی ئینگلیزی خوێندەوە کە ئەڵێ:**

---

[1] ضیرۆکی هونـەری کـوردی، زاهیـر ڕۆذبـەیانی، دةزطـای تویَذینـةوةو بلاَوکردنـةوةی موکریـانی، هـةولیَر، ضاثی دووةم 2008 ی زایینی ل89.

[2] هةمان سةرضاوة.ل 90.

[3] المصطلح السردی فی النقد الأدبي العربي الحدیث.أحمد رحیم کریم الخفاجی.ص 308.

**"خۆزگە هەموو ئافرەتی سەرزەمین یەك دەم ولێویان بوایە ئەوسا ماچێکم ئەکردو ئاو ئەکرا بەدڵما" ئەم ووشەیەی لا جوان وخۆش  و بەرزبوو، بەڵام ئێستە چەند لای پووچە، بیرۆنیش گەوجێکی تەواو بوو! بەوداخەوە مردوو سەری نایەوە !.))[1].**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا چیرۆکنووس زۆرجار پەنا دەباتەبەر تێکهەڵکێشکردنی ووتەی نووسەران و قسەی نەستەق و...لێرەدا چیرۆکنووس ئەم شێوە تێکهەڵکێشکردنەی بەکاربردووە،تێکهەڵکێشکردنی ئەم ووتەیەی نوسەری ئینگلیزی (بایرۆن) جگە لە هەڵوێستی کەسایەتی یە سەرەکیەکە کە نادیارە، چیرۆکنوس هەوڵی داوە ئەم کەسایەتی یە بکاتە پردێك یا هۆکارێك تا بیر و بۆچونی خۆی سەبارەت بە ئافرەت بخاتە ڕوو، واتا  دەنگی کەسایەتی سەرەکی و دەنگی نووسەری چیرۆك ئاوێزانی یەك بوون و ئەم زەرورەتی تێکەڵاوکردنەی دەقی هێناوەتە بوون.لە گەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە تێکهەڵکێشکردن دەبێت ئاگاداری ئەوەبین  بەو واتایەش دێت کە((تێکچڕژانی کات و ڕووداوەکان دوور لەنەسەق و ڕەوتی ئاسایی خۆیان ))[2] دەڕۆن بە ڕێوە، بێگومان ئەمەش زیاتر بۆ ڕۆمان دەشێت، چونکە ڕووداوەکانی درێژترن لە چیرۆك، واتە مەودای ڕۆمان لەمەودای چیرۆك بەرفراوانترە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەومەودایەی کە چیرۆك هەیەتی کەمتر جێگای دوو ڕووداوی جیاوازی تێدا دەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێت لە ناویدا ئەم بنیاتە بەکاربهێنرێت، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا(د.کاوس قەفتان )توانیویەتی سەرەڕای کورتی مەودای چیرۆکەکەکانی ئەم تەکنیکە بە هەمان شێوە لە چیرۆکی"چۆڵستان" دا بەکار بهێنێت کە گێڕەرەوە لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یادەوەرییەکانی پاڵەوانمان پیشان دەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو بابەتەکانەوە بۆیە لەپاری دووەمی چیرۆکەکەدا بەم شێوەیە دەچێتە ناو ڕووداوەکانەوە و دەڵێت:

**(( چاوی لە لمەکەچەقاند، ئەیویست بەناویا  بچێتەخوارێ.بەڵام لەلم بەولاوە هیچی بەدینەکرد.ئاوڕێکی دایەوە، باوکی بەدیکرد، لەلاوە دانیشتبوو، بە تووڕەییەوە مژی لەسەبیلەکەی ئەدا، گاڵتەی بەوانە ئەهات جگەرەیان ئەکێشا.هەرگیز ئەیوت و ئەیوتەوە.**

**–ئەمەش دەردێکی شارە پێیداوین.**

**نەیزانی بۆچی ئەم دیمەنەی باوکی، پاڵەوانەکانی دوانزە سوارەی مەریوانی هێنایەوە یاد.))[3]**
تەماشادەکەین بەشێوەیەکی پلەبەندی دەچێتە ناو ڕووداوەکانەوە و بەپێی هەڵوێستی

---
1 دةضيرؤك.خؤشةويستى.ل 74.
2 بةرةو ئاستانةى رِؤمان وطؤشةنيطاكان، عبدالله سةراج . ل 75.
3 ئيَوارةيةك.ضؤلَستان.ل 130.

گێڕەرەوە دەیخاتە ڕوو.دوای پیشاندانی ئەم دیمەنە گێڕەرەوە کات دەوەستێنێت و لەڕێگای ئەمەوە چیرۆکە سەرەکیەکە جێدەهێڵێت و چیرۆکی مێژووی (دوانزە سوارەی مەریوان)مان بۆ دەگێڕێتەوە :

**(( قسەکانی مەلا عەزیزی لەبەرە وەك جوزئی عەمما لەبەرێتی کە ئەهاتە سەر باسیان ئەیووت: چوارشانەیەکی چاوتیژ، تیشکی چاوەکانی دیواری ئەبڕی و گیان لەبەری سست ئەکرد.نەعرە نەڕەی کێوی ئەڕمان، ناڵەی سمی ئەسپەکەی زەوی ئەهەژان.شیری دوژمنی بەسەرپەنجە لائەدا، بەفوویەك تیری بەسەر بەرەو دوا ئەگەڕانەوە، کە هێرشی ئەبردە سەر دوژمن وەك کەروێشکی تۆقاو هەڵئەهات، کە شیرەکەی ڕائەوەشان(لێرەدا مەلا خۆی ئەکەوتە دەست ڕاوەشاندن)دڵی دوژمنی ئەهێنایەلەرزین و خەفەقان.))**[1].

گرنگترین خاسیەتەکانی شێوازی یەك لەناویەك ئەوەیە کە (( ڕووداوەکان دەبێ لە چیرۆکێك زیاتری تێدابێت، یەکێکیان قەبارەیەکی گەورە ئەوی دیکەیان قەبارەیەکی بچووکی ببێت کە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا بەتەواوی بە چیرۆکە گەورەکە دەچێت ))[2].لە ڕووی دەلالەتەوە هەردوو ڕووداوەکە یەك شت دەگەیەنن بەڵام شێوازی جیاواز وەردەگرن، ئەمەش لەم چیرۆکەدا بە دیدەکرێت کە زیاتر لە چیرۆکێکی تێدایە.لە درێژە دان بە گێڕانەوەی چیرۆکی دووەمدا دەڵێت: :

**(( عەزیز ئاغا ئەیدا بە دەهۆڵەکەیدا..ئەسپەکەشی سنگی نابوو، قەسەم بەخوا کێولەئاست ئەو سنگەدا خۆی پێ نە ئەگیرا.هەڵمەتی برد، لەم سەرەوە دڕی پێدان لەو سەرەوە سەری دەرهێنا، ئەوەندە نووکە ڕمی پیا چووبوو، سنگی وەك بێژنگی لێهاتبوو، کە هەناسەی ئەدایەوە لە دەیەها کونەوە ئەهاتەدەرێ ))**[3].

ئەم چیرۆکە تەواو جیاوازە لە چیرۆکە سەرەکیەکە و گێڕەرەوە تێکهەڵکێشی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی کردووە.کە لێرەدا گێڕەرەوە هەڵویستی پاڵەوانمان بەرانبەر(مەلا عەزیز)بۆ دەخاتە ڕوو.لێرەدا بە هێنانەوەی چیرۆکی دووەم و وەستاندنی چیرۆکی یەکەم کە چیرۆکنووس توانیویەتی شێوازی تەکنیکی( تێکهەڵکێشکردن) بە سەرکەوتویی بە ئەنجام بگەیەنێت.بێگومان ئەم شێوەیەش لەخۆیەوە بە ئەنجام ناگەیەنێت، چونکە هۆکاری تێکهەڵکێش کردن ئەوەیە کە نووسەر هەوڵی گەیاندنی بیرۆکەیەکی هەیە بۆ خوێنەر یا وەرگر کە بوونی هەیە لە چیرۆکەکەیدا.ئەم بنیاتەش هۆکارێکە بۆ ڕەنگا و ڕەنگردنی چیرۆك و سەرنج

1 ئيَوارةيةك.ضؤلَستان.ل 130.
2 بيناى هونةرى ضيرؤكى كوردى لةسةرةتاوة تاكؤتايي جةنطى دووةمى جيهانى. ثةريَز سابر.ل 138.
3 هةمان سةرضاوة.ل 131.

ڕاکێشانی خوێنەر و بەردەوام بوونی لەسەرخوێندنەوەی چیرۆکەکە تا کۆتاییەکەی.تێکهەڵکێشکردنەکەش چیرۆکەکە لە شێوازە تەقلیدیەکان و قاڵبە باوەکان ڕزگاردەکات،کە بۆماوەیەکی درێژ باڵی بەسەر چیرۆکدا کێشابوو، بۆیە ژیان و ئەفسانە و ئایین و کلتور و میتۆلۆژیا و...هۆکاری بنەڕەتین بۆ داڕشتنی چیرۆك.بەشێوەیەکی سەرەکی زۆربەکەمی ئەم شێوە بنیاتنانی ڕووداوە بەکارهاتووە لە کۆ چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا،تەنها ئەم دوو چیرۆکە بوونی هەیە لە ڕوی بنیاتنانی ئەم تەکنیکەوە.بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکانی ناو چیرۆکەکان لە دەوری یەك بابەت دەخولێنەوە، چیرۆکەکانیش زیاتر واقیعین و ڕووداوی ڕۆژن بە شێوەکی واقیعی پیشانی داون نەك ڕەمز.

## 3.بنیات نانی هاوسەنگ: parallelism

ئەم بنیاتە بەواتای جۆراوجۆر ناوی هاتووە ئەوانیش(( لە هەمان سەدە، نۆبەتی، گۆڕینەوە، هاوکاتی، هەموو ئەو ناو لێنانانە لەسەر یەك بنەما دەوەستێت ئەویش نمایشکردنی دوو چیرۆك یا زیاتر کە ڕووداوەکانیان لە یە کاتدا ڕوودەدات ))[1] هەروەها دەکرێت جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە مۆنتاجکردنی ڕووداوەکان بکرێت ئەوانیش:[2]

1: چیرۆکەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ یان هاوتەریب دەگێڕنەوە لە شوێن و کاتی جیاوازدا.

2: هاوسەنگی هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ناو دوو چیرۆکی جیاوازدا.

ئەم بنیاتەش لە دوو دەقی گێڕانەوەی چیرۆك پێکدێت کە ڕووداوەکانیان هاوسەنگن کە لە دووکاتی جیاوازدا ڕوودەدەن.گێڕەرەوە یەکەم جار دەست دەکات بە گێڕانەوەی بەشی یەکەمی ڕووداوەکە پاشان هەڵدەستێت بە پچڕانی بەشی یەکەمی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی بەشێکی تری ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، دواتر دووبارە دەوەستێتەوە تاوەکوو بگەڕێتەوە سەر ئەوەی کەتەواوی نەکردبوو، ئیتر بەوجۆرە بەردەوام دەبێت.ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی "ئەرز و حاڵچی" یەکێکە لەوچیرۆکانەی کە چیرۆکنووس ئەم تەکنیکەی تێدا بەکارهێناوە.سەرەتا بەشێوەیەکی زنجیرەیی باس لەکابرای "ئەرزو حاڵچی" و فرت و فێڵەکانی دەکات و دەڵێت:

---

1 البناءالفنی لروایة الحرب في العراق(دراسة نظم السرد، والبناء فی الروایة العراقیة المعاصرة)، عبدالله أبراهیم، دارالشؤن الثقافیة العامة، بغداد 1998م.ص 47.

2 هەمان سەرچاوە.ل 12.

**(( هەموو ڕۆژێك ئاشكرایان زوو ئەهات و لەپشت مێزە شەق و شڕە شكاوەكەیەوە بەقنجی دائەنیشت........))**[1] دواتر باس لەفرت و فێڵەكانی دەكات بەشێوەیەك بەردەوام دەبێت تا دەڵێت:

**(( بەهێواشی، بێ ئەوەی ئاوڕیان لێبداتەوە و قسەكانیان بەفلسێك بكڕێت ئەیووت: هەڵخەڵەتاندنە باوابێت: چی تێدایە؟ هەرچی بگریت تۆوی هەڵخەڵەتاندنی تێدایە...))**[2] .

بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەوەی گێڕەرەوە لەڕێگای گەڕانەوەی بۆ ڕابردووی پاڵەوانەكە ڕووداوی یەكەم دەپچڕێنێت تا ڕووداوی دووەمـمان پیشان بدات، ئەمەش بەمەبەستی نمایشكردنی ڕووداوی دووەمی چیرۆكەكەیە، كە لە زەمەن و شوێنێكی جیاوازدا ڕوودەدەن، بۆ ئەوەی ئەم گێڕانەوەیەش بە ئەنجام بگەیەنێت ئەوا دیمەنی ڕووداوی یەكەم بۆ ماوەیەكی دیاریكراو دەوەستێت تا بتوانێت دیمەنی ڕووداوی دووەمـمان پێشكەش بكات لە هەمان كات دا.بەم شێوەیە باس لە ڕووداوی دووەم دەكات و دەڵێت: :

**(( بیست ساڵ لەمەوبەر، ئەمەی چەندجارێك ووتەوە و سەریشی لەگەڵیا وەكو دەروێشێكی حاڵ لێهاتوو ئەهێناو ئەبرد.ئەوسا لە هەڕەتی لاوێتیدا بوو لەسی ساڵان تێ نەپەڕیبوو، چاوشین كاكۆڵ زەرد،....))**[3].

گێڕەرەوە بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجێتی پاڵەوان و ئەو ڕووداوەی كە لە ژیانیدا ڕوویداوە باس دەكات و دەڵێت:

**(( كەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەناكاو نەخۆش كەوت، پارەی ئەوەی نەبوو بچێتە لای پزیشك، بە پاڕانەوە و لالانەوە و هەزار دەست ماچ كردن لەخەستەخانە خستیان...))**[4].

دواتر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەكە بەردەوام دەبێت، كە چۆن وایان زانییوە مردووە و بردویانەتە مەیتخانە و پاشان چۆن دەرباز بووە و گەیشتونە پێی.دواتر ئەم ڕووداوە تەواوی ژیانی دەگۆڕێت.سەبارەت بەم تەكنیكە و گواستنەوە لەدیمەنێكەوە بۆ دیمەنی ڕووداوێكی تر(د.شجاع العانی)دوو زاراوەی جیاوازی بۆ بەكاردەهێنێت ئەوانیش(( مۆنتاج و پابەندبوون ))[5].ئاماژە بۆ ئەوەش دەكات كە ئەم زاراوەیە بۆ هونەری سینەما دەگەڕێتەوە كە نووسەرانی

---

1 دةضيرؤك.ئةرزو حالَضى.ل 38.
2 هةمان سةرضاوة.ل 41.
3دةضيرؤك.ئةرزو حالَضى.ل 46.
4 هةمان سةرضاوة.ل 46.
5 المصطلح السردى فى النقد الأدبي العربي الحديث. أحمد رحيم كريم الخفاجى.ص 332.

ڕۆژئاوا پێی کاریگەر بوون و لە بەرهەمی چیرۆك و ڕۆماندا بەکاریان هێنا.سەبارەت بە مۆنتاجی چیرۆکیش، (دەیڤید داتشینز) دوو جۆر مۆنتاجی دیار کردووە:[1]

1: کەسەکە لە شوێن جێگیربێت لەکاتێدا زەین لەزەمەندا دەسوڕێتەوە، لەئەنجامی ئەوەدا مۆنتاجی کاتی دێتە کایەوە.

2: کات بە جێگیری دەمێنێتەوە توخمی شوێن دەگۆڕێت، لە ئەنجامدا مۆنتاجی شوێنی دێتە کایەوە.

چیرۆکنوسیش دەتوانێت سوود لە هەموو جۆرەکانی مۆنتاج وەربگرێت و وەکو چاوی کامێرایەك ڕووداوەکان و دەوروبەری خۆی پێ ببینێت و تۆماریان بکات.لێرەدا دەکارێت لەکاتی نوسیندا هەرجارە و شێوەیەك لەشێوەکانی مۆنتاج بەکاربهێنی وەك " گرتەی بچووك، زومکردن، پانۆرامی و چاوی کامێرا و تیلت داون و تیلت ئەپ " چیرۆکنووس دوای ئەوەی نووسینەکەی تەواو کرد پاشان دێت مۆنتاجی دەکات بەمەبەستی دانانی هەرگرتەیەك لەشوێنی گونجاوی خۆیدا.پێویستە چیرۆکنوس بەشێوازێك چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە کە بتوانێت کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات و خوێنەریش بتوانێت ڕووداوەکان و دیمەنەکان بە بەرجەستە کراوی لە زەینیدا ببینێت.

مۆنتاجیش چەند ئەرك و گرنگییەکی لەچیرۆکدا هەیە ئەوانیش:[2]

1: چیرۆکنووس سەربەست دەکات لەوەدا بەگوێرەی پێویست کات و شوێن بگۆرێ، بەوەش لەگرفتی سروشتی تورتی ئەو دوو یەکە گرنگەی چیرۆك دەپەڕێتەوە کە زۆرجار دەبنەکۆسپ لە ڕێی گێڕانەوەدا.

2: چیرۆکنوس کە تەکنیکی مۆنتاجی میکانیکی کرد بەتەکنیکی سەرەکی چیرۆکەکەی ئەوسا دەتوانێ هەربەشە و بەتەکنیکی جیاواز بنوسێ، ئەمەش هەلی بۆ هەڵدەخا کە لەیەك چیرۆکدا بەگوێرەی پێویستی هونەری سوود لەچەند تەکنیکێکی جیاواز ببینێ.

ئەم مۆنتاجانەش بەچەند نیشانەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن، وەك دانانی" خاڵ، ئەستێرە، یان بەکاربردنی ژمارە" 1،2،3 " .ئەو بەشانەشی کەوا مۆنتاج دروستی کردووە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەیە و لابردنی هەریەکێکیان کار دەکاتە سەر ڕەوتی چیرۆکەکە و بەسەرهاتی گێڕانەوەکە.ئەمەش واتای زنجیرەیی بونی ڕووداوەکان نییە بەڵکو مەبەست ڕێکخستنی تەکنیکەکان و دانانیانە لە شوێنی گونجاودا.ئەمەش پێویست بە

---

[1]بنیـاتی ڕِووداو لـة رؤمـانی کـوردی باشـوری کوردسـتاندا، رِیَـزان عوسـمان(خالَة دیَـوة)، لـةبلاَوکراوةکانی ئةکادیمیای کوردی- هةولیَر، ضاثی یةکةم 2010 ی زایینی .ل 133.

[2] ضیرؤکی هونةری کوردی، زاهیر رِؤذبةیانی .ل 43 _44 .

ڕێکخستن هەیە لەڕووی بەش و قەبارە و گونجاوی بەشێوەیەکی هونەری، کە ئەمەش هونەری نوێی چیرۆك نووسینە.وەك (عبداللە سەراج) دەڵێت: ((چیرۆکی ئەمڕۆ...چاوێکی نوێی دەوێت کە هەست بەجوانی و شێوەی داڕشتن و داهێنانەکانی بکەیت، بێجگە لەگوێیەکی نوێ کەچێژ لەمۆسیقای نائاسایی و جۆراوجۆر وەرگرێت ))[1].بۆیە ئەو بنیاتە تێك شکێنرا کە(ئەرەستۆ ) بۆ چیرۆك بنیاتی نابوو کە لە ( سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ) پێکدەهات، چونکە لێرەدا ڕووداوەکان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبن و پارچە پارچە دەبن و هیچ ڕووداوێکیش پەیوەندی بە کاتی ڕووداوەکەی ترەوە نییە تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە خوێنەر دێتە ناوەوە بۆ ئەوەی ئەو دەقە هونەریە دووبارە بنیات بنێتەوە، واتە(( گێڕانەوەی دوو چیرۆك لەیەك کاتدا.هەموو چیرۆکێك لەسنوری دیاریکراوی خۆی وازی لێ دەهێنرێت تاوەکوو چیرۆکەکەی تردەست پێبکات ))[2].بۆیە لەم جۆرە بنیاتەداجوڵە و فراوانییەکی زۆر بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدرێت، وادەکات ڕووداوەکان لەناو چیرۆکدا لەچەند کات و شوێنی جیادا ڕوودەن، ئەمەش زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆی لای خۆی ڕادەکێشێت، چونکە وا لە خوێنەر دەکات بیری بەرەوە چەندین و شوێن و کاتی جیاواز بڕوات، بەهەمان شێوە کاراکتەرەکان والێدەکات بەناو چەندین شوێن و کاتی جیاواز دا مەلە بکەن.بۆیە لەم جۆرەدا کاتەکان و شوێنەکان جیاوازن، ئەمەش سوود وەرگرتنێکی تەواوە لە هونەری مۆنتاجی سینەمایی، چونکە هەمیشەکاتی ڕووداوەکان جیاوازن، شوێنی ڕووداوەکان جیاوازن، گێڕەرەوەش بەردەوام لەڕووی کات و شوێنی جیاوازەوە ڕووداوەکان پێشکەش دەکات ئەویش لەڕێگای کاراکتەرە سەرەکیەکانی ناو چیرۆکەکەی.

لە چیرۆکی"شۆڕشی ویژدان" دا چیرۆکگێڕەرەوە وا لە خوێنەر دەکات کەوا بەناو چەندین زەمەن و شوێنی جیاوازدا مەلە بکات، لە دیمەنێکەوە دەگوازێتەوە دیمەنێکی تر.گێڕەرەوە باس لەدوو ڕووداوی جیاواز دەکات کە ڕووداوی یەکەم لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و لە ڕێگای (جوامێر)ەوە کە کەسایەتییەکی سەرەکی چیرۆکەکەیە باس دەکات و دەڵێت:

**(( جوامێر جێگای خۆی خۆش کردو دەستێکی بەنەرمی بە تفەنگەکەیدا هێنا و چاوێکی پیا گێڕان ووتی:**

**–یەك دوو مانگ بوو شەڕی ژیان و مردن دەستی پێکردبوو.ئەوسا من لەبەغدابووم کاری تایبەتم پێ سپێرابوو.هەر شەوە لەشوێنێك ئەگیرسامەوە، چونکە لە شوێنم ئەگەڕان وسەریان**

---

[1] هەمان سەرچاوە.ل 108.

[2] تحليل الخطاب الروائي، سعيديقطين.ص 74.

**بەپارە ئەکرپیم.شەوێك لەناکاو درا بەسەرمانا.کەوتمە خۆم بەشەڕە شەق لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵانی تەنگەبەری تاریك خۆم ئەکووتا...."بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی ڕووداوەکە تا دەگاتە ماڵی (عەبدی جەلاد) کە کەسایەتییەکی تری چیرۆکەکەیە و دەڵێت: جێگای ترتان بەخێر نەدۆزییەوە بیدەنە بەرلیس و کوتەك ماڵی عەبدی جەلادنەبێ.....))[1].**

دوای گێڕانەوەی ڕووداوی یەکەم ئیتر گێڕەرەوە ئەم ڕووداوە دەوەستێنێت تا لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ڕووداوی دووەمـمان بۆ بگێڕێتەوە کە ئەویش باسی( لاوێکی کوردە) هێناویانە بۆ لەسێدارەدان و دواتر دەبێتە هۆی گۆڕینی تەواوی ژیانی(عەبددی جەلاد ).بەم هێنانە ناوەوەیەی ڕووداوی دووەم هاوتەریبی یەك دروست دەبێت، کە ڕووداوی یەکەم دەوەستێنێت تا بتوانێت گرتەکانی ڕووداوی دووەمـمان پێشکەش بکات .لەتێکستێکی تری چیرۆکەکەدا دەڵێت:

**(( کەمێك وەستا و دوایی لەسەری ڕۆیشت:**

**–یەك دوومانگ لەمەو بەرلاوێکیان هێنا لەژووری هەڵواسین دایان نا وەردیانەکە پێی ووتم**

**–ئەمە لاوێکی کوردە بەشتومەکەوە گیراوە.ئەوەی بەم کراوە بەبەرد بکرایە زیانی لێ ئەڕوا، بەڵام ئەم ماڵ ویرانی کەلە ڕەقە ئێستەش دەمی نەکردەوە، ئێستەش دانی بەوە دانەنا کێیە و کوڕی کێیە.ها..سەیرە..هەتائەوەش بەزۆرئەزانی ئێستەش بۆماوەیەك لێرە دای ئەنێن بەڵکو ترسی هەڵواسین زبانی بکاتەوە.خۆ ئەگەر هەر بەزبان بەستراوی خۆی هێشتەوە، ئەوە ئیترمولْکی تۆیە! ))**[2]، گێڕەرەوە ڕووداوی یەکەمی جێهێلاوە تا ڕووداوی دووەمـمان پێشکەش بکات کە ڕووداوی زیندانی کردنی لاوەکە و لەسێدارە دانێتی، لەگەڵ گۆڕانی ژیانی (عەبدی جەلاد)، کە بە هۆی گواستنەوەی دیمەنەکان دەبێ لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی تر، ئەمەش سود وەرگرتنێکی تەواوە لە هونەری سینەمایی.دیمەنەکانی ڕووداوەکان بەش بەشن، هەر دیمەنە و گوزارشتە لە گۆڕانکاری قۆناغێك، بە تایبەت قۆناغەکانی ژیانی گێڕەرەوەی دووەم کە (عەبدی جەلاد )ە.

**(( لەکانگای دڵمەوە ئەمویست ڕزگاری بکەم بۆیە ڕۆژێك پێم ووت:**

**–قسەبکە و خۆت ڕزگارکە.جێی داخە لاوێکی وەکو تۆ لەدەست چێت زەردەخەنەیەکی گاڵتەی لێ ئەتکا ڕووە زەردە لاوازەکەی ڕوون کردەوە بەجۆری شەرم دایگرتم خەریك بووم هەستم و ڕابکەم.بەڵام وازم نەهێنا بەئازارەوە پێم ووت:**

[1] ڕاوە بەتران.شۆرشی ویژدان.ل 26_27.
[2]ڕاوە بەتران.شۆرشی ویژدان.ل 31_ 32.

**–كوره ماڵ كاول ئەتكوژن، بەخوا هەڵت ئەواسن.لەپای چی؟ بۆ خوێنی خۆت بەفیڕۆ ئەدەیت ؟**

**بێ ئەوەی هەست بکەم دەنگم لەتوڕە یی و داخەوە ئەلەرزی و بەرز بوبۆوە.ئەویش هەربە ڕووە گەش و زەردەخەنە شیرینەیەوە بەدەنگێکی لاوازەوە ووتی:–**

**– ئەکوژرێم چش.وامەزانە، ژیانم، خوێنم بەفیڕۆ ناچێت.بەهەڵواسینی من تێکۆشانی گەلەکەم ناوەستێ.بە مردنی من ژیان لە پێشکەوتن و ڕۆشتن ناکەوێت، ژیان وەك کات وایە هەمیشە ئەڕوا و ئەڕوا و بۆ پێشەوە قەت بەرەو دواوە ناڕوات! ......))**[1].ئەم شێوازە وەك دیمەنی سینەما وایە کە هەرجارەی گرتەیەك دەگوازێتەوە تا بتوانێت بە یەکەوە کۆی گشتی دیمەنەکانی چیرۆکەکەمان پیشان بدات.کە بەشی یەکەمی چیرۆکەکە تایبەتە بە ژیانی ڕابردووی جوامێر و بەشی دووەمی چیرۆکەکەش تایبەتە بە ژیانی (عەبدی جەلاد و ئەو لاوەی) کە زیندانی کراوە.کە لە هەردووکیدا هەست بەبوونی گێڕەرەوەی دەرەکی ناکرێت، وەك دەسپێکێك ئاماژەکانی کات و شوێنی ڕووداوەکانی تێدا بەدیدەکرێت و شێوەیەکی گشتی سەرەتایی سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوای خۆی دەخاتە ڕوو، سەرە ڕای ئاشناکردنی خوێنەر بەژیانی (عەبدی جەلاد و لاوە) زیندانیکراوەکە، کە هۆکاری سەرەکی خولقاندنی ڕووداوەکەیە و لەلایەکی ترەوە بۆتە هەوێنی دروستبوونی چیرۆکی دووەم کە دەبێتە هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکە بەشێوەیەکی گشتی.

چیرۆکەکان بەشێوەك بەکارهاتون وەك ئەوە وایە کە دیمەنێکی سینەمایی پیشان دەدەن، دیمەنەکان لە گرتەیەکەوە دەگوازێتەوە بۆ گرتەیەکی تر، ئەمەش تام و چێژی تایبەتی بەخشیوەتە چیرۆکەکان بە شێوەیەکی گشتی. بوونی ئەم جۆرە بنیاتەش لە چیرۆکەکانی (د.کاوس قەفتان)دا بە کەمی بەکارهاتووە بە بەراورد لە گەڵ بنیاتەکانی تری ڕووداو ، ئەم کەمتر بە کارهێنانەش بۆ کورتی مەودای چیرۆکەکان دەگەڕێتەوە، واتە ئەو مەودایەی کە هەیەتی بەشی ئەوە ناکات دوو ڕووداوی درێژ لە چیرۆکێکدا کۆ بکاتەوە.

## 4.بنیات نانی بازنەیی :

ئەو بنیاتەیەکە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کۆتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایە ی کە لێوەی دەستی پێکردووە.بە بنیاتی دووبارەش ناو دەبرێت، یەکێکە لە نەسەقە نوێیەکانی بنیاتی چیرۆك، ئەم جۆرە ڕێکخستنەش بریتییەلە(( کۆمەڵەئەڵقەیەکی بەیەکەوەبەستراو،

[1] هەمان سەرچاوە.ل 34.

پردێك، كه لەڕووداو و تاكەكانی ڕۆمانەكە"چیرۆك"پێكهاتووه، ئەم ئەڵقانەش بەیەكەوه دەبەستێتەوه ))[1]هەروەها بە واتای ئەوەش دێت كە چیرۆكەكە لە سەرەتاوه دەست پێدەكات و بەرەو سەرەتا دەگەڕێتەوه دواتر دەگەڕێتەوه بۆ كۆتاییەكەی بە واتایەكی تر.ڕووداوەكان ڕێچكەیەكی بازنەیی وەردەگرن كە وەك لەولەبێك وایە بەرەو پێشەوه هەنگاو دەنێت ودواتر دەگەڕێتەوه بۆ دواوه بۆ پیشاندانی ڕابردوو لە ڕێگای ئێستاوه، ڕووداو شتە كانی تریش لە ڕوانگەی جوداجوداوه پێشكەش دەكات.ئەم ڕێكخستنەش پشت بەدانانی برگەیی دەبەستێت بۆ ڕێكخستنی ڕووداوەكان، واتە ڕووداوێكی دیاریكراو دابەش دەكرێتە سەر كۆمەڵە برگەیەك، هەندێك لەو ڕووداونە لە كاتێكی دیاریكراودا باسدەكرێت، ئەوەی دەمێنێتەوه لە كاتێكی تری گونجاودا باسی لێوه دەكرێت(( لەم بنیاتەدا چیرۆكنووس بۆجارێك زیاتر ڕووداوێكی دیاریكراومان بۆ باس دەكاتەوه، ئەمەش لە ڕێگای كەسایە تییەكانەوه دەبێت بەگوێرەی شێوازی بیر كردنەوەیان، واتە ڕوونكردنەوەی شێوازی بیركردنەوەی كەسایە تییەكان سەبارەت بە ڕووداوێكی دیاریكراو، كە ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە بوونەوەی ڕووداوێك بۆ چەندجارێك ))[2]، چونكە دووبارە بوونەوەی بابەتێك زیاتر لە یەكجار گرنگی ئەو بابەتەمان بۆ دەردخات ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوه پەیوەندی چیرۆكنوس بە بابەتەكەوه زیاتر ڕوون دەكاتەوه، چونكە بە كارهێنانی زیاتر لە شێوازێك لە لایەنی چیرۆكنوسەوه دەبێتە هۆكارێك بۆ ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی بیركردنەوەی كەسایەتیەكان و شارەزابوونی ناخیان.دووبارەكردنەوەی بابەتێكی دیاریكراو یا كەسایەتیەك یا دەربڕینێك ڕێگە خۆشكەر دەبێت بۆ بنیاتنانی ڕێگەیە كی دیاریكراو و توانستی چیرۆكنوس دیاردەكات لە بنیاتنانی ڕووداوەكان.

سەبارەت بە دەركەوتنی ئەم بنیاتەش هەندێك لە لێكۆڵەران وایدەبینن كە دەركەوتنی ئەم نەسەقە لە بنیاتی ئەدەبیدا بۆ(( بەربڵاویی فكرەی بازنەیی زەمەن لە ناوخەیاڵی مرۆڤەكاندا دەگەڕێتەوه ))[3]بەو واتەیەی بەردەوام بیركردنەوەی مرۆڤەكان لەناو هزری خۆیاندا هەمیشه لەبازنەیەكی دیاریكراودا دەسوڕێنەوه، ڕووداوەكانی كۆتایی دەهێننەوه سەرەتا و دواتر دەیگەڕێننەوه كۆتاییەكەی، ئەمەش سوود وەرگرتنێكی تەواوه لەو بیره مرۆڤایەتییە لەناو هزری مرۆڤەكاندا.بۆیە ڕووداوی بازنەیی ڕووداوێكە سەرەتاكەی لە فكرەی زەمەنی دووبارە وەرگێراوه لە ناو خەیاڵدانی كەسایەتییە یەكان و مرۆڤەكان، ئەو ڕێچكەیەی كە لێوەی

---

[1] جماليات التشكيل الروائی، دراسة فی الملحمة الروائية(مدارات الشرق) لنبيل سليمان.محمدصابر- سوسن البياتی. ص 122.

[2] البناء الفنی لرواية الحرب في العراق.عبدالله أبراهيم. ص 54.

[3] ينابيع الرواية اللأبداعية، خضرمحمد، دارالحوار، سورية. 2006 م ، ص 66.

دەستپێکردوە لە پرۆسەی گێڕانەوەکەدا لە کۆتاییەکەییدا دەگەڕێتەوە هەمان خاڵی سەرەتا و دەستپێکردن.چیرۆك لێرەدا شێوازێکی بازنەیی هەیە کە ڕووداوەکان کۆتاییەکەی کراوە نییە بەڵکو داخراوە، خوێنەر لەم جۆرە ڕووداوانەدا ناتوانێت پشت بە خەیاڵی خۆی ببەستێت تا لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە تێبگات و درێژە بە تێگەشتنی ڕووداوەکان بدات، چونکە چیرۆکنوس بەشێوازێك چیرۆکەکەی داڕشتووە کە وەك بازنەیەکی داخراو وایە کە قوفڵ دراوە واتە سەرەتا و کۆتاییەکەی بەیەکەوە بەستراوەتەوە، بۆیە خاڵی سەرەتا لە فکری مرۆڤدا بەرەو کۆتایی دەڕوات بەڵام جارێکی تر بەرەو خاڵی سەرەتا دەگەڕێتەوە کە سەرەتا لێوەی دەستی پێکردووە.

بوونی ئەم شێوازە تەنها لە یەك چیرۆکدابە دیدەکرێت ئەویش چیرۆکی"لەسەرکانییەك"ە،کە بە شێوەیەکی بازنەیی ڕێکخراوە.سەرەتا گێڕەرەوە باس لەدیتنی ئەو گەنجە دەکات لەگوندێك کە بەکزی و ماتی دانیشتوەوە و شێوەیەکی شێواوی هەیە، باس لە چۆنیەتی دیداری نێوانیان دەکات و دەڵێت:

**(( بە جووتە بووین، لەسەرکانی یەکی ڕوونی پاك کە بەهێواش و بێدەنگی ئاوەکەی ڕێگای بەناو بەرد و زیخا دۆزیبۆوە و ئەڕۆیشت بۆ ناو چەم و چوغورد و دارو دەوەنەکەی پشتی.))**[1]

دواتر گێڕەرەوە دەمان باتەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکان و هۆکاری زانینی شێواوی دەم و چاوی کەسایەتییەکە کە نادیارە و واتە جێناوی نادیاری"ئەو" بەکارهاتوە.چیرۆکگێڕەرەوە گێڕەرەوەیەکی خودیە، لە هەمان کاتدا کەم شت زانیشە ، واتە لەم چیرۆکەدا چیرۆکگێڕەرەوە بە شێوازی گێڕانەوەی خودی چیرۆکەکە و ڕووداوەکانمان پێشکەش دەکات، کە کەسایەتیە سەرەکیەکە چۆن تووشی خۆشەویستی بوە و چی لێ بەسەرهاتووە.ئیدی لەوە بەدواوە گێڕەرەوە درێژە بەگێڕانەوەی ڕووداوەکە دەدات و هەر لە دروستبونی خۆشەویستی نێوانیان و چونە خوێندن بۆ بەغدا و هاتنەوەی و پاشان چوونە داخوازی، دوای ئەوەی کە دێتەوە بۆماڵ لە ڕێگادا دەبینێت ماڵی کچە ئاگری گرتووە هەوڵی ڕزگارکردنی دەدات :

**(( لە ڕێگا بینیم هەرخەڵکە ڕائەکا و منیش شوێنیان کەوتم، لەپڕ سەیرم کرد لەبەردەمی ماڵی شەرمن ئەو خەڵکە کۆبوونەتەوە.لەجێگای خۆم ووشك بووم.، توکی لەشم ڕاست بۆە.هەر هاوار و زریکە بوو ئەیدا بەگوێما ڕزگاری کەن هەر ئەو ماوەتەوە )).**[2]

دوای ئەوە ی کە( شەرمن) ڕزگاردەکات ئیتر لەخاڵێکدا گێڕەرەوە کۆتایی بەو ڕووداوە دەهێنیت و ڕووداوەکانی خاڵی سەرەتامان بۆ ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **(( پاش دوو مانگ**

---

[1] نيو هةنطاو دورلةدؤزةخ.ضيرؤكى لةسةر كانييةك.ل 47.

[2] نيو هةنطاو دورلةدؤزةخ.ضيرؤكى لةسةر كانييةك.ل 56.

**چاك بوومەوە، بەلاّم خۆزگە هەلّنەئەستامەوە.خۆزگە جارێكی تر ڕووی ژیانم نەئەدی یەوە.لە ئاوێنەدا كە ڕووی خۆمم دی بڕوام نەكرد و خۆم نەناسی یەوە، ئەو كوڕە لاوە قۆزەی جاران نەمابووم، بەلّكو بووم بەم جانەوەرەی ئەمبینی.ئاگر لەشم و دەم وچاوی سوتاند و هەلّ قرچان...))**[1].لێرەدا سەرەتای ڕووداوەكە بە دیار دەكەوێت كە هۆكاری سوتانەكەمان بۆ دیاردەكا كە بەهۆی خۆشەویستەكەیەوە بووە.پێشتر گێڕەرەوەی دووەم كە (كوڕە)كەیە بەهۆی گەڕانەوەی بۆ ڕابردووی كۆتایی چیرۆكەكە كە سەرەتاكەیەتی لە كۆتایی دا جارێكی تر وەك هەلّقەیەك پێكەوەیان گرێ دەدات و شێوەیەكی بازنەیی داخراوی دەداتێ.

ئەگەر بڕوانین ئەوا(( لەچیرۆكی كوردیدا ڕیزكردنی ڕوداوەكان بەوشێوە بازنەیی یە زیاترلەو جۆرە چیرۆكانەدا دەبینرێت كە سەرەتاكانیان بەكۆتایی ڕووداوەكان دەست پێدەكات.لەخالّێكەوە دەست پێدەكات پاشان لەكۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆهەمان خالّی دەستپێكردن ))[2].ئەم جۆرەش لەچیرۆكی پۆلیسی و هەندێك چیرۆكی میللیدا بەرچاودەكەوێت.كە لە یەكەم ڕوانین دا تاوانێكمان بۆدەردەخات و دواتر لەگەلّ حیكایتخواندا دەست دەكەین بەگەڕان بەدوای تاوانبارەكە و تادەگەینە ئەو هۆكارانەی كە بونەتەهۆی ئەنجامدانی ئەو تاوانانە.واتە لەئەنجامەوە بۆ سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆیە لەم شێوەیەدا ناڕوونییەك دروست دەبێت بەهۆی ئەوەی كە گێڕەرەوە لە سەرەتادا كۆتایی چیرۆكەكەمان پیشان دەدات كە ئەمەش سەرنجی خوێنەر زیاتر ڕادەكێشێت تا بگاتە هۆكاری ئەو ڕووداوەی كەوا ڕوویداوە و ئەنجامەكەی چی دەبێت.بۆیە چیرۆكنووس ناڕوونی یەك بەكاردەهێنێت لەسەرەتای چیرۆكەكە تا ڕێگە بە خوێنەر نەدات ئاگاداری تەواوی ڕووداوەكان بێت.ئەم چیرۆكەش وەك بەشێك لەم بنیاتە كۆتایی چیرۆكەكە بۆتە هۆی دەرخستنی ڕوانینێكی سەرەتا كە سوتانە و دواتر لە ڕێگای كەسایەتی سەرەكی كە گێڕەرەوەیەكی خودی یە هۆكاری ئەم سوتانە بخاتە ڕوو كە كۆتایی چیرۆكەكەیە و دواتر ئەم كۆتاییە بۆتە سەرەتای چیرۆكەكە، ئەمەش مەبەستی چیرۆكنووسە لە بنیاتنانی ئەم تەكنیكە لە چیرۆكەكەدا.

## 3. ڕەگەزەكانی ڕووداو :

### أ. واتا :

[1] هةمان سةرضاوة.ل 58.

[2] بيناى هونةرى ضيرؤكى كوردى لةسةرةتاوة تاكؤتايي جةنطى دووةمى جيهانى. ثةريَز سابر.ل 132.

"واتا" به بەشێکی زۆر گرنگی چیرۆك دادەنرێت و گرنگیەکی زۆری هەیە و بنەمایەکی سەرەکییە لە چیرۆکدا بەلای هەندێك لەلێکۆڵەران و ڕخنەگرانەوە، چونکە بەشێکە لێی و بەهیچ جۆرێك لێی جودا نابێتەوە، بۆیە پێویستە ڕووداو و کەسایەتییە کان لەخزمەتی واتا دا بن لەسەرەتاوە تاکۆتایی، ئەگەر وانەبێت ئەوا خوێنەر بە دڵنیاییەوە واهەست دەکات کە واتا بەزۆر ئاخێنراوەتە ناو چیرۆکەکەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی بنیاتی چیرۆك.

چیرۆکی هونەری ئەو چیرۆکەیە کە خزمەت بە مرۆڤ و پێشکەوتنی دەکات، بێگومان واتای باش و گونجاو ڕۆڵ دەبینێ لە بلاۆکردنەوەی دەقی چیرۆکەکە، بەم شێوەیەش زیاتر کاردەکاتە سەر خوێنەر و گۆڕینی لایەنە لاوازەکانی دەقە ئەدەبییەکە بۆیە هەموو واتایەك واتای پەسەندی بوون نییە لای خوێنەران و ڕەخنەگران، زۆر ئەستەمە لە زاراوەی واتا بگەین تەنها ئەگەر لە ناو سیاقی دەقدا نەبێت ، ئەمەش وا پێویست دەکات بۆ تێگەیشتن لە زاراوەی واتا بگەڕێینەوە بۆ ناو دەق.لە ڕەخنەی کۆنی عەرەبیشدا باس لە واتا کراوە، بەلاَم لە چوار چێوەی "شرف المعنی واللفظ" ئەمەش (( واتای ئەوە نییە کەسەر بەواتایەکی تایبەتی بێت یاخود گوزارشت کردن بێت لێیان، بەڵکو مەبەست بەدەست هێنانی بیرکردنەوەی دروستە، سوود مەندییە لەگەڵ ڕازیبوونی بارودۆخ، پێویستە هەر شوێنیکیش قسەی خۆی تێدابکرێت ))[1]، بەو واتایەی هەرمەکانەتێك یاخود هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەك قسەکە و واتاکەی دەبێت هاوتای یەك بن، لێرەدا مەبەست لە (شرف المعنی ) لایەنە ڕەوشتیەکەی نیە، بەڵکوو مەبەست نرخە هونەریەکەیەتی، چونکە دەڵێت: سەر بەواتای تایبەت یاخود گشتی بێت.بیرکردنەوەی درووست واتای ڕوونی نییە لە دەربڕین یا پێکانی واتا بەتەنها، بەڵکو واتایەکی بەرفراوانتری هەیە کە گوزارشت لەسەر ڕاستی دەربڕین دەکات لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیەی کە هەیە.شوێنی قسەکردنیش تەنها مەبەستی شوێن نیە بەڵکو هەموو ئەو کەسانەیە کە تێیدان، زەمەنەکانیانە، هەموو ئەو کێشەو بابەتانەیە کە تێیدایەتی .واتا لە گوزارشتکردن یا لە دەربڕینی تاقیکردنەوەی دروستەوە دێت بۆ ئەوەی کاریگەری تەواو بکاتە سەر بۆ بۆنێردراوەکان و بتوانێت هەموو ئەوە شتانەی کە هەیە لەکۆمەڵگادا لە دیاردە و ئێش و ئازار و مەینەتی و پێداویستیەکانی ژیانیان لە چیرۆك دا گوزارشت لیّ بکات، بێگومان ئەمانەش هەمووی بەواتای باش دەتوانرێت گوزارشتی لیّ بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو واتایە نەگاتە دڵی خوێنەر و ناخیان نەهەژێنێت ئەوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەریان نابێت، بۆیە واتا سیحری

[1] دراسات نقدیة من الأسطورة الی القصة القصیرة، أحمد زیادمحبل، دارعلاءالدین، الطبعة الأولی، سوریة 2001 م.ص 70.

جوانی تێدایە و جوانیش دەبەخشێتە دەق، نووسەر هەرچەندە پەیامەکەی بەرز بێت بەڵام ئەگەر نەتوانێ بەواتایەکی جوان گوزارشتی لێ بکات ئەوە ناگاتە شوێنی مەبەست، ئەمەش واتای ئەوە نییە هەر دەقێك خاوەن ناوەڕۆکێکی باش نەبێت تەنها بەواتای باش دەربېڕدرێت و سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، بەڵکو سەرکەوتنی دەق یا چیرۆك لەوە دایە کە ناوەڕۆ ك و واتا پێکەوە کاربکەن بۆ بەدەست هێنانی دەقێکی ئەدەبی بەرز.

واتا دەبێت باو و نەباو بێت بەپێی ئاستەجیاوازەکانی کۆمەڵ بێت.(( واتا لەچیرۆکدا زۆر بەهێز بەئاوازەی دەنگەوە لکاوە و چیرۆکی سەرکەوتووش کەم وا ڕێك دەکەوێ(سیمەکەی) ڕاستەوخۆبێ و سیماکانی دیاری کرابێ، چونکە دەبێ زۆر چاك بەها کۆمەڵایەتیەکان ببەزێنێ کەلێیان وەرگیراوە ))[1].بۆیە زۆرجار واتاکان زۆرسادەن و ساکارن، بەڵام هەندێك نووسەر یا چیرۆکنووس پەنا دەباتە بەر ڕەمز بۆ دەرخستنی واتایەکی تایبەتی کەخۆی مەبەستێتی، ((بەکارهێنانی ڕەمز، یان دەمامك، خوێنەر دەخاتە سەربیرکردنەوەی قوڵ، تاوەکوو دەگاتە ئەو قۆناغەی لەمەبەستی دەق نووس تێدەگات و لەخەیاڵی خۆیدا وێنەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدەکشێت، وەك ئەوەیش وایە خوێنەر لەتەك نوسەردا بەشداری پرۆسیسی نوسین و داهێنان بووبێت ))[2].سەرباری ئەمانە ڕەمز بەمەبەستی جوانکاری بەکاردێت لەدەقی چیرۆکدا، واتای قوڵتر و واتای فراوانتری پێ دەبەخشێت و هزری خوێنەر یا وەرگر دەخاتەگەڕ، زیاتر لە دەقەکە تێڕادەمێنێت، بۆیە زۆر چیرۆك هەن کە سنووری تایبەتی تێدەپەڕێنێت و واتاکەی لە شێوە سادەکەیەوە دەپەڕێتەوە بۆ واتایەکی پڕ لە ڕەمز و نهێنی و شاراوەیی.دەگونجێت بڵێین ڕەمز هۆکارێکە بۆ ئامادەکردنی خوێنەر بۆ ڕووداوەکان، ئەو ڕەمەزانەی کە چیرۆکنووس بەکاریدەهێنێت زیاتر بەسوود وەرگرتن لە ئەفسانە و داستانەمیللیەکان و نەتەوەییەکانە، بۆ نموونە ڕەمزی (ئەژدیها) زەینی خوێنەر بۆ زۆرداری ئامادە دەکات، یاخوود شەڕ بە واتای ئامادەبوونە بۆ کاولکاری...بۆیە پێویست خوێنەر خاوەن باکگراوند یا پاشخانێکی ڕۆشنبیری بەرز بێت تاوەکوو بتوانێت لە واتا شاراوەکانی ناو چیرۆك بگات، بێگومان ئەمەش پشت بەشارەزایی نووسەری چیرۆك دەبەستێت لەو واتایەی کە بنیاتی دەنێت لە چیرۆکدا کە تا چەند شارەزاییەکانی خۆی تێدا دەخاتە بەردیدی خوێنەرانی.

---

1 ضیرؤك وتایبةتمةندییةکانی، رِست هیلز، وةرطیَرانی سةلاَح عومةر، ضاثخانةی رِؤشنبیری، کتیَبی طیرفان، 2005 ی زایینی .ل 85.

2 ئةزموونی ضیرؤکنووسین.مةحةمةد فریق حسن. ل 168.

بۆ تیگەیشتن لە واتای چیرۆك پێویستە لەناو دەقدا شیکاری بۆبکەین و تێی بگەین، ئەمەش بە واتای فەرامۆشکردنی ژیانی نووسەر و دەور و بەرەکەی و ئەو ژینگەیە نییە کە تێیدا ژیاوە وەك بنیاتگەرەکان دەیانگووت: نابێت بەهیچ شێوەیەك بۆ ژیان و دورووبەری نووسەر بگەڕێینەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانەوە دوابنیاتگەرەکان کە(لۆتمەن) دیارترینیان بوو دەیگووت: ڕاستە ژیانی نووسەر بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبی بایەخی  نییە، بەڵام دەکرێت لە هەندێك حاڵەتدا بۆی بگەڕێینەوە.بۆیە بە هەمان شێوەی بنیاتگەرەکان جەختی لەسەر ڕاڤەکردنی دەق دەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی وابوو کە ناکرێت دەق هەڵگری هەموو واتایەك بێ، بەڵکوو هێندێك جار بۆ تێگەیشتن لە دەق دەبێ بۆ نووسەر و دەورووبەری دەق بگەڕێینەوە.(میخایل باختین) یش دەیگووت: (( نوسەری هەربەرهەمێك بوونی خۆی لەبەرهەمەکەیدا درێژەپێدەدا، لەبەرئەوە هەڵەیە لە لاپەڕەیەکدا بەدوای ئەودابگەڕێین، چونکە لە هەموو برگەیەکدا کەشێوە و ناوەڕۆکی تێدا یەکدەگرێتەوە، نووسەر لەوێ ئامادەیە))[2].کەواتە گەڕانەوە بۆ نووسەر و دەق زۆرجار پێویستە، چونکە نوسەر لەناو هەموو برگەیەکی دەقەکەدا ئامادەیە و هەستی پێدەکرێت، بەڵام بەلای ( سۆسێر)ەوە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان دەنگی ووشەکە و واتاکەیدا نییە هەروەها واتای ووشەکە لە ناو خودی ووشەکەدا نییە بەڵکو لەدەرەوەی ووشەکەدایە، واتە بەلای ئەمەوە دال گرنگە و مەدلول هیچ بەهایەك نابەخشێت تەنها لە چوار چێوە زمانییەکەیەوە نەبێت کە جیهان دەبینێت، (رۆلان بارت)یش بە هەمان شێوە چووە پاڵ بنیاتگەرەکان لە ڕاڤەو شیکردنەوەی دەقدا.

بەلای بنیاتگەرەکانەوە نائاگایی و لایەنی دیوی ناوەوەی دەق گرنگە بە لای ئەوانەوە دەرەوە هیچ بەهاو گرنگییەکی نییە تەنها ناوەوەی دەق بەلایانەوە گرنگە.(( واتا هەمیشە لەپێناو فۆرمدایە، ئامادەیی فۆرمیش هەمیشە لەپێناو دورخستنەوەی واتادایە واتە خۆی هەمیشە واتاو دەلالەتەکانی لەپێناو واتا و دەلالەتی وەدوادەخات، ئەمەش دەکەوێتە سەرئەو میکانیزمییەتەی ئەفسانەکانی ئەمڕۆ بە واتا"بارت"ییەکەی لەلایەکی تریشەوە دەکەوێتە سەر ئیشکالیەتی و کێشمەکێشی ناوەوەی گۆڕانەکان ))[1].نووسەر دەتوانێت دووجۆر "واتا" بەرجەستە بکات، واتایەك کە بەمێژووەوە بەندە، واتایەکی تریشیان لەووشە پێکدێت، دواتر خوێنەر لەگەڵ نووسەر بەشداری دەکات بۆ تێگەیشتنی ئەو واتایەی کە بنیاتی ناوە.لێرەوە نووسەر لەگەڵ خودی خۆی دەکەوێتە ململانێ تاوەکوو لەوەعی خۆیدا واتایەك بهێنێتە بوون، ئەمەش بەنووسین ئەنجام دەدرێت، چونکە بێ نووسین واتا هیچ بوون و داهێنانێکی نییە،

---

[1] بینای کات لەسیَ نمونەی رِۆمانی کوردی دا(ذانی طەل،شار،راز).نجم ئەلَوەنی.ل 70.
[2] شویَنکاتی یەکەم لەدووەم وئیَستای سەطوەرِدا.عەبدول موتەلَیب عبداللە. ل 9.

لێرەوە ئەوە دەردەکەێت کەوا خوێنەر لە چرکەساتی لەدایکبوونی نوسینەوە تا کۆتایی نوسینی دەقەکە بەهەمان شێوەی نووسەر بەشدار دەبێت لەدەقەکە و بەشدارییەکی کاراشی دەبێت لەو دوودڵی و دڵەڕاوکێیەی کەوا نووسەرەکە تێی کەوتوە، هەست بەهەموو ئەو بەدگومانی و ترس و نامۆیانەش دەکات کە نووسەرەکە تێیدایە، هەست بەهەموو هەستەکانی نووسەردەکات لەناو دەقدا، ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەئاگایی خوێنەردا، تاوەکوو کاری تێدا بکات ئەگەر وانەبێت ئەوا خوێنەر ناتوانێت چێژ لەواتای دەقەکە وەربگرێت.بۆیە واتا کۆمەڵێك تێڕوانین وخەون و بۆچوونی مەعریفی و فەلسەفی و ئایینی و مێژوویی کۆمەلأیەتی و دەروونی لەخۆدەگرێت، لەناو چیرۆکدا هەر ووشەیەك یا دالێك کۆمەڵە مەدلولێکی هەیە، چیرۆکنووس شێوازی جۆرا و جۆر بەکاردەهێنێت تاوەکوو بتوانێت واتاکانی کۆمەڵێك مەدلول و جیهانبینی دیاریکراو ببەخشن.لە ڕووی زاراوەوە واتا زۆر دێرینە و واتا دەلالەتی و مێژوویی و ڕەخنەییەکەی بۆتە هۆی دارِشتنی زاراوەی واتا.

چیرۆکەکانی چیرۆکنووس لە ڕووی واتاوە هەندێکیان سادەن و ئامانجیشی لەم سادەیی یە ئەوەیە تا زۆرترین خوێنەر لە چیرۆکەکانی تێی بگات، زیاتر هەوڵی داوە زمانێکی سادە بەکاربێنێت دوور لە گرێ و تەمو مژ لە بەشێکی زۆری چیرۆکەکانیدا.ئەگەر لە ڕووی پراکتیکی واتاوە بڕوانینە چیرۆکی"خەرمان" چیرۆکنووس بە شێوەیەکی سادە گوزارشت لە ناوەڕۆك و واتای چیرۆکەکەی دەکات، خوێنەر کاتێك کە دەیخوێنێتەوە تێدەگات کە باس لە زوڵم و زۆرداری ئاغا و چەوسانەوەی چینی جوتیار دەکات لەلایەن ئاغاوە.کە نمونەی زۆرێك لە کۆمەڵی کوردەواری ئەوکاتە.دەکرێت بە سەر زەمەنی ئێستاشدا پراکتیزە بکرێت، گێڕەرەوە لە بەشێکی تێکستەکەدا کە مەبەستی سەرەکی واتاکەی تێدا بە دیدەکرێت و دەڵێت:

**(( بە زبانێکی بێ خەتا باری یەوە مام ڕۆستەم ووتی:**

**– جا خەتای من چی یە ! خۆت ئەمە باش ئەزانیت.ڕاستە هەموو ساڵ ئەمەم ووتوە بەو تەمایەی بەری خەرمانەکە هەمووی بۆ خۆم بێت بەس بڵێم چی ئاغا لە پڕ لێم ڕاست ئەبێتەوە و ئەبێتە خاوەن بەش بەم دەست و بەو دەست لێم ئەسێنێ تا هیچی وام بۆ ناهێڵێتەوە بەشی ژیانی کولە مەرگی بکات.))**[1].

زوڵم و زۆرداری ئاغا دەخاتە ڕوو کە چۆن بۆتە هۆی چەوسانەوەی کەسایەتی سەرەکی و برسیبوونی خێزانەکەشی لە ئەستۆی ئاغایە.بە شێوەیەکی سادە ئەم بیرە دەخاتە ڕوو تا بە هۆیەوە بتوانێت چینی جوتیار هۆشیار بکاتەوە و زوڵمی ئاغا بخاتە ڕوو، ئەم سادەیی

---

[1] دة ضيرؤك.خةرمان.ل 58.

بوونەش لەواتای ئەم چیرۆکەدا بۆ ئەوەیە کە تا زۆرترین چینەکانی کۆمەڵگا تێی بگەن و پەیامە کۆمەڵایەتی و سیاسیی یەکەشی بگەیەنێت.

ئەو چیرۆکانەشی کەوا مەبەستی دوورتریان هەیە و پێویستی بە باکگراوندێکی رۆشنبیری و زانیاری وورد هەیە تا لەواتای چیرۆکەکەی بگەین.ئەمەش لە چیرۆکی (شۆرشی ویژدان) بوونی هەیە، کە واتاکانی ناوەکین نەك دەرەکی، واتە رەمزێکی هەیە پێویستی بەکردنەوە هەیە.ئەمەش لە کەسایەتی (عەبدی جەلاد) دا بەرجەستە دەبێت.ترس بەشێکی بەرفراوانی لە ژیانی (عەبدی جەلاد) داگیر کردووە بە هۆی ئەو پیشەیەی کە هەیبووە کە جەلادی بووە.ترس وەك دیاردەیەکی دەروونی بەشێکی بەرفراوان لە چیرۆکەکە داگیر دەکات کە بەهۆی کارەکەیەوە تووشی هاتوە، گەڕانەوەش بۆ ڕابردووی خۆی گەڕانەوەیە بۆ ئەو ترسەی کە بەهۆی پیشەکەیەوە تووشی هاتوە، لە هەمان کاتدا هەست بەتاوانباری دەکات بە هۆی ئەو کارەی کە هەیبووە، بۆیە ویژدان ژیان لە مرۆڤ تاڵ دەکات لەکاتێکدا بەردەوام لۆمەی خۆی دەکات بە هۆی ئەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە.ئەم حاڵەتە ((هەستکردنی تاکە بە دڵتەنگی و لۆمەکردنی خود و ڕەشبینی لە ئەنجامی ئەو بۆچوونەی کە گوایە هەستاوە بەئەنجامدانی هەڵەو تاوانێك کە شایانە سزا بدرێت لەسەری ، زۆرجار ئەم هەستە بە تێکەڵاوی لەگەڵ ئارەزووی سزادانی خوود دەردەکەوێت، تاوەکوو لە تاوانەکەی پاك بێتەوە ))[1].ئەم بارەش بە ڕوونی لای کەسایەتی (عەبدی جەلاد) دەردەکەوێت کە بەردەوام لۆمەی خۆی دەکات لەسەر ئەو ڕابردووەی کە هەیبووە.رەشبینە لەسەرئەوەی کە گوایە تاوانێکی ئەنجام داوە.بۆیە دەکرێت هەستکردن بە تاوان وەك لای(عەبدی جەلاد) هەیە(( لەوانەیە لە نائاگایی یان لە ئاگاییدا بێت ))[2].کوشتنی خەڵك بە دەستی "ئەو" ئەم هەستەی لا دروستکردووە، کە ڕووبەڕوی ئازاری دەروونی و ویژدانی بێتەوە، ئەم هەست پێکردنەش لە نا ئاگایی ئەم دا بەدیدەکرێت و دەڵێت:

**(( – کوشتن هەڵواسین.ئەمانە کوشندە نین چونکە ئازارێکە و خێرا ئەڕوات بەڵام ئازاردان بەو شێوەیە.تێکشکاندنی مرۆڤە بەو ڕادەیە کاری پیاو و پیاوەتی پیێ ناڵێن! ...))[3].**

واتاکان لە چیرۆکەکەدا بە شێویەکی گشتی بیری وردی دەوێت تا بتوانین شیکاری حاڵەتی دەروونی کەسایەتی (عەبدی جەلاد) بکەین و تێی بگەین، چونکە پەیوەندی بە ناخی دەروونی شێواوی کەسایەتی(عەبدی) جەلادەوەهەیە، بۆ تێگەیشتنیش لەو واتایە دەبێت

---

1 معجم علم النفس و التحليل النفسى، مجموعةمن المؤلفين، ص 181.

2 هةمان سةرضاوة.ل 181.

3 راوة بةران.شؤرشى ويذدان.ل 33.

بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاكانی ژیانی كەسایەتی یەكە، تا بتوانین كۆی واتاكان و بیری سەرەكی نووسەر شی بكەینەوە.لێرەدا مەبەستە سەرەكیەكەی چیرۆكەكە بە دیدەكرێت كەوا چۆن گوزارشت لە ئازارەكانی ناخی دەكات و ویژدانی بەردەوام ئازاری دەدات و لۆمەی خۆی دەكات بە هۆی ئەو ڕابردووەی كەوا هەیبووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی كەوا هەست بە ئازاریان ئەكات بۆیە وا گۆڕانكاری بەسەر ژیانی خۆیدا هێناوە.چیرۆكنووس بە هۆی ئەم سەرەتایەوە واتای گشتی ڕووداوەكەی بەرجەستە كردووە لە چیرۆكەكەدا.

ئەگەر لە ڕووی بەكارهێنانی (ڕەمز)ەوە بڕوانینە چیرۆكی"قەمەكەی خوای شەڕ" ئەوا چیرۆكنووس هەوڵی داوە بە شێوەیەكی نا ئاشكرا و بە بەكارهێنانی ڕەمز گوزارشت لە بۆچونەكانی خۆی بكات، تاوەكو خوێنەر بەرەو مەودای دورتر ببات و زیاتر بیری خۆی بەكاربهێنێت لە ناو چوارچێوەی چیرۆكەكەدا، بەگەڕ خستنی بیری خوێنەریش لە كاتی خوێندنەوەی ڕووداوەكانی ناو چیرۆكەكەدا بە دیدێت نەك لە دەرەوەی چیرۆكەكەدا.ئەگەر بڕوانینە ناونیشانی چیرۆكەكە دەبینین"خوای شەر" ئاماژەیەكە بۆ دەسەڵاتی زۆرداری و كوشتن و كاولكردن، خوێنەر هەر لە ناونیشانەكەوە بیری بەرەو لای ئەوە دەچێت كە خوای شەر ئاماژەیە بۆ دەسەلاتی دیكتاتۆر و خراپ.هەروەها "قەمە"ش هۆكارێكە یاخود شتێكە كە بۆ شەڕ و كوشتنی بەرامبەر بەكاردێت.بۆیە لێرەدا دال دەبێتە هۆی بونیادنانی مەدلولەكان.چونكە دال و مەدلول پێكەوە كار دەكەن لە پێناو بنیات نانی واتادا.چیرۆكنوس مەبەستەكەی كە بنیاتی نابوو لە ناو نیشانەكەدا لە سەرەتاو كۆتایی چیرۆكەكەدا دەیخاتە ڕوو.لە سەرەتادا بەم شێوەیە دەڵێت:

**(( ئەو ڕۆژەی مام ڕەحمان بە هەڵە داوان هات و بە پەشۆكاوییەوە وتی: دوێنێ گوندی(..)چۆڵكراو هەمووش دووبست لە ئێمەوە دوورە.))**[1].بێجگە لەمە چیرۆكنوس هەوڵیداوە ناوی گوندەكە نەهێنێ تاوەكو بتوانێت لە ڕووی واتاوە شیكردنەوەی زیاتر هەڵبگرێت، چونكە خوێنەر ڕەنگە بیری بەرەو لای چەندین گوند بچێت كە دوور یا نزیكە لێی یا خوود لە بەشەكەی ئەم كوردستانەیە یا بەشەكانی تری كوردستانە.ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو كە چیرۆكنوس توانیویەتی واتایەكی بە هێز و پۆزەتیڤ بنیات بنێت لە چیرۆكەكەیدا.لە بەشی كۆتایی چیرۆكەكەدا ئەو دەسەڵاتەی كە خوای شەڕ هەیەتی پیشانی خوێنەری دەدات و دەڵێت:

[1] ئێوارەیەك.قەمەكەی خوای شەڕ.ل 134.

**((لەو ماوە کورتەدا نیوەی گوندەکە نەمابوو، بلدۆزەری بێوەی گسکی لێدابوو، خەڵکی گوندەکە بە تۆقاوییەوە کۆ بوو بوونەوە، نەیان ئەزانی پەنا بەرنە بەرکێ.دەستەیەك منالآن بەرەو پیری چوو، بەڵام ئەوەی کەوتە ژێری پلیشا.ئەوەی ڕزگاریشی بوو کەوتنە ژێر پێی سەربازە چەکدارەکان، بە ترسەوە گەڕانەوە خۆیان بە سنگی دایکەکانیانەوە هەڵواسی.قەمەی سەربازەکان قنج و قیت لە سەر لولەی تفەنگەکانیان ڕاوەستابوو.......))**[1].ئەو واتایانەی کەوا چیرۆك نووس هەوڵی بنیاتنانی داوە بە مەبەستی ئەوە بووە تا خزمەتی ناوەرۆکی چیرۆکەکەی بکات.لێرەدا واتا و ناوەڕۆك پێکەوە کاریان کردووە بە مەبەستی سەرخستنی دەقەکە.بۆ تێگەیشتنیش لە ڕەمزە شاراوەکانی ناو چیرۆکەکە خوێنەر پێویستە خاوەن پاشخانێکی ڕۆشنبیری بەرز بێت تاوەکو بتوانێت واتاکان لێك بداتەوە و شیان بکاتەوە و پێکەوەیانیش گرێبدات.

ب. پلۆت :

دەکرێت پلۆت "سەنعاتکاری، چنین ، دەستڕەنگینی، وەستاکاری و هونەری نواندن " بەکاربهێنین.هەروەها لەعەرەبیشدابە (الحبکە) دێت کەلەوشەی (حبك) هاتووە.کە واتای کار یان کردار دەگەیەنێ، واتا کارەکەی زۆر بەجوانی ئەنجامداوە.پلۆت بابەتێکە لە ڕێگای، یاخوود وێنەی کەسایەتیەکانەوە گەشە دەکات و بابەتێکیش ئاماژە بە بابەتی تری ناو چیرۆکەکە دەکات لە ڕووداو و کەسایە تی و ململانێکان و...ئەمەش بەواتای ڕێکخستن و داڕشتنەوەی ڕووداوەکانە بەشێوەیەك کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەیدا بەپێی زەروورەتی ڕووداوەکان دای دەڕێژێت.مەبەست لە پلۆت ((ڕێکخستنی ڕووداوەکانی چیرۆکە بە شێوەی یەك بە دوای یەکی هەتا گەیشتن بە ئامانجێك، ئەمەش لەڕێگای ململانێ لەنێوان کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە یا لەڕێگای کارتێکردنی ڕووداوە دەرەکیەکانەوە دەبێت))[2].زاراوەی پلۆت (( سیاقی گۆڕانکاریەکانی نێو پەیوەندی مرۆڤایەتی بەکاردێنن کە ڕووداوەکانی کاری چیرۆکنووس ی بۆتە هۆی ڕوودانیان و دەریان خستون ))[3].لەکارە سەرکییەکانی پلۆتیش ڕێکخستنی ڕوداو و جولاّندنی هەستی خوێنەرە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەکاتێکدا چیرۆك تە نها هەستی زانینی خوێنەر زیاد دەکات، شایانی باسکردنە پێویستە ڕووداوەکان لەسەر بنەمای هۆکاری پێکەوە ببەسترێتەوە، بەڵام هەندێك لە نووسەران لەسەر بنەمای کتوپڕی (مفاجەئە) شتەکان دادەنێن، تاوەکو بتوانن زیاتر سەرنجی

---

[1] هةمان سةرضاوة.ل 138.

[2] تطور البنية الفنية فى القصة الجزائرية المعاصرة.شربيط أحمد شربيط.ص 25.

[3] كورتةيةك لةبارةى ضيروَكةوة.لين ئوَلنبيرد-ليزلى لويس، وةرطيَرِانى سةلآح عومةر، دةزطاى ضاث و ثةخشى سةردةم-سليَمانى 2003. ى زايينى ل 147.

خوێنەر بۆلای خۆیان ڕابکێشن و تووشی سەرسوڕمانیان بکات، ئەمەش تەنها لەلایەن نووسەرە لاوازەکانەوە بەکاردەهێنرێت کە لە ڕووی هونەرییەوە بێ دەسەلاتن.

بەشێوەیەکی گشتی شێوەیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ پلۆت، هەرلەوەوە چەندگرێ و ئالۆزیەکی لێدەبێتەوە.سەبارەت بە بیری پلۆت لەبنەڕەتەوە لە (ئەرستۆ) وە وەرگیراوە، لەکتێبەکەی (هونەری شیعر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەدەبێ ڕووداو"سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی" هەبێت.بۆیە پلۆت ((بۆماوەیەکی دوور و درێژ ئەو کردارانەی پێشکەش دەکرد کە لەسەربنەمای بەدوای یەك داهاتن بونیات دەنرا ئەوانیش (سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی)ە، شتێکی مەنتقیە کە هەر قۆناغێك دەبێتە هۆکاری ڕوودانی قۆناغەکەی تری بەپێی ئەو ئەقلێەتەی کە ئەوکۆمەلگایەی تێدادەژی))[1].بەلام دواتر ئەم بنەمایە لەسەردەستی(لاکلو-1782) لەرۆمانی ( ئالوگۆڕی لە پەیوەندیە مەترسیدارەکاندا التراسل فی العلاقات الخگیرە) تێك شکێندرا، دواتر(دیدرۆ)کاری لەسەر بنیاتنانی پلۆت کرد لە رۆمانی(جاکی قەدەری-1790ی زاینی) بەلام ئەگەر سەیر بکەین تاوەکو ئێستا بنەماکانی کلاسیك هێشتا کاریگەرییان ماوە، ئەگەر چی چنینی دەق واقیعی نەما، بەلام کۆمەلە شتێکی تر دەبینین چ لە چیرۆك یا ڕۆمان کە ئەو شتە پێشکەش دەکات، واتە قسەیەك دەکات کە ناگوازرێتەوە ئەمەش واتای ئەوەیە نووسەر ئەو بیرەی هەیەتی تەنها بۆ خوێنەر یا وەرگر دەگوازرێتەوە.

سەبارەت بە پلۆت-(جۆن.ڤان.دوتن) دەلێت:(( گرێی باش پێویستی بە فکرێکی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی دروست کردنی چیرۆك یا ڕووداو بگرێتە خۆ، پێویستی بە جۆرێك لە جۆرەکانی سەلیقەی وەرزشی و هێز هەیە بۆ ئەوەی بەشەکانی بەیەکتر ببەستێتەوە و ڕووداوەکان بەجۆرێك بباتە ڕێوە کە ڕووداو لەدوای ڕووداو بە شێوەیەکی مەنتقی بەیەکتر ببەستێتەوە، هەموو ئەو گواستنەوانەش دەبێتە کۆمەلەیەکی گونجاو کە کۆتاییەکی گونجاوی هەبێت ))[2].ئەم بیرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەموو ئەوشتانەی لەناو چیرۆکەکەدا هەیە یەك واتایان بداتێ، پێکەوەیان گرێ بدات و هەموویان پێکەوە یەك واتا بدەن، ئەمەش پێی دەوترێت پلۆت، کەلەیەك ڕووداوی سەرەکی پێکدێت لەگەڵ هەندێك سەرە داوی ناوەندی کەلەگەلێدا یەك دەگرێت، هەموو داوێك لەو داوانە لەکۆمەلە ڕووداوێك پێك دێت کە ڕێگا بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو خۆش دەکات و تادەگاتە ئەوەی سەرە داوە سەرەکییەکە کە ڕووداوەکەیە گەشە بکات و پێش بکەوێت.(فۆرستەر) یش چنینی دەق وەها شییدەکاتەوە کە بە ئەنقەست هەولێ شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی پلانە دیاریکراوەکە دەدات ئەوانیش "تێکەلاوبوون، پلۆت،

1 شعرية الرواية، فانسون جوف.ص 25.
2 الأسس الفنية للأبداع الأدبی، د. عبد العزیز شرف.دار الجیل _بیروت. الطبعة الأولی 1993م.ص 222.

چارەسەر" هەروەها دەیگوت(( بۆ ئەوەی پلۆت بناسین، چیرۆکمان ناسیووە کە گێڕانەوەی ڕووداوەکانە، ڕێکخراوە بە بەدوایەکهاتنە زەمەنیەکەیەوە، هەروەها چنینی دەق گێڕانەوەی ڕووداوەکانە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەسەربنەمای هۆکاری جێگیر دەبێت ))[1].بۆیە پلۆت (( هەروەکو شیرازەی بەرگ کردنی کتێبان پەڕپەڕەکان کۆدەکاتەوە، ئەویش لە ڕێگای پێشکەشکردنی ڕووداوەکان و پەرەپێدان و گەشە پێکردنیان بەجۆرێکی چاك و بە زنجیرەو سروشتیانەو هۆنینەوەیان لە ڕشتەیەکی پەسەندکراودا )) [2] (( بنیاتی گێرانەوەش لە شانۆ و چیرۆك و ڕۆمان بە چنینی دەق ناو دەبرێت، بۆیە بنیاتی گێڕانەوە پلۆت sujet لەگۆشە نیگایەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێت ))[3].پلۆت بابەتی سەرەکی چیرۆکە، ئەو ریگایەیە کە چیرۆك و بنەماکانی پێکەوە لەگەڵ یەکتر دەڕۆن.ئەوەشمان لەبیر نەچێت پلۆت گرنگترین بنەماکانی شانۆگەرییە لای (ئەرستۆ) کە تێبینیەکانی خۆی لەسەر بنیات ناوە، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە چیرۆك تەنها لەسەربنەمای گفتۆگۆ نییە وەك لە شانۆ دا هەیە، بەڵکو کۆمەڵێك بنەمای تایبەتی هەیە کە چیرۆکەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

پلۆت لەمەغزا و ناوەرۆکی چیرۆك دەدوێت و هەروەها ململانێی نێوان کەسایەتیەکان و ڕووداوەکانی چیرۆك لە سەرەتاوە تا کۆتایی یان ململانێی دەروونی کەسەکان پیشان دەدات لە گەڵ ناخی خۆیان یان هێزی خێر و شەڕ بێت یان ململانێی چینەکانی ناو کۆمەڵ بێت کە چیرۆکنووس بەجۆرێك پیشاتی دەدات کە بتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام پێویستە بە شێوازێکی سادە و ساکار نەبێت کە خوێنەر یا وەرگر هیچ تام و چێژێکی لێ نەبینێت و وەرنەگرێت و زەین و زیرەکی تێدا نەخاتە کار، چونکە ئەگەر وا نەکات وەك ئەوە وایە ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانە بگێڕێتەوە.بۆیە پلۆت پێویستی بە زیرەکی و یادگە هەیە، چونکە خوێنەری زیرەکی چیرۆك ڕاستیەکان بە عەقڵ وەردەگرێت، تەنها وەك بینەرێك ڕانەوەستاوە بەڵکو هەوڵ دەدات لە ڕووداوەکان تێبگات و لێکیان بداتەوە.چیرۆکنووس تەنها بەوە ناوەستێت کەکەسایەتیەکان بەراورد بکات و داواکارییەکانیان بخاتەڕوو، لە ڕێگای کردارەکانیانەوە پێشیان بخات وەك چۆن لەشانۆگەریدا هەیە، بۆیە چیرۆك تەنها پشت بە کێشە و گرێ و دواتر چارەسەرکردن نابەستێت وەك چۆن (ئەرستۆ) لە شانۆدا بینیویەتی، بەڵکو لەسەر قووڵبونەوە و ئاشکراکردنی هەڵوێستەکانی لە ڕێگای کەسایەتیەکانەوە بەهۆی قسەکردن لە سەریان و پێشکەشکردنیان دەوەستێت.

---

1 الروایة وصنعة وکتابة الروایة، ادوارد بلشن، ترجمة سامی محمد، دارالحریة للطباعة ـ بغداد، ایلول 1981م.ص 70.

2 ثةخشانی کوردی، عبدالرزاق بیمار.ل 262.

3 نظریةالأدب، شفیق یوسف البقاعی .ص 393.

بەهای ڕووداوی نێو چیرۆك لە پلۆت سازیدا دەردەکەوێت، بەواتایەکی تر چیرۆکنووس بەهۆی چنینی دەق دەتوانێت ژمارەیەك چیرۆکی پیشاندرا و بۆ یەك چیرۆك بگۆڕێت، ئەمەش بەو واتایە دێت کەڕووداو بەگێڕانەوە تەواو دەبێت و دروست دەبێت.پلۆت لەهەمان کاتدا بەشێکە لە ڕووداوەکە و گێرانەوە تەواوی دەکات..لێرەدا چیرۆکنوس پێویستە پاکتاوی هەموو ئەو ڕووداوە لاوەکیی و زیادانە بکات کە لە چیرۆکەکەیدا هەست بەبوونی دەکرێت واتە کردەی بژارکردن ئەنجام بدات تاوەکوو بتوانێت چیرۆکێکی بەهێز بنیات بنێت لەڕووی هونەرییەوە، چونکە چیرۆکنووس ناخوازێت هەموو وردەکارییەکانی کەسایەتیی و ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات بەڵکوو پێویستە کەشێکی وا بخولقێنی کە ڕووداوەکان پلە بەپلە سەربکەون و بەرە و لوتکەیان ببات، چونکە ئەگەر وا نەکات ئەوا چیرۆکەکەی واتایەکی لاوازی دەبێت و نابێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر.

پلۆت لە وێنەکێشانی کەسایەتیەکان و ململانێکاندا پیێ ئەگات.هەروەها توانا و زیرەکی و لێهاتویی گەرەکە، دەبێت بیرتیژ بێت لە بنیاتنانیدا، چونکە تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و ڕووت، بەڵکو بنیات نانەکەی دەکەوێتە سەرهۆکاری (بۆنەگەری).سەبارەت بەم بوارە(ئای–ئێم–فۆرستەر) لەکتێبی (کونجەکانی ڕۆمان–أرکان الروایە)دا دەربارەی ئەم بنیاتە دەڵێت: (( بابزانین گرێچنی چییە؟ زانیمان کەچیرۆك گێڕانەوەی ڕووداوەکانە، بەزنجیرەی زەمەنی ڕێکخراوە، گرێچنیش گێڕانەوی ڕووداوەکانە، بەلأم دڵنیایی ئەکەویتەسەر بۆنەگەری "پاشا مرد لەدواییدا شاژنیش مرد "چیرۆکێکە" پاشامرد و بەدوای ئەویشا شاژن بەداخەوە سەری نایەوە" گرێچنییە.زنجیرەی زەمەنی لەجێی خۆیەتی بەلأم سێبەری"نەستی–حسی"بۆنەگەری کەوتەسەر.یا جارێکی کە " شاژن مردو کەس نازانیێ هۆی چیبوو" تازانرا کە  بەهۆی خەمی پاشاوە بووە، ئەمەگرێچنی تەم و مژاوییە، ئەم شێوەیە توانای پێشکەوتنی گەورەی تیایە ))[1].ئەوەندەی پەیوەندی بە پلۆتەوە هەبێت، ژیانی ڕاستی یارمەتی ئەوەنادات، چونکە ژیانی ڕاستی وەك دەردەکەویێ هیچ چنینێکی تیا نییە.بەلأم پلۆت پێویستە و بایەخدارە.

## جۆرەکانی پلۆت لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا :

[1] رۆمان و ئیشەی نوسینی ڕۆمان نوسین. ئەدوارد بلشن.دایانا داوبتفا یر .ل31.

بەگشتی دەتوانین بڵێین چەند جۆرێك لە چنینی دەق هەیە کە لە چیرۆکدا بەکاردەهێنرێت لە لایەن چیرۆکنووسانەوە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بە و جۆرانە دەکەین کەوا چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا بەکاری هێناون و پشتی پێ بەستون لە بنیاتنانی چیرۆکەکانیدا.گرنگترینیانیش ئەمانەی خوارەوەن:[1]

## 1-پلۆتی دابەزیو:

پێویستە بەتەواوەتی جەخت بکاتەوە سەر تێکشکاندنی کەسایەتییە سەرەکییەکان، چ تێکشکاندنی دەروونی یا عەقڵی یا سۆزداری بێت.

چیرۆکەکان بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە جۆری پلۆتی دابەزیودا دەبینێتەوە، سەرەتا ڕووداوەکان پێشکەش دەکات دواتر بەرزبوونەوەی ڕووداوەکان و کێشەکان و پاشان نزمبوونەوەی ڕووداوەکان، دواتر کۆتایی ڕووداوەکان دێت.بەشێوەیەك کە جەخت لەسەر تێك شکانی کەسایەتیەکان دەکاتەوە لەڕووی دەروونی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی یەوە، کەهەمیشە ڕووبەڕووی شکست دەبنەوە لەکۆتایی دا.ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کەسایەتیەکان دەبنەوە لەژیاندا تووشی بێ ئومێدی بوونەتەوە و لەکۆتاییدا کەسایەتییەکی تێکشکاوی هێناوەتە بوون.هەروەها چیرۆکەکان بەشێوەیەکی سادە ڕێکخراون کە خۆی لە"سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی" دا دەبینێتەوە.بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەیەکەوە بەستراوە.

ئەگەر بڕوانینە پراکتیکی چیرۆکی"خەرمان" کە چیرۆکەکە بەشێوەیەکی زنجیرەیی لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕێکخراوە، کە خۆی لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دا دەبینێتەوە.سەرەتا بە پێشەکییەك دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە کە خۆی لەوەسفکردنی کەسایەتی یەکە دا دەبینێتەوە بەم شێوەیە :

**(( قرچەی نیوەڕۆیەکی هاوین بو، تەمی گەرما بەری ئاسمانی گرتبو، زەوی وەکو ئاگری لەژێردا کرابێتەوە داخ بوبو.هەرچوار لا ش کش و مات کپ و بێ دەنگ بوو،لەشنەی شەماڵێکی کز جارجار هەڵی ئەکردو گەڵای دەوەنەکانی بەئاستەم ئەجوڵانەوە، لەگەڵ دەنگی شەنەکەی مام ڕۆستەم و هەناسکە بڕکێ ی بەولاوە هیچی تر نەهاتەگوێ ))[2].**

بەم سەرەتایە دەچێتە ناو ڕووداوەکانەوە کە لە سەربنەمای ژیانی کەسایەتییەکی چالاکدا دەبینێتەوە کە دژی هێزێکی دەرەکی و بینراو تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانی مافەکانی.چیرۆکنووس بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە بەشێوەیەك هەموو شتەکان پێشکەش دەکات

1سوودمان وةرطرتوة لة: النقد التطبيقى التحليلى.د.عدنان عبدللة، دار الشؤن الثقافية، بغداد، الطبعة الأولى 1981م.ص 78-79.

2 دةضيرؤك.خةرمان.ل 53.

بێ ئەوەی هیچ شتێك بۆ خوێنەر بهێڵێتەوە.دواتر بەرەبەرە ڕووداوەکان بەرە و ئاڵۆزبوون دەچێت، بڕیار دەدات چیتر خەرمانەکەی نەداتە ئاغا تا ڕووداوەکان دەگەنە بنبەست کە ئەویش سوتاندنی خەرمانەکەی (مام ڕۆستەمە) کە کۆتایی یەکەی داخراوە و هەڵوێستەکە گەیشتۆتە بنبەست.

ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی"خۆری ئاوابوو".چیرۆکەکە بەشێوەیەکی زنجیرەیی ڕووداوەکانی دەڕۆن بەڕێوە کە خۆی لە ڕێکخستنی پلۆتی تەقلیدیدا دەبینێتەوە، کەسایەتی سەرەکی (مامۆستا)یە بەرەو گوندێکی پێنجوێن دەڕوات تا لەوێ دەست بەکارەکانی خۆی بکات, بەهەمان شێوە وەك چیرۆکەکانی تر بە سەرەتایەك دەچێتە ناو ڕووداوەکانەوە کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ سەرەتای ڕووداوەکانی چیرۆکەکە:

**(( لەسەر پشتی هێسترەکە وەها بە نەرم و شلی پان بوو بوەوە لەوە ئەچوو لەسەرتوکی قو دانیشتبێ.بەسەرو ڕوویا وا دیاربوو ئامادە نەبوو خۆی بەپاشا بگۆڕێتەوە.بەستەکە نوێنەکە ڕەقی کەل و پەلەکەی نەهێشتبوو بەوەش هێندەی تر نەرم و شل بو بو...))**[1].

بە شێوەیەکی گشتی ململانێی نێوان کەسایەتیەکان لە بنیاتنانی ئەم شێوە پلۆتە ململانێ یەکی دەرەکی یە.جەختکردنەوە لە سەرکێشەکانیان جەختکردنەوەیە لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی و فکری کە خۆی لەجیهانی دەرەوەدا دەبینێتەوە.دواتر لە بەشێکی تری چیرۆکەکەدا ململانێی توندی کێشەکە پیشان دەدات دوای ئەوەی مامۆستا لەکوڕی ئاغا دەدات و لەڕێگای پیشاندانی دیالۆگەوە ئەم دیمەنە پیشان دەدات :

**(( زۆری نەبرد خزمەتکارێکی ئاغا هات، دەرگاکەی بەقایم کردەوە و بێ سڵاو کردن و بە ووشکی ووتی ئاغا ئەفەرموێ بچێتەخزمەتی.مامۆستا لە وزەیدا نەما هەستاو قیڕانی:**

**– بڕۆ دەرەوە....بڕۆ بەئاغات بڵێ ئەگەر ئیشی پێم هەیە با خۆی بێتەلام.کابرای خزمەتکار سڵەمی یەوە و بە ترسەوە ڕۆیشتە دەرێ جارێکی تر دانیشتەوە یاری بەتەباشیرەکە ئەکرد و ئەیهاڕی وەکو بیەوێ داخی خۆی بڕێژێ.))**[2].

دوای پیشاندانی ئەم دیمەنە کێشەکە توندتر دەبێتەوە تا دەگاتە کۆتایی کە بە دەرکردنی مامۆستا لە گووند کۆتایی پێدێت.چیرۆکەکە جەخت لەسەر یەك کەسایەتی دەکاتەوە کە دەبێتە چەقی چیرۆکەکە کە ئەویش کەسایەتی مامۆستایە.کە سایەتییەکە سیفەتێکی جوڵاوی هەیە لەنێو ململانێی ڕووداوەکاندا، کەسایەتییەکی چالاکە، لە هەمان کاتدا بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی خۆی ڕووبە ڕووی هەموو کەسایەتیەکانی تر دەبێتەوە تا

---

[1] خۆری ئاوابوو.خۆری ئاوابوو.ل 13.

[2]خۆری ئاوابوو.ل32_33.

ئامانجەکەی بپێکێت.ئەگەر بڕوانینە قۆناغەکانی تری چیرۆکەکانی چیرۆکنووس هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەرا نەهاتووە لەڕووی بنیاتنانی پلۆتەوە ئەو ڕێچکەیەی کە گرتبوویە بەر هەمان ڕێچکەی پێشووە.ئەگەر بڕوانینە "چیرۆکی لەسەرکانییەك".چیرۆك گێڕەرەوەی دووەم کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە، و جەخت کردنەوەشە لە سەر کەسایتی(شەرمن)کە هۆکاری کێشەکانە.سەرەتای ڕووداوەکانیش وەك هەمو چیرۆکەکان بەسەرەتایەك دەست پێدەکات تا ئالۆزبوونی کێشەکان و دواتر کۆتایی.بە دیتنی کچەکە دەست پێدەکات دواتر دروستبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان شەرمن و کەسایەتی سەرەکی کە کوڕەکەیە نادیارە.

**(( لەپاش چوارساڵ نەبینین دیم، خۆزگە قەت نەم ئەدی.کچەکەی چوارساڵ لەوە و پێش نەبوو.کچێك بوو جوانی و نازداری لێ ئەباری، بەچەشنی گوڵی بەهار کرابۆوە، دڵ فڕێنێکی دڵ بەندکەربوو.))**[1].

دوای ئەم سەرەتایە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات بەڕێوە، دواتر کوڕەکە عەشقی شەرمن دەبێت کە لەوێوە ڕووداوەکان بەرە و ئالۆزبوون دەچن.دوای ڕزگارنی (شەرمن) کوڕەکە دەم و چاوی دەسوتێت بۆماوەیەك لە خەستەخانە دەمێنێتەوە.لێرەدا ڕووداوەکان بەرەو خوارەوە و نزم بوونەوە دەڕۆن تا لەکۆتایی دا شەرمن ڕازی نابێت شوبەکەسێکی سووتاو بکات و کەسایەتی یەکە لەکۆتایی دا تووشی تێکشکانی دەروونی دەبێتەوە.ئەمەش ئەو دابەزینەیە کەوا ئەم چنینە مەبەستێتی کە تێکشکاندنی لایەنی دەروونی کەسایەتی یە سەرەکی یەکەیە بەهۆی ئەو ڕووداوەی کە لە ئەنجامی سوتانی شێوەی دا دروست بووە.ئەم تێکشکانە دەروونی یەش لەم بەشەی کۆتایی تێکستی چیرۆکەکەدا ئاماژە پێدەدات و دیاری دەکات، تێکشکانەکەش لە زاری خودی گێڕەرەوەی دووەم کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە دەگێڕێتەوە و ئاماژەی پێدەدات.تێکشکانەش لێرەدا دەروونی یە، واتە لە ڕووی لایەنی دەروونی و پلۆتەوە کەسایەتی یەکی تێکشکاوی بەرهەم هێناوە لە چیرۆکەکەدا.**(( پاش ماوەیەك ناردمەوە خوازبێنی، باوکی دایکی هەموویان ڕازی بوون بەڵام..شەرمن ڕازی نەبوو.دنیام لا تاریك بوو، نامەم بۆ نارد، وەڵامی نەدامەوە، هەوڵم دا خۆی لێ ئەشاردمەوە.بەخۆشەویستیم بە کڵۆڵیم بەخۆبەخت کردنم لەڕێگای ئەوا سوێندم ئەدا، داوام لێ ئەکرد کەپێم ڕازی بێت بەڵام گوێی لێ نەگرتم.نەی ویست شووبکا بەپیاوێ لێی بترسێ.ئەو کۆشکە جوانانەی بەخەیاڵ دروستم کردبوو ڕووخاو**

[1] نیو هەنطاو دوور لەدۆزەخ.ضیرۆکی لەسەرکانییەك.ل 49.

**ڕما.....))**[1].چیرۆكنووس ڕووداوەكەی گەیاندۆتە بنبەست  و هیچ بوارێكی بۆ خوێنەر نەهێشتۆتەوە تا بڕیار یان ڕای خۆی لەسەر دەربڕێت.

لە چیرۆكی"ئەمەیە بەشمان" گێڕەرەوە لە ڕووی بنیات نانی پلۆتەوە بە شێوەیەكی زنجیرەیی ڕووداوەكانی بنیات ناوە، شێوەیەكی تەقلیدی هەیە كە لە سەرەتاو ناوەڕاست و كۆتایی پێكدێت.لە هەمان كاتدا كەسایەتییەكە لە كۆتایی چیرۆكەكە توشی تێكشكانی دەروونی و نا ئومێدی دەبێتەوە بە هۆی ئەو بارە ناهەموارەی كە بە هۆی هەژاری و دەست كورتی یەوە بە سەریدا دێت.

**((گەیشتە ماڵێ، بۆ ئەوەی ڕووی كوڕە نەخۆشەكەی ببینێ كە مردن خەریكە لێی ئەفڕێنێ بێ ئەوەی بتوانێ دەستی یارمەتی بۆ درێژ بكات))**[2].چیرۆكنووس بە پێ ی زنجیرەیی ڕووداوەكان تێكشكانی باری دەروونی"نەریمان"كەسایەتی سەرەكی چیرۆكەكە دەخاتە ڕوو.لە كاتێكدا كە ڕووداوەكانی چیرۆكەكە  دەگاتە لوتكە چیرۆكنووس زیاتر تێشكاندنی باری دەروونی كەسایەتی سەرەكی"نەریمان" پیشان دەدات كە دەیەوێ بە هۆی ئەم تێك شكانە دەروونی یەوە جەخت لە سەر بنیات نانی پلۆتەكە بكاتەوە لە ڕووی جۆری "پلۆتی دابەزیوو".

**((شێركۆ حاڵی زۆر پەرێشان بوو، هەناسەی بۆ نە ئەدرا، خۆی بۆ نەگیراو هەستاو ڕایكرد پزیشكێك بهێنێ.كە بە دەستی خاڵی هاتەوە شێركۆ مردبوو.))**[3].دوای ئەم ڕووداوە لە كۆتایی چیرۆكەكەدا كە كوڕی دووەمی بە ناوی"قارەمان"دەمرێت زیاتر كەسایەتی سەرەكی توشی داڕووخانی دەروونی دەبێت و چیرۆكنووس سەركەوتوو دەبێت لە بیاتنانی پلۆتەكەیدا.**((باوەشی كرد بە قارەمانا و  لە تەنیشت شێركۆوە پاڵی خست، خۆی ژنەكەی لە بەردەمیانا چۆكیان دادا.سەیرێكی ژنە شڕەكەی كرد.چاوێكی بە خۆی دوو كوڕە مردووەكەیا گێڕا، لە تاوا لچی ئەلەرزی و هەنسك ڕێگای قسە كردنی لێبڕیبوو بە س توانی بە هێواش و دەنگێكی لەرزۆكەوە بڵێ: ئەمەیە بەشمان.))**[4]

دەڕوانین كە چیرۆكەكان لەكۆتاییدا بە شێوەیەكی گشتی لەڕووی بنیاتنانی پلۆتەوە جەخت لە تێكشكاندنی كەسایەتیەكان دەكاتەوە چ لە ڕووی دەروونی و كۆمەڵایەتی و سۆزدارییەوە.كە هەموویان لە كۆتایی دا كەسایەتییەكی تێكشكاو و دا ڕووخاون چ لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە یا فیكری یان دەروونی یەوە.بەشێوەیەكی سادە چنینەكانی بنیات ناوە بە ئاسایی دەڕوات بەڕێوە، لەهەمان كاتدا شێوەیەكی ڕۆژ ژمێری هەیە كە لەسەرەتاوە بۆ

---

[1]. نیو هەنطاو دوور لەدؤزەخ. ضیرؤكی لەسەركانییەك .ل 58.

[2] نیو هەنطاو دوور لەدؤزەخ.ئەمەیە بەشمان.ل  147.

[3] هەمان سەرضاوة: ل 151.

[4] هەمان سەرضاوة: ل 152.

ناوەڕاست و دواتر بۆ کۆتایی هەنگاوی ناوە، بێ ئەوەی هیچ بوارێکیش بۆ خوێنەر یا گوێگر بهێڵێتەوە تا بتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە بەڵکو خۆی هەموو پرسیار و ئەگەرەکانی وەڵام داوەتەوە و پیشانی داوە.

## 2- پلۆتی سەرکەوتوو:

ئەو جۆرە پلۆتەیە کە جەخت لەسەر سەرکەوتنی کەسایەتییە سەرەکیەکە دەکاتەوە لە لایەنی دەروونی و عەقڵی و سۆزدارییەوە.

سەبارەت بە بنیاتنانی پلۆتی سەرکەوتوو لە چیرۆکەکانیدا تەنها لە چیرۆکی"ماچ"دا ئەم جۆرە چنینە بوونی هەیە.بەشی هەرە زۆری کەسایەتی یەکانی ناو چیرۆکەکانی کەسایەتی یەکی تێکشکاو و ڕووخاون لە ڕووی دەروونی یەوە.لەم چیرۆکەشدا کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە پیاوێکی (فەلەیە) لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوە دەدات دڵی کچێك بە دەست بهێنێت کە لەنەوەی ئاغایە.دوای هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر سەرکەوتوو دەبێت و ئاواتەکەی دێتە دی کە ئەویش ماچکردنی (ئاتە) یە.دوای ئەوەی وەسفێکی تەواوی (ئاتە) دەکات کابرای فەلە بەم شێوەیە دەدوێت:

**(( ئەمویست نیاز و ڕازی دڵمی پێ بڵێم و داوای ماچێکی سەر ئەو کوڵمانەی لێ بکەم، بەڵام خێرا بە توڕەیی یەوە ئەیووت: وەی سنگان! بە تیلایی تێ ی ئەڕوانیم و بە لەنجە تێ ئەپەڕی...))**[1].

دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر و دوای شکستێکی زۆر لە کۆتاییدا لە ڕووی سۆزداری و دەروونی یەوە کاراکتەکەرەکە سەرکەوتوو دەبێت کە ئەویش بە دەست هێنانی ماچی (ئاتە) یە لە کۆتاییدا.دوای ئەوەی ڕووداوەکان دەگەنە لوتکە بەرەو خوار دەچنەوە تا دەگاتە کۆتایی و سەرکەوتنی(کابرای فەلە).سەرکەوتنی کەسایەتی یەکەش لە ڕووی سۆزداری یەوە دوای نشوستی یەکی زۆر دەخاتە ڕوو و دەڵێت: **(( ئاتە وەکو جاران بە بەردەمما ڕابورد، ئازایانە چاوم لە چاوی بڕی، ئەویش شانێکی بەنازەوە بادا و بە عیشوەوە چاوی وەرگێڕا، گومانم لا نەما کە حسقێل کاری کردووە، بە دەنگێکی نێرەوە ووتم: ئاتەکە...کچێ هەی ئاتەکە، هیچ قسەی نەکرد، و جنێوی نەدا، بە پرسیارەوە تێ ی ڕوانیم و زەردەخەنەیەکی ناسك لێوە ئاڵەکانی کشان.نەختێك وەستاو لێ ی دایەوە ڕۆیشت...))**[2].دواتر دوای ئەوەی جارێکی تر داوای ماچی لێدەکاتەوە (ئاتە) ڕازی دەبێت و کابرای فەلە سەردەکەوێت لە

---
[1] دةضيرؤك،ماض.ل 29.
[2] هةمان سةرضاوة.ل 36.

کۆتاییدا.دەڵێت: **(( منیش بە هەموو هێزم، بە هەموو تینی گیانم، بە ئەو ترس و لەرزەی شەوی ڕابردوو، بە هەموو ئەو دەریا ئارەزوویەی لە دەروونما پەنگی خواردبۆوە، ماچێك هەتا بڵێیت نەرم، گەرم لەو کوڵمە سورەم کرد.....))**[1].

بەم شێوەیە سەرکەوتنی کەسایەتییە سەرەکیەکە دەخاتە ڕوو لە ڕووی سۆزداری و دەروونی یەوە.ئەم دەقە جۆری چنینەکە دەخاتە ڕوو لە ڕووی سەرکەوتنی کەسایە تی یەکە لە ڕووی لایەنی سۆزداری یەوە، کە بەشێکە لە بنیاتنانی پلۆتی سەرکەوتوو لە کۆتایی چیرۆکەکەدا.بێگومان ئەمەش بە پێچەوانەی (پلۆتی دابەزیوو)ە، کە جەخت لە تێکشکانی دەروونی و سۆزداری کەسیایەتییەکان دەکاتەوە لە کۆتایی دا.بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەوە جەخت لەسەر سەرکەوتنی کەسایەتی یەکە دەکاتەوە لە ڕووی لایەنی سۆزداری یەوە، ئەمەش دەبێتە سەرکەوتنی کەسایەتی یەکەش لە ڕووی دەروونی و عەقڵی یەوە.

بنیاتنانی پلۆت کارێکی زەحمەتە، چونکە پێویستی بەتوانا و شارەزایی هەیە کە چۆن دیمەنەکانی ناو چیرۆك بگوازیتەوە و پێکەوەیان گرێبدایت، بەهۆی پلۆتەوە دەزانین کە ڕووداوەکان چ نهێنییەکیان حەشارداوە، لەڕاستیدا بەرەو بابەتی ترمان دەبات، بنیاتنانی بەشەکانی تری چیرۆك بەشێوەیەکی گشتی لەکۆتاییەکەیدا بەرەو بنیاتنانی پلۆتمان دەبەن و پاشان ئەنجاممان بۆئاشکرا دەکات تا ڕادەیەك یا بەرچاو ڕوونییەکمان پیشان دەدات دەربارەی کۆتایی چیرۆکەکە.پلۆت زنجیرە ڕووداوێکە جەخت لە سەر هۆکار و ئەنجام دەکاتەوە.هەروەها هونەرێکی هۆنینەوەیە کە لەسەرەتادا لە هونەری شانۆدا هاتۆتەئاراوە، دواتر توانرا لەچیرۆکدا سودی لێببینرێت، لەو بارەوە(ئەرەستۆ) دەڵێت: ((مەبەست لە پلۆت، ڕێکخستنی گشتی شانۆییە وەك بونێکی یەکگرتوو ))[2].پلۆت پەیوەستە بە تواناکانی نووسەرەوە کە چۆن ئەوچنینە بنیات دەنێت لە پلۆت، سەرەتا دێت و دواتر دەگاتە لوتکە و ململانێکان توندتر دەکات و توندتر دەبنەوە، دواتر بەرەو خوار و خاوبونەوە دەڕوات کە ئەویش کۆتاییە یان ئەنجامە، واتە لێرەدا پلۆت خزمەتی ململانێکان دەکات.بۆیە بە(( واتای نەخشەی چۆنیەتی پێکەوە بەستنی کەسەکان و ڕووداوەکان و کردارەکانە لە چیرۆك یا درامادا بەو شێوەیەکە چیرۆکەکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەبێ و پەرەسەندنی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی هونەری دێتەدی، نوسەر بەشێوەیەکی هۆشیارانە هەڵیان دەبژێرێ و ڕێکیان دەخات ))[3] لە پلۆتدا ڕێگە بەچیرۆکنوس دەدرێت بەپێی ئارەزووی خۆی

---

[1] هةمان سةرضاوة.ل 37.

[2] كورسـى وبةهادراميـيـةكان، ليَكؤلَينـةوةى ضـامة والأى"كورسى"ى"شـيَركؤبيَكةس"، ئةحمةدسـالار. ضـاث وثةخشى سةردةم، سليَمانى، ضاثى يةكةم ى 2009 ى زاينى .ل 79.

[3] مةم و زينى خانى.د.كةمال ميراودةلى.ضاث و بلاَوكردنةوةى رِةنج.ضاثى يةكةم.2007 ى زايينى .ل 13.

گرنگی هەربەش و دیمەن و ڕووداوێك دەربخات و خوێنەر وا لێبكات وەك بووكەڵەیەك وابێت کۆنترۆڵی تەواو بخاتەسەر خوێنەر و وەڵامەکانی، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی دەتوانێت کۆنترۆڵی بەسەر وەرگرتنی وەڵامی خوێنەردا هەبێت.

.

# بەشی دووەم

# چنینی چیرۆکەکان

## پاری یەکەم

1: گێڕانەوە Narrative □ Narration :

گێڕانەوە لە بنەڕەتداکارە Narrate کە بەواتای گێڕانەوە دێت، واتا ڕەسەنەکەشی "شرۆڤەکردن، هەواڵ"بووە، هەروەها تانەدانیش بووە لە ڕووداوەکان.گێڕانەوە هونەرێکە چیرۆك دروست دەکات.سەرچاوەی گێڕانەوەش دەبەسترێتەوە بە چیرۆکەکان و ئەفسانەکانی کە لە دەوری یەك کەسایەتی سەرەکیدا دەسوڕایەوە، ئەسڵی ئەم زاراوەیەش بۆ سەدەی"17"حەڤدەهەمی پێش ی زایینی دەگەڕێتەوە، بنەڕەتە لاتینیەکەی پەیوەندی بەکاری گێڕانەوە و شێوە داستانییەکەوەی هەیە، کە بە واتای شیکردنەوەی پەیوەندی ڕووداوەکان دێت لەسەر بنەمای هۆکاری و بەدوایەکهاتنی مەنتیقی بۆ ڕووداوەکانی چیرۆك.هەروەها زاراوەی" Narration،Narrative " لەلایەن ڕەخنەگرە ئەوروپییەکانەوە پێکەوە بەکارهاتووە، چونکە هەردوو زاراوەکە لەلای ئەوان هاو واتان.بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێڕوانینەکانی (ئەفلاتون)دەربارەی گێڕانەوە، ئەوا وایدەبینی کە پێشکەشکردنی چیرۆك بە یەکێك لەم دوو ڕێگایانە دەبێت ئەوانیش (لاسایی کردنەوە  گێڕانەوە).هەروەها ئەوەشی دیاری کردووە کە مرۆڤ دەتوانێت هەردوو ڕێگەکە بەتێکەڵاوی بەکاربهێنێ، بەڵام (ئەفلاتون) ڕێگای گێڕانەوەی پێ باشتر بووە لەڕێگای لاسایی کردنەوە،(( چونکە گێڕانەوە تایبەتە بەخەڵکی پلەبەرز و کاریگەری دەبێت لەسەریان، بەڵام لاسایی کردنەوە تایبەتە بە خەڵکی پلەنزم ))[1].لەلایەکی ترەوە وایدەبینی کە (گێڕانەوە) هەواڵە دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە یا لەئێستادا ڕوودەدەن یا لە داهاتوودا.هەروها وایدەبینی کە(( قسەی شاعیردەبێتە گێڕانەوە لەکاتێکدا ڕووداوەکان لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگێڕێتەوە یاخود وەسفی ئەوشتانە دەکات کە دەخرێتە ناو ڕووداوەکانەوە))[2].بۆیە (ئەفلاتون) شێوازی گێڕانەوەی بە پەسەندتر دەزانی لەشێوازی لاساییکردنەوە.

گێرانەوە شێوە و ناوەرۆکی جۆراو جۆریان هەیە تەنانەت لە ناو چیرۆکیشدا یەکێکە لە ژانرە ئەدەبیەکان شێوازی زۆرمان هەیە لە **"کورتیلە"*** چیرۆکەوە بگرە تادەگاتە **ڕۆمان،** لەسەردەمە کۆنەکانیشدا حیکایەتەکانی بەر ئاگردان و نوسینەوە و خوێندەوەی ئەفسانە زۆر و زەوەندەکان هەر بە گێرانەوە تۆمار کراون.ئەگەر یەکێك لە ئەرکەکانی چیرۆك گێرانەوە بێت ئەوا هەر چەندە دوورتر بگێڕێتەوە بەلای خوێنەر یا وەرگرەوە سەیرتر دەبێت، چونکە هەندێك پێیان وایە کەئەمە جیهانێکی ترە پیشانی دەدەیت و ڕابردوی خۆیەتی بۆی باس دەکەیت،

---

1 الأسس الفنية للابداع الأدبى. د. عبد العزيز شرف .ص 238.
2 المصطلح السردى فى النقدالأدبي العربى الحديث.أحمد رحيم كريم الخفاجى.ص 31.
* **كورتيلة ضيروَك لة كورتة ضيروَك كورتترة و لة سةربنةماى ويَنةكيَشان دروست دةبيَت.**

بۆیە ژیان گەڕانە بەدوای گێڕانەوەدا، چونکە مرۆڤ لەناو ژیاندا بەبێ گێڕانەوە لەناو ژیانێکی ئاساییدا دەبێت، گێڕانەوە وەك ژیان وایە، هەمیشە بوونی هەیە.گێڕانەوە دووبارە بنیاتنانەوە و گێڕانەوەی ژیانە بەڵام لەناو نوسیندا.(ڕۆلان بارت ) یش دەربارەی گێڕانەوەی دەیگوت: (( گێڕانەوە لەگەڵ مێژوی مرۆڤ دەست پێ دەکات و لە هیچ شوێنێك گەلی بێ گێرانەوە بەدی ناکرێت))[1].بۆیە گێڕانەوە بەیەکێك لەگرنترین دەقە ئەدەبیەکان ئەژمار دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانەوە.

گرنگی پێدانی گێڕانەوە لەوکاتەدا دەرکەوت کاتێك کە ڕەخنەگری ڕووس (ڤلادمێرپرۆب)–1928–1968بنەماکانی مەنهەجیەتی لێکۆڵینەوەی چیرۆکی دانا، دواتر (تۆدۆروف) بۆیەکەم جار زاراوەی(زانستی گێڕانەوەی)لە ساڵی(1968ی ی زایینی) داڕشت ئەویش لەکتێبەکەی بە ناوی (بنەماکانی دیکامیرۆن) کە بەناوی (زانستی چیرۆك )ناساندی دوابەدوای ئەوە گێڕانەوە بوو بە بابەتی ((کۆمەڵێك نامەی لێکۆڵینەوە لەدەرەوەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، بۆیە زاناکان تەماشای ئەرکی گێڕانەوەیان دەکرد لە بوارەکانی، مێژوو، ئایین، ڕۆژنامە، کاری یاسایی و پەروردەیی و سیاسەت ....))[2].

گێڕانەوە بە بەشێکی تایبەت و گرنگی ژیانی ڕۆژانەمان دادەنرێت، جا جیاوازی نییە، یا ئەوەتا شتێکی تایبەت بەخۆیەوە دەبێت نووسەر یان ژیانی کەسانی تر، نووسەریش هەڵدەستێت بە دووبارە نوسینەوەی ئەو ڕووداوە، یاخوود بابەتێك دەدۆزێتەوە تا گێڕانەوەکە ی پێ ئەنجام بدات.تەکنیکی گێڕانەوە بەشێکی جەوهەریە لەبەدیهێنانی بەرهەمی سەرکەوتوودا، واتە لەکۆی کارو کاردانەوە و کرداری کەسەکان و ئاواز و ڕیتم و پلۆت و کات و هەموو توخمەکانی چیرۆك بەرهەم دەهێنرێت.پۆل ریکۆ سەبارەت بە گێڕانەوە دەیگوت:(( گێڕانەوە جۆرێکە لەجۆرەکانی داهێنان و خولقاندنی واتا ناسانە، پۆل ریکۆ.دیسان دەیگوت: گێڕانەوە ڕەسەنترین شێوەی ڕووبەڕوو بونەوەیە لەگەڵ زمان، چونکە بیرکردنەوەی ڕووت و ئابستراکت هەرگیز توانای ئەوەی نییەگرێ پوچکەی زەمان بکاتەوە ))[3].ئەم تەکنیکە بۆتە جێگای بایەخی زۆرێکی نووسەران، هەمیشە هەوڵیان داوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردابهێنن و جۆرەها شێواز بگرێتەخۆ، هەر لە تەکنیکی سادەی گێڕانەوەی بابەتی و چیرۆك گێڕەرەوەی هەمووشتزان و کەم شتزان و دواتر هەنگاونان بەرەو خودییەتی گێڕانەوە، پرۆسەیەکە

---

[1] تویَذینـەوةى تيـؤرى ئـةدةبى، راجيَرويبسـتر، و.عةبـدوالخالق يـةعقوبى، دةزطـاى تويَذينةوةوبلاَوكردنـةوةى موكريانى، ضاثي يةكةم 2006. ى زايينى .ل 92.

[2]علم السرد.دراسة في الرواية الأسلامية المعاصرة.بان البنا.ص 70.

[3]دةنطى بلورينى دةق، رِةخنة و ليَكؤلَينةوة، عةبدوالخالق يةعقوبى، ضاثكراوةكانى بةرِيَوةبةريَتى طشتى ضـاث وبلاَوكردنةوةى وةزارةتى رِؤشنبيرى، 2005 ى زايينى ل 73.

بەسەرهات و سەرگوزەشتە و ڕووداو و کارێکە بەسەر کەساییەتیەك یان شوێنێك یان شتێکدا هاتووە، کە دواتر دەگێڕدرێتەوە، گێڕانەوە ڕاستە هەندێکجار تەقلیدییە، بەڵام زۆرجاریش جوانکاری و ووردەکاریشی تێدایە.

هەندێك لەڕەخنەگران هەوڵی ئەوەیان داوە ئەرك و سروشتی گێڕانەوە دیاربکەن و لەچییەتی(ماهیەت)ی بگەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەئاست و جۆرەکانی بکۆڵنەوە، جا هەندێك لەوانە لەژێرکارتێکردنی بیروڕاکانی زمانەوانەکاندا جۆری بۆچونەکانیان دروست دەکەن و وەك دیاردەیەکی زمانی تەماشای دەکەن، بۆیە دەکرێت گێڕانەوە وەك یەکگرتنەوەی دەق بێتە ئەژمارکردن، (راجیروویبستر) لەبارەیەوە دەڵێت: گێڕانەوە (( ڕێگایەکە بۆ ئاوێتەکردنی یەکەکانی زمان و دامەزراندنی کۆمەڵێك پێکهاتەی گەورەتر و کەم وزۆر سەر لەبەری کاربردەکانی زمان لە خۆگر یا دەلالەتکەری لایەنی زەمان و ئاراستەو کردەن ))[1].یەکەکانی گێڕانەوە بۆیان هەیە لەساکارترین پێکهاتە و کارکردە زمانییەکان پێکبێن لەناو چیرۆك دا.(جیراردجنێت) بەهەمان شێوەی (راجیروویبستر) پێی وایە کە (( پێشکەشکردنی ڕووداوێك یان کۆمەڵە ڕووداوێك ڕاستی بێت یا خەیاڵی بەهۆی زمانەوە پێشکەش دەکرێت، بۆیە بەشێوەیەکی تایبەت بە یارمەتی زمانێکی نووسراوەوە دەبێت ))[2].بەهەمان شێوەی ئەوانیش (شلۆمیت ریمون کنعان) ڕای وایە کە گێڕانەوە:[3]

1- چالاکیەکی بەردەوامە، چیرۆکێك لەخۆدەگرێت، وەك نامەیەکی نێردراوە لە نێرەرەوە لەبۆ بۆ نێردراو.

2- سروشتێکی زمانییە بۆ ئەو ئامرازانەی کە نامەکەی پێدەگوازرێتەوە.

بەشێکی تر لە ڕەخنەگران پەیوەندی گێڕانەوە بە زمانەوە وەها دەخەنە ڕوو کەوا ئەو ڕێگایەیە کە ڕووداوەکانی چیرۆکی پێدەگێڕدرێتەوە، یاخودنمایشێکی زمانییە بۆ کۆمەڵە ڕووداوێك لەناو دەقی گێڕانەوەدا.هەندێك لەلێکۆڵەران وایدەبینن کە بنیاتی گێڕانەوە خۆی لەزمانەوە هاتووە، لەهەمان کاتدا گوزارشت لەئاست و تێڕامان و بیرکردنەوە و دەربڕینی ئێمە دەکات، بەڵام لەلای هەندێك لەڕەخنەگرەکان گێڕانەوە لەم پەیوەندییە سادە و واتا بەرتەسکە دەردەچێت و واتایەکی بەرفراوانتر دەگرێتەخۆ و دەبێتە بناغەی بنیاتنانی تێکستی چیرۆکەکە، بەبێ ئەم بنیاتەش دروست نابێت، بۆیە دەکرێت بڵێین گێڕانەوە گوزارشتە لەسێ بنەما:

---

1 توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕاجیروویبستر. و.عەبدولخالق یەعقوبی.ل 91.

2 المصطلح السردی فی النقدالأدبي العربی الحدیث.أحمد رحیم کریم الخفاجي.ص 40.

3 التخیل القصصی.شلومیت ریمون کنعان.ص 10-11.

1. پێویستە چیرۆکێك ئامادەگی یا بوونی هەبێت.
2. گێڕەرەوەیەك ئامادەگی هەبێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە.
3. بوونـی خـوێنــەر یـا وەرگـر یـا جـەمـاوەر.

نەبوونی ئەمانەی سەرەوە واتە نەبوونی چیرۆك، چونکە بێ ئامادەبوونی ئەمانە گێڕەرەوە ناتوانێت چیرۆکەکەی پێشکەش بکات.گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی گوتارێکە کە ئاراستەی خوێنەر یا گوێگر یان ئاراستەی ناوەڕۆکی چیرۆك دەکرێت، بۆیە گێڕانەوە بنەمای بیرکردنەوە و کرداری نووسینە، زانیاری تەواومان دەداتێ، مەعریفەمان لەژیاندا زیاد دەکات.(ڕۆلان بارت) یش دەیگوت (( گێڕانەوە گوزارشتێکە لە کۆکردنەوەی سادە و ساکار، هیچ نرخێکی نییە بۆ هەر ڕووداوێك، بەڵام لەم حاڵەتەدا ناتوانین قسەی لەسەربکەین تەنها لەگەڵ پێکەوە گرێدانی نەبێ بۆ هونەر یا بەهرەمەندی یا تواناو زیرەکی نووسەر یا گێڕەرەوە و قسەکەر ))[1].هەروەها (مۆریس جان لۆفیف) دەیگووت (( گێڕانەوە هیچ نییە جگە لە گوتارێکی زارەکی کە دەربارەی ئەم جیهانە پێمان دەڵێ، هەواڵمان دەداتێ ))[2].

گێڕانەوە بریتیە لە گێڕانەوەی ڕووداوێك یاکۆمەڵە ڕووداوێك و کات و شوێن و گێڕەرەوە.ڕووداوەکانیش لە ڕابردوو یا لەئێستا یا لەداهاتوودا لەوانەیە ڕووبدەن.ئەمەش پێویستی بەکەسێك هەیە کە بیگێڕێتەوە، کەسێك یان کەسانێك هەبن بیخوێننەوە یا گوێی لێبگرن، بۆیە گێڕانەوە بەبێ جیاوازی و بە لەبن نەهاتووی لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا ئامادەیی هەیە، گێڕانەوە بەشێکە یا مەرجێکە لە پێویستییەکانی زمان و واتا و مەعریفە.ئەوەندەی چیرۆك توانای ئەوەی هەیە بیری فەلسەفی لە خۆبگرن هیچ هونەرێکی تر ئەو توانایەی نیە، ئەگەر هەشی بێت بەو زەنگینیەی ئەو دوو ڕگەزەی گێڕانەوە نییە، بۆیە پەیامە فەلسەفییەکان لەناو گێڕانەوەدا بەرجەستەدەبن، توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە گەیاندنی ئەو پەیامەی کە نوسەر دەیەوێت بیگەیەنێتە بەرامبەرەکەی، ئەمەش وادەکات کە دید و تێڕوانین و بۆچونەکانی نوسەران و پەیامە فەلسەفییەکانیان لە یەك گۆشەدا قەتیس نەکرێت، بەڵکو خۆی لە چەندین دیدی جیاوازدا ببینێتەوە و ببێتە هەوێنی تێڕوانینی جیاواز و گەیاندنی ئەو پەیامانەی کە خۆیان لەپشت گێڕانەوەدا حەشارداوە، دەکرێت بگوترێت کە تێڕوانینی فەلسەفی جیاواز، شێواز و تەکنیکی جیاواز لەناو گێڕانەوەدا بەرهەم دەهێنێت.

---

1 المصطلح السردی فی النقدالأدبي العربی الحدیث.أحمد رحیم کریم الخفاجی.ص 37.
2 التحلیل الخطاب الروائی.سعید یقطین.ص 34.

## 2: شێوەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا :

چەند شێوەیەکی جۆراو جۆر هەیە کە چیرۆکنووس چیرۆکەکەی پێدەگێڕێتەوە.هەریەکەو شێوازێك بەکاردەهێنێت لەو شێوازانە.ئەم ڕێگایانە بەپێی شوێنی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەبێت.واتە هەر شوێنە شێوازی خوی هەیە تا چیرۆکنووس بتوانێ ڕووداوەکانی لەڕێگای کەسایەتیەکانەوە بگێڕێتەوە.لەم بوارەشدا ئەوەی ئەم شێوازەی دیاریکرد ڕەخنەگری ڕووس (تۆماشێفسکی) بوو، کە دووجۆر یان دووشێوازی گێڕانەوەی دیارکرد تاوەکوو نوسەری چیرۆك بتوانێ چیرۆکەکەی بە یەکێك لەم شێوازانە یان هەردووکیان پێکەوە پێی بگێڕێتەوە.ئەو شێوازانەش پێکهاتون لە: گێڕانەوەی خودی subjective narrator و گێڕانەوەی بابەتی–objective narrator .

بەپێی ئەو بنەمایەی کە (تۆماشێفسکی) دیاریکرد لە شێوەکانی گێڕانەوە ئەوا گێڕانەوەی خودی و بابەتی بەپێی چیرۆکەکانی (د.کاوس قەفتان) دەست نیشان دەکەین.

### 1. گێڕانەوەی خودی:

لە گێڕانەوەی"خودی"دا لەڕێگای کامێرای چاوی کەسایەتیەکانی ترەوە شوێن پێی ڕووداو و زانیاریەکان دەکەوین.لە ڕێگای کەسایەتیەکان خۆیانەوە ڕەوتی ڕووداوەکان دەزانین، پێوستمان بەوە نییە کە چۆن گێڕەرەوە یان خوێنەر یا وەرگر سەرچاوەی ئەو زانیاریانەیان زانیوە.گێڕەرەوەی خودی ئەو گێڕەرەوەیە یە کە دەبێتە کەسایەتیەك لە کەسایەتیەکانی ناو دەقی گێڕانەوەکە، ئەم جۆرەیان لە چیرۆك وگوتاردا ئامادەگی هەیە.لەم شێوازە گێڕانەوەیەدا لە ڕێگای چاوی گێڕەرەوە وە شوێن پێی ڕووداوەکان دەکەوین و لەهەمان کاتدا ئاشناشی دەبین.بۆ ئەوەی ئەمەشمان بۆ بێتە بوون ئەوا پێویستە گێڕەرەوە لەڕێگای جێناوی کەسی یەکەمەوە لەدەرەوەی ڕووداوەکانەوە بێتە ناوەوەی ڕووداوەکانەوە، چونکە(( گێڕانەوە بەزمانی قسەکەر کە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمان "چیرۆك" ەکەیە ئەنجام دەدات، کەئەمەش وامان لێدەکات هەست بەئێش و ئازاری پاڵەوانەکان و کاراکتەرەکان بکەین و هەرلەگەڵیشیاندا بەشداری لەگێڕانەوەکەدا بکەین ))[1]، بەڵام هەرچی تایبەتمەندی گێڕانەوەی "خودی"یە، ئەوا لە وێنەگرتنی ناوەوەی کەسایەتیەکان نزیك دەبێتەوە، بەپێچەوانەی شێوەی "بابەتی" یە،

[1] تەکنیکی طیَرِانەوة لەرِؤمانی ئیَوارة ثەروانەی بەختیار عەلیدا. نجم ئەلَوەنی.ل 196.

دووردەکەوێتەوە لەخۆ تیٚ هەڵقورتاندنی ژیانی کەسەکان و زانینیی هەموو نهێنیەکیان، بەڵکو زیاترلە هەست و سۆزی کەسایەتیەکان نزیکدەبێتەوە، لەگەڵ کەسایەتیەکان بەڕاشکاوانە خودی خۆی دەدوێنێت بە بیٚ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە لەکەسێکی تربکات ئەم کارەی بۆ ئەنجام بدات.یان کەسایەتیەکی ترهەبێت هەڵوێست و بیروڕاکانی بشارێتەوە.واتە لێرەدا گێڕەرەوەیەکی هەمان شتزانە، بەپێی ئاستی کەسایەتیەکان شوێن پێی ڕووداوەکان دەکەوێت، بە ئارەزووی خۆی ناتوانێت بچێتە ناو بابەتەکانەوە و پێشکەشیان بکات، پێش ڕووداوەکانیش بکەوێت وەك چۆن گێڕەرەوەی بابەتی ئەنجامی دەدات، ئیدی خوێنەر یاوەرگر چیدی ڕۆڵی بینەر یا وەرگر نابینێت لە ناو چیرۆکدا بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشدارییەکی کارای دەبێت لە جولاندن و لێکدانەوەی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان دا.لەشێوازی گێڕانەوەی **"خودی" دا** نوسەر ئەگەر ویستی شێوازێکی خودی بداتە گێڕانەوەکەی ئەوا لەوکاتەدا جێناوی قسەکەری تاك"من"یان قسەکەری کۆ"ئێمە"بەکاردەهێنێت لەبری هەردوو جێناوی"ئەو–ئەوان".بەهۆی بەکارهێنانی جێناوی "من" بەرەو ناوەوەی کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان ڕۆدەچێتە خواریٚ و بەرەو ناوەوەی چیرۆکمانیش دەبات لەهەمان کاتدا وەك بینەرێك نەوەستاوە، بەڵکو بەشدارە تێیدا و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆدەکات و دەیەوێت تێی بگات، بیرو هۆشی خۆی تێدا بەکاردەهێنێت و دەیەویٚ ناخ و دەروونی کەسایەتیەکان بزانێت و لە شتە پەنهانییەکانیش تێبگات کە لەناخی خۆیاندا حەشاریان داوە.دەتوانین دووجۆر لەگێڕانەوەی خودی ئاماژە پێبدەین، ئەمەش لەڕێگای تەماشاکردنی بۆ ڕووداوەکان یان بەشدارینەکردنی خوێنەر یا وەرگر تێدا، ئەمەش خۆی لەم دووشێوازە گێڕانەوە خودییەدا دەبینێتەوە:[1]

***.یەکەم: گێڕەرەوەی بەشدار:*** گێڕەرەوەیەکە بەشداری لەڕەوەتی ڕووداوەکان دەکات و زانیارییەکانی بەپێی بەشداریکردنی تێدا دیاریکراوە.واتەگێڕەرەوەیەکی وەسفییە، وەسفی ئەوڕووداوە دەرەکیانەمان بۆدەکات کەوا پێی هەستاوە.ڕۆناچێتە ناوەوەی کەسایەتییە بەشدار بووەکانی ناو دەق، بەڵکو تەنها لەگۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە، بۆ ئەو ڕووداوانەی کەوا خۆی بەشداری تێیاندا کردووە.

***دووەم: گێڕەرەوەی بینەر:*** بەهەمان شێوەی یەکەمە، بەڵام جیاوازی لەوەدایە کە ئەم بەشداری لە ڕووداوەکان ناکات یاخوود زانیارییەکانی دەربارەی ڕووداوەکان بەپێی ئەو برەیە

[1] المصطلح السردی فی النقدالأدبي العربی الحدیث.أحمد رحیم کریم الخفاجی.ص 146.

کە دەیبینێت، واتە ئەمەیان ڕۆناچێتە ناوەوەی ڕووداوەکان و کەسایەتیەکانەوە تەنها لایەنە دەرەکیەکانی ئەو ڕووداوانەمان بۆ ئاشکرادەکات کە خۆی ئاگای لێیانە.

ئەوچیرۆکانەی کەبەر گێڕانەوەی خودی دەکەوێت بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆچیرۆکەکاندا بەکارهاتووە*.لە ڕاڤە و پراکتیکی چیرۆکی "راوەچێرگ" چیرۆکگێڕەرەوەیەکی خودی یە کە باس لە بەشێك لە بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەکات کەچی کردوەوە و چی بەسەرهاتووە، لەسەردەمی گەنجێتی خوێدا، ئەمەش بە ڕێگایەکی خودی و لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەم کارە بە ئەنجام دەگەیەنێت و دەڵێت:

**(( هەتا چاو بڕیکا دەشتەکە سەوز بوو.لەهەر چوار لاشەوە بەگوڵی هەمە نازدارەکەم زۆر کاری تێ نەکردم.تفەنگەکەم هەڵگرت بەرەو چەمەکە کەوتمەڕێ.چوومە شوێنێکی چاڵاییەوە بۆئەوەی بەدزی یەوە جگەرەیەك بکێشم.تفەنگەکەم داناو دەستم برد پاکەتەکە دەربهێنم.ئا لەوکاتەدا لەوبەرەوە شتێکم بەدیکرد بەئاسمانەوە ئەفڕی و بەهێواشی بەرەو ڕووم دێ.کە نزیك بۆوە بینیم لەقەلەموون ئەکا باڵی گرتبێ.خێرا تفەنگەکەم هەڵگرت و بەرزم کردەوە و پەنجەم نا بە پەلەپیتەکەداو زرم.وادیاربوو چاوم داخستبوو.))**[1] .

گێڕەرەوە لێرەدا بەشێوەیەکی خودی و دوور لە دەستێوەردانی نووسەری چیرۆك ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی گێڕەرەوەی سەرەکی بەشداری تێدا بکات، بەڵکو تەنها وەك خوێنەر یا بینەرێك وەستاوە و لە زاری ئەوەوە ڕووداوەکان دەبیستێت و گوێی لێدەبێت.بێگومان ئەم ڕاستی بەشداریکردنەی خوێنەر یا وەرگر کاتێك دەردەکەوێت کە گێڕەرەوە جێناوی قسەکەری"من" بەکاربهێنێت لە کاتی گێڕانەوەکەدا، چونکە بەکارهێنانی ئەم جێناوە ڕاستەخۆ خوێنەر دەباتەوە ناو ڕووداوەکان و تێکەڵ بەدرك پێکردنی گێڕەرەوە و بیر و تێگەیشتنەکانی دەکات لە هەمان کاتدا، واتە خوێنەر یا وەرگر دەبێتە بەشێك لە تەواوکەری بیر و تێگەیشتنەکانی چیرۆکنووس.هەروەها چیرۆکی "شای دزان"چیرۆکگێڕەرەوەیەکی هەمان شتزانە لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەشێوەیەکی خودی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە باس لەژیانی خۆیی و بەسەرهاتەکانی ژیانی دەکات کە لەڕابردوودا بەسەری هاتووە.سەرەتا وەها دەست پێدەکات و دەڵێت:(( **لادێییەکی دەست کورتم.وا سەرم سپی کرد بۆم نەکرا دوو ئانە پاشەکەوت بکەم.گوایا ئاغا دەیەڵێ تێرسك بین،**

---

* ئەو ضیروٶکانەی بە ر طیَرِانەوەی خودی دەکەون لە ضیروٶکەکان دا "شەقیَك لە توٶثەکە، ماض، بستيَ زەوی، شەویَکی رِەمەزان، بەلاَم کوردم، شوٶرِشی ویذدان، دیَرِی یاخی، طولاَ لَە سورة، ضیروٶکیَك لەسەرکانییەك، شیَرة، رەش بەلَەك، نوقورض ، ئازایەتی، نانی خویَناوی، ئوتو ضی، تەلەفوٶنە طویَ طرانەکە، تەوالیَتە رِوٶذ ئاوايي یەکە"ن.

[1] ذووری میوان.راوەضیَرط.ل 38.

**هەمووی بۆ ئەوە، بۆیە هەرسەنگی ورگی ئەو لەمن قورسترە.دوو کورڕ و کچێکم هەیە کچەکە وەختی شووکردنی هاتوو شوی خۆی کرد کوڕەکانیش دەمێکە ژنیان هێناوە.سەری خۆیان هەڵگرت و لەشوێنێکی دی دامەزراون، بەڵام لەوێش خەو بەپلاوەوە ئەبینن، وادیارە ئاغا لەهەموو شوێنێك هەر ئاغایە ))**[1].

گێڕەوە لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە ئەم ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کەوا تەنهاخودی خۆی پێی هەستاوە، خودی یەتی ئەم گێڕانەوەیەش وا لە خوێنەر دەکات بەشێك بێت لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە و درك بە هەست و ئێش و ئازارەکانی کەسایەتی یە سەرەکی یەکە بکات و لە گەڵیشیدا بەشدار بێت کە گێڕەوە خودیەکە خۆیەتی.ئەمەش خودیەتی گێڕانەوە دەسەلمێنێت لەم دەقەدا، چونکە هەموو بنەماکانی گێڕانەوەی خودی تێدایە کە لە لایەن کەسایەتی یەکەوە بە ئەنجام گەیاندراوە.

## 2. گێڕانەوەی بابەتی :

لەگێڕانەوەی "بابەتی" دا چیرۆك گێڕەرەوە بەناخی کەسایەتیەکاندا دەچێتە خوارێ و هەموو نهێنیەکانیان دەزانێت، واتە گێڕەرەوە ئاگاداری هەمووشتێکە و گێڕەرەوەیەکی " هەموو شت زانە".

لە گێڕانەوەی بابەتیدا (( نووسەر یەکێکە لەدەرەوەی چیرۆکەکە.لەگەڵی ئەدویێ، چار هەرئەوەیە بڵێین: نووسەر هەموو شتێ دەزانێ، لە هەموو شوێنێکدایە، وەشتێ نییە نەیبستبێ، یا نەیـبینیـبێ))[2].بۆیە گێڕانەوەی بابەتی ئەو گێڕەرەوەیە کەوا ڕووداوەکانمان بەناوی نووسەرەوە پێشکەش دەکات، بەبێ ئەوەی ئەوەمان بۆشیبکاتەوە کە چۆن زانیویەتی ؟ چونکە ئەم لەدەرەوەی چیرۆك هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکانەوە نییە.ئەم گێڕەرەوەیە ئاگاداری هەمووشتێکە، تەنانەت بیرە نهێنییەکانیشیان دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە کەسێکی نادیارە، ئامادەبوونێکی تەواوی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بەگێڕەرەوەیەکی سەربەست هەژماردەکرێت کە توانای ئەوەی هەیە بەئازادی لەناو زەمەن و شوێندا بسوڕێتەوە، واتە لێرەدا ئەگەرهات و چیرۆکنووس چیرۆك گێڕەرەوەیەکی (هەمووشت زان) بێت، زانیاریەکانی زۆر لەزانیاری کەسایەتیەکانی ناوچیرۆکەکە زیاتربێت و بەئارەزووی خۆی بچێتە ناو کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان، ژیانیان هەڵسوڕێنێت، ئەواگێڕەرەوە لەوحاڵەتەدا گێڕانەوەکەی گێڕانەوەیەکی"بابەتی"یە، بەڵام ئەگەرهات و بە پێچەوانەوە گێڕەرەوە گێڕانەوەکەی هەمان شتزان بێت، هەمان زانیارییەکان و ڕووداوەکان و بەسەرهات و

---

[1] ذووری میوان.شاي دزان.ل 74.

[2] ڤیشةى نووسینى رِؤمان نووسین. ئةدوارد بلشن.دایانا داوبتفا یر. ل 20.

ژیانی کەسایەتیەکانی لەناو چیرۆکەکەدا هەبێت و ڕۆچێتە ناو ناخی دەرونیانەوە، ئەوا لەوکاتەدا گێڕانەوەکە دەبێتە گێڕانەوەیەکی"خودی".بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین ئەگەرهات و گێڕەرەوە "گێڕەرەوەیەکی" (کەم شت زان) بوو واتە زانیاریەکانی تەنها لەڕێگای کەسایەتیەکانەوە بەدەست دەهات و ڕۆ نەدەچۆیە ناو ناخی دەروونی کەسایەتیەکانەوە و زانیارییەکانی هێندەی زانیاری کەسایەتیەکان نەدەبوو ئەوا بەهەمان شێوە دەبێتە گێڕانەوەیەکی" بابەتی" .

لەگێڕانەوەی بابەتیدا گێڕەرەوە جێناوی کەسی سێ یەمی تاکی سەربەخۆی نادیاری "ئەو" یان کۆی "ئەوان" بەکاردەهێنێت.ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکو شێوەیەکی بابەتی ببەخشێتە گێڕانەوەکەی، لێرەدا جێناوی نادیاری "ئەو" خوێنەر لەدەرەوەی چیرۆکەکەدا دەهێڵێتەوە، تەنها وەك بینەرێك وایە کە ڕووداوەکانی پیشان دەدردێت و بۆی دەگێڕدرێتەوە.بوونی گێڕانەوەی بابەتی سەرەتاکانی بۆ گێڕانەوەی حیکایەتەکان و داستانەکان دەگەڕێتەوە، کە تێیدا نوسەری داستان دەسەڵاتێکی فراوانی بەسەر داستانەکەدا هەیە، بەئارەزووی خۆی بەناویدا گوزەر دەکات و ڕووداوەکانی ناو داستانەکە هەڵدەسوڕێنی وەك خۆی چۆنی بوێت، تەنانەت ئەو پێشهاتانەش دەزانێت کە بەسەریاندا دێت، واتە دەزانێت چییان بەسەردێت و چی ڕوودەدات لەداهاتوودا.دەتوانێت هەموو ئەوشتانە بزانێت کەلە ناوە و دەرەوەی کەسایەتیەکاندا ڕوودەدات.بۆیە لێرەدا گێڕەرەوەی داستان گێڕەرەوەیەکی بابەتی و هەمووشت زانە.بێگومان هەرشێوازێکی گێڕانەوە یان هەربابەتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لەڕێگایەوە پێوەی دەناسریتەوە.

ئەو چیرۆکانەی کە بەرگێڕانەوەی بابەتی دەکەون بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتوە*، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چیرۆکنووس هەوڵی داوە خۆی بەشێك بێت لە چیرۆکەکان و دەسەڵاتی خۆی بەسەر چیرۆکەکاندا بسەلمێنێت و زیاتر ئایدۆلۆجیەتی خۆی لە ناو کۆ چیرۆکەکانی کە بابەتین بخاتە ڕوو.ئەمەش وا دەکات چیرۆکنووس بە هۆی ئەم تایبەتمـەندیەوە کە گێڕانەوەی بابەتیە بناسرێتەوە و بە بابەتەکانیا ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت

---

* ئـەو ضـیرۆکانەی بـەر طێرِانـەوەی بابـەتی دەکـەن ضـیرۆکەکانی " بـارە داریَـك و دوو کەڵەشێر، ئـەرزو حالَضی، خـەرمان، خۆشەویستی، شیَتۆکە، نیوەرِۆیـەکی هـاوین، بـەخت، شاسـوار، دواتیَ ًکـەنین، خـۆری ئـاوابوو، نەهاتـەوە، دەولَەمەنـدی لات، رنطـاو، رِۆذیَکـی تـەم و مـذاوی، رەشـیدە فەنـدی، شـثرزە، ثژیشـکی شارەزا، کام دیو، درۆ باجی لەسەر نی یە، راوەبەران، تاوانی کیَ یە، دیناری ئاغا، رق، کادان، ئاوەذوو، نیو هەنطاو دوور لە دۆزەخ، فەرمانیَکی بضوك، ثانتۆلَەکە، ئەمەیە بەشمان، تامثۆن، ثیَنج تابلۆی شیَواو، ثـەری ناو جەنطەلَەکە، ئیَوارەیەك، سەد فلسەکەی ئاسمان، خەم نەخۆر، طەشتەکەی ئەحمەدە فەندی، طویَدریَـذیش باسی خۆی هەیە، ذووری میوان، طولَە،شیَرە، رەش بەلَەك، نوقورض، زەردە زیـرِە، ضۆلَسـتان، قەمەکـەی خوای شەرِ، میَرووڵە، دار خورما زەرِەکە، دار بەرِووە بیَ سیَبەرەکە، دۆزەخی رِۆذیَك، بوتلَـە بیرەکـانی کـاك شیَخ، نۆش، ملیۆن دەمە، خۆ هەلَکیَشان، کۆهەند."ن.

كە شێوازی تایبەتی چیرۆكنووسە.سەبارەت بەم شێوازەش لەچیرۆكی "شاسوار"دا گێڕەرەوە لە دەرەوە ڕووداوەكان دەبینێت و بەشێوەیەكی واقیعی ڕووداوەكانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەك ئاگاداری هەموو لایەنێكی ژیانی كەسایەتی یە سەرەكی كەیە لە بچوكترین شتەوە تا دەگاتە گەورەترین شتی ژیانی لە هەموو ڕوویەكەوەكە خوێنەر یاگوێگر دەیخوێنێتەوە و گوێی لێدەبێت.

**(( ڕێگای هەورازە سەختە قووچەكەی گرتبوە بەر، لەتاودا وەك كەوان نوشتابۆە و بەدەم دا هاتبو بەڕادەیەك لە دوورەوە وا ئەهاتە بەرچاو كە لەسەر چوار پەل ئەڕوات...))**[1] **بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا كۆتایی چیرۆكەكە و دەڵێت: (( لەدوورەوە گوێ یان لە ناڵەو ئاخ و ئۆفی ئەلەبوو، كە نزیك بونەوە دی یان ئەلە لەناو چاڵێك دا كەوتوە و سەر و جامانەكەشی پەڕیوەتەلایەكی ترەوە،....))**[2].بەشێوەیەكی بابەتیانەی(هەمووشت زان)ڕووداوەكە دەیگێڕێتەوە كەبەسەر هەموو لایەكی چیرۆكەكەدا زاڵە.بە هۆی ئەمانەوە گێڕانەوەی بابەتی دەبێتە خاوەن شێواز و تایبەتمەندی خۆی، چونكە لە ((وێنەگرتنی واقیع نزیك دەبێتەوە، بەتایبەتی بەگوێرەی بینەری دەرەكی، واتە خوێنەر بێجگە لەوەی كە دەبێتە هۆی هەستكردنی چیرۆكنووس بە دوركەوتنەوە لە كەرەسەی چیرۆكەكە، لە ڕووی هەست و سۆزەوە، بەم شێوەیە كەسایەتیەكان وا لەخوێنەر دەكەن كەوا بڕوا بەبوونی ڕاستەقینەیان بهێنن ))[3].لە ڕاڤەی ئەم شێوە بابەتی یەش لە چیرۆكی "سەدفلسەكەی ئاسمان" گێڕەرەوە بە شێوەیەكی بابەتی لە سەرەتاوە تاكۆتایی ئێش و ئازار و سەختیەكانی كەسایەتییەكە دەخاتە ڕوو، تەنانەت دەچێتە ناو خەیاڵ و هەست نەستەكانی یەوە، بەجێناوی نادیاری كەسی سێیەم پێشكەشی دەكات، بەشێوەیەكی واقیعی ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە، كە پەیوەندی بە چینەكانی كۆمەڵەوە هەیە و ئایدۆلۆژیای نووسەرە ڕەنگ دەداتەوە تێیدا و دەڵێت:

**(( لەوشوێنەی وەستابوو، بەردێكی بچووك بەجۆرێك خۆی بەبنی پێیەوە نووساندبوو، لەوە ئەچوو ئەویش لەبرسانا بیەوێ قەپاڵی لێ بگرێت.هەستی ئەكرد ماسولكەكانی، ئێسكەكانی، ئەپوكێنەوە.ئاگای لە ئازاری بەردەكەی بن پێی نەبوو، دەمێكە لەگەڵ ئازاردا جووتن و هاوڕێی گیانی بەگیانین...))**[4].

---

[1] دەضیرۆك.شاسوار.ل 105.

[2] هەمان سەرضاوە.ل 114.

[3] النقد التحليلي الطـتبيقي. د.عدنان عبدالله.ص 90.

[4] ئێنج تابلۆی شێواو.سەدفلسەكەی ئاسمان.ل 74.

چیرۆك دەتوانێت لە ڕێگای گێڕەرەوە(( ئەو زانیاریانەی دەیداتە خوێنەر، نەلەڕێی فیلتەرێکی تەخت و یەك شکڵ، بەڵکو بەپێی توانایی یەکێك لە بەشدارەکای چیرۆك(کەسایەتی یا تاقمێك کەسایەتی بەڕێوەبەرێ ))[1].بەم جۆرە گێڕەرەوە توانیویەتی لە ڕێگای کەسایەتی سەرەکی یەوە کەنادیارە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە و زانیاری یەکان پێشکەش بکات بەبێ ئەوەی هیچ بەینێك هەبێت لە نێوانیان واتە ڕاستەوخۆ پێشکەشی دەکات و هەموو شتێك دەزانێت سەبارەت بە ژیانی کەسایەتیەکە.لە دەقدا ئەم دووشێوازە واتە (گێڕانەوەی خودی و گێڕانەوەی بابەتی) پێکەوەدێن یاخود تەنها یەکێکیان بەتەنهادێت و بەشداردەبێت لە پرۆسەی گێڕانەوەکەدا.بۆیە نووسەر لە یەك کاتدا دەتوانێت هەم نووسەرێکی بابەتی و هەم نووسەرێکی خودی بێت، وەك(ئالان رۆب گرییە) دەڵێت: ((من نە نووسەرێکی بابەتی و نە نووسەرێکی خودیم، من هەردووکیانم پێکەوە، یان نووسەرێکی بابەتی و نووسەرێکی خودیم لەیەك کاتدا ))[2].بەڵام لەگێڕانەوەی خودی و بابەتیدا هەمیشە یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا باڵا دەستە.

لێرەدا دووجۆر شێوازی گێڕانەوەی سەرەکی هەست پێدەکەین ئەوانیش گێڕانەوەی "خودی و بابەتی" ن، بەڵام تەماشادەکەین گێڕانەوەی "بابەتی" بۆماوەیەکی زۆر باڵی کێشابوو بەسەر گێڕانەوەی چیرۆکدا، دەسەڵاتی بەسەردا گرتبوو، خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوان بوو لەگێڕانەوەی چیرۆکدا، کە دواتر لەژێر چەند ناونیشانێکی جیاواز وەك "گێڕەرەوەی هەمووشت زان" هاتە ناساندن.ئەمەش چونکە هەموو نهێنی و پەنهانی و ئاشکراکانی ژیانی کەسایەتیەکانی دەزانی، بەڵام دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆکدا گێڕانەوەی بابەتی هێدی هێدی هەنگاوی بەرە و دواوە هەڵدەهێنا و لەگێڕانەوەی چیرۆکدا گێڕانەوەی خودی شوێنی دەگرتەوە ، چونکە ئیدی ئەوە نەما چیرۆکنوس بەئارەزووی خۆی بنمیچی خانووی کەسایەتیەکان هەڵداتەوە و هەموو ئەوشتانە بزانێت کە دەربارەی کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان هەیە بێ ئەوەی خوێنەر یا وەرگر بەشداربێت لەم پرۆسەیەدا.خوێنەر تەنها ئەرکی خوێندنەوەی چیرۆکەکە بوو، چونکە هەموو کەرەسەکانی بە خاوێنی و بەبێ ماندوو بوون دەهاتە بەردەست، بەڵام لەگێڕانەوەی خودی دا بەپێچەوانەوە کەسایەتیەکان بەشدارییەکی کارایان لەڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەکرد، بە ئارەزووی خۆیان هەست و نەست و سۆزەکانیان دەردەبڕی بەبێ ئەوەی چیرۆك گێڕەرەوە پشکداربێت

[1] بووتیقای رؤمان.ظةنسان ذووظ، وةرطيَرِانى دكتؤرمةحةمةد رِةحيم ئةحمةدى.دةزطاى ضاث و بلاَوكردنةوةى ئاراس- هةليَر، ضاثى يةكةمى 2012 ى زايينى.ل 58.

[2] حوار فى الرواية الجديدة، ريمون لاهو، ترجمة د.نزارصبرى، دارالشئون الثقافية، الطبعة الأولى، بغداد 1988م.ص 46.

تێدا و پێشهاتی ڕووداوەکانِ و کەسایەتیەکان بکات، نوسەر یەکێك بوو لە ناوەوەی چیرۆکەکە و لەگەڵ خودی خۆی دەدوا و هەموو شتێکی نەدەزانی، بەڵکو هەمان ئەوشتانەی دەزانی کەوا کەسایەتییە بەشدار بووەکانی ناو چیرۆکەکە دەیانزانی.

**هەندێکی تر لەو شێوازانەی کەوا گێڕەرەوە چیرۆکەکەی پێدەگێڕێتەوە و بەکاری دەبات لەناویاندا و بایەخێکی زۆریشی پێدەدا لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیدا بریتین لە (دیالۆگ و مۆنۆلۆگ) کە دوو تەکنیکی زۆر گرنگن لەگێڕانەوەدا و ڕۆڵێکی کاراش دەگێڕن لە ئاشکراکردنی ڕووداوەکان و بەدیارخستنی کێشە و شتە شاراوەکانی ناخی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکان.**

1. دیالۆگ:*

* ئەطەرلەڕووی زاراوەوة تەماشابكةين ئةوا (ديالؤط) بةضةند جؤريك هاتووة:1
"Dialogism ، Dialogical ،Dialogui ،Dialogue ،"Dialog كةلةبنةڕِةتدا رِةسةنايةتي ووشةكة بؤ زاراوةى Dial دةطةرِيَتةوة، كةبةماناى زمانى و شيَواز و جةدةل هاتووة.ئةم زاراوانةش بةثيَي طفتوطؤ وةرطيَرِدراون" طفتوطؤ-الحوار Dialogui،Dialogue،Dialog " هةروةهازاراوةى Dialogical بةماناى مشتومرِي،"الحوارى"ديَت."Dialogism"يش بة واتاى (طفتو طؤو قسةكردن)

دیالۆگ ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی چیرۆك، بەواتای گۆڕینەوەی قسەکردن دێت لە نێوان دووکەس یا زیاتر بە گۆشە نیگای جیاواز، یان لەنێوان کەسایەتی یەکە و ناوەوەی کەسایەتییەکە.هەروەها یەکێکە لە (( نیشانەگرنگەکانی هونەری شانۆ، بەدیاردەی هەستی شانۆ دادەنرێت لەپاڵ ململانێ و بزوتنەوەدا، کەسێ عونسوری جەوهەری شانۆ پێکدێنن، یەکێ لەم سێ عونسورەش لەچیرۆکدا بەکاردێت ئەویش دیالۆگ ))[1]ە.چیرۆکی کوردی توانیویەتی سوود لەم ڕەگەزە سەرەکییە وەربگرێ وەك بەشێکی سەرەکی لە پێشکەشکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕۆچونە ناوەوەی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆك.دیالۆگ بەرهەمی زمانی مرۆڤە، ئاماژەیەکە لە ئاماژەکانی زمانی گۆڕینەوەی بیروڕا و لەیەکتر گەیشتنیان، واتە ئامرازێکی پەیوەندییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤ و مرۆڤ، هۆکاری سەرەکی بەیەکترگەیشتن و لێك نزیك بوونەوەیانە لەبیر و ڕاو جەستە و ژیان...هەموو ئەمانەش بەدیالۆگ ئەنجام دەدرێت، بەڵام (( دیالۆگی ڕۆژانەی خەڵك زۆر گرنگیەکی ئەوتۆی نییە لەچاو گفتوگۆی ئەدەبی، چونکە گفتوگۆی ئەدەبی زیاتر خۆش و سەرنج ڕاکێشترە لە گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵك ))[2].دیالۆگ لەگەڵ سەرهەڵدانی هونەری دراما لای گریکەکان بایەخ و گرنگی خۆی هەبوە، بەم جۆرە پێناسەکراوە و ئەرکەکانی دیاریکراوە[3]:

یەکەم:1 : پاڵ بەگەشەکردنی ڕووداوی درامییەوە دەنێ.

یەکەم:2: گوزارشت لە ڕەهەندی کاراکتەرەکان دەکات کە بریتیە لە"ڕەهەندی"بایۆلۆجی و جەستەیی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی".

یەکەم:3: وا لەبینەر دەکات نمایش بەواقیع بزانێ، هەرچەندە هەرگیز وێنەیەکی فۆتۆگرافی واقیعەکە نییە.ئەمەش زیاتر لەچیرۆکدا بەدیدەکرێت، چونکە چیرۆکنووس دەیەوێت وا پیشانی خوێنەر بدات کە چیرۆکەکە ڕاستەقینەیە، بەڵام هەرگیز ئەمە وانیە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لەخەیاڵ و بیر و بۆچونی چیرۆکنووس یا گێڕەرەوە.

---

**دیَت کـة دووکـةس بةشـداری تیَـدا دةکـةن و بیـرو رِاو بؤضـونـةکانیان ئـالَوطؤر دةکـةن دةربـارةی بابـةتیَکی دیاریکراو.بؤیة (میخایل باختین) زاراوةی Dialogism ی ناونا "فرةدةنطی".کةئةمةش بةمانای طفتوطؤ و قسةکردن دیَت لةنیَوان ضةندکةسایةتییةکی هةمـةجؤر، واتـة تـةنها دوولایـةن نیـین کـة کردارةکـة ئـةنجام دةدةن و قسةدةکةن و باسی رِووداوةکانیش دةکةن، بةلَکو کةسانیَکی فرةضةشنةن کـة کـرداری مشـتومرِیةکة ئةنجامدةدةن.**

**1.سودمان لة: المصطلح السردی فی النقد الأدبی العربی الحدیث وةرطرتوة.أحمد رحیم کریم الخفاجی.ص 155.**

[1] ضیرؤکی نویَي کوردی، حسن جاف، دةزطاي رِؤشنبیری بلاَوکردنةوةی کـوردی، ضـاثخانةی عـلاء، بةغـدا 1988 ی زایینی ل 92.

[2] النقدالطبیقی التحلیلی.د.عدنان عبدالله.ص 71.

[3] هونةری دراما، رِامانیَك لةدرامای کوردی، یاسین قادر بةرزنجی، ضاث و بلاَوکردنةوةی سلیَمانی 2009 ی زایینـی ل 17.

یەکەم:4: ئاماژە بەوە دەکات کە مشتومڕی نێوان کاراکتەرەکان بەتەنیا ڕستەی زمانی نین ئاڵوگۆڕ بکرێن.

لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا دیالۆگ خاوەن چەندین سیفاتی گرنگە لەوانەش (( کەمکردنەوەی ووشە و نەتوانینی لابردنی هیچ ووشەیەك، چونکە هەریەکەیان ئەرکێکی هەیە لە بنیادە درامییەکە و ئاسانی و دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی زمان و جوانکارییە ڕەوانبێژییەکان.دیالۆگەکانیش لەزمانی ئاسایی و خەڵك نزیك دەبنەوە، بەشێوەیەك وەك واقیعی ڕووداوەکانی لێدێتەوە ))[1].ئەمانەش هەموو لەپێناو ئەوەدایە کە گێڕەرەوە ڕێگا بەکاراکتەرەکانی نەدات شتێك بڵێن لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندیەکانی نەگونجێت، چونکە ئەگەر وانەکات ئەو کات لە مەبەستە سەرەکییەکە دووردەکەوێتەوە و کرچ و کاڵی و بێتوانایی و نەشارەزایی پێوە دیاردەبێت، بۆیە چیرۆك گێڕەرەوە لەکاتێکدا ڕوودەکاتە شێوازی دیالۆگ (( ئەگەر هات و ئەرکێکی دیاریکراوی هەبوو، گێڕانەوە نەیتوانی بەشێوەیەکی جوان ئەنجامی بدات، بۆیە ناچاردەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامە پەنا بباتە بەر گفتوگۆ ))[2].قسەکردنیش لەنێوان چەند کەسانێکی هەمەجۆر، تەنها دوولایەن نین، بەڵکو فرەلایەنن، واتە ئەوانەی کە گفتوگۆکە ئەنجام دەدەن و باسی ڕووداوەکان دەکەن و قسەش دەکەن، لەبەر ئەمەشە گفتوگۆ لەچیرۆکدا لەهەموو بنیاتەکانی تر دلگیرترە و هۆکارێکی بنەڕەتیشە لەگێڕانەوەی چیرۆکەکەدا.لەم بارەوە (ئەنتونوی ترۆلوب) دەڵێت: (( بەگشتی گفتوگۆ لەهەمووشت زیاتر لەڕۆمان"چیرۆك"* دلگیرترە، لەبەر ئەوەی لە ڕێبازێکا گەشەئەکات بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکیەکە ))[3].

بەهۆی دیالۆگەوە دەتوانین ڕۆبچینە ناخی کەسایەتیەکانەوە، کات و شوێن و کەسایەتیەکان شیبکەینەوە و بیانخوێنینەوە.هونەری دیالۆگ نووسین هونەرێکی وورد و ناسکە، هۆشیاری و ووردەکاری و دەست ڕەنگینی دەوێت، لە شارەزا و بەتوانای ئەوتۆ ئەوەشێتەوە کە لەوسەری هەموو نهێنییە شاراوەکانی هونەرەکەوە هاتبێتەوە، چونکە بەهۆی ئەم شارەزایی و دەستڕەنگینیەوە دەتوانیین هەڵکشانی چیرۆکەکە بەرەو قۆناغێکی تر ئاراستەبکەین.بۆیە پێویستە ئاگاداری ئەو وشانەبین کەوا چیرۆکنووس بۆ دیالۆگەکەی هەڵیبژاردوون، چونکە هەر ووشەیەك واتایەك دەگەیەنێ و لەناخی خۆیدا هەڵگری ئەو واتایە

[1] ئەدەب و رِەخنەی نویَ.سەرەتايەك بۆ رِەخنەی ئەكاديمی.لوقمان رِەئوف.ضاثخانەی بينايي 2011 ی زاييني.ل 135.
[2] بينای هونەری ضيرؤكی كوردی لەسەرەتاوة تا كؤتايي جةنطی دووەمی جيهانی.ثەريَز سابر.ل 259.
*** ئەوەی کة لة ناو ئەم شيَوة كەوانةية لة دانانی خؤمانة نەك بؤضونی نووسەری رِاستەقينەی بابةتەكة ، ئەمةش بؤ ئەوةية كة بؤضونەكة بة كارهيَنانی بؤ ضيرؤكيش دروستة.**
[3] ثيشةی نووسينی رِؤمان نووسين. ئەدوارد بلشن.دايانا داوبتفا ير .ل 34.

يەو حەشاريداوە.ديالۆگ گوزارشتە لە كاردانەوەی كەسايەتيەكان و ناخ و دەروون و هەڵوێستيان، جا ئەم كاردانەوەيە چ سايكۆلۆجی يان بايۆلۆجی يان كۆمەڵايەتی بێت.ديالۆگيش تەنها بەزمان ئەنجام نادرێت، بەڵكو زۆرێك لە جوڵە جەستەييەكان جۆريكن لە ئەنجامدانی ديالۆگی نێوان كەسايەتيەكان.بۆيە تەماشادەكەين ئەو تام و چێژەی كە لە ديالۆگا هەستی پێدەكەين لە گێڕانەوە ئاساكاندا هەست بەو گەرم و گوڕی و تام و چێژە ناكەين.

هونەری ديالۆگ دەكرێت بە دووشێوە پێشكەش بكرێت، ئەوانيش "**ديالۆگی ڕاستەوخۆ، ديالۆگی ناڕاستەوخۆ**"ن.كە لە ڕاڤەو پراكتيكی چيرۆكەكان دا پشتيان پێدەبەستين و بەكاری دەبەين.

## 1:1 : ديالۆگی ڕاستەوخۆ:*

ئەوشێوازە ڕاستەوخۆيە يە لە نێوان دوو كەس يا زياتر كە ڕووبە ڕووی يەكتر دەبنەوە لە گەڵ بەكارهێنانی جێناوی قسەكەری كەسی تاك "من" ، چونكە ئەم جێناوە ڕاستەوخۆ ڕێگا بەكەسايەتيەكان دەدات خۆيان پێشكەش بكەن و بدوێن و بير و بۆچونەكان و هەڵوێستەكانيان پێشكەش بكەن، هەروەها بەهۆی ئەوەی هەرجارەو كاراكتەرێك يان زياتر لە چيرۆكێكدا لەم پرۆسەيەدا بەشدار دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی بيرۆكەی ديمەنەكان وەك چۆن لەشانۆدا هەيە.ئەم دامەزراندنەش لەڕێگای كاراكتەرەكانەوە دەبێت كە چۆن گفتو گۆكانيان تێدا پێشكەش دەكەن.

پراكتيزەكردنی ديالۆگی ڕاستەوخۆ لە چيرۆكی"گوڵاڵە سورە" دا ديالۆگێكی ڕاستەوخۆيە لەنێوان (گوڵاڵە سورە و زەوی) دايە.چيرۆكگێڕەوە بە هۆی ئەم ديالۆگەی نێوانيان دەيەوێت باس لە ناداد پەروەری مرۆڤەكان و پيس كردنی ژينگەش لە لايەكی ترەوە بكات.واتە لێرەدا چيرۆكنووس دەيەوێت پەيامێكی ژينگە پارێزيمان ئاراستە بكات بە هۆی ئەم شێوازە ديالۆگەوە كە لە نێوان (گوڵاڵە سورە و زەوی)دا بە ديدەكرێت.ئەم دوو كاراكتەرە بەشێوەيەكی ڕاستەوخۆ و دوور لە چاوی نووسەر دەدوێن، تەنها هەست بە بوونی خۆمان دەكەين، وا هەست دەكەين كە تەنها ئێمەی خوێنەر لە كايەدا ين وەك خوێنەريكی چيرۆكەكە و ڕووداوەكە، گرنگی زياتری ئەم ديالۆگەش لەوەدايە كە بێجگە لە ڕاستەوخۆ بوونەكەی، دووكەسايەتی جياوازن كە مرۆڤ نين، كە يەكيان (زەوی) ئەويتريشيان (گوڵ)ە.ئەمەش زياتر

* ضةند ضيرؤكيَكى تر بة شيَوةى ديالؤطى رِاستةوخؤن و شيَوةيةكى درامى وةردةطرن لة نا ضيرؤكةكاندا ئةوانيش "سوذن، فةرمانيَكى بضوك، تورةكة، لة ذووريَكى بيَ ديوارا، تةلةفؤنة طويَ طرانةكة"ن.

سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت  لە گەڵ ئەو پەیامەی کە هەیەتی.گێڕەرەوە لە بەشێکی تێکستی چیرۆکەکەدا وەها ئەم دیمەنی دیالۆگەمان پیشان دەدات و دەڵێت:

**((– ئەم چەنەچەنەت لەچی یە.دەمت داخەو بیەڵە سەرخەوێك بشكێنم.**

**–ها مامە زەوی ئەوە نەنوستوویت.چی بکەم داخی دڵی خۆم هەڵ ئەڕێژم باش بوو خوا تۆی بۆ ناردم گوێم بۆشل کەیت.**

**– من واچاوم بەیەکا نووساوە خەم و خەفەتی خۆشم لە لووتەوە ئەڕژێت، با خوا یەکێکی ترت بۆ بدۆزێتەوە.**

**–نا پێم بڵێ، بۆچی پێم پیا ئەنێن و ئازارم ئەدەن.گوایە ڕۆژ هەر بۆ ئەوان هەڵ دێت؟ منیش وەکوو ئەوان دڵم بە ژیانەوەیە.ئەمەوێ هەستی خۆم دەربڕم و دەنگم بەرزکەمەوە.....))**[1].

لێرەدا ئەگەر تەماشا بکەین دیالۆگی نێوانیان بە شێوەیەکی ئاسایی دەڕوات بە ڕێوە بە بێ ئەوەی لە دیالۆگە کەدا بوونی نووسەر هەست پێبکەین ، ئەمەش واتای دیالۆگی ڕاستەوخۆیە لە چیرۆکەکەدا بە شێوەیەك بنیاتنراوە کەوا زۆر لە خۆکردنی پێوە دیار نی یە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسایی دەڕوات بەڕێوە وەك ئەوە وایە کە دووکەسی ئاسایی لە واقیعدا پێکەوە گفتو گۆ بکەن .ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە بڕوانینە ئەم چیرۆکە ئەوا تواناو شارەزایی چیرۆکنووس پیشان دەدات لەڕووی هەڵبژاردنی بابەت و بنیاتنانی چیرۆکەکە لە لایەکی ترەوە، چونکە هەڵبژاردنی بابەت پەیوەستە بە لێهاتوویی چیرۆکنووسەوە.ژینگە بەشێکی زۆر گرنگە لە پێکهاتەی ژیانی مرۆڤەکان، پاراستن و هەوڵدانیش بۆ بە ئاگا هێنانەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵ و هۆشیار کردنەوەشیان سەبارەت بەم پرسە ئەوا پێویستی بە بابەتێکی وەها گرنگ هەیە تا بتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێت.ئەم چیرۆکەش لە سەردەمێکدا نووسراوەتەوە کە بەشێکی زۆری چیرۆکنووسان بێ ئاگابوون لەو بابەتە هەستیارانەی کە ژیانی مرۆڤی لەسەر بەندە، بۆیە چیرۆکنووس لە بنیات نانی چیرۆکەکەیدا سەرکەوتوو بووە ، بە شێوەیەك بنیاتی ناوە کە توانیویەتی نەمری بە گێڕانەوەکەی ببەخشێت لە ناو چوارچێوەی چیرۆکەکەیدا.هەروەها لە چیرۆکی "سێ بەسێ"دا دیالۆگێکە لە نێوان ژن و مێردێك، کە بەهۆی کێشەی لێك تێنەگەیشتی نێوانیان دا ڕوویداوە و دروست بووە، گێڕەرەوە بەشێوەیەکی (ڕاستەخۆ) ئەم دیالۆگە پێشکەش دەکات و هەست بەبوونی نووسەر ناکەین، تەنها وەك بینەرێك واین کە تەماشای شانۆیەك دەکەین و هیچ بەشدارییەکی ئێمەی تێدا نیە.لە بەشێکی ئەم دیمەنی دیالۆگەدا دەڵێت:

---
[1] راوة بقران.طولآلَة سورة.ل 58_59.

**((– ها ووتت..دووایی خۆت پێ نەگیرا و درکانت! باشە هەرئەمەم کەم بوو..! کەواتە منت لەسەرجادە دۆزیوەتەوە هەر جەنابت خان زادەی.**

**– راوەستە..کەی من..!**

**– بڵێ..بڵێ..لەسەرجادە منت دۆزیوەتەوە.**

**– ئافرەت..عەقڵ بەکاربێنە...**

**دواتر دیالۆگی نێوان دایکی خێزانی هونەرمەند و خێزانی هونەرمەندەکە لەپاری سێهەمدا بە هەمان شێوە وەها پیشان دەدات ودەڵێت:**

**– ئەم چاوە سورهەڵگەڕاوەت...**

**– وایە..هەرلەخۆیەوە وای لێ هاتووە.**

**– ئەی ئەم شرو شێواڵە.**

**بەکزی یەوە ووتی:**

**– جلی نووستنە**

**– ئافرەت کەشوی کرد پێخەفەکەی ماڵی مێردە..))**[1].

بوونی ئەم شێوە تەکنیکە دەسەڵاتی تەواوی نووسەر دەخاتە ڕوو لە بنیاتنانی ئەم شێوە دیالۆگەدا، وەك ئەوەیە کە دیمەنەکە لەسەر تەختی شانۆ نمایش بکرێت و ئێمەی خوێنەریش تەنها بینەرێکین تەماشای دیمەنی نمایشی کەسایەتیەکان دەکەین کە لەسەر شانۆ نمایش دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمەی خوێنەر و نووسەر تەنها بینەرێکین تەماشای ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان دەکەین تا کۆتایی دیمەنی چیرۆکەکە.ئەگەر وا نەبێت ئەوا سەرکەوتوویی نووسەر لەم تەکنیکەدا بە دەر ناکەوێت و دیالۆگەکە ڕەسەنایەتی و ڕاستەوخۆیی خۆی لە ناو چیرۆکە کەدا لە دەست دەدات.

## 2:1: دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:

ئەم شێوازەش هەر دەمەتەقێ یە لە نێوان کەسایەتیەکان، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوە ڕاستەوخۆ لەلایەن کەسایەتیەکانەوە پێشکەش ناکرێت، بەڵکو یەکێکی تر دێتە ناوە وە دەمەتەقێیەی کەسایەتیەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، دەرەکیە.لەم شێوازەدا زۆرجار دەمەتەقێکە کورت دەکرێتەوە و وەك خۆی ناخرێتە ڕوو.ئەگەر شێوەی یەکەم کۆی ڕووداوەکان و بیرو بۆچونەکانی بەبێ لابردن دەخستەڕوو، ئەوا لەم شێوەیەدا بە پێچەوانەوە

[1] نیو هةنطاو دوور لةدؤزةخ.نزای سيَ بةسيَ.ل 129_132_133.

نایات کۆی شتەکان وەك چۆن لە ڕابردوو یان ئێستادا ڕوودەدەن بخاتەڕوو، بەڵکو تەنها ئەوانەمان بۆ دەخاتە بەرباس کەوا گرنگن، بەڵام دەبێت پاریزگاری لە شێوە و ناوەڕۆکی بیری دەمەتەقێکە بکات، واتە تەنها ناوەڕۆکە گرنگەکانی ناو دەمەتەقێکە دەگوازێتەوە نەك هەمووی.ئەگەر بڕوانینە ئەم شێوازەش لە کۆ چیرۆکەکاندا بوونێکی بەرفراوانی هەیە بە هەمان شێوەی(دیالۆگی ڕاستەوخۆ)، ئەمەش ڕەنگا و ڕەنگی دەبەخشێتە چیرۆکەکان و دەسەڵاتی نووسەرمان لە ڕووی تواناو شارەزایی یەوە پیشان دەدات.

ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی "ئەمەیەبەشمان" چیرۆکگێڕەرەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دیالۆگی نێوان (نەریمان و خێزانەکەی) دەگێڕێتەوە سەبارەت بەو پارەیەی کەوا لەبری بڕینی دەستی لەکارگە دا وەریگرتووە ، واتە لێرەدا یەکێکی تر قسە دەکات و دەڵێت:

**(( هەرکەگەیشتە ژوورەوە ژنەکەی هات بە پەرۆشەوە لێی پرسی:**

**– وەرت گرت؟**

**ئەمەی ووت و چاوێکی پڕ لەترسی بڕی یە مێردەکەی و چاوەڕوانی وەڵام بوو.دوای ئەوەی نەریمان سەیرێکی کوڕە نەخۆشەکەی کرد بەهێواش ووتی :**

**– ئا وەرم گرت.**

**ئافرەتەکە ڕووی کرایەوە و دەستی بۆ ئاسمان درێژکرد و لەگەڵیا ووتی :**

**– چەندە؟**

**نەریمان سەری کزکردو ووتی :**

**– هەمووی سێ دینارە.....))**[1].

گێڕەرەوە بە شێوەیەکی دیار لە ناو دیالۆگەکەدا هەستی پێدەکرێت و دیالۆگی نێوان کەسایەتی یەکان کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە دەگێڕێتەوە، بۆیە یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە ئامادەیی گێڕەرەوەیە (( کەتیایدا قسەی کاراکتەرەکان چ وەکوو خۆی یان بەکورتی و پوختی دەگوازێتەوە.واتە لەڕێگای ئەم جۆرە گفتوگۆیەوە دەکرێت گفتو گۆی ڕووت کورت بکرێتەوە و بکرێتە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و ئەنجام پرۆسەی گێڕانەوە خێراتر دەبێت، چونکە لەگەڵ شێوازی ناڕاستەوخۆدا کە پانتاییەکی فراوان لە ڕووداوەکان کورت دەکاتەوە، حیکایەتەکە خێراتر دەکات ))[2].

---

1 نیو هەنطاو دوور لەدۆزەخ.ئەمەیەبەشمان.ل.147_148.

2 طفتوطۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خواروودا.(1991-2003ی زایینی)، جەلال ئەنوەر، بە سەرثەرشتی.ث.ي.د.فازل مجیدمحمود.نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان-زانکۆی سلێمانی.2010 ی زایینی.ل .81

بەهەمان شێوە چیرۆکگێڕەرەوە لەچیرۆکی "قەمەکەی خوای شەڕ" بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ دیالۆگی نێوان( مام ڕەحمان ) خەڵکی گووند و گەورەی گووندەکە کە ( وەسمان )ە دەگێڕێتەوە.باس لە تێکدان و ڕووخانی گووندەکەیان دەکات، دەبێتە مشتومڕیان کە دەیڕوخێنن یا نا.چیرۆکنووس بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵوێستی کاراکتەرەکان بخاتە ڕوو ئەوا هەوڵیداوە پارێزگاری لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بکات و هەر کاراکتەرەو ڕۆڵی خۆی بداتێ لەو دیالۆگەی کە ئەنجامی دەدەن لە نێوان خۆیاندا.لە بەشێکی تێکستی چیرۆکەکەدا سەبارەت بە هەڵوێستی کاراکتەرەکان دەڵێت:

**(( وەسمان پەژارە بوو، بەلأم دوایی وەکو دلّخۆشی ئەو بداتەوە بەزمانێکی بیّ سلّەوە وەلأمی دایەوە:**

**– رەحمان مەترسە ! ناگاتە ئێمە، ئەوگوندە لەسەرسنورە، بەس ئێمە خوار ئەوین.**

**کەمێك وەستا و دوایی بەزمانێك هەستی شەرمەزاری تیا بەدیئەکرا وتی: ئەوە لەیاد مەکە ئەو گوندە قەت دەستبەرداری تفەنگ نەبوون.**

**مام ڕەحمان کەمێك لێی وورد بۆوە، چاوە لێڵەکانی لەترسا ئەوەندەیتر لێڵ بوو بوون.هەربەو دەنگە نزمەوە وتی :**

**– کوڕم کەئاو گەیشتە لەپی پیّ هەموو پەنجەکان تەڕ ئەکات........))**[1].

بە هۆی بوونی ئەم دوو کەسایەتی یەوە گێڕەرەوە توانیویەتی ئەم شێوازە بنیات بنێت لە تەکنیکی(دیالۆگی ناڕاستەوخۆ)، چیرۆکنووس تەنها ئەو هەڵوێستانەی پیشان داوە کەوا بۆ بابەتەکەی گرنگن و خزمەت بە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەی دەکەن، لە لایەکی ترەوە لە کاتی گواستنەوەی ئەم دیمەنە یا دیالۆگەدا هەوڵی داوە پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی بیرو بۆچونەکانی کاراکتەرەکان بکات تاوەکو واقیعیەتی زیاتری پیّ ببەخشێت، هەموو ئەمانەش بە تەکنیکی (دیالۆگ) بە ئەنجام دەگەیەنرێت، چونکە هیچ گفتوگۆیەك لەچیرۆکدا نایاتە ئاراوە ئەگەر دووکەس ئامادە نەبن و بیرو ڕاکانیان نەگۆڕنەوە تێدا، کە یەکیان ڕۆڵی قسەکەر و ئەوی تریان ڕۆڵی گوێگر دەبینێت، دواتر ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەلأم باشترین جۆری گفتو گۆ ئەوەیە کەوا هەست بەدەنگی نووسەر نەکرێت تێدا، چونکە زیاتر واقیعیەتی ڕووداوەکە و دیمەنەکەمان پیشان دەدات لە چیرۆکەکە و ڕووداوەکەدا.

## 2. مۆنۆلۆگ:*

---

[1] ئێوارەیەك.قەمەکەی خوای شەڕ.ل 134.

هونەرێکی گرنگە لەهونەرەکانی گێڕانەوە، واتە گوزارشتکردنە لەناخ و دەروون و نەستی کاراکتەرکان.خۆ دواندنی کاراکتەرە لەگەڵ بەشەکەی تری خۆی، کە جۆریك لە تێڕوانینی خۆی لەگەڵ تێکەڵ دەبێت.هەروەها نمایشی دیوی ناوەوی کاراکتەرەکانە بەشێوەیەکی ڕوون، ئەمەش واتە پێشکەشکردنی دیوی ناوەوەی دەروونی کەسایەتیەکان لەڕێگای گێڕەرەوە پێش ئەوەی بەهۆی زمانەوە گوزارشتی لێبکرێت و دەرببڕێت، واتە گێڕەرەوە ناوەوەی کاراکتەرەکان دەخوێنێتەوە یان لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات.بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین "مۆنۆلۆگ"دیالۆگێکە لەنێوان دووکەس، کە هەم قسەکەرەو هەم گوێگر.مۆنۆلۆگ لەناو دەقدا ئەرکی جۆرا و جۆر دەبینێ و دەگێڕێت، ئەو ئەرکانەشی کە دەیبینێ گوزارشتە لەناخ و دەروون و واتا و واتا شاراوەکانی ناخ و نهێنییەکانی ناو دەروونی کاراکتەرەکان.لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە خوێنەر یا وەرگر دەتوانێت شارەزای هەڵسوکەوت و باری دەروونی کەسایەتیەکان و ناخیان بێت، بە هۆی ئامادەبوونی مۆنۆلۆگەوە خوێنەر یا وەرگر لە شتە نهێنی و ناوەکیەکانی ناخی پاڵەوانەکان دەگات.لە مۆنۆلۆگدا  کاراکتەر گوزارشت لەناخی خۆی دەکات و بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش ڕەگەزەکانی کات و شوێن ئامادەگی خۆی لەدەست دەدات تا کاراکتەرەکە ئازادی تەواوی بۆ برەخسێت بۆ گوزارشتکردن لەناخی خۆی.هەروەها زیاتر دەتوانێت واقیعیەتی خۆی بسەلمێنێت لە ناودەقدا.کەواتە دەتوانین بڵێین مۆنۆلۆگ بەگشتی دوو ئەرك دەگێڕێت :

1: گوزارشتکردن و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ناخ و دەروونی کاراکتەرەکان.

2: سەلماندنی واقیعیەتی کاراکتەر و بەخشینی زیندویەتی بەدەق.

بوونی ڕۆڵی مۆنۆلۆگ لەنێوان کاراکتەر و خوێنەر یا وەرگردا زۆر پێویستە، چونکە ناخی کاراکتەرەکان دەخاتەڕوو، دیوەکەی تریان دەناسێنێ و ئاشکرا دەکات، هەندێك جاریش دەبێتە تەواوکەری مەودا دەروونی و هزرییەکانی کەسایەتیەکان، لەلایەکی ترەوە هەموو ئەمانە بۆخوێنەر یاوەرگر ئاشکرا دەکات بەهۆی ئەو پەیوەندییە پتەوەی کە لەگەڵ کەسایەتیەکان هەیەتی و ئازادی تەواویان بۆ دەڕەخسێنێ تا هەمووگرێکانی ناخی خۆی

* لەڕِرووی زاراوةشةوة"مؤنؤلؤط".بةضةندشيَوةيةك هاتوة لةزمانی ئینطليزيدا **Monolog Monologe** ، **Monologui**، **Monologie**، **Monological**،**Monologic** ضةندين شيَوة و جؤرى ترى هةية، بةلاَم بةشيَوةيةكى طشتى رِيَكةوتن لةسةر زاراوةى مؤنؤلؤط هةية كة ئةويش لة دووبةش ثيَكديَت **mono** بةماناى تاكايةتى-أحادى ديَت.**Logi-log** بةماناى قسةكردن و بير و دةنط و تيَرِوانين و زانستى زمان ديَت.لةرِةخنة و ليَكؤلَينةوةى ضيرؤكى كورديدا **Monolog** بةكارديَت و ضةسثاوة، بةماناى ئةوةش ديَت كة طيَرِانةوة جؤريك لة بير يا قسةكردن يا تيَرِوانين يا زانست يا زمان زالَدةبيَت بةسةريدا، بةلاَم ديالؤط: بيرى هةمة ضةشنة و تيَرِوانين و هةمةجؤرى زانست و زمان زالَ دةبيت بةسةريا.
سوودمان لة: المصطلح السردى فى النقد الأدبى العربى الحديث.أحمد رحيم كريم الخفاجى وةرطرتوة.ص **156.**

بكاتەوە و بەئازادانە گوزارشتی لێبكات، بۆیە كەسایەتیەكان كۆگای نهێنییەكان و كلیلی زۆرێك لەڕووداوەكانن لە ناوچیرۆكدا.

بە هەمان شێوە مۆنۆلۆگ دابەشی سەردوو جۆر دەبێت ئەوانیش ( مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ– مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ ).لە هەمان كاتدا ئەم دوو شێوازە دەبنە هەوێنی پراكتیك و ڕاڤەی بە شێك چیرۆكەكان.*

## 1:2 : مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەو شێوە مۆنۆلۆگەیە كە گوێ بەدەست تێوەردانی نووسەر نادرێت، وەك ئەوە وایە نوسەر خۆی گوێگربێت، واتە لێرەدا كەسایەتییەكە خۆی قسەكەرە و لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، گرنگی بەخوێنەر یا گوێگر نادات، بۆیە لەكاتی خوێندنەوەی چیرۆكدا(( بەهیچ كلۆجێك هەست بەوە ناكەین كە نووسەر و ئێمەی خوێنەر لەكایە هەین، بەڵكو لەناخەوە باوەڕدێنن كە ئەوە قارەمانە بۆی دەدوێ نەكەسێك هێناویەتە زمان و نەمەبەستیشی ئێمەیە گوێی لێبگرین و شتێكمان پێ ڕابگەیەنێ ))[1].واتە لێرەدا زانیارییەكان بەشێوەیەكی پچڕپچڕ پێشكەشدەكرێت و شێوەیەكی ناڕێك دەگرێتەخۆ، ئەمەش گوزارشتە لە ناجێگیری دەروونی كاراكتەر.بوونی ئەم شێوازە مۆنۆلۆگەش لە كۆ چیرۆكەكان دا بوونێكی بەرفراوانی هەیە و پێی بە پێی پێویستی ڕووداوەكان بەكاری هێناوە.

ئەگەر بڕوانینە چیرۆكی "دینار ئاغا" و پراكتیكی ئەم تەكنیكەی تێدا بە جێ بگەیەنین ئەواگێڕەرەوە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە ناخەوە (حەمەسەعی) دەدوێنێ كە كەسایەتی سەرەكی چیرۆكەكەیە.پیاوێكە مسكێنی (ئاغایە)، كە دەنێرێ بەشوێنیدا لە ڕێگدا توشی كۆمەڵێك پێشمەرگە دەبێت و پێی دەڵێن: هیچ لەكوردایەتی نازانێ، بەڵام (حەمە سەعی) لەڕێگای مۆنۆلۆگەوە بیرەكانی خۆیمان پێ دەڵێت:

**(( لەبەر خۆیەوە بەرقەوە ئەیووت :**

*** بؤیة بةشيَك لة ضيرؤكةكان وةك بةلَطة ديَنينةوة ضونكة كؤى طشتى ضيرؤكةكان بة شيَوةيةكى بةرضاو ئةم شيَوازةى تيَدا بةكارهاتوةوة دةبيَتة دووبارة، بؤية ئةم ضةند نمونةيةمان بة ثيَويست زانى بة ثراكتيكى مؤنؤلؤط بة هةردوو جؤرةكةيةوة.**

1 تةكنيكى طيَرِانةوة لة ضيرؤكةكانى (مارف بةرزنجى) دا، د.شوكريةرةسول لةبلاَوكراوةكانى لقى كـةركوكى يةكيَتى نووسةرانى كورد-12.ضاثى يةكةم 2005 ى زايينى.ل 71.

**– بۆچی تێناگەم؟ خۆکەرە بۆز نیم.بەخوا تێ ئەگەم.دەیسا کوردم و حەمە ڕەسوڵی کوڕیشم کوردە و ئەوی ئەشڵێ نابێ وابێ قەسەم بەخوا باوکی ئەسوتێنم.حای حای ئەمان چی ئەڵێن و ئاغاش چی ئەڵێ.))**[1].

ئەم بنیاتنانەش سەرکەوتویی گێڕەرەوە بە دەردەخات لە مۆنۆلۆگەکەدا، چونکە شێوازێکی نوێیە بەتایبەتی بۆ ئەو سەردەمەی چیرۆك کە بەشێکی زۆری مۆنۆلۆگەکان دەسەڵاتی نووسەری چیرۆکیان پێوە دیاربووە.بەڵام لەم مۆنۆلەگەی کەوا (حەمەسەعی) لەگەڵ خۆی دەدوێت نووسەر بوونی خۆی تێدا بزرکردووە تا بتوانێت لە بنیاتنانی ئەم شێوازەدا سەرکەوتوو بێت.

هەروەها لەچیرۆکی "سۆڵ" کەسایەتی سەرەکی مامۆستایەکە بەناوی (شێروان)، لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە گوزارشت لە بیرەکانی خۆی دەکات، ئەمەش زیاتر ڕێگا بۆخوێنەر خۆش دەکات تا شارەزای ناوەوەی کەسایەتی یەکان بێت و نهێنی یەکانی کە گێڕەرەوە بە هەر هۆیەك بێت کە باسی نەکردووە ئەم لە زاری کەسایەتی یەکەوە بزانێت.بەم شێوەیە ئەم مۆنۆلۆگە ئەنجام دەدات و دەڵێت:

**((– بۆ نا! بۆچی خەم بخۆم ؟ بۆچی بترسم ؟ پارچە زەوییەکم نییە بەتەمابم خانووی لەسەربکەم.پارەم لە بانکا نەخەوتوە.بیست و پێنج ساڵە، هەموو ساڵێك دوانزە جار دەست بۆ ئەم مشتە مووچەیەم پان ئەکەمەوە.بیست و پێنج ساڵە هەموو ڕۆژ ئەڵێم سبەینێ باشتر ئەبێت، هەموو مانگێك وا ئەزانم مانگی داهاتوو خەندەیەك بزەیەکی تێدایە، هەموو ساڵێك چاوەڕوانی ئەوەم ساڵی داهاتوو زۆڵە شەماڵێکی پێوە بێ..بەس...! ))**[2].

لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا هەست بە ئامادەبوونی نووسەر ناکەین، شاکەسی چیرۆکەکە بۆ خۆی دەدوێ، بەشداری نووسەری لەگەڵ نیە، ڕۆڵی نووسەر کەم کراوەتەوە و گوزارشت لەخەم و ئازارەکانی خۆی ئەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.لەم شێوەیەدا تەنها بەهۆی بارودۆخی دەقەکە و باری دەروونی کەسایەتیە سەرەکیەکە کە(شێروان)ە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانین بیرۆکەکانی بزانین کە چین، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەوا گێڕەرەوە دەڵێت:**بۆچی خەم بخۆم ؟ بۆچی بترسم ؟**.ئەمەش بەهۆی پیشاندانی ڕاستەوخۆی بیرۆکەکانی کەسایەتی یەکەوە دەبێت.

## 2:2: مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ:

[1] ڕاوە بەڕان.دیناری ئاغا.ل 87_88.
[2] ثێنج تابلۆی شێواو.سۆڵ. ل 120.

مۆنۆلۆگێکه گێڕەرەوە شێوەیەکی جیاوازتری پێدەبەخشێت لە پێشکەشکردنی خۆ دواندنی کەسایەتی یەکە، واتە(( ئەو مۆنۆلۆگە یە کە نووسەر زانستێکمان پێشکەشدەکات، وەك لەهەستی کەسێکەوە هاتبیّ و نەبوبیّ بەقسە، هەروەها نووسەر ڕێنمایی خوێنەر دەکات"وەسف، تەعلیق" تاڕێگا بدۆزێتەوە، هەست بەئامادەبونی نوسەردەکرێت))[2].تایبەتمەندی ئەم جۆرە ئەوەیە کەوا((خوێنەر هەست بە ئامادەبوونی نووسەر دەکات، پێچەوانەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، لە بری بە کارهێنانی جێناوی تاکی قسەکەر جێناوی تاکی نادیار بەکاردێت))[2] واتە لەم جۆرەدا لەبری بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری"من" جێناوە سەربەخۆکانی"تۆ- ئەو"بەکاردێنیّ.خوێنەر هەست بەئامادە بوونی نوسەردەکات تێدا، واتە دەنگی نووسەرتێدا دیارە و دەبینریّ، بۆیە لێرەدا هەردوو دەنگی نوسەر و خوێنەر پێکەوە ئامادەگییان هەیە.ئەم جۆرە بەشێوەیەکی زۆرتر بەکار هاتووە وەك لە شێوەی ڕاستەوخۆ.بەشێکی زۆری مۆنۆلۆگەکان لەم شێوەیە یە.ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی"بەخت" گێڕەرەوە وەها ناخی کەسایەتی سەرەکی(شەپۆڵمان) پیشان دەدا کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و چاوەڕێی ئەوەیە بلیتی بەختەکەی کە کڕیویەتی بۆی دەربچێت، تا تەواوی ژیانی بگۆڕێت و لەنەهامەتی ئەو ژیانەی کە تێیدایەتی ڕزگاریان بێت.

**(( پەرتوکەکەی خستەوە جێگای خۆی، لەبەرخۆشی یەوە ئەیووت :**

**- دەبا دەرچێت، تا لەم قوربەسەری یە ڕزگارمان بێت.خۆ قەت تێر سکێکمان بەخۆمانەوە نەدی.هەموو ساتێکی ژیانمان ترسە، ترسی نەخۆشی، لیّ قەوماندن، ترس لەسبەینیّ، لەهەموو شتیّ.هەروا لەبەرچاوێتی چۆن پار دایکی نەخۆش کەوت، سیّ ڕۆژ لەجێگادا کەوت، بیریان لەوە نەکردەوە پزیشکی بهێننە سەر، دڵخۆش خۆیان بەوە ئەدایەوە برکی کردوە.خواکردی و لەخۆیەوە چاك بۆوە.))[3].**

دەنگی نووسەر تێکەڵ بە دەنگی کەسایەتییەکە بووە و لە ڕێگای ئەوەوە بیرەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.چیرۆکنوس پەیامێکی هەبووە بۆیە بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی نەبێتە مایەی لاوازی و بابەتێکی ڕاپۆرتی بە شێوەیەکی ورد و سەرکەوتوو لە ڕێگای مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ وە بەسەرکەوتوویی ئەم مەبەستەی بە ئەنجام گەیاندوە و باوەڕیشی بە ئێمەی خوێنەر هێناوە کەوا چیرۆکیش بەشێکە لە پەیامێك بەرەو باشترکردنی کۆمەڵگاو گەیاندنی دەنگەکانیان بە کۆی ئەوانەی کەوا بەرپرسن لیّ یان.هەروەها لەچیرۆکی"**خۆری ئاوابوو**" کە باس لە

---

[1] ضيرؤكى نويَي كوردى،حسن جاف .ل 88.

[2] روبرت همفرى، تيار الوعى فى الرواية الحديثة، ترجمة: محمود الربيعى، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، 1978م.ص 49.

[3] دةضيرؤك.بةخت.ل 98.

مامۆستایەکە لە کاتی چوونی بۆ گوندێکی نزیك (پێنجوێن) لە ڕێگادا دیمەنی سروشت کاری لێدەکات و لەدڵی خۆیدا دەڵێت:

**(( دایك، باوك، بگرە کۆرپەی جگەر، کە کەنەفت  و دەستە پاچەبوو، زۆر نابا تاقەتمان لیٚ یان ئەچیٚ  و لیٚ یان بێزار ئەبین، بەلاٚم نیشتمان کە سەدەهای ساڵە کەنەفت و ژێردەستەیە پتر لەجاران، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەچیٚ بەدڵدا و لەگیانا ڕەگی خۆشەویستی داکوتا و تر ئەبیٚ ))[1].**

دەنگی نووسەر بە ئاشکرا بوونی هەیە، هەست دەکەین نووسەر لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و بە شێوەیەکی ئاشکرا بیری خۆی سەبارەت  بە نیشتمان دەردەبڕێت ، دەیەوێت خوێنەریش بەشداربێت لەگەڵی داو خۆشەویستی زیاتری نیشتمانی لەدڵدا بچەسپێت.دەنگی گێڕەرەوە یان چیرۆکنووس لەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا هەستکردنە بەبیرو ڕاو بیرەکانی، لێرەدا بەئەنقەست وادەکات تاوەکوو شوێن پەنجەی خۆی لەناو چیرۆکەکەدا دیاربکات  و  بیرەکان خۆی بەخوێنەر بگەیەنێت.ئەم  بارەی کەوا گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا نواندویەتی دوور یان نزیك لە هەندێك ڕستەی چیرۆکەکەدا خۆی دەنوێنێت، ئەمەش بارێك دەخوڵقێنێت کە ویستی گێڕەرەوە خۆیەتی، ئەمەش واتای ئەم  تەکنیکە بەشێوەیەکی هونەری سەرکەوتوو لە بنیاتنانی چیرۆکەکەدا دەسەلمێنێت ، چونکە لە ڕستەی کە دەڵێت:**(دایك، باوك، بگرە کۆرپەی جگەر، کە کەنەفت  و دەستە پاچەبوو، زۆر نابا تاقەتمان لیٚ یان ئەچیٚ  و لیٚ یان بێزار ئەبین)**[2] لە سەرەتادا دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا دەتوانین بڵێین کە دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێین مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، چونکە لە بەشی دووەمی چیرۆکەکەدا ئەم دەنگە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی یەکەم کە ئەمەش مەبەستی نووسەرە.بەشێوەیەکی ڕون و دیار باری دەروونی کەسایەتی یەکەمان بۆ دەردەخات سەبارەت بە نیشتمان ، بێتاقەت بوونیشی دیاردەخات بەهۆی ئەوەی کەوا نرخی نازانرێت.ئەم دەرخستنەش بەهۆی پیشاندانی بیرۆکەکانی کەسایەتی یەکەوە  دەبێت کە گێڕانەوەکەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام داوە و هەست بە لایەنگیری یەکی هاو دەنگ دەکرێت لە نێوان کەسایەتی مامۆستا و گێڕەرەوەی سەرەکی چیرۆکەکە کە چیرۆکنووس خۆیەتی.

[1] خۆری ئاوابوو.خۆری ئاوابوو.ل 15.

[2] بروانة خۆری ئاوابوو.ل 15.

3: گۆشەنیگا:

گۆشەنیگا دەنگێکە نووسەری چیرۆك چیرۆکەکەی پێدەگێڕێتەوە.تواناو دەسەڵاتی بەشێوازێکە کە دەتوانێت شێوازی نووسەرەکەو برگەکانی چیرۆکەکە دیاربکات.ئەو ڕووداوانەی کە دەیگێڕێتەوە لەناو ڕەوتی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا لە ژێرکاریگەری گۆشەنیگادایە، چونکە بەهۆی ئەوەی لەناویاندایە زیاتر لە ڕووداوەکانەوە نزیکترە، واتە گێڕانەوەی قسەکەرە.بۆیە ناکرێت (( گێڕانەوە بەبێ قسەکردن لەسەر گۆشەنیگا لەچیرۆکدا باس بکرێت، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندییەکی پتەوی بەو شێواز و ڕێگایەوە هەیە کەوا چیرۆکنووس یەکێك لە ڕووداوەکانی پێدەگێڕێتەوە، بۆیە دەکرێت بگوترێت نرخی سەرەکی لە گێڕانەوەی چیرۆکدا خۆی لە گۆشەنیگادا دەبینێتەوە ))[1].ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کەوا نووسەری چیرۆك یان گێڕەرەوە لێوەی دەڕوانێت.گۆشەنیگا بۆتە جێگای بایەخ پێدانی زۆرێك لەلێکۆڵەران و ڕەخنەگران، ئەمەش زیاتر بۆ ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە کە بەگێڕانەوە وە هەیەتی بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها پەیوەندییەکی پتەویشی بەگێڕەرەوە هەیە لەکاتی گێڕانەوەی دەقەکەیدا، کە ئایا بە چ شێوازێك ئەو دەقە بگێڕێتەوە.

گێڕەرەوە و گۆشەنیگا پەیوەندییەکی زۆر پتەویان لەگەڵدا یەکدا هەیە، بەشێوەیەك بەیەکدا چوونە کە هەریەکەیان تەواوکەری ئەویتریانە و لەسەر ئەویتریان هەڵدەستێتەوە و خۆی دەردەخات، بۆیە لێرەدا هیچ گێڕانەوەیەك بوونی نییە بەبێ گۆشەنیگا و هیچ گێڕەرەوەیەکیش بەبێ گۆشەنیگا بوونی نییە، بەشێوازێك چوونە بەیەکدا کە جیاکردنەوەیان لەیەکتری کارێکی ئەستەمە، هەروەها بەهۆی گۆشەنیگاوە شێوازی ئەو نووسەرەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا چیرۆکەکەی پێدەنووسێت و گێڕانەوەکەی پێشکەش دەکاتە تێدا، چونکە هەرگێڕەرەوەیەك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە کەپێی دەنووسێت و ئەو ڕێگایەش هەڵدەبژێرێت کەوا خۆی پێی پەسەندە.بۆیە زۆریك لەلێکۆڵەران نرخی سەرەکی لەگۆشەنیگادا دەبیننەوە.(پێرسی لۆبوك) دەربارەی گۆشەنیگا دەیگووت (( زۆربەی پرسیارە ئاڵۆزەکان دەربارەی شێوازی دروستکردنی ڕۆمان"چیرۆك"بەندە بە پرسیارکردن دەربارەی گۆشەنیگا، پرسیار دەربارەی پەیوەندی چیرۆکەکە پێوەی ))[2].گۆشەی گێڕانەوە پەیوەندی بەکەسایەتیەکانەوە هەیە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (( بڕیار لەسەر سروشتی جوڵانەوەی کەسایەتیەکە بەهۆی کار و ناسنامەکەی دەدات بەهۆی تەرکیزکردن لەسەر ڕاگەیاندنی کارەکە.ئەوەی ڕوودەدات دیاردەکات و بەڕوونیش ئەوە دەردەخات کە کێ بەسەری هاتووە

[1] الرواية والتاريخ.الدكتورنضال الشمالی، عالم الكتب الحدیث، أربد-أردن، الطبعة الأولی، 2006 م.ص 199.
[2] هەمان سەرچاوە.ل 199.

))[1].زۆرجار گۆشەنیگا بریتیە لە گواستنەوەی دیمەنەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.ئەمەش گەرم و گوڕی دەداتە چیرۆك و گێڕانەوەکە.لە ناو هەموو ڕێگاکانی گێڕانەوە نووسەر یا دانەر ڕێگاییەك هەڵدەبژێرێت تا چیرۆکەکەی پێ بگێڕێتەوە، ئەوەشی گرنگە لەڕوانگەی ئەو گۆشەنیگایەی دروستی دەکات چاودێری ڕووداوەکان دەکات لەناویدا.دەتوانین گۆشەنیگا وەها دیاربکەین کە(( ئەوەیە لەچاوی ئەوەوە دەبێت ڕووداوەکانی چیرۆك یاخوود چیرۆك لەوانی ترجیا بکەینەوە ))[2].ڕووداوەکانی چیرۆکیش پێشکەش ناکرێت تەنها لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراو یاخود دەسپێکردن لە ئاراستەیەکی دیاریکراوەوە نەبێت، چونکە لێرەوە هەست بەهەموو ڕووداوەکانی ناوچیرۆك دەکەین.تەماشا دەکەین لە ئەدەبدا ئەو ڕووداوانەی کە پێشکەشمان دەکرێت بەشێوەیەکی خام و پاکراو نایاتە بەردەستمان بەڵکو دەبێت بە چەند شێواز و ڕێگایەك بهێتە پێشکەشکردن، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوکات بەرهەمەکە هیچ سەلیقە و ماندووبون و هونەر نانوێنێ، دەبێتە گێڕانەوەیەکی سادە و ساکاری بێ هونەر.

گواستنەوەی دیمەنەکان هۆکارێکە کە هەموو شتێکمان پێشکەش دەکات.ئەو پرسیارانەشی دەربارەی گۆشەنیگا دەکرێت لە چیرۆکدا پرسیارە دەربارەی پەیوەندی چیرۆك بەو شێوازەی کە گۆشەنیگا پێشکەشی دەکات، بۆیە تەماشادەکەین لە چیرۆکدا بەرەنگاری کۆمەڵێك ڕووداو دەبینەوە کە بەشێوازی جۆرا و جۆر پێشکەش دەکرێت.دیمەنی هەموو شتێك بەو نیگایەی لێوەی دەڕوانێت پێشکەشدەکرێت.ئەم هەمووگرنگی پێدانەی گۆشەنیگاش پێش سەدەی بیستەم"20" بەو شێوەیە نەبوو تا دەوروبەری سەدەی بیستەم و دەرکەوتنی نووسەرانی وەك (جێمس جویس وبیرسی لوبوك و کان)کە یەکەم کەسانێك بوون لێکۆڵینەوەی مەنهەجیەتیان بۆگۆشەنیگا دانا.بێگومان فەزڵی ئەم کارەش بۆ (هنری جیمس )دەگەڕێتەوە.کە جگە لەگرنگی پێدانی "نیگاڕوانین" لە سەرەتای چیرۆکەکانیدا جەختی لەسەر گۆشەنیگا دەکردەوە کە دواتر ناوی نا (گۆشەنیگا) کە لەم پێشەکیانەیدا توانی ئاماژە بە چۆنیەتی دۆزینەوەی center یا ئاماژە بە focus بکات، بێگومان هەرخۆشی توانی چارەسەری ئەم کێشانە بکات بەدۆزینەوەی ڕێگایەکی دیاریکراو، ئەویش بەدیاریکردنی ئامرازەکانی گێڕانەوە و دانانی ڕووداوەکان لەناو زەین وهۆشی کەسایەتیەکان لەهەمان پلۆتدا بەهەمان شێوە، واتە لێرەدا بەهۆی ئەم ڕێگایەوە دەتوانین ئەو گۆشە نیگایە دیاربکەین کەوا

1 ضیرؤك و تايبةتمةنديةكانى، صةلاَح عومةر.ل 63.

2 الوجيزفى دراسة القصص، لين أولتبيندندو ليزلى لويس، ترجمةالدكتور، عبدالجبارالمطلبى، منشورات دائرة الشؤن الثقافية والنشر- بغداد 1983 م .ص 143.

گێڕەرەوە ڕووداوەکانی پێ دەگێڕێتەوە کەخۆی هەڵیدەبژێرێت یان لە ڕێگای کەسایەتیەکانەوە هەڵیان دەبژێرێت و دەیانخاتەڕوو، ئەمەش بەچونە ناوەوەی هۆشی کەسایەتیەکان و ئاشکراکردنی نهێنیە ناوەکیەکان و ناخی دەرونیان.پاش **(هێنری جیمس)** لەنوسینەکانی (( جان بویونی فرەنسی و جیراردجنێت و تزڤتیان تۆدۆروف و پاشان ڕەخنەگرانی ڕووس وەك: باختین وتۆماشێفسکی و بۆریس ئۆبسنسکی، چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسی، لەدووتوێی باسکردنی هونەری گێڕانەوە بەقوڵی لەخاسیەت و ئەرکەکانی دواون ))[1].

(جان بوین)لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی(زەمەن و ڕۆمان)کە وایدەبینێت کاری چیرۆکنوسی یان ڕۆمان نووسی لەسەر دووشێوەی سەرەکی بەدەست دێت کە شێوەی یەکەم، لەسەر بنەمایەکی سایکۆلۆجی بنیات دەنێت بۆکاری گێڕانەوە یا گوتار کەوا گریمانەی بینینێکی واقیعی دەکات بۆ کەسایەتیەکان، هەر لەمیانەی ئەمەوە چارەسەری ئەوە دەکات کە ناوی ناوە (شێوەکانی تێگەیشتن).هەر لەمیانەی ئەمەشەوە گۆشەنیگاکان چارەسەردەکات و ناوی دەنێت ( لەدواوە لەگەڵ  لەدەرەوە).(**بوین** ) ئەم دابەشکردنەی لەتێڕوانینێکی دەروونیەوە داناوە، چونکە بەلای ئەوەوە تەکنیك گرنگ نەبوە چ لەچیرۆك یا ڕۆمان، بەڵکو ئەوەی بە لایەوە گرنگ بوو لایەنی دەروونی بوو، بەڵام شێوەی دووەم لە میانەی وەسفی ئەو ماددەیە یەی کەوا ڕێڕەوێکی سادە و ساکار نییە بەبێ هیچ سیفەتێکی تایبەتی زەمەن دیاردەکات.

دەتوانین دابەشکردنەکەی (**بوین**) بەم شێوەیەی خوارەوە دیاربکەین:

**یەکەم:بینین لەدواوە.**

**دووەم:بینین لەگەڵ.**

**سێهەم:بینین لەدەرەوە.**

بەڵام ئەم دابەشکردنەی (**جان بوین**) هەر بەوەندە تەواو نەبوو بەڵکو(( تزفتیان تۆدۆروف نیگایەکی تری بۆزیاد کرد و ناوی نا "بینینی بەرجەستە—الرؤیەالمجسمە" کە تێیدا یەك ڕووداو بەدوای یەکدا دێت، بۆچەندجارێك لەکەسایەتیەکانەوە دەپەڕێنەوە، لێرەوە وێنەیەکی تەواوی ڕووداوەکانمان پێشکەشدەکات))[2].(تۆدۆروف) بەپشت بەستن بەدابەشکردنەکەی (جان بوین)

[1] لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردیەوە، نجم ئەڵوەنی- چاپخانەی ئاراس.چاپی یەکەم ی 2011 ی زایینی. ل55.
[2] تحليل الخطاب الروائی، سعيد يقطين.ص 287.

و بۆچون و تێڕوانینەکانی خۆی گۆشەنیگای بەهەندێك گۆڕانکاری یەوە دابەشکرد دوای ئەوەی هەندێك نیشانەی ماتماتیکی بۆ دانا ئەوانیش:

**□گەورەتر.**

**=یەکسانە.**

**□بچوکتر.**

یەکەم: شارەزایی گێڕەرەوە گەورەترە لەشارەزایی کاراکتەر(بینین لەدواوەلای **بۆین**).

دووەم: شارەزایی گێڕەرەوە یەکسانە بەشارەزایی کاراکتەر (بینین لەگەڵ لای **بۆین** ).

سێهەم: شارەزایی گێڕەرەوە بچوکترە لەشارەزایی کاراکتەر(بینین لەدەرەوە لای **بۆین**).

پاشان هەربەوەندە نەوەستا، بەڵکو ئەم سێ گۆشەنیگایەی بۆ دووگۆشەنیگای بینین کورتکردەوە، کە هەریەکەیان شێوازی گێڕانەوەکە دیاردەکات و دواتریش هەرئەم دوو بنەمایە بوو لە دەرکەوتنی گێڕانەوەدا پشتی پێبەستوون، ئەوانیش:[1]

یەکەم: **بینینی دەرەکی:** لێرەدا گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزان دەبێت، واتە کەسایەتیەکە هیچ لەگێڕەرەوە ناشارێتەوە، ئەم بینینە زۆرجار بەجێناوی نادیاری "ئەو" پێشکەشدەکرێت.

دووەم: **بینینی ناوەکی:** گێڕەرەوە زانیارییەکانی سنورردارە، یان کاری کەسایەتیەکانمان بۆپێشکەش دەکات، بەڵام بیروبۆچونەکانیان فەرامۆش دەکات و هەوڵی ئەوە نادات پێشبینی بکات.

گێڕەرەوە ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای خودی کەسایەتییەکە خۆیەوە پێشکەش دەکات، ئەمەش بەبەکارهێنانی جێناوی قسەکەری □من□ یان بەچاودێریکردنی جێناوی نادیاری □ئەو□ دەبێت.ئەو ڕووەی کە چیرۆکەکەی پێ پێشکەش دەکرێت بۆ خوێنەر سێ ڕووی گرنگی هەیە(( کەسی یەکەمی تاك و کەسی سێ یەمی تاك و کەسی سێ یەمی مژدەبەخش.گێڕەرەوەی یەکەم کەسی یەکەمی چیرۆکە بە شێوەی(من)پێشکەشی دەکات، کە چیرۆکەکە یەکێك لە کەسایەتیەکانی گرتۆتە خۆ، بەڵام ئەگەر چیرۆکەکە بەهۆی کەسی "سێ یەمی تاك"ەوە گێڕدرایەوە نووسەری چیرۆکەکە لە دیدی کەسایەتی یەکی تاکەوە دەیگێڕێتەوە، کە باسکردن و وەسفکردن یان تێبینیکردنی ئەوەی کە کەسایەتی یەکە هەڵی بۆ رەخساوە ببینێت، بەڵام لە دەنگی ئەو کەسایەتی یەوە نا.بەم شێوەیە نووسەری چیرۆك دەتوانێت تەعلیق (کۆمێنت) لەسەر هەر ڕوویەکی ڕووداوەکە بدات )).[2]

1 تحليل الخطاب الروائي، في أدب عبدالخالق الركابي، الثلاثية نموذجا، ماجدةهاشم عيسى المالكي.جامعة أبن رشـد، كليـة التربية، رسالة ماجستير، سنة 2002 م.ص 105.

Merriam Webster encyclopedia of Literature.1995.p.1015. 2

هەر نووسەرێك تێڕوانین و شێوازی خۆی هەیە، ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێت کە پێی باشە و لەوێوە دەتوانێت ئاراستە و بۆچونەکانی خۆی دەرببڕێت و گوزارشتی لێبکات، خودی ئەم جیاوازیانەش لای نوسەران مایەی فرەدەنگی و فرە ڕەهەندییە لەچیرۆکدا، لەهەمان کاتدا ڕەنگاڵەییکردنی تەکنیکی چیرۆك چێژ و تام و بۆی تایبەتی خۆی هەیە، ڕەنگاڵەیی کردنەکەشی دەبێتە ڕەنگاڵە بوونی چیرۆکەکە.ئەگەر ئەم جیاوازیانەش نەبوایە ئەو کات چیرۆك هیچ بەها و نرخێکی نەدەبوو یان نەدەما، هەموو دەقەکان دەبوونە یەك دەق و ئەوکاتیش لەلایەن لێکۆڵەران و ڕەخنەگران و خوێنەرانەوە پەراوێز دەخران.

گۆشەنیگا زۆر بەرفراوانە، پەیوەندی پتەویشی بە هونەرەکانی ترەوە هەیە.بۆیە گۆشەنیگا لەڕووی زاراوەوە پەیوەندی بەهونەری وێنەکێشانەوە، چەمکێکی ئەندازەیی پێوانەییە لە وێنەکێشانی ئەوروپی لەسەرەتای سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە (( هەڵوێستێکی وەستاوە و هیچ جوڵەیەکی تێدا نییە لە کاتێدا کەوێنەی بابەتەکە دەکێشرێ و تێداجێ بەجێ دەکرێ و تەماشاشی دەکرێ ))[1].ئەم زاراوەیە لە شیکردنەوەی وێنەکێشان ، یاخود بە پەیوەندی لەگەڵ سێبەر و ئاراستەکانی کە هەموویان پێکەوە لە چەند شێوازێکی جیاوازدا کە پێکدەهێنرێت دەبینرێتەوە ، دواتر هونەرمەند هەموو گۆشە و ئاراستەکانی دیاریدەکات و هەریەکەشیان تایبەتمەندی خۆی دەداتێ ، ئەمەش بەتێڕوانینی هونەرمەند دەبێت لەگۆشە جیاوازەکانەوە، واتە لە گۆشەنیگای خۆیەوە هەموو شێوازەکان پێکدەهێنێت و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی دەداتێ، بۆیە: گۆشەنیگا خاڵێکی میحوەرییە یا ((فێڵێکی هونەرییە یا هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی نووسەر، لەهەمان کاتدا نهێنیە تایبەتیەکانی تێدا ئاشکرا دەکات، بۆیە دەکرێت ڕێگایەکی تایبەتی خۆی بێت تا بتوانێت کاریگەری بخاتە سەرخوێنەرەکانی ))[2].یاخوود ڕێگایەکە کە گێڕەرەوە کەسایەتیەکانی تێدا دەناسێنێ، یاخود دەتوانرێت لەکاتی پێشکەشکردنیدا بەڕووداو دابنرێت.

گۆشەنیگا هەموو بنەماکانی چیرۆك دەگرێتەوە، گرنگترینیشیان پاشکۆ (زەمانی و شوێنیەکانە) بۆ هەموو ڕووداوەکان.گۆشەنیگا لەڕێگای تێڕوانینی گێڕەرەوەوە بۆ چیرۆك دەڕوانێت.دەکرێت بڵێین کەوا گۆشەنیگا بنەمایەکی سەرەکییە لە تەکنیکی گێڕانەوە.تەکنیکێکە گێڕەرەوە لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە بۆ ڕووداوەکان دەڕوانێ و گوزارشت لە بۆچونەکانی خۆی دەکات و خوێنەریش بەشێکی گرنگ دەبێت لەو تێڕوانینە و

[1] المصطلح السردی فی النقدالأدبي العربی الحدیث.أحمد رحیم کریم الخفاجی.ص 160.

[2] مکونات الخطـاب السـردی.مفاهیم نظریة.الـدکتور الشـریف حبیلـة.عالم الکتـب الحـدیث للنشـر _ أردن.الطبعـة الأولی 2011م.ص 5.

بەشدارییەكی فراوانی تێدا دەكات، زۆرجاریش گێڕەرەوە تەنها وەك تەماشاكەرێك وایە زانیاریەكانی هێندەی زانیارییەكانی كاراكتەرە سەرەكیەكانە.

## 4: جۆرەكانی گۆشەنیگا لە چیرۆكەكانی د.كاوس قەفتان دا :

بەپشت بەستن بە دابەشكردنەكەی (جان بوین)كە بەربلاَوترین دابەشكردنی گۆشەنیگایە، جۆرەكانی گۆشەنیگا دابەش دەكەین و لەشیكردنەوەی گۆشەنیگای چیرۆكەكانی(د.كاوس قەفتان)دا پشتی پێدەبەستین، ئاستەكانیش ئەمانەن:

**یەكەم: بینین لەدواوە:***

ئەم شێوازە گێڕەرەوەی هەمووشت زانیشی پێدەڵێن كە گێڕەو > گەورەترە لەكەسایەتی.ئەم تەكنیكە(( تەكنیكێكی فرەكۆنە و بەر لەداهاتنی شەپۆڵی هۆش تەكنیكێكی هەرەباوی گێڕانەوە بووە و زۆر پێشخراوەو زۆریش دەسكاری كراوە، بە زۆریش بۆ ئەو دیمەنانە بەكاری دەبەن كە مۆنۆلۆجی ناڕاستەوخۆش ناتوانیّ لەیەك كاتدا دیوی دەرەوە و ناوەوەی دەربخات))[1].هەروەها بەجۆرێك لەشەپۆڵی هۆش دادەنریّ و چیرۆك گێڕەرەوەی هەمووشت زانیشی پێدەڵێن.

لە جۆرە گۆشەنیگایەدا گێڕەرەوە لەپشت كەسایەتیەكانەوە دەوەستێت، زانیارییەكانی زیاترە لەخودی زانیاری كاراكتەرەكان، ئەمەش وەك ئەوە وایە كە (( لەكات و

---

*** هةنديَك رِةخنة طر ثيَي دةلَين:ديتنى دةر ثةرِ"الرؤية المجاوزة" واتة ئةو زانياريةى كة طيَرِةوة دةيزانيَت كةسايةتى سةرةكى نايزانيَنيَ. سودمان لة نامةى دكتؤراى رةطةزةكانى ضيرؤك لة داستانى(مةم و زين)ى خانى دا.نةوزةت ئةحمةد عوسمان زيَبارى وةرطرتوة. زانكؤى بةغدا.كؤليجى ثةروةردةى أبن روشد 1999ى زايينى.ل 135.**

[1] ضيرؤكى هونةرى كوردى، زاهير رِؤذبةيانى. ل27.

شوێنێکی دیاریکراودا بگوازێتەوە بەبێ هیچ موعاناتێك، بنمیچی خانوەکانیان بەرز دەکاتەوە و تەماشای ناوەوە و دەرەوەی بکات و بزانێ چی تێدایە، سنگی کەسەکان بکاتەوە و مەلەی تێدا بکات، شارەزای پاڵنەری کەسەکان بێت.بۆیە لەوکاتەدا کەسایەتیەکان یەکسان دەبن لەلای.وەك ئەوەش وایە هەر لەبچوکەوە تا گەورەیان کتێبێکی بڵاوکراوەبێت بەرامبەری و هەموو ئەوشتانەی کە لەناخ و هزریاندا دەخولێتەوە دەخوێنێتەوە ))[1].(ناسری ئێرانیش) دەربارەی ئەم شێوازەش دەڵێت: (( حیکایتخوانی هەموو شتزان لەدەرەوە لە دوور ڕا تەماشای جیهانی چیرۆکەکە دەکات و لەم ڕووەوە گێڕانەوەکەی ئەم زیاتر ڕوانینە ڕابردووە و حیکایەتخوانی کەسی یەکەم لەناوەوە و لەنزیکەوە تەماشای جیهانی چیرۆکەکەی دەکات))[2].لە ڕێگای گۆشەنیگای هەموو شتزانەوە وەسفی ژینگە و ڕەوشت و هەڵس و کەوت و هەڵوێستی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئایینی کەسایەتیەکان دەکرێت و بەدیار دەخرێت.لەم جۆرەدا جێناوی کەسی سێهەمی نادیار بەکاردەهێنرێت، تاوەکوو هەموو شت بزانێت و بتوانێت باسی هەمووشت بکات، بەکارهێنانی ئەم جێناوەش مەودایەکی بەرفراوان و ئازادییەکی تەواو دەداتە گێڕەرەوە تابتوانێت بە ئارەزووی خۆی ئەو زانیاریانەی کە مەبەستێتی بەخوێنەری بگەیەنێت.بەکارهێنانی جێناوی نادیاری"ئەو" زیاتر بۆ حیکایەت و ئەفسانەکان بەکارهاتووە لەکاتی گێڕانەوەدا.سەرباری ئەمانە خراپی ئەم ڕێگایە لەوەدایە کە: خوێنەر شارەزایی هەموو لایەنەکانی چیرۆکەکە و هەڵس و کەوتی پاڵەوانەکان و کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە دەبێت، واتە گێڕەرەوە هیچ بوارێك بۆ خوێنەرناهێڵێتەوە تا بیری لێ بکاتەوە.بەڵکو لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، بۆیە دەکارێت بڵێین کە: گێڕەرەوەی **هەموو شتزان یا بینین** لەدواوە، لەچیرۆکدا گێڕانەوەیەکی هەواڵی تەواوە، هەموو ئەو زانیاریانەی کە خۆی مەبەستیەتی و لایەتی دەیەوێ بە خوێنەر یا وەرگری بگەیەنێت.ئەم شێوەیە بە بەربڵاوی لە کۆچیرۆکەکاندا بەکارهاتوە.

ئەگەر بڕوانینە بوونی ئەم تەکنیکە لە چیرۆکی "نەهاتەوە"دا گێڕەرەوە گێڕەرەوەیەکی هەموو شت زانە، لەسەرەتاوە تاکۆتایی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و ئاگاداری ورد و درشتی هەموو لایەنێکی ژیانی کەسایەتییەکەیە.بەناخیاندا ڕۆدەچێتەخوارێ و شتە پەنهانی و ئاشکراکانی ژیانیشی دەزانێت و وەك سێبەرێك وایە

[1] مكونات الخطاب السردي.مفاهيم نظرية. الدكتور الشريف حبيلة .ص 16.
[2] کارەکتەر سازی لەرۆمانی ئێوارە ئەروانەی بەختیار عەلي دا.نەجم ئەلۆەتی.ل 124.

بەدوایەوە بێت.هیچ بوارێکی بۆ خوێنەر نەهێشتۆتەوە تا بیری بەکار بهێنێت سەبارەت بە کۆی گشتی چیرۆکەکە.دەڵێت:

**(( لەژێرخانە تاریکە، تەڕونسرمەکە، لەگەڵ هەمو ئەو کەل وپەل و شتومەکە بیٚ کەڵکانەی ناو ماڵ فڕیٚ درابو، هەربەو چاوەشەوە سەیریان ئەکردو لەگەڵیا ئەجولآنەوە، خایەی مایەی هەمووی دۆشەکە شرێك بوو.))**[1].

گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا ئاگاداری هەڵسوکەوت و کردای ڕووکەشانەی کەسێتیەکە یەو شێوەی ڕوخساریشمان بۆ دەکێشێت.ئەمەش لە ڕێگای جێناوی نادیاری کەسی سێیەمی نادیاری "ئەو"ەوە کەسایەتییەکەمان پێدەناسێنێت.تەنانەت لەساتەکانی مردنیشی ئاگادارە، کە چۆن و کەی دەمرێت، ئەمەش دوای ئەوەیە کە لە ژیان و دەوروبەرەکەی یاخی دەبێت.

**(( هەفتەیەك بەسەردا ڕۆیشت، ڕۆژ ڕۆژی مارو مێروو مشکی ناو ژێرخانەکەبوو، هەرچی لەکاسەکاندا هەبوو پاکۆیان دابوو ڕۆژی دوایی ئاشکرای خوشکەکەی کە چووە خواریٚ بینی لەبەرپەنجەرەکە پاڵ کەوتوە، چاوی لەپەنجەرەکە گیرکردوە و بستێك دەمی کردۆتەوە وەکو هاوار بۆ یەکێك بەرێت زریکەیەکی تۆقاوی کردو ڕای کردە دەریٚ، هەرئەو ڕۆژە بەبیٚ دەنگی ناشتیان، کەس بۆی نەگریا، وەکو چۆن بەبیٚ لیٚ پرسینەوە ژیا وەهاش مرد.تەنیا مشك و مارو مێرووەکانی ژێرخانەکە نەبێت کە بەڕاستی هەستیان بە لەدەست چوونی هاوڕێیەکی خۆشەویست کرد..))**[2].

بەم شێوەیە گێڕەرەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت و گێڕانەوەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی.لە لایەکی ترەوە لە ڕێگای ئەم تەکنیکەوە هەمو هەڵوێست و ژینگە و باری لە دایکبوونی کەسایەتی یەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چونکە تەنها بەهۆی ئەم تەکنیکەوە دەتوانرێت گوزارشت لە هەموو لایەنێکی ژیانی کەسایەتی یەکان بکرێت و هەموو نهێنی یەکانی ڕووداوەکانی داهاتوو و ناخی دەروونیان بزانرێت.گێڕەرەوە هەموو شتەکان ئاشکرا دەکات و بیٚ ئەوەی بچوکترین شت لەبیر بکات تێدا.لەلایەکی ترەوە چیرۆك دەتوانێت کەم یان زۆر ئەو شتەی کە دەیەوێت بیگێڕێتەوە دەتوانێت لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە بیگێڕێتەوە، مەبەستیش لەم گێڕانەوەیە زانینی توانای چیرۆك و شێوەی بەکارهێنانی ئەو شێوازەیە کەوا گێڕەرەوە بەکاری دەهێنێت لە چیرۆکەکەدا، واتە شێوازی پێشکەشکردنەکەیە.هەروەها ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی"دیناری ئاغا"پراکتیکی ئەم تەکنیکەی لەگەڵدا پراکتیزە بکەین ئەوا لێرەدا گێڕەرەوە(گێڕەرەوەیەکی هەموو شت زانە) و لە دەرەوە و دواوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و

---

1 خۆری ئاوابوو.نەهاتەوە.ل 46.

2 هەمان سەرچاوە.ل 53.

دەچێتە ناو ژیانی کەسایەتیە سەرەکیەکەوە بەناوی(حەمە سەعی)، سەرەتا بەم شێوەیە دەیناسێنێت :

**(( لەسەرتاشە بەردەکە قووت بو بۆوە، لەبەردەمیا پەڵە توتنە دوبست و نیوەکەی ڕاکشابو، ناوچەوانە تەسکەکەشی وەکو دێراوەکانی پەڵە توتنەکەی تیا نەخشەکرابی بە چەند ڕیزێکی چرچ بوو بوو.بەهەستێکی سامناکەوە ئەیڕوانی یە شاخە قوچەکان کە لە دوورەوە بەئاسمانا چوبون و هێشتا لەزۆر جێگا و شوێنیا دوکەڵی لێ هەڵئەستا.))**[1].

چیرۆکگێڕەرەوە ی هەموو شت زان ووردە ووردە کەسایەتی (حەمە سەعیمان) پێشکەش دەکات و ووردەکارییەکانی ژیانیشی دەخاتە ڕوو لە ڕابردوو کەچی بەسەرهاتوە و چەن منالێ هەیە.ئەمانەش وا لە خوێنەر دەکات کەوا بە هیچ شێوەیەك بیری خۆی بەکار نەهێنێت، چونکە زانیاریی یەکان بە ئامادەکراوی لەپێشی دا ئامادەن.لە بەشێکی چیرۆکەکەدا ئاماژە بە ژیانی تایبەتی کەسایەتی(حەمە سەعی) دەکات و دەڵێت: :

**(( حەمەڕەسوڵ دووەم کوڕیەتی یەکەمیان لەخۆیەوە لەبار چوو، بەڵام وا خوا کردی و هیمەتی مەشایەخان حەمەڕەسوڵی بوو، لەچاوەزار بەدووربێ تا ئێستا تۆکمەیە و نەخۆش نەکەوتووە کەبیری لەحەمە ڕەسول کردەوە، بۆماوەیەك ڕووی کرایەوە و شاخە سوتاوەکانی لەبیر چوەوە.))**[2].

سەرباری ئەمە گێڕەرەوە دەچێتە ناو کێشە و گرفتەکانەوە و مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکە دەخاتە ڕوو.ئەم دیتنە ئەوە ئاشکرا دەکات لە گۆشەیەکەوە کە گێڕەرەوە توانایەکی گەورەی هەیە لە ئامادەبوون لەیەك کات و شوێنی جیاوازدا.**(( تیشکی ڕۆژ هەتا ئەهات بەرەو لاوازی ئەچوو، دەمەی عەسر بوو سەعەش تفەنگی لەشان نابوو لەپشت ئاغاوە ئەڕۆشت، چاوی لەپشتی ملی بڕیبو تێ نەگەیی بۆچی ئەوساتە ئاغای تەپیو بەسەر پشتی هێسترەکەوەی بە گونکە هەویرێکی هاتە بەرچاو، بیریشی هەمیشەلای قسەکانی پێشمەرگەکان بوو، هەرچەندی ئەکرد لێی دانەئەپچڕا.بە جنێوی ئاغا ڕاهاتبو، تەنیا پێست و گۆشتی ئەگرتەوە بەڵام تیرو توانج و پلارەکانی ئەوان...ئای خوایە هەستی ئەکرد گیانی ئەسوتێنێ و ئێسقانی ئەهاڕێ....))**[3]

پێدان و ئاشکراکردنی ئەم زانیاریانە بە شێوەیەکی گشتی لەلایەنی گێڕەرەوەوە، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو توانایەی کەهەیەتی لەسەر ڕاگەیاندنی زانیاری.گێڕەرەوە

[1] راوەبەران.دیناری ئاغا.ل 81.
[2] هەمان سەرضاوة،ل 82.
[3] راوەبەران.دیناری ئاغا.ل 89.

ئاگاداری هەموو شتەکانی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و ئاگاداری هەڵسوکەوتی کەسایەتیەکەشە.بواری گفتۆگۆشی پێدەدات لەگەڵ کەسایەتیەکانی تردا.لێرەدا بابەتێکی هەم کۆمەڵایەتی و هەم سیاسی دەخاتە ڕوو، وەکوو شریتێکی سینەمایی پیشانمان دەدات.چیرۆك گێڕەرەوە شارەزای هەموو لایەنێکی ناوە و دەرەوەی چیرۆکەکەیە و لەناوەوە بۆ دەرەوە بە پێچەوانەشەوە هەموو شتەکان دەزانێت چ لەڕابردوو چ لەئێستادا.لێرەدا گێڕەرەوە توانیویەتی بە بێ هیچ نێوانێك ڕاستەوخۆ زانیاری بداتە خوێنەر، ئەمەش نزیکی گێڕەرەوە دەسەلمێنێت لە و ڕووداوانەی کە دەیگێڕێتەوە.بۆیە لەم شێوازەدا(( بگێڕ هەموو شتێك دەربارەی کەسایەتی دەزانێ و تەنانەت لە مێشکی خۆی دەرباز نابێت))[1].

لە چیرۆکی "دۆزەخی ڕۆژێك" چیرۆك گێڕەرەوە بە شێوەیەکی بابەتی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، کە ئاگاداری تەواوی ژیانی کەسایەتییە سەرەکیەکەیە کە بە جێناوی نادیاری"ئەو" ئاماژەی پێداوە و ناوی نیە.ئەم شێوازە گێڕانەوەیەش بەر گۆشەنیگای"بینین لە دواوە" دەکەوێت ، چونکە گێڕەرەوە گێڕوەیەکی هەموو شت زانە و لە هەموو لایەکەوە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر چیرۆکەکەدا هەیە.

**(( دوێنێ ئێوارە کەهەینی بوو کچە گەورەکەی بە هەڵە داوان هاتە ژوورەکەی و بە پەرۆشەوە ووتی: گوێت لێ بوو..گوێت لێ بوو..!**

**دەستی بەرەو هۆڵەکە ڕاکێشاو قورگی پڕ بوو لە گریان ڕێگای نەدا قسەکەی تەواو بکات و پەژارە بوونیش ڕەنگی هەڵبزرکاندبوو.دوایی بە دەم هەنسکەوە قسەکەی تەواو کرد: ئێستە لە تەلەفیزیۆن ووتی: سبەینێ و دوو سبەی واتە یەك شەمە دوا ڕۆژی ئیستمارە وەرگرتنە لە دانیشگا.))**[2] .

بە هۆی ئەم سەرەتایەوە گێڕەرەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئاگاداری تەواوی ژیانی کەسایەتیە کانە و دەزانێت لە ڕابردوودا چی ڕوویداوە و لە ئێستا و داهاتووشدا چی ڕوودەدات.بە هیچ شێوەیەك بواری بیرکردنەوەی بۆ خوێنەر نەهێشتۆتەوە تا بتوانێت پێشبینی ڕووداوەکان بکات لە داهاتوو دا، چونکە خۆی گێرەرەوەی سەرەکیەو هەر ئەویشە کۆی ڕووداوەکان لە دواوە دەبینێت و لە داهاتوودا پێشبینی دەکات.

---

[1] رةطةزةكانى ضيرؤك لة داستانى(مةم و زين)ى خانى دا.نةوزةت ئةحمةد عوسمان.نامةى دكتؤرا. زانكؤى بةغدا.كؤليجى ثةروةردةى أبن روشد 1999ى زايينى.ل 135.

[2] دار بةرِووة بيَسيَبةرةكة.دؤزةخى رِؤذيَك.ل 41.

## دووەم: بینین لەگەڵ :*

تێڕوانینێکە زۆربەربڵاوە لە بەکارهێنانیدا، بینینێکە لەمەوە(( گێڕەرەوە ئەو جیهانە تایبەتیە خودیەی کەسایەتیەکەمان پێشکەشدەکات بەڕێگایەکی خودی.واتە لێرەدا تێکەڵ بەخەیاڵی خۆشی دەکات بەبێ ئەوەی گێڕەرەوە وجودێکی تەواوی هەبێت و دەسەڵاتی تەواوی بەسەردا بشکێ وەك گێڕەرەوەی هەمووشت زان"بینین لەدواوە"))[1] لەم جۆرەشدا زانیاریەکانی گێڕەرەوە لەبارەی ڕووداوەکانەوە لەگەڵ زانیاری کاراکتەرەکان یەکسانن، واتە ڕێژەی زانیارییەکانی کاراکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە لەڕووی چەندێتیەوە یەکسانن.زانیاری هیچیان لەزانیاری ئەویتریان نە کەمترە، نە زیاترە بەڵکو شان بەشانی یەکتر دەڕۆن.سەرچاوەی پەیداکردنی زانیارییەکانی گێڕەرەوەی هەمووشتزان هەرکاراکتەرەکان خۆیان نین، بۆیە ئەم گێڕەویە ناتوانێت هیچ شتێك ئاشکرا بکات ئەگەر کاراکتەرەکان خۆیان ئامادە نەبن و نەیدرکێنن.بۆیە توانای ئەوەشی نییە پێش یان پاش ڕووداوەکان بکەوێت و بە ئارەزووی خۆی لەئاستی کات و شوێن دا هەڵسوکەوت بکات، بەڵام هەندیك لەڕەخنەگران پێیان وایە کە گێڕەرەوەی هەمان شتزان بینین لەگەڵ لەگێڕانەوەدا(( هەردوو جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەر و کەسی سێهەمی نادیار بەکاردەهێنێت، بە مەرجێك سیمای بینین لەگەڵ بپارێزێت.واتە ئەگەر بەجێناوی قسەکەر دەستی بەگێڕانەوەکە کرد و پاشان جێناوی کەسی سێهەمی نادیاری بەکارهێنا ئەوا ڕێڕەوی گێڕانەوەکە هەر مۆرکی یەکەم لەبەرچاو دەگرێت کە نەکاراکتەر لەزانیارییەکانی گێڕەرەوە بێ ئاگایە، نە گێڕەرەوەش لەزانیاری کاراکتەر بێئاگایە.))[2].واتە لێرەدا گێڕەرەوە = بە کەسایەتی .بۆیە چیرۆك گێڕەرەوەی هەمان شتزان بینین لەگەڵ هەرلەچوارچێوەی ناوەوەی چیرۆکەکەدا دەمێنێتەوە و کەسایەتیەکانیش لە گۆشەنیگای دیارکراوەوە دەبینین.

لە چیرۆکی"شەقێك لە تۆپەکە" گێرەرەوە گێڕوەیەکی هەمان شت زانە واتە گێڕەرەوە ئاگاداری هەموو ئە شتانەیە کە کەسایەتی دەیزانێت، واتە زانیاریەکانی یەکسانە بە زانیاری کەسایەتی ناو چیرۆکەکە و هەمان شت دەبینن.

---

*** هةنديَك رِةخنة طر ثيَي دةلَين:"ديتنى تةنيشت بةندى_الرؤيةالمجاورة".سودمان لة: رةطةزةكانى ضيرؤك لة داستانى(مةم و زين)ى خانى دا.ى نةوزةت ئةحمةد عوسمان زيَبارى وةرطرتوة.ل 134.**

[1] الرواية والتاريخ.الدكتورنضال الشمالي.ص 198-199.

[2] تةكنيكى طيَرِانةوة لةرؤمانى ئيَوارة ثةروانةى بةختيار عةليدا.جلال ئةنوةر، بةرِيَوةبةرايةتى ضاث و بلاَو كردنةوةى سليَمانى، 2009 ى زاييني.ل 190-191.

**((قا چێکم لە جێ چوو بوو، لە بە ربێ تاقەتی لە ئاشکرای یەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ بەر پەنجەرەی سەر جادەکەم ئەگرت، قاچم لێ ڕا ئەکێشا، بە سەیرکردنی ئەم مەردمە زاخاوی چاوم ئەدایەوە...))**[1].گێڕەوە بە شێوەیەکی خودی دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکە کردووە تا دەگاتە ئەوەی کە دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە بە چاوی خۆی بینیویەتی و جارێکی تر دەیگێڕێتەوە، واتە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەهێنێتەوە و لە کاتی ئێستادا بە شێوەی فلاش باك دەیگێڕێتەوە.

**((هەموو ڕۆژ منالێکی ئاوا دە سالانم ئەدی.ئەهات لە دەشتەکەی بەرامبەرمان لە پەنا دیوارێکا بە دیار سینی یە کۆتەیەکی بچوکەوە چوار مەشقی دا ئەنیشت، سینی یەکە هەر جارە شتێکی لەسەر بو، یان حەلوا، یان لەبزینە و مەسکەت و یان شروب....))**[2] لەم شێوەیەدا هەست بە بوونی گێڕەرەوەی دووەمیش دەکەین کە چیرۆکنوس خۆیەتی، بۆیە ئاستی زانیاریەکانیان هاوتای یەکە ((بگێڕو کەسایەتی هەمان شت دەزانن، بگێڕ دەتوانێت شوێن پێ ی کەسێك یان چەند کەسێك بکەوێت، گێڕانەوەش دەتوانێ بە تێڕوانینێك ببەستێت))[3].

لە چیرۆکی "ئازایەتی"دا چیرۆکگێڕەوە چیرۆکگێڕەوەیەکی (هەمان شتزانە)، سەرەتا چاوی کامێراکەی دەکاتە سەرشاخی گۆیژە و یادەوەرییەکانی ناخی کەسایەتیەکە دەهەژێنێت.لەکاتی هاتنەوەی بۆ ناو شار باسی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە بەسەر ژیانی خەڵکەکە و داب و نەریت و خواردەمەنە میللی یەکانی ناو شاردا هاتووە.هەموو ئەمانەی کە هەن نامۆن بە ئەم و کاریگەری لەسەر باری دەروونی دروست کردوە.ئەم کاریگەریەش لە چوارچێوەی دەقەکە و قسەکانی کاراکتەرە سەرەکیەکەوە بەدەر دەکەوێت لە کاتێکدا باس لە ڕابردووی خۆی دەکات و دەڵێت: **(( دەمێك بوو سەرم لەشار نەدابوو.بیرم ئەکرد بەلام چۆن بیرکردنێك، هەر ئەوەندەی شاخی گۆیژەی بەرەئاشکرام ئەهاتە بەرچاو، هەتاسەری نینۆکیشم تەزووی پیادا ئەهات، دوایی ڕێك کەوت و سەرێکم لێدا.شارەکەی جاران نەبوو، لەگوزەرەکاندا بەدەگمەن وشەی (دەڵمەیە) ت بەرگوێ ئەکەوت.هەرچی وشەی(عالەکوبە) و (وەك پشتی کەر وایە چەوەنەر)ە، سەروشوێنیان نەمابو.تاقە دەنگ کە دەبیسترا (قلێشایە) وە بوو.))**[4].

---

1 دة ضيرؤك.بستيَ زةوى.ل 3.

2 هةمان سةرضاوة.ل 4.

3 رةطةزةكانى ضيرؤك لة داستانى(مةم و زين)ى خانى دا.نةوزةت ئةحمةد عوسمان زيَبارى.ل 134.

4 ذوورى ميوان.ئازايةتى.ل 24.

چیرۆکگێڕەرەوە لەبەرگی شاکەسدا ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کەخۆی لەتوانایدا نییە زیاتر کات و شوێن ببڕێت و بچێتە ناو ناخی کەسایەتیەکانی ترەوە.بۆیە لەناو ئەم جۆرەدا گۆشەنیگایەدا((گێڕەرەوە و کاراکتەرەکان یەکسانن لەزانیاریەکاندا.گێڕەرەوە هیچ شتێك ناناسێتەوە تەنها لەوکاتانەدا نەبێت کە کاراکتەرەکان شتەکان دەناسنەوە، واتە لێرەدا تێگەیشتنی خوێنەر و وەرگرتنی بۆ ڕووداوەکان بەستراوەتەوە بەوەی کە گێڕەرەوە خۆی پێشکەشی دەکات لە ڕوونکردنەوە و تەئویلاتی جۆراو جۆر.بۆیە دەکرێت گێڕەرەوە خۆی کاراکتەرەکە بێت و لێی جودا نەبێتەوە، ڕووداوەکانیش بەجێناوی قسەکەری □من□ دەگێڕێتەوە.))[1]، چونکە گێڕانەوە بە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری □من□ ڕاستەوخۆ خوێنەر یان گوێگر دەباتەوە ناو بیر و هەست و هۆشی گێڕەرەوەوە لەچیرۆکدا.

**(( لەناکاو شریخەیەك هاتە بەرگوێ، کەسەیرم کرد بینیم ئاسمان بووە ڕۆژی ڕووناك، گوللەی ڕەشاش و کلاشینکۆف بە هەرچوارلادا گەشتیان ئەکرد.بەسەرخانووەکەدا ئەڕۆشتن و فیکەیان لێ ئەدا بەلأم چۆن فیکەیەك لە زنجیرەیەك مۆمی قرتاوی داگیرساویان ئەکرد بەسەروتا تێ ئەپەڕین ئەتوت پەرژینی ئاگرە دەورووبەر ئاوڕشێن ئەکا.))**[2].گێڕەرەوە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی خودی پێشکەش دەکات، واتە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری(من) لە بری(ئەو)ی نادیار، ئەمەش زیاتر خوێنەر دەباتەوە ناو بیر و زیهنی گێڕەرەوە لەوەی کەوا پێشکەشی دەکات.لەلایەکی ترەوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کەوا ڕوویان داوە لەژیانی شاکەس دا، هەموو ئەو ڕووداوانە تێکەڵ بەدەنگی شاکەس دەبن.ئەم جۆرە گێڕانەوەیەش شێوەی یادگاری وەردەگرێت کە چیرۆکگێڕەرەوە بەشێوەیەکی هونەری دەیگێڕێتەوە.

لە چیرۆکی"ڕەش بەڵەك" دا بەهەمان شێوە چیرۆك گێڕەرەوە شوێنی ناوەوەی چیرۆکەکەیە و یەکێکە لە کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە کەباسی بەسەرهات و سەردەمی منالێ و لاوێتی خۆی دەکات کەچی بەسەرهاتوە و چیکردووە.**(( ئەوسا تازەخەتم دابوو، هەموو ڕۆژ بەدزی یەوە بەمەکینەی تەراشەکەی باوکم بەرامبەر ئاوێنە نیوەشکاوەکە ئەوەستام بە پەلە بەڕوومەتما ئەمهێناو ئەمبرد، هەربۆ ئەوەی ئەمە خوایە تووکم لێ بڕوێ و ببمە خاوەن ڕیش و سمێڵ.نەجارێك و نەدووش زوو زوو ئاوڕم ئەدایەوە، ئەترسام لەوەی نەوەکا بەچاو بکرێم و ئەوسا پاداشی حەرەکەم و سووکم فەلاقەیەکی تێر و تەسەل بێ.))**[3].

1 مکونات الخطاب السردی. مفاهیم نظریة. الدکتور الشریف حبیلة .ص 63.
2 هەمان سەرچاوە.ل 24_25.
3 ذووری میوان.رەش بەڵەك.ل 69.

بەم شێوەیە چیرۆکگێڕەرەوە خۆی خستۆتە بەرگی شاکەسی چیرۆکەکە و هێندەی کەسەکە دەزانێت کە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، چونکە وەك چیرۆك گێڕەرەوەیەکی هەمان شت زان شوێنی لەناو چیرۆکەکەدایە و بەئارەزووی خۆی ناتوانێت هەنگاو هەڵێنێت و پێش ڕووداوەکان بکەوێت.واتە سەربەستییەکی تەواوی نییە وەك گێڕەرەوەی هەموو شت زان.لێرەدا پەیوەستە بەکات و شوێنەوە، دواتر گێڕەرەوە شوێن پێی ڕووداوەکان دەکەوێت و لەبەرگی شاکەسدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەکاتی چوونی بۆدیدەنی کچەکەدا چی بەسەرهاتوە و دەڵێت:

**(( سبەینێ عەسر زوو خۆم گۆڕی و هەموو ئەو قسانەم لەبەرکرد کە دام نابوو بەگوێی یاری نازدارا هەڵی بدەم، بگرە بیرم لەیەك دوو دێڕ شیعریش کردەوە، بەڵام ئەوەم هەڵگرت بۆ جارێکی دی، هەر ئەوەندەی گەیشتمە بەر دەرگاکەیان دوو بۆزە زەلام پاش و پشتیان لێ گرتم و کوێت دێشێ! هێندەیان کوتام دووجار لەهۆش خۆم چووم، لەدەنگی شەق و زللەی ئەوان و هاوار و پاڕانەوەی من و ڕێبواران و دەور و دراوسێ هاتن و ڕزگاریان کردم، ئەگەر نا ونجڕ ونجڕیان ئەکردم و ئەیان کردمە خۆراکی سەگ و گورگ.))**[1].

چیرۆکگێڕەرەوە تەواو شوێن پێی شاکەس کەوتوە و هەر ئەوە دەزانێت کە شاکەس دەیگێڕێتەوە، لەگەڵ کەسایەتییەکە زانیارییەکانی یەکسانن.ئەمەش بوونی ئەم گۆشەنیگایە دووپات دەکاتەوە لە چیرۆکەکەدا، چونکە گێڕەرەوە و کەسایەتی یەکان زانیاری یەکان هێندەی زانیاری یەکتری یە، ئەمەش( بینین لەگەڵ) دەپارێزێت و چیرۆك گێڕەرەوەش هەر لەناوەوەی چیرۆکەکەدا دەمێنێتەوە و سەرچاوەی زانیاری یەکانیشی کەسایەتی یەکانن خۆیانن نەك چیرۆکنووس خۆی کە لە گێڕەرەوەی ( هەموو شت زان )دا بەدیدەکرێت.

سێهەم: بینین لە دەرەوە:

لەم جۆرە گۆشەنیگایەدا گێڕەرەوە هیچ شتێك نازانێت دەربارەی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان یان کەسایەتیەکان، تەنها ئەوانە نەبێت کەدیارن، بۆیە لێرەدا زانیارییەکانی گێڕەرەوە کەمترە لە زانیارییەکانی کەسایەتییە بەشداربووەکانی ناو چیرۆك، چونکە زانیارییەکانی ڕووکەشییە، تەنها وەك شایەدحاڵێك وایە کە ڕووداوەکان دەبینێت و وەسفیان دەکات.بیرو بۆچونی کەسایەتیەکانیش نازانێ، بۆیە هەندێکجار(( گێڕەرەوە ئەوە هەڵدەبژێرێت کە قسەکەر بەزمانی ئەوەوە بێت یاخود یەکێك بێت لە کەسایەتیەکانی ناوکاری

[1] هەمان سەرچاوە.ل 73.

چیرۆکنوسینەکەی، ئەلێرەوە بەهۆی پێکدادانی دەروونی لەمیانەی تێگەیشتن و عەقڵیەت و میزاجی گێڕەرەوە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەی هەڵدەبژێرێت))[1].چیرۆك گێڕەرەوەی ئەم بوارەش چیرۆکگێڕەرەوەی"کەم شتزان"یشی پێدەڵێن، چونکە (( زانیارییەکانی گێڕەرەوە بەهۆی بینین و بیستنەوە دەست دەکەوێت، واتە سەرچاوەی پەیداکردنی ئەو زانیاریانە تەنها ئەم دوو هەستەیە))[2].هەروەها لەم شێوازەدا، گێڕەرەوە< لەکەسایەتی.ئەمەش بە پێچەوانەی گێڕەرەوەی "هەمووشتزان – بینین لەدواوە" یە.

لە چیرۆکی"ماچ"دا* **د.کاوس قەفتان** ئەم دیتنە دیار دەکات کە گێڕەرەوە گێڕەرەوەیەکی خودی یە تەنها بە شێوەی بیستن دەتوانێت زانیاریەکان وەربگرێت و بە شداربێت لە گەڵ گێڕەرەوەی دووەم کە کابرای"فەلە"یە واتە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و دەڵێت:

**((ئەمویست نیازو ڕازی دڵمی پێ بڵێم و داوای ماچێکی سەر ئەو کوڵمانەی لێ بکەم، بەڵام خێرا بە تووڕەیی یەوە ئەیوت: وەی سنگان! بە تیلایی تێی ئەڕوانیم و بە لەنجە تێ ئەپەڕی.قسەم پێ تەواو نەئەکراو هێندەی تریش شێت و شەیدای ئەبوم))**[3].گێڕەرەوەی یەکەم ئاستی زانیاریەکانی تەنها ئەوەندەیە کە کەسایەتی سەرەکی" کابرای فەلە" دەیگێڕێتەوە و ئەم تەنها گوێی لێدەبێت، بە نەمانی ئەم یا وەستانی لە گێڕانەوەکە زانیاریەکانی ئەمیش کۆتایی پێدێت.

**(( لە قەیەکی قایمی ئەوەشان و توو ئەباری یە خوارێ بەسەرما و لە گەڵیا ئەیقیڕان: وەی زڵفنج، دەیسا شەق بەریت تامی ناکەیت.بە تووڕەیی یەوە ئەهاتە خوارێ ، تورەکەی هەڵ ئەگرت و بێ ئاوڕ دانەوە تێ ی ئەتەقاند))**[4].

لە چیرۆکی"بەڵام کوردم" هەست بەگێڕانەوەی دوو چیرۆك دەکەین کە سەرەتا چیرۆك گێڕەرەوەیەکی (هەمان شت زان)ە لەدەرەوە شتەکان دەبینێت و باس لە رابردووی خۆی دەکات کە چۆن گەنجێکی تورکی بینیوە لەسەر ڕووباری ڤانزی لە(بەرلین)، قسەو باسەکانی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە کە چی گوتووە و چی باس کردووە:

---

[1] النقدالطبيقى التحليلى.د.عدنان عبدالله.ص 87.

[2] بيناى هونةرى ضيرؤكى كوردى لةسةرةتاوة تا كؤتايي جةنطى دووةمى جيهانى.ثةريَز سابر.ل 253.

*** بيجطة لةم ضةند ضيرؤكة ضيرؤكنوس ضةند ضيرؤكيَكى ترى هةية كة بةر طؤشةنيطاى"بينين لة دةرةوة" دةكةويَت. ضيرؤكةكانيش ((بستيَ زةوى، شةويَكى رِةمةزان، ضيرؤكيَك لة سةر كانييةك، شؤرِشى ويذدان، طولاَلَة سورة، نانى خويَناوى، دار بةرِووة بيَسيَبةرةكة، ئوتو ضى))ن.**

[3] دة ضيرؤك.ماض.ل 29.

[4] هةمان سةرضاوة.ل 30.

**(( لەبەردەمما وەکو کێوێکی سەخت قوت بوبۆوە.ئەگەرچی بەچاوێ سەیری منی ئەکرد، بەلآم بیری لەسەربالی دالغەیەکی قولێ فڕیبو و دوور زۆر دوور هەواری هەلدابوو..))**[1].دوای ئەوەی کە ئەمانەمان بۆ باس دەکات، چیرۆکگێڕەرەوەی کەم شت زان لەڕێگای بیستنەوە زانیارییەکانی لە چیرۆکگێڕەرەوەی دووەم دەست دەکەوێت، ئەگەر لەگەلی نەمێنێت هیچ شتێك نازانێت، ئەو ڕووداوەی کە بەسەر لاوە تورکە کە هاتوە لەسەردەمی منالیدا وایکردووە کە خۆی بەکورد بزانێت و دەلێت:

**(( ئێستەش لەبیرمە وەکو دوێنی ڕووی دابێت، وەکوو خەوێکی تالێ و ترش بیێ دوێنیێ شەو دیتبێتم.دێ یەك بەقەدپالی شاخێکی سەختی بلندەوە، یەکێك و لەو هەزار و یەك دێیانەی کوردستانی تورکیا خنجیلە و نەشمیلە...))**[2] لێرەوە وورده وورده چیرۆکگێڕەرەوەی کەم شت زان زانیارییەکان لەلاوە تورکەکە وەردەگرێت کە تەواوی بەسەرهاتی دێ یەکی کوردستانی تورکیای بۆ باس دەکات کە بەچاوی خۆی بینیویەتی.(( بەم هۆیەوە گێڕەرەوە دەزانێت وەسفی کار و کردەوەکانی کەسایەتیەکان بکات.بە بیێ ئەوەی بیبینێت یان گوێی لێبێت.واتە سنوری خۆی تێناپەڕێنێت.بچێتە ناو ناخی کەسایەتیەکانەوە و هەموو نهێنیەکانیان ببزانێت.بەلکو لەسنوری دیاریکراوی خۆیدا دەوەستێت ))[3].لە بەشێکی تری تێکستی چیرۆکەکەدا چیرۆکگێڕەرەوە لە سنوری دیاریکراوی خۆی وەستاوە تەنها لە ڕێگای بیستنەوە ڕووداوەکانی دەست دەکەوێت بەبیێ ئەوەی خۆی پشکداربێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دا، سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیارییەکانی تەنها کەسایەتی دووەمە کە گێڕەرەوەی دوومە و بە شێوەیەکی خودی دەیگێڕێتەوە بەم شێوەیە درێژە بە پێدانی زانیاری یەکان دەدا و دەلێت: **(( هەرکەجەندرمەی تورك نزیك بۆوە شتێکی زۆر سەیر ڕوویدا هێندەم زانی هەرئافرەتە گەورە و بچوکیان بەخێرایی بەکۆمەلێ کۆبوونەوە و بەرەو لووتکەی شاخە قووچەکە کەوتنەڕێ.من وام زانی ئەدەنە شاخەکە بۆ خۆقایم کردن.بەلآم ڕاست بۆی نەچوم ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتە شۆخانە هەروا لەبەرچاومە لەسەر شاخەکە کۆبوونەوە ڕاوەستابوون سەیری دێ یەکەیان ئەکرد...))**[4].

سەرچاوەی زانیاری یەکانی گێڕەرەوەی کەم شت زان لێرەدا تەنها (بیستن)ە، زانیاری یەکانی گێڕەرەوە بچوکترە لەشارەزایی و زانیاری یەکانی کاراکتەر ئەمەش دەکاتە(بینین لەدەرەوە) نەك لە ناوەوە یان لەگەلێ.هەروەها لەو زانیاریانەی کەوا چیرۆکگێڕەرەوە تەنها

---

[1] خۆری ئاوابوو.بەلآم کوردم.ل 72.
[2]. هەمان سەرضاوە .ل 76.
[3] الراوية التأريخية.د.جمال خضير الجنابی.ص 198-199.
[4] خۆری ئاوابوو.بەلآم کوردم.ل 78.

لەڕێگای (بیستن)ەوە زانیاریەکانی دەست دەکەوێت.لە چیرۆکی" لەژوورێکی بێ دیواردا" ئەم بینینە بەدیدەکرێت، چونکە بەشێك لە بەدەستهێنانی زانیارییەکان تەنها بیستنە، لەم چیرۆکەشدا کەسایەتی سەرەکی (بێناوە)، پیاوێکە لەژوورێکدایە و هەوڵی نووستن دەدات بەلاّم گوێی لە گفتوگۆی کەسەکانی دەرەوە دەبێت و لەڕێگای ئەوانەوە زانیارییەکانی دەست دەکەوێت.

**(( بن میچی ژوورەکە لەخۆیەوە هەڵ ئەپەڕی.لە شەقامەکەشەوە زەلامێکی لاڵ بەدەنگێکی بەرز ئەیوت:**

**–ئەستێرەکان چاوم لێ هەڵ ئەتەکێنن، بەلاّم بەندە بەچاوی ئاسمان هەڵ ناخەڵەتێ.**

**جڕتێکی دوو دەنگی ناڵەی هات بەچەپڵەوە ئەیوت:**

**–هەی لەئاسمان وەی لەئاسمان..**

**لەوێش لەژوورەوە سمێڵ قەیفەیی یەکە لەتەلەفزیۆنەکەوە ئەیفەرموو:**

**–ساڵێك لەمەوبەر لەئەفغان پیاوێك بوو بەژن، دوێنی بەسکێك دوو مناڵی بوو، هەمووشیان نێرینەدەرچوون.....))**[1] .

زانیاریەکانی گێڕەوە لە چوار چێوەی کەسایەتیەکان ناو چیرۆکەکە، زیاتر ئەرکی وەسفکردن دەبینێت واتە (( وەسفی کاری کەسایەتی یەکان دەکات، بەلاّم هزری ئەوان نازانێت و هەوڵیش نادات پێشبینی بۆ بکات ))[2].چیرۆك گێڕەرەوەی کەم شت زان لەدەرەوە شتەکان دەبینێت، لە شاکەسی چیرۆکەکە کەمتر دەزانێت، بۆ پەیداکردنی زانیارییەکانیش لە ڕێگای بیستن یان بینینەوە زانیارییەکانی دەست دەکەوێت، تا ئەوکاتەشی ڕووداوەکان بەچاوی خۆی یان گوێی خۆی دەبینێ و دەبیستێ زانیارییەکانی دەزانێت، بەلاّم بەدوورکەوتنەوە لە کەسەکان یان شوێنەکە زانیارییەکانی ئەمیش کۆتایی پێدێت کە دەیەوێ بیزانێت.

1 نیوهةنطاو دورلةدؤزةخ.لةذووريَكى بيَ ديوارا.ل 63.

2 الأنشائية الهيكلية.تزفتان تودوروف، ترجمة عن الفرنسية: مصطفى التوانى، مجلة الثقافة الأجنبية، دار الجاحض للنشر، بغداد، العدد(3)، السنة الثانية،1982،ص(13).

پاری دووەم

## 1: وەسف :

وەسف لە زۆر دەقی ئەدەبیدا چ شیعر یان چیرۆك یان ڕۆمان یا هەردەقێكی تری ئەدەبی پەخشانی بێت بەرچاو دەكەوێت.كۆمەڵێك بابەتی بەرچاویش لەخۆدەگرێت وەك: كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ژینگەیی و سروشت و ئایین و لایەنی ماددی و مەعنەوی...لە كۆنیشدا وەسف زیاتر لە بواری جوانكاری گوتاری دادگەیی و ئایینی و سیاسی دا بەكاردەهات، كە كۆمەڵێك ووشەی جوانی لەو بوارانەدا دەگرتەخۆ.سەرەتاكانی بوونی وەسفیش بۆ كتێبەكەی (**ئەرەستۆ**) دەگەڕێتەوە بەناوی (**هونەری شیعر**).بەلای ئەوەوە ئەركی گرنگی قسە ئەوەبوو كە شتەكان وا لێبكەی ببینرێت ((بۆیە لە دروستكردن و بنیادنانی گوتاری شیعری و ڕەوان بێژی دا دوو مەرجی سەرەكی دانابوو ئەوانیش"ڕوونی و ئاشكرایی"كە بوونە بنەمای سەرەكی چالاكی كاری دەربڕین، ئەم چالاكیەش لە بنەڕەتەوە تەركیز دەكاتە سەر مەبدەئی(بینین)بەو واتایەی وا لەشتەكان بكەی بەسادەیی ببینرێت))[1].(ڕۆلان بارت) یش پێی وابوو كە(( هەموو وەسفێكی ئەدەبی گوزارشتەلە" بینین-*UNEVUE*" ئەمەش وەك ئەوە وایەكە وەسفكەر پێش دەربڕین لەپشت پەنجەرەیەك ڕابوەستێ بەمەبەستی ئەوەی كە دەیبینێت جارێكی تر بنیاتی بێنێت ))[2].بۆیە بەلای (ڕۆلان بارت)ەوە گواستنەوەی واقیع جارێكی تر كۆپیكردنی نوسخەیەكە لەو واقیعەی كەپێشتر وێنەكراوە و تجریدكراوە ئەمەش لە بۆچونی (ئەفلاتون) نزیك دەبێتەوە كە دەڵێت: ئەركی شاعیر لاسایی كردنەوەی واقیعە یان كۆپی جیهانی واقیعیە كە ئەم جیهانەش كۆپی جیهانی باڵایە، واتە لێرەدا چیرۆكنوس لە وێنەكێشانی ئەو واقیعەدا تەنهاكەسێكی لاسایی كەرەوەیە.

پاش ئەمە چەندین تیۆر و بیرو بۆچونی جوداجودا دەربارەی وەسف هاتە ئاراوە كە هەریەكەیان بەجۆرێك گوزارشتیان لێكردوە و ڕاكانیان تێدا دەربڕیوە، زۆربەی ئەم بۆچونانەش خۆیان لە وێناكردنی سروشت و ڕشتەی ماددی و ماتریالیەكانی ئەو سروشتەدا دەبینیەوە، كەمەبەستی ئەوەبوو وا لەشتەكان بكەی كە تەنها بەچاو نەبینرێت، بەڵكو وای لێبكات كەوا هەست بكات كۆپیەكە لەواقیع و لەگەڵیدادەژیت.یان وا پیشانی بدات كەوا ئەو

---

[1] الوصف في الشعر العربي في القرن الثاني للهجرة، د.بسمة نهى الشاوس، مكسيليانى للنشر.الطبعة الأولى2010م.ص 17.
[2] هەمان سەرضاوە.ل 32.

کەسەی ڕووداوەکانی بەسەردادێت لە ڕاستییەوە نزیکە.بۆیە لەکۆندا وەسف زیاتر(( بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە دیمەنی دەرەوەی شتەکان بخاتەڕوو، واتە زۆرگرنگیان بەدیوی ناوەوەی مرۆ نەدەدا ))[1].بەلای ڕەخنەگرە کۆنەکانی عەرەبیش وەسف تەنها ڕووخساری دەرەوەی شتەکانی دەگرتەوە لەوانەش(( قدامەی کوڕی جەعفەر کەپێی وابوو وەسف تەنها بریتیە لە ڕووخساری دەرەوەی شتەکان ))[2]، هەروەها(أبن رشیق)* یش پێی وابوو کە وەسف هەواڵێکە دەربارەی ڕاستی شتێك، ئەمەش ئەو سروشتە دەگرێتەوە کە تێیدایە و دەیگوازێتەوە، ڕاستیە و خەیاڵی نییە.هەندێکی تریان پێیان وابووە کە وەسف نمایشکردنی وەسفکراوە بۆ بینەران بەرامبەر ئەوانەی کە گوێگرن.واتە باشترین وەسف ئەوەیە کە بەشتێك چوێندراوە، تاوای لێدەکات بۆ گوێگری ئاشکرابکات.هەندێکی تر ڕایان وابووە کە ئەوەی وەسف گەیاندویەتی و گوتویەتی، نەگوێ بیستویەتی نەچاویش دیتویەتی، ئەسڵی وەسفیش ئاشکراکردن و دەرخستنە.

دەتوانین بڵێین وەسف کاری تەنها ڕازاندنەوەی ڕووخساری دەرەوە بووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئەدەب و هونەر و ئەرك و وەزیفەی وەسفیش گۆڕا، ئەگەر پێشتر تەنها ڕووکەش و دەرەوەی دەقێکی ئەدەبی دەگرتەوە، بەڵام ئێستا گوزارشتە لەناوەوەی دەروونی تاکەکان و هەڵچون و سۆز و ئارامی دەروونیان لەهەمان کاتدا وەکوو ڕەمزێك بەکاردێت و گوزارشت لەشتی تردەکات وەك: ڕێکخستنی کاری گێڕانەوە و جوانکاری و دەرخستنی پاڵەوان و شوێن و کاراکتەرەکان و.....ئەگەر بێینەسەر چیرۆکیش ئەوا بەشێوەیەکی بەرفراوان هەست بەبوونی دەکرێت لەناویدا، مەحاڵە هیچ چیرۆکێك خاڵی بێت لە وەسف، چونکە زیندویی دەبەخشێتە دەق، لەکاتێکدا کە گێڕانەوە و دیالۆگ توانای ئەوەیان نامێنێ شتەکان و دیمەنەکان و ناخ ودەروونی کەسەکان پیشان بدەن، بۆیە وەسف (( گرنگی دەداتە هەموو هەستەناوەکییەکان، ئەوەشی شایانی وەسفکردنە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت سەرنج ڕاکێشەربێت چ لەئاستی ڕووداوەکانی ڕۆژانە یان لەسەرئاستی خەون و

---

1 لیَکۆلینەوەی ڕەخنەی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە.نجم ئەڵوەتی.ل 97.

2 سوودمان وەرطرتووە لە: الوصف فى الرواية العراقية، دراسة نقدية فى تقنية بناء الوصف، عبدالأميرمطرفيلى الساعدى، رسالة ماجستير، كليةالأداب، جامعة بغداد،2000م.ص 32.

*** أبن رشيق ( 390_463کۆضی = 1000_ 1071 ی زایینی) حەسەن ی کوڕی رشیق قەیرەوانی یە، ئەدیب و رەخنەطرو تویَذەرە. باوکی یەکیَك بووە لە لایەنطرانی ئەزد.لە شاری( مەسیلە) ی مەغریب لە دایك بووە ، کاری زیَڕنطری فیَربووە.دواتر بەرەو لای ئەدەب ڕۆشتوەو شیعریشی ووتوە.دواتر بەرەو قەیرەوان ڕۆشتوە و ستایشی ئاشای کردووە، بە هۆی ئەمەوە ناوبانطی دەرکردووە.دوای ئەوەی ئاذاوە دروستبوو بەرەو دوورطەی سەقلیە ڕۆشتوە، لە (مازەرە_MAZZARA)کە یەکیَکە لە شارەکان سەقلیە نیشتەجیَ بووە و هەر لەویَش کۆضی دوایي کردووە. لە بەرهەمەکانیشی: (أنموذج الزمان في شعراء القيروان، ديوان شعره، ميزان العمل في تاريخ الدول، شرح موطأ مالك، الروضة الموشية في شعراء المهدية، تاريخ القيروان، المساوى فى السرقات الشعرية).**

خەیاڵ و هواجس، هەروەها وەسف دیاردەی هەستی زانین دەگرێتە خۆ کەهەمان گرنگی زانینی هەیە، ئەگەر زیاتریش نەبێت ))[1].ئەگەر بەلای هەندێك لە ڕەخنەگرەکانەوە وەسف تەنها ڕوخساری دەرەوەی شتەکانی دەگرتەوە، بەڵام هەندێکی تر لەڕەخنەگرەکان بەخەیاڵ و زمان و سۆز دەیبەستنەوە.ئەمەش وایکرد کە بەشێك لە ڕەخنەگرەکان زمان بە کەرەسەی سەرەکی یان بە بەرهەمێکی سەرەکی وەسف دابنێن، لەوانە ڕەخنەگری عەرەبی (د.عبدالملك مرتاچ) دەربارەی وەسف دەڵێت: ((وەسف کوڕی زمانە، دەربڕینی جوانیشی کچێتی، شێوازە پێکهاتەییەکانیشی دەرکەوتەیەکە لەدەرکەوتەکانی، هەروەها وەسف بەرهەمێکی نایابی زمانە ))[2] ئەگەر وەسف کوڕی زمان بێت و جوانی دەربڕینەکەشی کچی بێت بەواتای ئەوەدێت کەوا وەك منداڵی وان و بەشێکن لەجەستەیی و لێی جودا نابنەوە، پێکەوە پێکهاتەی ژیان لە چوارچێوەی دەقێکدا دروستدەکەن، بەڵام (د.نبیل ئەیوب) وەسف وەها دەناسێنێ کە (( بریتیە لە بەدیارخستنی یان ئامادەکردنی شتێك یان شوێنێك یان گیاندارێك یان مرۆڤێك کە لە ڕێگای وێناکردنی زمانەوانی یەوە ناکەوێتە ژێر دیدی خوێنەرەوە بەڵام بەشێوازێکی گوزارەیی کە تیایدا وێناکردن یەکسانە بە بابەتی وەسفکرا و یان بەشێوازێکی ڕەنگدار بەسۆز و خەیاڵ وادەکات دەربڕین یان بابەتی وەسفکراو تێپەڕێنێت و دووبارە دروستی بکاتەوە بەپێی دیدگای خودی دیاریکراو ))[3].ئەم لێرەدا زمان بەپێوەر دانانێت بۆ وەسف، بەڵکو زیاتر بەخەیاڵ و سۆزەوە پەیوەستی دەکات کە جارێکی تر بەپێی دیدگای خوێنەر دروستی دەکاتەوە.لە ڕووی زاراوەشەوە وەسف (( وێنەکێشانی جیهانی دەرەوە یان ناوەوەیە لە میانەی دەریڕینەکان، ڕستەکان، لێکچواندن و وەرگرتنی تێدا بنیات دەنرێت بەرامبەر ڕەنگ لای وێنەکێش و ئاواز لای مۆسیقا ژەن))[4] ، هەموو ئەمانە بەیەکەوە هەریەکەیان بە ڕۆڵی هەڵدەستێت و وەسف بنیات دەنێن.

وەسف هۆکارێکی سەرەکییە بۆ وەسفکردنی شوێن و ڕووداو و کەسایەتیەکان و ناخی دەروونیان، ئەم وەسفکردنەش ڕێگا خۆشکەرە بۆهاتنی ڕووداوەکانی تر، نووسەر بە ئاگایی یان بەبێ ئاگایی ئەم وەسفە بەکاردێنێت، هەروەها (( خوێنەر بە هۆشیاری یا بێ ئاگا سەرنجی دابێ، ئەوا زمان و خوازە و وێنە لەبڕگەی وەسفی سەرکەوتوودا لەناو چیرۆك،

[1]الوصف فی الروایة العراقیة، عبدالأمیرمطرفیلی الساعدی.ل 32.

[2] تەکنیکی هونەری لەرؤمانەکانی "عبدالله سەراج"دا.ئارەزووممحمد علی، نامەی ماستەر، کۆلیـذی ثـەروەردە، زانکۆی سەڵلاَحەددین، 2010 ی زایینی.ل 8.

[3] بنیاتی وەسف لەرؤمانەکانی"بەختیارعەلی"دا، کاروان مهدی عوسمان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵلاَحەددین 2009 ی زایینی.ل 19.

[4] المعجم الأدبی ، جبور عبدالنور، دار العلم للملاین_ بیروت 1977م.ص 293.

کاریگەری پتریان تەنیا لە کەشفکردنی سادەی ئاساییدا هەیە، چونکە ئەم کاریگەرییە عادەتەن ڕێ بۆ ئەو ڕووداوانەی دواتر دێن خۆشدەکات ))[1].بۆیە دەتوانین بڵێین: وەسف شەبەکەیەکی گوزارشتی و ڕەوانبێژی یە بەمەبەستی ڕێکخستن ی ڕووداوەکان و ڕەوتی چیرۆکەکە، بەڕوونیەکی توند، تا ئاستێك وامان لێدەکات خەیاڵ بکەین کە ئەو شتەی وەسفکراوە دەیبینین و واقعیە، ئەم شێوەیە لە بنیاتنانی وەسف توانای نووسەرمان بۆ دەردەخات، هەروەها بەشێك لەو توانایەی کە هەیەتی بەهۆی وەسفەکەوە دەردەکەوێت، چونکە وەسف پێویستی بەڕەوانبێژی و دارشتنی بەهێز و ڕستەسازی هەیە.وەسف چیرۆك دەڕازێنێتەوە لەکاتێکدا لەناو گەرمەی ڕووداوەکانین ڕاستەوخۆ دەمان گوێزێتەوە بۆ سەر وەسفی پاڵەوانەکان و ئەوشوێنەی کە تێیدایە، ئەمانەش چ دیوی دەرەوە بێ یان ناوەوە بێت، بۆیە بێ ئامادەبوونی وەسف چیرۆك نانووسرێت، بەهۆی بوونی ئەوەوەیە هەموو ڕووداو و پاڵەوانەکان و ئەوانەشی بەوانەوە پەیوەستن لە یادەوەریەکانماندا دەمێنێتەوە.

## 2: پەیوەندی وەسف بەگێڕانەوە:

وەسف و گێڕانەوە دوو پرۆسەی وێکچوون، هەردووکیان لە ووشە پێکدێن و ئەرکی ڕێکخستنی تێکست ئەنجام دەدەن.هەروەها وەسف پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ گێڕانەوەدا هەیە، بە جۆرێك دەچن بەناو یەکدا کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەم دەبێت، (جیراردجنیت)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت:(( بوونی پارچە وەسفێك بەبێ بەکارهێنانی هیچ بنەمایەك لەبنەما کانی گێڕانەوە ئاسانترە لە پێچەوانەکەی، چونکە سادەترین دەستنیشانکردن بۆ بنەماکانی هەر پرۆسەیەك و بارودۆخەکەی دەتوانرێت وەك پیشەیەك بەسەرەتای وەسف دابنرێت ))[2].هەروەها وای دەبینی گرنگی وەسف لە ناو گێڕانەوە لەسەر بنەمای پێویستی بۆ وێناکردنی دەقی گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی بنیات نراوە ، سەرباری توانای وێنەی وەسفی دامەزراو و سەربەخۆیە لە خودی خۆیدا، نمونەش بۆ ئەوانە سەرگوزەشتە و داستان و چیرۆك و کورتە چیرۆك و ڕۆمانن.ئەمەش واتای وایە کە وەسف و گێڕانەوە هەریەکەیان لە خودی خۆیاندا سەربەخۆن و سەربەستن، بەلاّم لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی بەتینیشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، چونکە گێڕانەوە لەسەر بنەمای پێویستی وەسف دامەزراوە بۆ گێڕانەوەی دەقێکی ئەدەبی، چیرۆك بەو پێیەی کۆمەڵە ڕووداویك یان ڕووداوێك و کارێکمان پێشکەش دەکات ئەوا لە هەمان کاتیشدا بەپێی پێویست

---

[1] ضيرؤك و تايبةتمةنديي‌ةكانى، سةلأح عومةر.ل 78.

[2] بيناى هونةرى ضيرؤكى كوردى لةسةرةتاوة تا كؤتايي جةنطى دووةمى جيهانى.ثةريَز سابر.ل 259.

گێڕانەوەی چیرۆکمان پێشکەش دەکات، ئەمەش پێویستی بە ووزە و ماندووبوون هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی تێدا پێشکەش بکات لەچوارچێوەی چیرۆکەکەیدا.ئەمەش پێویستی بە زمانێکی وەسفی هەیە تا بتوانێت لەو چوارچێوەیەدا پێشکەشی بکات، (( بۆیە زۆرجار گێڕانەوە و وەسف پێکداچون لە نێوانیاندا ڕوودەدات، دەتوانین ناوی لێبنێین وێنەی گێڕانەوە کە شتەکان لەحاڵەتی جوڵاودا پیشان دەدات، کەچی وێنەی وەسف شتەکان لەحاڵەتی نەبزواندا پیشان دەدات ))[1].

گێڕانەوە لە ژینگەیەکی زیندوودا پێشکەش دەکرێت و کات و شوێن دەبڕێت و بە زەمەندا دەسوڕێتەوە، بەڵام وەسف ئەو جوڵەیە دەوەستێنێت کە گێڕانەوە دروستی کردووە، وەك ئەوە وایە ئەو شتانەی کە وەسفیان دەکات وەستاو و بێگیان بن، بۆیە هۆکاری ڕوودانی وەسف وەستاویەتی لەناو زەمەندا، خودی ئەم وەستاویەش هۆکارێکە لە درێژکردنەوەی گێڕانەوە لەژینگەدا، ئەم پەیوەندییەی نێوانیان پەیوەندییەکی بەردەوامە، ئەگەرچی وەسف زیاتر پێش بینیە بەڵام گێڕانەوە زیاتر زیندووە.

وەسف لەگەڵ گێڕانەوەدا هاتۆتە ئاراوە و بنیات نراوە، لەیەکەم کاریشی یەوە لە گێڕانەوە جودا نابێتەوە، بۆیە وەك(جنێت )پێی وایە: هەموو قسەکردنێك چ بەڕێگای هاتنەناوە وە بێت یان بەدانانی گۆڕانکاریەکی توند یان بەشێك لەدیاریکردنی کارەکان و ڕووداوەکان، ئەوەی کە وەسفی دەکات بەدروستی گێڕانەوەیە Narration.لەلایەکی ترەوە دیاریکردنی شتەکان و کەسەکان کەلەم سەردەمەی ئێستاماندا دەگرێتەخۆ بە وەسف Descriptionناوی دەبەن، بۆیە دەکرێ پەیوەندی نێوان وەسف و گێڕانەوە زۆر دروست بێت (( ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندیە نا بەرجەستەیەی کە جۆرێك لە وەسفی تێدایە، وەك ئەوە وایە کە نیمچە نادیاربێت، ئەویش لەکاتی خوێندنەوەیەکی سەرپێی و خێراو ئاسایی هەست بەبوونی ناکەین، بەڵام ئەم پەیوەندییە لەکاتی بوونی کاری جوڵەیی و وەسف لەیەك کاتدا دەردەکەوێت ))[2].هەر ڕووداوێك بە یارمەتی کۆمەڵە کارێك کە دەگونجێ لەگەڵی دەکرێت گوزارشتی لێبکرێت، چونکە هەڵبژاردنی کارێك بەم جۆرە هەڵهێنجانی حاڵەتێکی وەسفییە، بەهۆی ئەوەوە جۆری ڕووداوەکە و هۆشی و کارتێکردن لەگەڵی دیاریدەکرێت، لێرەدا پێویستمان بەهەموو جۆرە کارێك هەیە بۆ چالاکیەکی وەسفی نزیك لەگێڕانەوە، وەسفیش وەك بەشێك لە تەکنیکی گێڕانەوە بریتییە لە (( خستنەڕوو و پێشکەشکردنی شت و بوونەوەر

---

[1] تةكنيكى طيَرِانةوة لةضيرؤكةكانى مارف بةرزنجى.شوكرية رِةسول. ل 62.

[2] وظيفة الوصف في الرواية.عبداللطيف محفوظ.الدار العربية للعلوم ناشرون.الطبعة الأولى 2009 م.ص 44.

و ڕووداوەکان، لە شوێن زەمینەی بوونیان و لە دەرەوەی زەمەن و ئەرکی زەمەنیان، لە وەستاندنیان لەجیاتی بەردەوام بوونیان ))[1].بۆیە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان وەسف و گێڕانەوە بەوەی کە (( گێڕانەوە وەسفی جوڵەی کارەکان و ڕووداوەکانە لەناو زەمەندا، بەڵام وەسف بەو پێ یەی حاڵەتێکی وەستاوە ئاماژە بە ڕاپۆرتی زمانی دەکات دەربارەی شتەکان و کەسەکانی لەدەرەوەی ڕووداو و زەمەن ))[2].

پەیوەندی نێوان وەسف و گێڕانەوە پەیوەندییەکی پتەو و ئاوێتە و تێکەڵن، چونکە پێکەوە جیهانی واقیعی و خەیاڵی چیرۆك دەستنیشان دەکەن، کۆمەڵە زانیاری و ڕۆشنبیری پەیوەندار بە کەسایەتی و ڕووداو و شوێن و زەمەن بە خوێنەر یاگوێگر دەبەخشن، بۆیە کاتێك کە گێڕانەوە دێت واتای پەراوێزخستنی وەسف نییە، بە پێچەوانەشەوە کە وەسف دێت واتای پەراوێز خستنی گێڕانەوە نییە، بەڵکوو جوڵەیەکی دینامیکی و بەهایەکی سەرەکییان پێکەوە هەیە، هەردووکیان پێکەوە ڕیتمێکی مۆسیقیی بەناوەوە و دەرەوەی چیرۆکەکە دەبەخشن.بۆیە(جنیت)ڕای وایە کەوا((وەسف زۆر پێویستترە لە گێڕانەوە، چونکە زۆر ئاسانە وەسف بکەین بێ ئەوەی قسەی زۆربکەین یان قسە بکەین بێ ئەوەی وەسف بکەین، بۆیە دەکرێت وەسف بێ گێڕانەوە بێت بەڵام لەکاتێکدا ناکرێت گێڕانەوە بێ وەسف بێت ))[3].ئەم بۆچونەی "جنێت" زیاتر گرنگی وەسف لە ناو پرۆسەی گێڕانەوەدا وەدیار دەخات، لە هەمان کاتیشدا بە ڕەگەزێکی گرنگ و بنەڕەتی بنیاتی گێڕانەوەو چیرۆکی دادەنێت، بۆیە هیچ گێڕانەوەیەك بە بێ وەسف بوونی نیە، واتە گێڕانەوە بە ئەنجام ناگات ئەگەر وەسفی تێدا نەبێت.ئەمەش  زیاتر بە یەکدا چوونی ئەم دوو تەکنیکە لە گەڵ یەکتردا دەسەلمێنێت و تەواوکەری یەکترین لە ناو دەقی چیرۆکدا.

## 3: ئەرکی وەسف:

وەسف وەك هەر هونەرێکی تری گێڕانەوە کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراوی هەیە، گوزارشت لەو ئەرکە دەکات کە دەیگێڕێت تێدا، گرنگی ئەرکی وەسفیش بۆ وەسفکراوەکەی هونەرێکە لە هونەرەکانی بنیادنانی چیرۆك کە نووسەر یان دانەر پشتی پێدەبەستێت لە بنیادنانی

[1] تەکنیکی طێرانەوة لة رِؤمانی ئێوارة ثەروانەی بەختیار عەلي دا.نجم ئەلَوەنی.ل 130.
[2] ملامح فنية فى قصةيوسف علية السلام، صالح ملاعزيز.طؤظاری زانستة مرؤظايةتيةكانی زانكؤی صةلاحةددين.هةولێر.ذ.37ی 2008 ی زاييني.ل 227.

[3] الوصف فى الرواية العراقية، عبدالأمير مطرفيلى الساعدى.ص 14.

چیرۆکەکەدا. وەسفیش ((ئەرکی گەیاندنی کۆمەڵێ واتای فەلسەفی و کۆمەلآیەتی لەناو تێکستی کلاسیکی و نوێدا دەگێڕێ، چونکە لەڕێی وەسف ی ماڵ و جل و بەرگ و ڕووخسار و باری دەروونی کەسایەتیەکانەوە، ئاستی باری ئابوری و ڕۆشنبیری و فیکری ئەوان بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات))[1]. هەروەها گرنگی ئەرکی وەسفیش تەنها لەسەر ئەوە کورت نابێتەوە وەك ئەوە بێت کە تەنها هۆکارێك بێت لە هۆکارەکانی بنیاتنانی هونەری کە چیرۆکنووس لە بنیاتنانی چیرۆکەکەیدا پشتی پێدەبەستێت.ئەگەر ئەرکی وەسف سەرەتا تەنها لەسەرئاستی شتە بێگیانەکان دەوەستایەوە بەلآم لە ئێستادا تەنها لەسەر ئەم ئاستە ناوەستێتەوە، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنی هونەری چیرۆکی و هۆکارە بەکارهێنەرەکانی ئەو هونەرە، گەیشتە ئاستێکی گوزارشتی کە هەستەکان و هەستە مرۆڤایەتیەکانی پێکەوە گرێدەدا، ڕاستەوخۆش لەشێوازی ئەو وەسفە نزیك بۆیەوە کە پشتی پێدەبەست.

بۆئەوەی وەسفی هونەری ئەرکی خۆی بەجوانی و شێوازێکی ڕێك ئەنجام بدات ئەوا پێویستە (( بەشێك بێت لە بنیاتنانی هونەری، هەروەها پێویستیەك یان زەرورەتێك هەیە داوای ئامادەبوونی دەکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە ڕووداوەکان یان کەسایەتی یان شوێن بە یەکسانی بگێڕێت تێدا، هەر نوێبوونەوەیەك بۆ هەردیمەنێك یان ئەرکێك لە دیمەنەکانی هونەری ڕۆمان"چیرك"نوسین بەپلەی یەکەم پشت بە پێشکەوتنی تێڕوانینی هونەری و هزری وجوانکاری دەبەستێ ))[2].بۆیە لێرەدا چیرۆکنووس یان نووسەر بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت، واتە بەرەو ڕزگاربوون لەچەقبەستویی وەسف.هەروەها هەنگاوی دەنا بۆ ڕزگاربوون لە کاریگەری شێوەی کاری گێڕانەوەیی کە تەنها پشتیان بەیەك شێوەی نەگۆڕ یان ئەرکێکی جێگیر دەبەست کە هیچ گۆڕانکارییەکی قبوڵ نەدەکرد، وە دەیوست ڕزگاربێت لەو شێوەیەی کە وەلآمی هیچ کاریگەرییەکی نەدەدایەوە کە لەدەرگای شێوەی کاری گێڕانەوەیی و ناوەرۆکی داهێنانی دەدا.بۆیە لای ڕەخنەگران ئەوە هاتە ئاراوە کە لێکۆڵینەوە بکەن لەنێوان ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ڕەگەزی چیرۆك و وەسف دا هەیە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا ئەرکی وەسف لەناو بنەما گشتییەکانی چیرۆکدا بەشێوەیەکی گشتی دەیگێڕێت.لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ڕەخنەگران سەبارەت ئەرکی وەسف بونەتە چەند بەشێکی جیاوازەوە لە مەبەستی دیاریکردنی جۆرەکانی وەسف لە سەرەتاوە تا دەگاتە سەدەی بیستەم و ڕەخنەی نوێ، ئەو جیاوازیانەش وایکرد کە هەندێك لە ڕەخنەگران

[1] بیناى کات لەسیَ ڕۆمانى کوردى.نجم ئەڵوەنى.ل 302.
[2] الوصف فى الرواية العراقية، عبدالأميرمطرفيلى الساعدى.ص 29.

تەنها یەك ئەرك بۆ وەسف دەستنیشان بکەن، هەندێکی تر لەوانە تەنها دوو ئەرك دیاری دەکەن پێیان وایە کە ئەرکی سێهەم بوونی نییە لەوەسفدا، بەڵام هەندێکیتر سێ ئەرك دیاریدەکەن بەڵام هەندێکی تریان زیاتر لە ئەرکێکیان دیاریکردووە بۆی، ئەمەش بەپێی ئەو تێڕوانینانە دەگۆڕێت کە ڕەخنەگران بۆ ئەرکی وەسف و وەسف هەیانە، بێگومان ئەم ئەرکانەش شێوەی جۆراوجۆر دەگرنەخۆ، لە ناو و شێوەو ناوەڕۆك...بەڵام لەڕووی مەبەستەوە زۆریان نزیکن لەیەکتری و هەمان مەبەست بەدەستەوە دەدەن لەناو چیرۆك و لە ڕووی ئەرکەوە، هەریەك لەو ڕەخنەگر و نووسەرانە ئەرکەکانیان بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە داناوە کە دەربارەی چیرۆك یان هەر هونەرێکی تری گێڕانەوەیە، جا ئەرکەکان ( جوانکاری یان تەفرەیی یان دەربڕینی یان هێمایی ...) یان هەر ئەرکێکی تربێت لە چیرۆکدا.بەهۆی ئەم ئەرکەجۆرا و جۆرانەی کە وەسف لەچیرۆکدا دەیگێڕێت دەبێتە هۆی زەنگین بوونی چیرۆك لەڕووی هونەری وەسف و دەرخستنی لایەن جیاوازەکانی کەسایەتیەکان و گێڕانەوەکان.ئەو ئەرکە جۆرا و جۆرانەی کە خراونەتە بەرباس لەلایەن ڕەخنەگران و نووسەرانەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەن:[1]

## 1. جیراردجنێت – 1930GerardGenette:

**(جیراردجنێت)** لەڕووی ئەرکەوە تەنها دوو ئەرکی بۆ وەسف دیاریکردووە پێی وایە کەوا ئەرکی سێهەم لەوەسفدا بوونی نییە، ئەرکەکانیش:

### أ- ئەرکی جوانکاری:

ئەمەش پشت بەستن بەوەی کەوا ڕەوانبێژی وەسفی وەك ڕوویەکی ڕەوانبێژی داناوە بۆ جوانکاری گوتار، ئەمەش وەك ئەوە وایە وەسف پشودانێك یان مجالێك بێت لەگێڕانەوە و خاوەن ڕۆڵێکی جوان بێت.(( ئەمەش زیاتر بایەخ بە جوانکاری ووشە و ڕستەکان دەدات بەپشت بەستن بەڕەخنەی کۆن، کەوا جوانی شێواز لەجوانی وەسف دا دەبینێت، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا ئەرکی سەرەکی وەسف لەئەدەبدا هەرلەسەردەمی هۆمیرۆسەوە تادەگاتە سەدەی نۆزدەهەمی 19ی زایینی وەك جۆرێك لەجوانکاری بووە ))[2].مەبەستیشی لە جوانکاری بەشێوەیەکی بنەڕتی بووە نەك لاوەکی.

---

1 سةبارةت بة ئةرکةکانی وةسف لة رِووی دابةشکردنةوة سوودمان وةرطرتووة لة: الوصف في الشعر العربي في القرن الثاني للهجرة.د.بسمة نهى الشاوس.ص 26- 46.

2 الوصف في الرواية العراقية، عبدالأمیر مطرفیلی الساعدی.ص 31.

### أ. ئەرکی ڕاڤەیی وهێمایی:

(جنیت) پێی وایە ئەم جۆرە وەسفە زیاتر لەکارەکانی (بلزاك) دا بوونی هەیە(( کەئەوەش وەسفی کەسایەتیەکان و جل و بەرگیان وکەلە پەلی ماڵیان وەك بەڵگەیەك بەکاردەهێنێت لەسەر دەروونیان و بەهانە هێنانەوە بۆ کارەکانیان ))[1].بۆیە لە ڕێگای شیکردنەوەی ئەولایەنانەی کەسایەتیەکان و ڕنگدانەوەی ڕووخساریان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڕیار لەسەر ڕاڤەی دەروونیان بدەین و هۆکاری کارەکانیشیان بسەلمێنین.

## 2. ڕۆلان بارت–Roland Barthes :

تەنها یەك ئەرکی بۆ وەسف دیاریکردووە کە ئەویش ئەرکی جوانکارییە، واتە نوێکردنەوەی شتی جوانە کە کردویەتیە هۆکارێکی ڕوون بۆی.

ئەمە و چەندین لێکۆڵەر و ڕەخنەگری تر ئەرکی جۆرا و جۆریان بۆ وەسف دیاریکردووە بەلاّم بۆ ئەوەی تێکەڵی و سەرلێ شێواندنێك لە ڕێڕەوی گشتی دروست نەبێت بە شێوەیەکی گشتی ئەوا **دوو** ئەرك بۆ وەسف دیاری دەکەین کەوا ئەم ئەرکانە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە وەسفدا بە تایبەتی لە ناو چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا، ئەوانیش:

**یەکەم: ئەرکی جوانکاری :**

ئەرکێکە ئامانجی تێرکردنی(( پێداویستی جوانکارییە لەلای خوێنەر، لەم حاڵەتدا بەکاری جوانکاری هەڵدەستێت، پشوودانێك درووست دەکات لە ناوەڕاستی گێڕانەوە، وەسفێکی تەواو دەبێت بەپێی گوزارشتی قسەکردن پێویستی پێ نابێت ))[2].بۆیە وەسفی چیرۆکی تەقلیدی لەسەرەتاوە بە وەسفێکی جوانکاری ناسرابوو کەئامانجی بنیاتنانی دیکۆر یان چوارچێوەی ڕووداو یان وێنەکردنی شێوەی فیزیکی پاڵەوانەکان و کەسایەتییەسەرەکییەکان بوو، ڕەخنەگرە کۆنەکانیش وەها لە وەسفیان ڕووانییوە کە شێوازێکی سەربەخۆی هەیە و ئەرکیشی جوانکارییە، بۆیە جوانی شێواز لەجوانی وەسفدا دەبینن.

ئەم وەسفە لە ناو چیرۆکەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە، چیرۆك گێڕەرەوە لە چیرۆکەکانی دا لە کاتی گێڕانەوەکەدا پشودانی دروست کردووە تاوەکوو بە ئەرکی جوانکاری

---

1 الوصف في الشعر العربى في القرن الثاني للهجرة.د.بسمة نهى الشاوس.ص 32.
2 الوصف فى الرواية العراقية، عبدالأمير مطر فيلى الساعدى.ص 30.

هەستێت و خوێنەریش تام و چێژی تایبەت لە ڕووداوەکان وەربگرێت و جوانی شێوازی نووسەری بۆ دەریکەوێت.

لە چیرۆکی "شێتۆکە" چیرۆکگێڕەرەوە بە شێوەیەکی وورد وەسفی کەسایەتی سەرەکی دەکات بە ناوی" مچەخێل" هەوڵی دا زۆر بە ووردی ووشەکان هەڵبژێرێت تاوەکوو بتوانێ ڕستەکانی کە بۆ وەسفەکەی هەڵدەبژێرێت ئەرکی جوانکاریەکە بە تەواوەتی ببینێت، سەرکوتوو بێت لە بنیات نانە کەیدا، چونکە ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە وەسفەکەدا ئەوا جۆرێك لە دژایەتی درووست دەبێت لە نێوان ڕووداوەکەو ئەو ئەرکەی کەوا وەسفەکەی لەسەر بنیات دەنێت لە ناو چیرۆکەکەدا.

**(( بە بالا، کورتەیەکی خریلە بوو، لەڕبوو، بەڵام ئێسقانی ئەستور بوو، بۆیە بە قەڵەوە ئەهاتە بەرچاو، سەری خڕو زل و بژن، ڕیش ماش و برنج، مەگەر خێرو مەند بۆیان بتاشیبایە، لە بەر ئەوە نیمچە دەروێشێك بوو بۆ خۆی.چاوەکانی شینێکی لێلاوی بوو، هی ڕاستیان بچوکتر بوو و کەمێك تیلیش بوو! چەناگەی هەر نەبوو، ملیشی هەتا بلێ ی کورت و ئەستور بوو، کەللەی لەبەر ئەمە بە ناو شانە پانە ئەستورەکەیەوە لە تۆپێك ئەچوو لە ناو چاڵێکدا چەسپیبێت.))**[1]

چیرۆکگێڕەرەوە بە هۆی ئەم وەسفەوە توانیوویەتی پشوویەك دروست بکات لە گێڕانەوەکەدا، لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەم وەسفەوە ئەرکی جوانکاری بنیات ناو، ئەمەش بە هۆی وەسفکردنی تەواوی لایەنی فیزیکی کەسایەتی سەرەکیەکە و ناساندنی بە خوێنەر.ڕەنگدانەوەی ئەم وەسفەش لە کۆی ڕووداوەکە بە شێوەکی گشتی ئەبێتە هۆی بەرچاو ڕوونی خوێنەر بۆ ناساندنی کەسایەتیەکە.

لە چیرۆکی "گوێدرێژیش باسی خۆی هەیە" چیرۆکگێڕەرەوە پشودانێکی دروست کردووە، لە هەمان کاتدا بە ئەرکی جوانکاری هەستاوە.**(( پیاوێکی کورتە بالای گزگل بوو، لە پشت گوێ درێژەکەیەوە تەنیا سەری دیاربوو.بەڵام سەرو سیمای بەو پرچە بژووە چڵکنەو بە ریشە ماش و برنجە درێژ بووەکەی و بەو دەم و لێوە توندو قایم داخراوانەیەوە، لە فەیلە سوفێکی لاتی لێ قەوماوی بێ سەرو شوێنی ئەو شاخ و هەردەی ئەکرد.))**[2] .

چیرۆك گێڕەرەوە بە شێوەیەك ئەم وەسفەی ئەنجام داوە کە وەستانێکی لە ناوەڕاستی گێڕانەوەکەدا دروستکردوە، لە هەمان کاتدا بە ئەرکی جوانکاری هەستاوە کە شێوەی دەرەوەی کەسایەتی یە سەرەکیەکەی بە ووردی کێشاوە و شێوەیەکی سەربەخۆی پێداوە،

---

1 دة ضيرؤك. شيَتؤكة.ل 78.

2 ثيَنج تابلؤى شيَواو و ضةند ضيرؤكيَكى تر.طويَدريَذيش باسى خؤى هةية.ل 107.

تاوەکوو بتوانێت  شێوەیەکی دروست بە کەسایەتی یەکە بدات و بە هۆی ئەم وەسفەوە ڕووداوەکە بنیات بنێت.

لە چیرۆکی"ئوتو چی" ئەرکی جوانکاری بە هەمان شێوە ئەرکی تێرکردنی پێداویستی خوێنەرە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە هەوڵی داوە بە هۆی ئەنجامدانی ئەم وەسفەوە لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیەکە دەربخات و وەستانێکی کاتی دروست بکات تاوەکوو بتوانێت کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە بە خوێنەر ئاشنا بکات و لە ڕوانگەی دەرەکیەوە بیناسێنێت.

**(( لە پێشمەوە پیاوێکی باریکەلەی بالاّ بەرز وەستابوو، ئەگەر چی بە ڕووخساریا لەوەی نەئەکرد سەرو پەنجا کەوتبێ، بەلاّم تووکی سەری ئەتوت کلاّوی بەفرە، قسە خۆش و بە پێزەکانی کە بەدەم وەستان و ئەم قاچ و ئەو قاچ گۆڕین ئەیکرد بە زمانێك کەمێك ساردی و کەم تەرخەمی و گاڵتە بازی پێوە دیاربوو، وایان ئەکرد تەزوویەکی حەسانەوە ئەم سەر و ئەو سەری لەش و گیانت ببڕێت.))**[1].چیرۆکنووس زیاتر گرنگی بە بە جوانکاری ووشە و ڕستەکان داوە تا ئەرکی سەرەکی جوانکاری بە شێوەیەکی بنەڕتی بنیات بنێت، لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی یەکە و  گێڕانەوەکەش دەربخات.

دووەم: ئەرکی ڕاڤەیی :

لێرەدا زیاتر وێنەی کەسایەتیەکانی ناوچیرۆك و کارەکانیان و ڕەوشتیان و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی ئەو ڕەوشتەیان و کارەکانیان دەکرێت، ئەمانەش هەمووی لە ڕێگای وەسفکردنی ژینگەی کەسایەتیەکانیانەوە دەبێت.بۆیە ئەگەر تەماشا بکەین وەسف گوزارشتە لە هەست و جوڵە و  ڕووداوەکان و ناخی دەروونی کەسایەتیەکان، هەموو ئەمانەش پلەیەکی بەرز و بنەڕەتییان دەبێ لەوەسف دا.وەسفی ڕاڤەیی لە پەیوەندی نێوان دیکۆر و کەسایەتیەکان دەگەڕێت لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانیین (( ئاستی ڕۆشنبیری و هەڵوێستی سیاسی و ڕەوشت و ڕەفتارەکانی کاراکتەرەکان ڕوون بکەینەوە، هەروەها جیاوازی بیروباوەڕیان دەخاتەڕوو ))[2].بەلاّم هەندێك لە ڕەخنەگران ئەرکی ڕاڤەیی بەئەرکێکی زەحمەت دەدەن لەقەڵەم و بە قەدەغەشی دەزانن، بۆیە(میکایال ریفیتار)پەنا دەباتە بەر(مەبدەئی بەراوردی)وەك قەرەبوونەوەیەك بۆ وەسفی ڕاڤەیی، ئەمەش لەڕێگای دوو بنەماوە دەبێت[3]:

***بنەمای یەکەم:*** لە وەسفکردنی شتە وەسفکراوەکە پێچەوانەکەی پێشکەش بکرێت یان لە ناوەڕۆکی هەندێك هێماوە پێشکەش بکرێت وەك ئەوەی سمۆرە وەك ئەندازیار پیشان بدرێت،

[1] دار بەڕووة بیَسیَبەرەکة، ئوتوضی.ل 73.
[2] لیَکۆلینەوەی ڕەخنەی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە.نجم ئەڵوەتنی.ل98.
[3]سوودمان وەرطرتوة لە: الوصف في الشعر العربی في القرن الثانی للهجرة.د.بسمة نهی الشاوس.ص 32_33_34.

مامەڵەی مرۆڤی لەتەکا  بکرێت بەهۆی ئەوەی ددانەکانی وەك مشار وایە لەکاتی داربڕیندا، بۆیە تەنها ئاماژەیەك بەسە لەوەسفکەرەوە تا لادان لە وێنە وەسفییەکەدا دروست ببێت، کەواتە لێرەدا: ***ددان هێمایەکە بۆ مشار.***

***بنەمای دووەم :***

ئەوەی کە دووجەمسەری دژ یان جیاواز لەگەڵ بنەمای سێهەم یەکبگرن لە پەیوەندییەکی وەك یەکییدا.

ئەرکی ڕاڤەیی لە چیرۆکی" شەوێکی ڕەمەزان" بە رچاو دەکەوێت، چیرۆکگێڕەرەوە وێنەی کەسایەتی سەرەکی "سەعید" دەکێشێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ژینگەیەی کەتێدا ژیاوە، بەو واتایەی کە وێنە کێشانی کەسایەتی یەکەو کارەکانی هۆکارێکن بۆ ئاشکرا کردنی لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیەکە  لە بیرو ڕاو ڕەفتار و هەڵسو کەوت.(( **سەعە مل خوار ئاوا پیاوێکی پەنجا ساڵە ئەبوو، لای خەڵك و خوا، دراوسیٚ یە کان خۆشەویست بوو، چونکە کاسبێکی پاك و لە خوا ترس بوو، بە دەنگ خەڵکیەوە ئەچوو، چاکەی لە دەست ئەهات.**))[1].

چیرۆکگێڕەرەوە هەوڵیدا زیاتر وێنەی کەسایەتیەکە بکێشێت و بە هۆی کارەکانیەوە هۆکاری خۆش وویستنی لە ناو خەڵکی دیار بکات و ڕەوشت باشیەکەشی  بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات.بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بنیات بنێت هەوڵیداوە ڕەفتارەکانی کاراکتەرەکە بخاتە ڕوو و جیاوازی بیرو ڕاشی لەگەڵ کاراکتەرەکانی تر پیشان بدات.

ئەرکی وەسفی"راڤەیی" لە چیرۆکی " ئەمەیە بەشمان" هۆکارێکە لەوەوە دەزانین کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە کە"نەریمان"ە هەژارە و لە ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و کولە مەرگیدا دەژیت.((**پیاوێکی یەك دەست سەرو ریشێکی نەتاشراو، پانتۆڵێکی نە کورتی نە درێژ لە هەموو لایەکەوە پینەکرابوو، کراسێك وا دیاربوو ڕۆژیٚ لە ڕۆژان قۆڵەکەی درێژ بوەو بەلا ك کورت کراوەتەوە، لەسەر شانیەوە بستێك دڕاوە و دەمێکە نەشۆراوە، پێڵاوێك بەس ڕاست ناکەم ناوی پێڵاوی لێبنێم، بنی پێی لەسەر زەوەی ئەخشا هەر چوار پەنجەی لێوە هاتبووە دەریٚ.سەرێکی بژی قوڕاوی، لەشێکی سیسی بێهێز.**))[2] چیرۆکگێڕەرەوە لە ڕێگای ئەم وەسفەوە توانیویەتی باری دەروونی باری ژیانی کەسایەتیەکەمان بۆ دیار بخات و هۆکاری ئەو نەهامەتی و ناخۆشی و تێکشکانە دەروونی یەش بۆ خوێنەر دیار بکات.شێوەی کەسایەتیەکە هۆکارێکە لەوەوە ئەو پەیوەندیەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە وەسفەکەدا بنیاتی ناوە، لە ڕێگای ئەوەوە لە هەست و جوڵەو ڕووداوەکان و ناخی کەسایەتیە دەگەین.هەروەها ئەرکی

[1] خۆری ئاوابوو.شەوێکی رەمەزان.ل 57.
[2] نیو هەنطاو دوور لە دۆزەخ.ئەمەیە بەشمان.ل 145.

وەسفی لە چیرۆکی " شاسوار" ئەرکێکی "ڕاڤەیی"یە، بە هۆی وەسفی کەسایەتی لاوەکی "ئاغا"وە دەزانین کە کەسێکی تێر و بە دەسەڵاتە، کەسێکە بە هۆی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی ڕێگە بە خۆی ئەدات کە گاڵتە بە کەسانی هەژار بکات.بە هۆی ئەو وەسفەی کە چیرۆکگێڕەرەوە دەیکات لەوەوە دەزانین کە ڕەفتارەکانی چۆنە، دەسەڵات دار و خوا پێداوە، لە هەمان کات جیاوازی بیرو ڕاشیان ئاشکرا دەکات.ئەمەش پلەیەکی بەرز دەداتە وسفەکە، وە بە هۆی سیفەتەکانی ئاغاوە دەتوانین وێنەی جیهانی دەروەی ژیانی بە شێوەیەکی گشتی بکێشین.

**(( ئاغا هەتا بڵێی کەتە و زل، چوار شانە و قەڵەو، ورگی بە پێشدا هاتبوو بە ڕادەیەك ئەگەر سینی لەسەر دابندرایە لە قەی بۆ نەئەکرد، سەروو پێچێکی زلی بەستبوو، بەلای کەمەوە سێ مشکی ئەبوو، پشتێنەکەشی چوار پێنج قەد بەستبوو تا بن قوڕ قڕاگەی هاتبوو، خەنجەرێکی دەبانی دەسك سپی تێ چەقاندبوو وە تەزبیحێکی کارەبایی تێ ئاڵاندبوو، ڕادیۆیەکی پاتری لە تەنیشتی یەوە داندرابوو.هەر چوار دەوری ژوورەکەش بە فەرشی نایابی کاشان ڕازابۆوە، چەند خزمەت چی یەکی پڕ چەکیش لە هاتو چۆدا بون.))**[1].

بە هۆی ئەم وەسفانەوە خوێنەر دەتوانێت چەند پەیوەندییەك یاخوود لە ناوەڕۆکی کەسایەتیە وەسفکراوەکە هەندێك ئاماژە هەست پێ بکەین ئەوانیش:

أ: قەڵەوی و سەرو پێچەکەی ئاغا هێمایەکە بۆ دەوڵەمەندی و خۆش گوزەرانی ئاغا.کە چیرۆکگێڕەرەوە بە هۆی ئەو وەسفەی کە ئەنجامی داوە لە پشت پەردەوە مەبەستی تری هەیە واتە مەبەستێکی دوورتری هەیە لەوەی کە پیشانی داوە.

ب: خەنجەر و خزمەت چییە چەکدارەکان ی ئاغا هێمای دەسەڵات فراوانی ئاغایە لەو ناوچەیەی کە ئەو فەرمان ڕەوایەتی دەکات.

بەهۆی ئەم شێوە گوزەرانەی ئاغاوە دەتوانین هەڵوێست و باری ژیان و ڕفتارەکانی دیار بکەین، لە لایەنی دەروونیشەوە بەراورد بە کەسایەتی سەرەکی "شاسوار" کە هەژارە و ئاغا بە شێوەك دەیکاتە گاڵتە جاری ناو خەڵی گوندەکە کە تووشی بێهیوایی دەبێتەوە، بە هۆی ئەم ڕەفتارەوە جیاوازی یەکی زۆر لە نێوانیاندا بە دیدەکرێت.هەموو ئەم وەسفانەش بە مەبەستی شیکردنەوەی هەڵوێست و ئاستی ڕۆشنبیری کاراکتەرەکەیە بەراورد بە کاراکتەرەکانی تری ناو چیرۆکەکە.

---

[1] دة ضيرؤك .شاسوار.ل 109.

## 4: وەسف لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا:

وەسفەکان لەکۆ چیرۆکەکاندا دابەشی سەر چەند بەشێك دەکەین بەپێی ئەو وەسفانەی کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا بەکاری هێناوە.هەروەها بەپێی بەکارهێنانەکانی لە چیرۆکەکاندا کۆی تیۆرییەکانی تێدا پراکتیك دەکەین کە ئەوانیش :

### 1. وەسفی کەسایەتی :

وەسفکردنی کەسایەتیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەناو چیرۆکەکاندا.چیرۆکنووس لە بنیاتنانی کەسایەتیەکاندا هەوڵی داوە بەشێوازێکی جوان کەسایەتیەکان لە ڕووی ڕووخسار و شێوەو باری دەروونی یەوە دەربخات و وەسفیان بکات، وەسفەکانیش شێوەی جۆراو جۆر لەخۆ دەگرن بەپێی باردۆخی تایبەتی ئەو کەسایەتییانەی کەوا بنیاتی ناوە لە چیرۆکەکاندا، وەسفەکانی کەسایەتیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی لایەن جەستەیی دەروونی دەگرێتەوە، یان زۆرجار حاڵەتی تایبەتی کەسایەتیەکانە وەسفی دەکات.ئەمەش زیاتر لایەنی شیکاری کەسایەتی یەکان دەگرێتەوە کە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەسف، خۆی لەوە سفکردنی لایەنی جەستەییدا زیاتر دەبینێنەوە.ئەگەر بروانینە وەسفی کەسایەتی سەرەکی لە چیرۆکی"شەقێك لە تۆپەکە" حیکایەت خوان بەم شێوەیە وەسفی کەسایەتی مناڵەکە دەکات کە کەسایەتی سەرەکی یە لە چیرۆکەکەدا و ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە ڕووداوەکاندا و بەشێکی گرنگی چیرۆکەکەشە.گێڕەرەوە هەموو لایەنێکی جەستەیی فیزیکی دەرەوەی وەسف دەکات :

**(( مناڵێکی لاوازی ڕەنگ زەردبو لەتەوقی سەرییەوە تا کەڵەموستی پێ ی لەتاو چڵك ڕەش داگەڕابوو، پێ خاوس دزداشەیەکی لەبەردابوو ڕەنگە قەت شتی بەخۆیەوە نەدیبێت.دەستێکی هەمیشە قاڵ بوو یان بەسەر هەڵگڕاندن و یان بەخۆ خوراندن، لا ڕوومەتیش هەتا پەنا گوێی بە چڵمی ووشك بووە سواغ درابوو.ئەو چڵمەی بێ ووچان بەمەچەکی بەلا ڕوومەتیدا ئەیسڕی هەمیشە بەشی ئەوەش ئەمایەوە کەوەکو دوو مۆم بەکونە لوتیا شۆڕبێتەوە ))**[1].

دەست نیشانکردنی مناڵەکە لە سەرەتای وەسفەکەدا ئاماژەی پێکراوە(مناڵێکی لاوازی ڕەنگ زەردبو لەتەوقی سەرییەوە تا کەڵەموستی پێ ی لەتاو چڵك ڕەش داگەڕابوو)، بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات بەڕێوە، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنی لەناکاوی دەقەکە، بەبێ هیچ ڕاوەستانێك، لێرەدا وەکوو وەسفێکی ئاشکرا دێتە

[1] دةضيرؤك.شةقيَك لةتؤثةكة.ل 4.

بەرچاو.ڕاڤەی تەواوی کەسایەتی یەکە دەکات و وەسفەکە هەموو لایەنێکی ژیانی منداڵەکەمان بۆ ئاشکرادەکات و وا لە خوێنەردەکات بە ئاسانی لە ڕێگای ئەم وەسفەوە تێبگات کە منداڵەکە هەژارە و ژیانێکی پڕ لە ئازاری هەیە.ئەمەش ئەرکی شیکاری وەسفەکە بەم کارە هەڵدەستێت و کار ئاسانی بۆ ناساندنەوەی کەسایەتی سەرەکی دەکات بۆ خوێنەر.لەچیرۆکی **"بەڵام کوردم"** لە وەسفی کەسایەتی (لاوە تورک)ەکەدا کە کەسایەتیەکی سەرەکی و پەرەسێنە لەهەمان کاتدا لەناو چیرۆکەکەدا، چیرۆکگێڕەرەوە گرنگی بەلایەنی وەسفی دەرەوەی کەسایەتی یەکە داوەوە لایەنی فیزیکی دەرەوەیمان پیشان دەدات، واتە لێرەدا جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی دەرەوە نەك ناوەوە.ئامانجیش لێرەدا ناساندنی خودی کەسایەتی یەکە لەسەرەتادا.دواتر بەپێی پلە بەندی هەوڵی ناساندنی ناوەوەی دەروونی دەدات.لەوەسفی لاوە تورکەکەدا دەڵێت:

**(( بەبالآ تێك سمڕاوی مام ناوەندی بوو سەری ڕووتابۆوە، ئەو دوو برۆ ڕەشە چڕەکانی هێندەی تر ڕەش ئەکرد.دەمی زل بوو، هەردوو لێویشی باریك بەتوندی هەمیشە بەسەر یەکا چەسپابوون بەجۆرێ لەوە ئەچوو کە ڕاهاتبێ بەوەی بۆ پێویستی نەبێ نەکرێنەوە.کە ئەدوا لالغاوەی چرچ ئەبو کە بەزەردەخەنەش ئەیگرت  کە بەدەگمەن ڕووی ئەدا –هەردوو گوێی بەقەدەر ئەموستێك قولێ ئەبوون.بەتەمەنیش لە40 ساڵان تێ پەڕی بوو.بەڵام ئەو گورج و گۆڵی یەی لەگەڵ ئەو تەمەنەیدا ڕێك نەئەکەوتن ))**[1].

ئەگەر بڕوانینە ڕاڤەو پراکتیکی چیرۆکی " لەسەرکانی یەك" بە پێچەوانەوە چیرۆکگێڕەرەوە وەسفی کەسایەتییەکە ناکات، بەڵکو ڕێگا بەخودی کەسایەتییەکە دەدات کە خۆی خۆی وەسف بکات، کە بەهەمان شێوە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و گێڕەرەوەیەکی خودی یە لەهەمان کاتدا، واتا خۆی وەسفی خۆی دەکات نەك گێڕەرەوەی سەرەکی.

**((– با خۆم وەسفێکی دەم وچاوی خۆمت بۆ بکەم چونکە لە ئاوێنەدا زۆر لێ ی وورد بوومەتەوە.چاوێکی برژانگ سووتاوی بەقولآ چوو، لوتێکی هەڵقرچاوی خوراو، دەمێکی زلی هەڵتلیشاو، ڕیزێ ڕەشی هەڵوەریو، ڕوویەکی گرژی پر لەچاڵ و چۆڵی بەسەر یەکا ترشاو ))**[2].

بەشێوەیەکی زۆر هونەریانە و واقیعیانە ڕێگای بە کەسایەتییەکە داوە وەسفی خۆی بکات وەك ئەوە وایە کە بەڕاستی ئەو شێوە سوتاوە بوونی هەیە بە واقیعی.وەسفەکە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەیەکی دەروونی یەوە ئاراستەدەکرێت، کە ئەویش سەرەتای ئەو

---

[1]خۆری ئاوابوو.بەڵام کوردم.ل 72.
[2]نیوەتنطاو دوور لەدۆزەخ.ضیرۆکێك لەسەرکانییەك.ل 48.

وەسفە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە شێوەیەکی شێواوی هەیە و لە ئەنجامی سوتانەوە وای لێهاتووە ، خودی سوتانیش بە تایبەتی (**شێوە**) هۆکارێکە بۆ دروستبوونی بارێکی دەروونی نا ئارام .گێڕەرەوە توانیویەتی وەسفی خۆی گرێبدات بەوەسفی دەروونی یەوە.ئەمەش شێوەیەکی واقیعی بەخشیوەتە وەسفەکەو وەسفی کەسایەتی یەکەش لەلایەکی ترەوە.لە هەمان کاتدا هەمان کەسایەتی سەرەکی کە گێڕەرەوەی دووەمە وەسفی خۆشەویستەکەی بەم شێوەیە دەکات، کە لەپێناوی ئەودا ئەمەی لێ بەسەرهاتووە.

**(( لەشێکی باریکی پڕی ڕێك، جوانی یەکەی پیاوی ڕا ئەکێشا وەکو چۆن گوڵی کراوە پەپوولە ڕائەکێشێ.دوو چاوی سەوزی پرشنگدار گەورە بەتیری دڵی هەزار لاوی بریندار ئەکرد.جووتێ لێوی نەباریکی نەئەستور تەنیا بۆمژین دانراوە.دوو ڕیزە دانی گەوهەری، لەگەڵ جووتێ ڕوومەتی سپی سوور تێکەڵاو لەسێوە لاسورە ئەچوو بەتایبەتی دروست کرابێ، لەدەست و پەنجەشی نەرم و نۆڵتر نەبوو ))**[1].

وەسفی"لەش، چاو، لێو، ددان، ڕوومەت، ...." ئەمانە هەمووی ئەوە دەسەلمێنن کە چۆن بە هۆی نیگای تایبەتی کەسایەتی یە سەرەکی یەکەوە لەو دیمەنە، وەسفەکە لە چیرۆکەکەدا دروستبوەوە تەواوی جەستەی خۆشەویستەکەی بۆ وەسف کردووین لە هەموو ڕوویەکەوە.ئەمەش بۆتە ناساندنی کەسایەتی لاوەکی کە(شەرمن)ە لە چیرۆکەکەدا.لە هەمان کاتدا ئەم جوانی یە کاریگەری یەکی دەروونی لە سەرکەسایەتی یە سەرەکیەکە دروستکردوە و هەرگیز بیری ناچێتەوە، لەهەموو کات و سەردەمێکدا ئەم دیمەنەی لە پێش چاوە.هەروەها لە وەسفی کەسایەتی "گوڵە" لەچیرۆکی"نوقورچ"دا کە کەسایەتی یەکی سەرەکی چیرۆکەکەیە و ڕووداوەکان لە چواردەوری ئەودا خول دەخۆنەوە و سەرچاوەی سەرەکی ڕووداوی چیرۆکەکەیە، چیرۆك گێڕەرەوە بەهەمان شێوەی ئەوانیتر تەنها لایەنی دەرەوەی وەسف دەکات وکەسایەتی (گوڵە)مان پێدەناسێنێ و دەڵێت:

**(( کچەلادێیەکی هەژدەساڵە، کورتەباڵایەکی خرت، دوو دەستی کورت بەڵام پەنجەکانی هەتا بڵێی باریك و شوش بوون، قاچیشی وەك دەستەکانی کورت و هەردوو پێشی لە هیچ پێڵاوێکدا جێگایان نە ئەبۆوە.نەك هەر گوڵە نەبوو بگرە لە نیمچە ئافرەتێکیش نەئەچوو ))**.[2]

ئەم وەسفەش تەنها دیمەنی دەرەوەی کەسایەتیمان پیشان دەدات و جەخت لەسەر لایەنی دەروونی ناکاتەوە وەك کاریگەری وەسف.ئەمەش لە کۆ چیرۆکەکاندا بەم شێوەیە وەسفی کەسایەتی یەکانی ناو چیرۆکەکەی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دەکات، واتە ئەرکێکی شیکاری

---

[1] هەمان سەرچاوە.ل 49.

[2] ذووری میوان.نووقورض.ل 88.

داوەتە کەسایەتی یەکانی ناو چیرۆکەکانی و هەوڵی ناساندنیان دەدات تاوەکوو لە ڕێگایەوە خوێنەر ئاشنای ڕابردووی کەسایەتی یەکان و باری دەروونی و ڕووداوەکان بکات.

## 2. وەسفی شوێن:

چیرۆکنووس لەوسفی شوێنەکاندا هەوڵی داوە شێوەیەکی ڕازاوەی جوان ببەخشێتە دەقی چیرۆکەکانی.شوێنەکان بە جۆرێك پیشان دەدا تا واقیعیەتی زیاتر ببەخشێتە دەقی چیرۆکەکەی.ئەم شێوە وەسفە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەبنیاتنانی چیرۆکی تەقلیدیدا.ئەگەر بڕوانینە وەسفی ئەو شوێنانەی کە دەیکات زیاتر واقیعین و بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە لە ناو ژیانی کۆمەڵ و تاکەکاندا، ئەمەش زیاتر بە هۆی ئەوەی کەوا چیرۆکەکان و ڕووداوەکانی لە ناو واقیعی کۆمەڵگادا هەڵهێنجاوە و هەست بە بوونی دەکەین و نامۆ نییە بە خوێنەر یا گویگر ی چیرۆکەکان و ڕووداوەکان.بۆیە وەسفی شوێنەکان وەسفێکی ڕاستەقینەن و لە واقیعدا بوونیان هەیە و بە چاوی سەر دیتومانە.وەسفی شوێنەکانیش بەپێی جۆری شوێنەکان دابەش دەکەین کەوا چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانی دا بەکاری بردوون و وەسفی کردوون.شوێنەکانیش خۆیان لە (شوێنی وەکوو ماڵ و گووند) ، (شوێنی سروشت وەکوو شاخ )، (شوێنی ئەندامەکانی جەستە بەگشتی ).

### أ. وەسفی خانوو و گووند :

ماڵ و گووند دووشوێنی گرنگی نیشتەجێبوونی ژیانی مرۆڤن، بەشێکن لە پێکهاتەی ژیانیان، گوزارشتە لە دڵنیایی جا هەرچۆنێك بێت ئەو شوێنانە.وەسفکردنی ئەم شوێنانەش واقیعیەتی ڕووداوەکە دەسەلمێنێت و باوەڕ بە خوێنەریش دەهێنێت کە ئەم ڕووداوانە ڕاستەقینەن و بەشێکن لە ڕووداوە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا کە لە سەردەمانێکدا بوونیان بووە.ئەم وەسفی شوێنانەش دەچێتە چوارچێوەی شیکاری شوێنەکانەوە لە ڕووی وەسفەوە.

ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی"خەرمان" گێڕەرەوە وەها وەسفی ماڵی (خاڵەحەمە) دەکات کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و لە وەسفی ماڵەکەدا دەڵێت:

**(( شەنەکەی لەخەرمانەکەی چەقاند بەرە و ماڵەوە بەسەر هەورازەکەدا ملی ڕێ ی گرت، ماڵەکەش هەمووی بریتی یە لە کۆمەڵە بەردێك بە زۆری زۆردارەکی ناوی ماڵی لێنراوە.بە**

**پەرژینێك كراوە بە دوو بەشەوە، بەشێكی بۆ خۆی و خاتو مەنیجی ژنی و ئاتەی كچی، بەشەكەی تریش بۆ ئەو سێ چوار سەر مەڕو بزنەی هی سەرمایەكەیەتی ))[1].**

(خانوو) لایەنی باری ژیانی كەسایەتی دەخاتە ڕوو كە ئایا هەژارە یا زەنگین، هەروەها لایەنی تایبەتی كەسایەتی یەكەش دەخاتە ڕوو بە هۆی ئەو دیمەنە ناخۆشەی كە وەسفی دەكات نیشانەی هەژاری و كەساسی و ناخۆشی ژیانی كەسایەتیەكەیە و دەریدەخات، بێگومان ئەمەش كاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی دەروونی كەسایەتی یەكە، واقیعیەتیشی پێدەبەخشێت لەهەمان كاتدا.هەروەها لەچیرۆكی "خۆری ئاوابوو"دا چیرۆكنووس بە شێوەیەك وەسفی ئەو گوندە دەكات كە مامۆستاكە چووە بۆی و لە كاتی گەشتنی بۆ ئەوێ هەموو ئەم دیمەنانەی بە چاوی خۆی بینیوە و كاری تێكردووە.دەڵێت:

**(( كە گەیشتە دێ یەكە ئێوارە وەختەیەكی درەنگ بوو، دێ یەكی زۆر گەورە نەبو، بریتی بوو لەدوو ڕیز خانوی بەرامبەر بەیەك، سەربانی هەموو ڕیزێك بەیەكەوە بو، لەوە ئەچو بە هەموویان یەك سەربانیان هەبێت لەلاوە لەلای ریزی راستیانەوە، خانوویەكی دوو نهۆمی هەبوو، كەپرێكی گەورەی لەبەردەمما كرابو بەقرو گەچ سواغ درابو! بێ گومان ماڵی ئاغایە.لەخواریشی یەوە، ماڵێكی بچوكی دوو ژووری بە هەیوانێكی دوو كۆڵەكەی یەوە بەدی كرد ))[2].**

وەسفكردنی گووندەكە وەكو دیمەنێكی سینەمایی خوێنەر ڕاستەوخۆ دەباتەوە ناو ژیانی خەڵكی ئەوێ و بەشێك دەبێت لەوان، لەهەمان كاتدا سادەیی گووندەكە گوزارشتە لە سادەیی خەڵكەكەی و ژیانەكەی.گێڕەو بەهۆی ئەم وەسفەوە دەیەوێت گوزارشت لە جیاوازی چینایەتی بكات كە لە نێوان ئاغا و جوتیارەكان دایە، بەواتایەكی تر مسكێنەكانی ئاغا كە خەڵكی گووندەكەن.وەسفەكە واقیعییە، نووسەری چیرۆك دەیەوێت تا ئەو شوێنەی بۆی دەلوێت لە واقیعەكە نزیك بێتەوە بەهۆی ئەم وەسفەوە.شیكرنەوەی بەشەكانی وەسفەكان بە شێوەیەكی زنجیرەیی و وورد دەڕوات بەرێوە تا ئەوەی كە گێڕەرەوە خۆی دەیەوێت.

ب. وەسفی سروشت :

بەشێك لەوەسفی شوێنەكانی تایبەت كردووە بە وەسفی (شوێنی سروشت) كە خۆی لە وەسفی(شاخ و دۆڵ و دەشت و ڕووبار و ...)دا دەبینێتەوە.بۆیە ئەگەر بڕوانینە ڕاڤەی

---

[1] دةضيرؤك.خةرمان.ل 55.

[2] خؤرى ئاوابوو.خؤرى ئاوابوو.ل 16.

چیرۆکی "ڕاوەبەران" سەبارەت  بە وەسفی سروشت ئەوا بەم شێوەیە  وەسفی سروشتی دیمەنی (شاخ )دەکات کە شوێنێکی سروشتییە و دەڵێت:

**(( شاخێکی ڕووت و قووت بوو، لە هەزارە ڕووتەڵەکانی دێ یەکەی بەرامبەری ئەکرد.بڕە دەوەنێکیشی پێوە نەمابوو، خۆریش لەئاسمانا کەسەری لێدەر ئەهێنا، لەهەڵهاتنیداو لە ئاوابوونیدا تەنیا سێبەر کە بۆی بەجێ ئەهێشت هی تاشە بەردەکانی بوو کە وەکو لەپەڵە گڕۆگیا ووردەکانا کۆڕپەیەکی دۆزیبێتەوە خێرا باوەشی پێدا ئەکرد و دای ئەپۆشی ))**[1].

کاریگەری ئەم جۆرە وەسفە ئەوەیە کە(شاخ) وەکوو کۆیەکی گشتی هەموو بەشەکانی جەستەی ماندووی کەسایەتی یەکان وان لە چیرۆکەکەدا، خوێنەر وا هەست دەکات کەوا ئەم دیمەنە ڕۆحی لەبەرە و لە  مرۆڤێکی بێ بەرهەم دەچن لە ژیاندا.بەشەکانی ئەم وەسفە خۆی لە (ڕووت، هەژار، نەبوونی سەوزایی)دا دەبینێتەوە.هەموو ئەمانەش ئاماژەیەکن بۆ بوونی مەرگ لە چیرۆکەکەدا کە بەهۆی ئەم وەسفەوە بەرجەستە دەبێت.بەشە پێکهێنەرەکانی (شاخەکە) هەموویان بیری مەرگ دەخەنە دڵ، یان لەلایەکی ترەوە گوزارشت لە وەرزێکی گەرمی هاوین دەکات بەهۆی ئەوەی کە دەڵێت: (بڕە دەوەنێکیشی پێوە نەمابوو)، یاخوود ئاماژەیەکە بۆ سوتان و ماڵ وێرانی دوای شەڕێکی دوورو درێژ کە دەوەنەکان و هەموو شاخەکان، ڕووتەڵە دەکەن وەکوو لادێ نشینەکانی  چواردەوری.

ج.وەسفی شوێنی  ئەندامەکانی جەستە :

چیرۆکگێڕەرەوە  وەسفی  ئەندامەکانی  جەستەی  کەسایەتیەکانیش  دەکات  کە  بە وەسفی(شوێنی جەستە) ناوی دەبەین.ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بۆ خۆیان شوێنن، بەشێکی گرنگی جەستەی مرۆڤەکان پێکدێنن.شوێنەکانیش بەپێی کەسایەتی یەکان جیاوازن لە ڕووی تەمەنەوە.ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی "دواپێکەنین" بە شێوەیەك وەسفی ئەندامەکانی جەستەی کچەکە دەکات کە تازە گەورەبووە، ئەمەش گوزارشتە لە تەمەنێکی تایبەت بە قۆناغی گەشە لەمرۆڤدا.

**(( هەر هێندەی زانی سنگی بەرز بۆوە، دوو مەمکی قووتی ڕەق لەسەری چەقی  و شەڕی هەتا بەهەواکەی دەور و پشتی ئەفرۆشت، قاچەکانی گۆشتن  و خڕپن بوون، گەنەموو وەکو بەئاگر هەڵپرووزکابێ هیچی نەما لەپڕ شێوەی ئەوکیژۆڵە منداڵ کارەی چەند ساڵ لەوەو بەر سڕایەوە و لەناکاو خۆی لەبەردەم فریشتەیەکادی ))**[2].

---

[1] راوة بةران.راوةبةران.ل 65.

[2] خؤرى ئاوابوو.دواثيَكةنين.ل 4.

وەسفەکانی جەستەی کچەکە خۆی لەوەسفی"سنگ، مەمك، قاچ و مووی لەشی" دا دەبینێتەوە.کە ئەمانەش بەشێکن لە شوێنەکانی ئەندامی جەستەی مرۆڤ.ئەم وەسفانە زیاتر شیکارین، واتە شیکاری تەواوی جەستەی کەسایەتیەکە دەکات تا خوێنەر بزانێت ئەو کەسایەتیەی کەو باسی لێوەدەکرێت گەورەیە نەك منالێ.ئەمەش جیاکاری تەمەنمان بۆ دیاردەکات لە چیرۆکەکەدا.هەروەها لەچیرۆکی"چیرۆکێك لەسەرکانی یەك"گێڕەرەوە وەها وەسفی جەستەی خۆشەویستەکەی دەکات کە دوای تێپەڕینی تەمەنی منالّی دیتویەتی کە چۆن گۆڕاوە و کاری تێکردووە، بەم شێوەیە وەسفی جەستە و ئەندامەکانی لەشی کچەکە دەکات و دەلّێت:

**(( لەشێکی باریکی پڕی ڕێك، جوانی یەکەی پیاوی ئەکێشا وەك چۆن گوڵی کراوە پەپوولە ڕائەکێشێ.دوو چاوی سەوزی پرشنگدار گەورە بەتیری دڵی هەزارلاوی بریندار ئەکرد.جووتێ لێوی نەباریکی نەئەستور تەنیا بۆ مژین دانراوە.دوو ڕیزە ددانی گەوهەری، لەگەڵ جوتێ ڕوومەتی سپی سوور تێکەڵاو لە سێوە لاسورە ئەچو، لەبەینیانا لوتێکی قوتی ڕك لەوە ئەچوو بەتایبەتی درووست کرابێ، لە دەست و پەنجەشی نەرم و نۆڵ تر نەبوو ))**[1].

وەسفی شوێنەکانی جەستەی کچەکە لەم تێکستەدا ئەمانەن "لەش، چاوو، لێو، ددان، ڕوومەت و لووت".لێرەدا بەشێوەیەکی ئیستاتیکی ڕووت دەڕوانێتە شوێنی جەستە و بەسەرچاوەی ئاسوودەیی و خۆشی جەستەی دادەنێت.وەسفێکی ئێرۆتیکیانەی دەکات لەدیدی گێڕەرەوەوە.ئەم وەسفانە زیاتر لە شیعردا بەکار هاتووە کەوا شاعیران بە بەژن و بالآی یاریاندا هەڵداوە.چیرۆکنووس هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ئێرۆتیکی وەسفی ئەندامی جەستە بکات نەك قالّبێکی سیکسیانەی بداتی، ئەمەش زیاتر هونەریەتی وەسفە دەسەلمێنێت لەڕوی ئەدەبی یەوە.

ئەندامەکانی لەش شوێنن بەلآم شوێنێکی جیاواز لەماڵ و سروشت، شوێنێکن دەتوانن کاریگەری دەروونی وورد لەسەر هەموو تاکەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤدا دروستبکەن.ئەم وەسفەش کاریگەری ئەندامەکانی جەستەی لەسەرکەسایەتی سەرەکی دروستکردوە و لە هەمان کاتدا لە خۆشەویستی جەستەییەوە پەڕاندوویەتییەوە بۆ خۆشەویستی ئارام بەخش و ئاوێزان بوون ی بەشەکەی تری ژیانی کە کچەکەیە بەناوی(شەرمن).

[1] نیوهەنطاو دوور لەدۆزەخ.ضیرۆکێك لەسەرکانییەك.ل 49.

## 3. وەسفی پەلەوەر و باڵندە :

بەشێکی تر لەو وسفانەی کە چیرۆکگێڕەوە لە چیرۆکەکانیدا وەسفی دەکات ( پەلەوەر و باڵندە)ن.هەوڵی داوە وەسفی لە هەموو بوارێکدا هەبێت، ئەمەش زیاتر ئەوە دەردەخات کە ویستویەتی ئەرکێکی جوانکاری ببەخشێتە چیرۆکەکانی لە گەڵ ئەوەی کە هەوڵی داوە هاوشێوەیەك لە نێوان دیمەنی ڕووداوەکان و وەسفی باڵندە و پەلەوەرەکاندا بخاتە ڕوو، کە مرۆڤەکانیش هاوشێوەی ئەوانن لە هەندێك لایەنەوە.ئەمەش لە چیرۆکی "ڕژگاو"دا ئەم شێوەیە بە دیدەکرێت.کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە لەشوێنێك دانیشتوە لە زاری ئەوەوە وەها وەسفی کۆترێکی نێرمان بۆ ئەکات کە چۆن ئەو دیمەنە سەرنجی ڕکێشاوە و کاری کردۆتە سەری.

**(( لەسوچێکەوە بەتەنیا دانیشت، لەبەردەمیا پۆلێ کۆترە شینەیماڵی بای باڵی خۆیان ئەدا بەدەمیشی یەوە بۆ دان ئەگەڕان، لەناویانا تەنیا یەکێکیان نێربوو، قەڵەو، خرپن، غوباب، خۆی گیف کردبۆوە.باڵەکانی فش کردبوو زەوی پێ ئەماڵی، بەواقە واق و خۆنواندنەوە بەدەورو خولی مێ کاندا ئەهات )).**[1]

وەسفکردنی کۆتری نێرە، چواندنی نێرینەکانە بەیەکتری جا چ مرۆڤ بن یا باڵندە یا ئەوانی تربن...، ئەم وەسفە بالآدەستی نێرینە پیشاندەدات بە سەر ڕەگەزی بەرامبەردا.لە لایەکی ترەوە کە دەڵێت: **(بەواقە واق و خۆنواندنەوە بەدەورو خولی مێ کاندا ئەهات)** ئاماژەیەکە بۆ خودی کەسایەتی یە سەرەکی یەکە کە نادیارە، چونکە بە هەمان شێوەی ئەو کۆترە هەوڵی خولانەوە بە دەوری مێ دا دەدات، ئەم وەسف لە چەندین پلەدا خۆی پیشان دەدات کە مەبەستی چواندن و پیشاندانی باروو دۆخی تایبەتی کەسایەتیەکەیە کەهەمان باروودۆخی کۆترەکەی هەیە لە ژیان دا.هەروەها لەوەسفی "شێرە" کە کەڵەشێرێکە بۆتە مایەی بێزاری کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە و دەوروبەرەکەی.وەها وەسفی دەکات و دەڵێت:

**(( کە ئەیخوێند لەپیرەمێردێکی هەشتا ساڵەی ئەکرد گەرووی پاك بکاتەوە، وای لێمان کردبوو ئاخمان بۆ ڕۆژێك ئەخواست دەنگی شێرەی تیادا نەبیستن.ناوی شێرەبوو، شێر لەئاستیا ڕووی نەئەهات خۆی بنوێنێ! هەتابڵێ ی درو غوباب لەخۆبای بوو، لەگیف بوونەوە و باڵ لەزەوی خشاندن و خوێندنی بێ وچان نەئەکەوت، لەبەرەئاشکراەوە هەتاکو ئێوارە وەختە بەناویانا گاڵەی ئەهات )).**[2]

---

[1] خۆری ئاوابوو.رذطاو.ل 86.
[2] ذووری میوان.شێرة.ل 60.

چواندنی دەنگی کەڵە شێر بە دەنگی پیرەمێرد ئاماژەیە بۆ دەنگ ناخۆشی کەڵەشێرەکە بە ڕای چیرۆکنووس، لە لایەکی ترەوە باس لە ئازایەتی کەڵەشێرەکە دەکات کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ گەنجێتی و بە توانایی.چیرۆکنووس دوو وەسفی دژ یەکی بنیات ناوە و لە دەقێکدا کۆی کردۆتەوە کە ئەوانیش:

– دەنگ ناخۆشی کە ئاماژەیە بۆ پیر بوون.

– گەنجێتی و ئازایەتی ئەمانە دوو سیفەتن پێچەوانەی پیریین.

ئامانجیش لە بنیات نان و ئەنجامدانی ئەم وەسفە بۆ ئەوەیە تاوەکو بتوانێت ئەو کەڵەشێرە بە خوێنەر بناسێنێت کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەناو چیرۆکەکەدا و لە لایەکی تریشەوە بۆتە مایەی بێزاری لای ئەو کۆمەڵەکەی کە تێیدا دەژی.

## 4. وەسفی درەخت :

درەختیش وەك بەشێك لە سروشت و ژیانی مرۆڤەکان بێبەش نەبووە لە وەسف لە چیرۆکەکان، چونکە زۆرجار درەختەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ژیانی مرۆڤ و هۆکارێکی خۆشی بەخشیشن بۆ مرۆڤەکان، بەڵام لێرەدا دارخورما بۆتە مایەی بێزاری چواردەورەکەی و کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە کە نادیارە.لەپشت ئەم وەسفەوە چیرۆکنووس ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر بەم دارە دەردەبڕێت، بۆیە کە وەسفی دەکات هەست بە بێتاقەتی و بێزاری دەکات لە باسکردنیدا.ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە دارخورما دوژمنی گەلەکەی بیر دێنێتەوە.لە وەسفی درەخت دا تەنها وەسفی (دار خورما) دەکات کە بەشێوەیەکی واقیعییانە وەسفی دەکات وەك چۆن (دارخورما) لە ڕاستیدا هەیە.ووردەکارییەکانی یەك بەیەك دەخاتەڕوو هەر لە بەرزی و شێوەو جوڵەکانی.ئەم وەسفەشی لەچیرۆکی "دارخورما زڕەکە" دا خستۆتە ڕوو و ئەنجامی داوە:

**(( دارخوورما زەڕەکە پەنجەرەکەی داپۆشیبوو.لەدارخورما نەئەچوو، زۆڵە دار خورمایەك بوو، کورت وقەبەو هەراش، بەهەرچوارلادا پەلی هاوێشتبوو.گەڵا لە دەرزی و نەشتەرچووەکانی لەپەنجەرەوە شوشەکانی گیربووبوون، وەك مشاری ئاسنین قەپاڵیان لێ ئەگرت لەگەڵ هەموو جوڵانەوەیەکدا دەنگی شت بڕینەوە بەرز ئەبۆوە ))**[1].

دەڕوانێن چیرۆکنووس بە شێوەیەك وەسفی دەکات کە سیفەتێکی باشی تێدا نابینێتەوە، هەروەها پێدانی سیفەتی مشار بە درك یان چواندنی پێی ئەو مەبدەئەی ئەرکی وەسف دووپات دەکاتەوە کە "میکایل ریفیتار"* ئاماژەی پێداوە.

---

[1] ئێوارەیەك.دارخورما زڕەکە.ل 145.

* بڕوانە لاثەرِة 111.

وەسفەکان بەشێوەیەکی گشتی لەچیرۆکەکانیدا هەمەڕەنگی بەخشیوەتە دەقەکانی چیرۆکەکان، وەسفەکان تەنها خۆی لەوەسفی کەسایەتیەکان یان شوێنەکاندا نەبینیوەتەوە بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ وەسفکردنی باڵندە و پەلەوەر و درەخت و گوڵ.هەریەکەیان بەشێوەیەك وەسف دەکات وا هەست دەکەیت بەرامبەر بە وێنەیەکی ڕاستەقینە وەستاوین و کەسایەتیەکان و باڵندەکان بەرامبەرمان دەجولێن و زیندوون.لەهەمان کاتدا ئەو وەسفانە بە چاوی سەر دەیبینین نەك بە خەیاڵ.وەسفێکی واقیعییانەی ئەنجام داوە، چونکە چیرۆکەکانی واقیعین و لەناو ژینگەی کۆمەڵەوە هەڵقولاون، بۆیە وەسفەکانی تایبەتن بەو ژینگەیە و کەسەکان و شتەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بە هەموو شتەکانیەوە.

## پاری سێهەم

### 1: کەسایەتی:

کەسایەتی یان کاراکتەر character بناغەی سەرەکی چیرۆکە و هەر لەسەرەتاوە واتە لەسەردەمی یۆنانییەوە تادەگاتە سەدەی هەژدەهەم، دواتریش بەردەوام گرنگی زیاتری پێدراو خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بەرەوە پێشچوونی لەچیرۆکدا، بەهۆی ئەوەی جێی بایەخ و گرنگی بووە توانییویەتی هەنگاوی نوێتر بنێت لە بنیاتنانی چیرۆکدا، بۆیە سەرەتا بەلای(ئەفلاتون)ەوە تەنها وەك دەمامكێك بەكارهاتووە و لاسایی کەسایەتییە پلە بەرزەکان بووە بە بۆچونی ئەو، وەك (خانەدان و پاشاو...) بەلام لای (ئەرەستۆ) تێڕوانینێکی جیاوازتری وەرگرت کە کەسایەتی (( ئەو ڕەوشتەیە کە کەسێتی دروست دەکا و خواست و بڕیارەکانی دەستنیشان دەکات ))[1].هەروەها لاساییکردنەوەی کردەوەی کەسایەتیەکانە چونکە(( نواندنی جەوهەری ڕوحی ئادەمیزادن و دەتوانن خەسڵەتی ئەوان لەکردارەکانی خۆیاندا بنوێنن، چونکە کاراکتەر بەکردارەوە بەستراوە و لەڕێی ئەو کردارانەشەوە دەکرێ بناسرێنەوە ))[2].بەلام لەوکاتەوە تادەگاتەسەدەی 18هەمی ی زایینی کەسایەتیەکان ڕۆڵێکی خورافییان پێدرابوو، چارەنووسیان بەدەست خواوەندەکانەوە بووە، ئەوان بڕیاریان لەسەر ژیانیان دەدا.ململانێکانیان هەمیشە لەگەڵ مرۆڤی نائاساییدا بووە کە نیوەیان مرۆڤ و نیوەکەی تریشیان ئاژەڵ بووە وەك(ئەنکیدۆ)ی گلگامش، یان گیانەوەری ئەفسانەیی و خەیاڵی بوون.

بەلام لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەلایەتی ئابوری و سیاسی و هەڵگیرسانی شۆڕشی پیشەسازی چینێکی نوێ هاتە ئاراوە کە بەچینی(بۆرژوا) ناسران، کەسایەتیەکان ئیدی ڕۆڵێکی جیاوازتریان دەگێڕا لەوەی پێشتر پێیان درابوو، تاك ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لەزۆربەی شتەکان و دەبوو لەوکاتەدا پشت بەخۆیان ببەستن کە ئەمەش لە ئەنجامی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە بوو، دواتر کەسایەتیەکان دەبوو گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن و دژی نەهامەتییەکانی ژیان بوەستنەوە.بۆیە چیدی کەسایەتیەکان ئەو کەسایەتییە خورافی و

[1] هونةری شیعر(شیعرناسی)، ئةرةستؤ، وةرطيَرِانی لةئينطليزيةوة، عةزيزطةردی، ضاث وثةخشی رِيَنما، ضاثی دووةم ی 2011 ی زايينی .ل 150.

[2] كاراكتةرسازی لة رِؤمانی ئيَوارةثةروانةی بةختيار عةلی دا، نةجم ئةلَوةنی، ل21.

ئەفسانەییانە نەمان کەپێشتر لەناو چیرۆکدا وێنادەکران لەناو (داستان یان شیعر یان چیرۆك) بەڵکو لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا هەڵدەبژێردران و گوزارشتیان لەو واقیعەدەکرد کەتێدا دەژیان، لە ئەنجامی ئەمەشدا چیرۆکی ڕیالیزمی هاتەئاراوە کە دەبوو کەسایەتیەکان گوزارشت لە ئازارەکانی ناو کۆمەڵ بکەن و لە چوارچێوەی واقیعی کۆمەڵایەتییدا بخولێنەوە، ژیانیشیان بەکات و شوێنێکی دیاریکراوەوە گرێدرا و نوێنەرایەتی چینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگایان دەکرد.دواتر لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیان و باری ئەدەبیدا کاراکتەرەکان جیاوازتر لەوانەی پێشووتر وێنادەکران، گوزارشتیان لەڕووکەشی ژیانی کەسایەتیەکان و خەیاڵەکانیان دەکرد.لێرەدا زیاتر گرنگی بەناخی دەروونی کەسایەتیەکان دەدراو هەوڵدەدرا ناوەوەی کەسایەتیەکان لەڕووی شڵەژانی دەروونی وململانێ ناوخۆییەکانی کە لەگەڵ خۆی هەیەتی ئاشکرابکات.ئەم شێوازەی پێشکەشکردنی کەسایەتیەکانیش پێویستی بەڕێگایەکی نوێ هەبوو لە چیرۆکدا تا لەڕێگایەوە کەسایەتیەکان پێشکەش بکرێت ئەویش شێوازی(مۆنۆلۆگ)بوو.

لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە کەسایەتیەکان دەبوو لەبەرخۆیانەوە قسەبکەن و ڕووداوەکان بگێڕنەوە، نەك پەنا ببردرێتە بەرحیکایەتخوانێك یان گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزان.ئەم تەوژمە نوێیەش بە(شەپۆلی هۆش) ناسران.نوسەرانی ئەم تەوژمەش (جیمس جویس و ڤێرجیناولف و مارسیل پرۆش) بوون، کە توانییان ئەم تەکنیکە نوێیە لە بەرهەمەکانیان بەکاربهێنن.دواتر لەسەر دەستی نوسەران و ڕەخنەگرانی وەك (ناتالی سارووت و میشال بۆتۆر و ئالان ڕۆب گرییە) هاتە بوون.دوای دەرکەوتنی ئەم تەوژمە کەسایەتی لەچیرۆکدا گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هات، کە سەرەتا تەنها لەسەر پەڕەی کاغەز دەژیان و وێنەی واقیعی هیچ کەسێك نەبوون لەژیان، بەڵام دواتر وای لێهات کە کۆمەڵێك هێما و واتای زمانی لەخۆبگرێت، تەنانەت هەندێك جار پاڵەوانەکان مرۆڤ نەبوون بەڵکوو((ئاو یا چیا یا پیتی ئەبجەدی یا ژمارە یان بوونەوەرەکانی ژیان بوون ))[1].هەموو ئەمانە نمونەیەکی تەواون لەخاسیەتەکانی چیرۆك جا بەهەر شێوە و جۆرێك بێت.ئەمانەش بەتەنها باش یان خراپ نین بەڵکوو هەندێکجار باش و هەندیکجاری تریش خراپ دەبن.

ئەوکەسایەتییانەی کە لە چیرۆکدا دەخوڵقێنرێت ڕاستەقینە نیین بەڵکو جۆرێك لە پاڵەوان سازی بەسەریاندا حوکم دەکات، ئەم بابەتەش چیرۆکەکان لە ڕاستییەکانی ژیان و جەوهەری ڕاستییەکانی ژیانیش دوور دەخاتەوە.یاخوود چیرۆکنووس کەسایەتیەکان بەشتە

[1] سوودمان وةرطرتووة لة:yeklivan dastanblogfa.com.post-120.spx

خەیاڵییە نامەعقولەکان دەگەیەنێت و سیفەتێکی ئەفسانەیی و باڵایان دەداتی[1].بۆیە(( یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی چیرۆك ئەوەیە کە زۆرجار ئەو کەسایەتییە جێگیرە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایات، زۆرجاری واش هەیە گۆڕاوە و بەپێی هەڵوێستەکانی ناو بارەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.چیرۆك بێژیش هەندێك جار لەیەك ڕستەدا هەموو خەسڵەتەکانی باش و خراپ باس دەکات، ڕێگا بە خوێنەر نادات بڕیاری خۆی لەسەربدات ))[2].

لە ڕووی زاراوەوە وشەی کەسایەتی(( لە زمانی فرەنسی یەوە وەرگیراوە، لە بنەڕەتیشدا لاتینی یە، مەبەستیشیان لە ووشەی persona ئەو دەمامکە بوو کە هونەرمەند دەیپۆشی ))[3]. لەزمانی یۆنانیشدا ethos واتای (( کەسێتی یان ڕەوشت ))[4] دەدات، یاخود بەواتای دەمامك دێت کە لە یۆنانی کۆندا شانۆکاران دەیانخستەسەر دەم و چاویان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات واتاکەی گۆڕاوە، کە کۆمەڵێك واتای کۆمەڵایەتی بەهەموو بنەماکانییەوە دەگرێتەخۆ، کەسایەتی بە یەکێك لەپێکهاتەکانی مرۆڤ دادەنرێت لەڕووی سیفەت یان تایبەتمەندی یان ڕوانگە و ڕەفتار و سروشتی مروڤ، کە هەموو ئەمانە بەسروشتی مرۆڤەکان ئەژماردەکرێت کە لەمرۆڤێکی تایبەتدا گەیشتونەتە یەکتری، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ووشەی (کەس و کەسایەتی) وەك ڕەخنەگرەکان دیاریان کردووە، لەوانە ڕەخنەگری مەغریبی (محمدسویریتی) جیاوازی کردووە لەنێوان هەردوو چەمکی کەس و کەسایەتی لەهەمان کاتدا جیاوازییەکانیشیان دیاریدەکات، سە بارەت بەم جیاوازیانەش دەڵێت: (( شێوە پەیوەندی بەچەمکی کەسایەتی گێڕەرەوە هەیە وەك چۆن ناوەڕۆك پەیوەندی بەچەمکی کەسەوە هەیە، نەك سەرچاوەکەی، واتە کەسی واقیعی.کەواتە **کەس:** Person.بەواتای مرۆڤی تاك دێت وەك چۆن بوونی هەیە لەواقیعیدا ئەو مرۆڤە زیندوەیە کە کاردەکات، دەژیت و بیردەکاتەوە و هەست دەکات، ئارەزووی واتای شتێك دەکات کەچۆن دڵخۆش دەبێت و دڵناخۆش دەبێت، دڵخۆشکەر یان ئازارکێش دەبێت، پشودەدات و دەخەوێت، بەخەبەردێت دوایی خەون وێنادەکات.یان خەیاڵ دەکات و دواتر قسەدەکات، ئەو مرۆڤێکە لەگۆشت و خوێن.

---

[1] yeklivan dastanblogfa.com.post-120.spx

[2] المدخل الى علم الأدب، تأليف مجموعة من الكتاب الروس_ ترجمة أحمدعلى الهمدانى.دار المسيرة للنشر واالتوزيع والطبع.الطبعة الثانية 2010م .ص 139.

[3] هونةرى شيعر(شيعرناسى)، ئةرةستؤ ، وةرطيَرِانى لة ئينطليزيةوة، عةزيزطةردى.ل 150.

بەڵام مەبەستی لە **کەسایەتی** کۆی تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی دەروونی تایبەت بەکەسی زیندوو نیە کەبابەتی زانیاری دەروونییە، هەروەها مەبەستی ڕەفتارەکانیشی نیە کە بواری لێکۆڵینەوەی مرۆڤ و زانستی کۆمەڵناسییە، بەڵکو مەبەستی لەکەسایەتی personality ئەوەیە کەوا بەربلاوی قسەیە دەربارەی ڕۆمان "چیرۆك" و ڕەخنەکەی، ئەو پێکهاتەیە یە کەوا نوسەری ڕۆمان"چیرۆك" هەوڵدەدات لەڕێگای شێوازی زمانی بەپێی کۆدی تایبەتی و ڕێکەوتنی تایبەت نزیك لەمە، کەمرۆڤی واقیعییە عادەتەن بەووشەی person ئاماژەی بۆدەکات.واتاش لەسەر تاکێك کە هۆکارەکانی سروشتی و ئابووری کۆمەلأیەتیە، لەسەر بوونیاتنانی جەستە و دەروونی کۆدەبێتەوە ))[1] .لێرەدا تێکەڵیەك لەلای ڕەخنەگران درووست دەبێت دەربارەی (کەس و کەسایەتی و دەمامك)، ئەمەش بەهۆی ئەو چەمکە جیاوازانەی کە تایبەتن بە کەسایەتیەکان لە گووتە وکار و سیفەتەکانی دەرەوە و ناوەوەی کەسایەتیەکان و حاڵیان و ئەو واتایانەی کە لەسەریانە.بۆیە کەسایەتیەکان لەکۆن و نوێدا شێوازی نواندنیان جیاوازە، لەکۆندا کەسایەتیەکان تەنها وەك سێبەرێك وابوون بۆ پێشکەشکردنی ڕووداوەکان، ئەو کەسایەتییە یان هەڵدەبژارد کە خۆیان پێیان باشبوو، واتە کەسایەتیەکانی تەنها وەك چەمکێکی ناوەندی تەماشادەکران و تەواو ملکەچی کارێك دەبوو بەبێ وویستی خۆی، وەك( ئەرەستۆ )دەبیینی کە (تراجیدیا) لاساییکردنەوەی کردەوەی کەسەکانە یان کارێکە کە کەسایەتیەکان پێی هەڵدەستن، بۆیە ئەگەر تەماشابکەین ئەوا کارەکان تەحەکوم بە کەسایەتیەکان دەکەن.لێرەدا هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی مرۆڤ وێنەی کارەکە وەردەگرن لە چیرۆکدا.(هینری جیمس) سەبارەت بەم بوارە دەیگوت (( کەسەکان چییە؟ ئەگەر هاتوو تەوەری کارەکان نەبوو؟ ئەی چارچییە ئەگەر هاتوو وێنای هەڵسوکەوتی کەسایەتی نەبوو، تابلۆ یان ڕۆمان "چیرۆك" چییە، ئەگەرهاتوو وەسفی ڕەفتاری کەسایەتی نەبوو))[2].هەر هەمان ئەوپرسیارانەیە کەوا (والأس مارت) بۆی چووە و گوتویەتی ((کار و کەسایەتی بەشێوەیەکی تەدریجی و لەسەر هێڵێکی زەمەنی لەکاتی کار و خوێندنەوە، بەرەو پێشەوە چوونی گێڕانەوە پێکدێنن ))[3].ئەم جیاوازی و پرسیارانە دەربارەی کەسایەتیەکان وایکرد جیاوازی بکرێت لە داڕشتنی تایبەتمەندییەکانی کەسەکان و کەسایەتیەکان.

[1] البنية السردية في روايات نبيل سليمان، ساجدة زرار عزيز ئاوده لي.ص 110.
[2] البنية السردية في روايات نبيل سليمان، ساجدة زرار عزيز ئاوده ليص 111.
[3] هةمان سةرضاوة.ل 112.

وێناکردنی کەسایەتیەکان لە چیرۆکی کلاسیکیدا وەك ئەوە مامەڵەی لەتەکا دەکرا کەوا بوونەوەرێکی زیندوە و لەناو کۆمەڵدا دەژێت، واتە بوونێکی فیزیکی هەیە.لە ڕووی جەستەیی و ڕەنگ و باڵا و تەنانەت جل و بەرگەکانیشیان وەسف دەکران، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوێنەر یان وەرگر کە وەڵامی دەدایەوە وایدەزانی ئەو کەسە خۆیەتی و لەگەڵ خۆیدا بەراوردی دەکرد.یان زۆرجار کەسایەتیەکان گوزارشتە لەخودی نووسەر، لەو ڕێگایەوە گوزارشت لەخۆی و ڕاکانی دەکات، ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی لەو کەسایەتیانەدا بەرجەستەی کردووە یا دەیکات، بۆیە ئەگەر تەماشابکەین دەبینین (فلۆبێر)لەگەڵ ئەوەی کە (مادام بۆڤاری) ئافرەتە بەخۆی دەچوێنێت و دەڵێت: (( مادام بۆڤاری خۆمم.ئەمەش بەو واتایە دێت بیەوێت و نەیەوێت، نووسەر شتێك لەئاکار، مێژوو، مگێز، خولیاو هزری خۆی تێکەڵ بەکاراکتەری چیرۆك یا ڕۆمان دەکات ))[1].(تۆلستۆی) یش دەربارەی کەسایەتی (دیکنز) دەیگووت (( هەموو کەسایەتیەکان هاوڕێی نزیکمن، من هەردەم بەراوردیان دەکەم بەکەسانی زیندوو، کەسانی زیندووش بەراورد دەکەم پێیان ))[2]، بۆیە(باختین)دەربارەی کەسایەتیەکان و ئەم بوارە دەیگووت(( مرۆڤی قسەکەر لەڕۆمان "چیرۆك" لەبنەڕەتدا مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییە، تایبەتمەندە، لە ڕووی مێژووییەوە دیاریکراوە ))[3].جگە لەمانە کەسایەتیەکانی ناو چیرۆك پەیوەندییەکی پتەویان بە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەوە هەیە، ڕۆڵێکی کاریگەریشیان لە بزواندنی ڕووداوەکانی چیرۆکدا هەیە، تەواکەری یەکترین، بایەخێکی زۆریشی هەیە تێدا، چونکە کەسایەتیەکان سەرچاوەی درووستبوونی ڕووداوەکانن، لەخۆڕا دروست نابن، ئەگەر جوڵەپێکەر و بزواندنێك نەبێت بۆ درووستبوونی ڕووداوەکان ئەوا ئەو کاتە ڕووداوەکان بوونیان نابێت و درووست نابن.بۆیە ئەستەمە چ ژیان یا چیرۆك یان هەردەقێکی تری ئەدەبی خاڵی بێت لەڕووداو، چونکە ژیان لەکەسایەتییە جۆربەجۆرەکانی ناو کۆمەڵ پێکدێت و ئەو کەسایەتییانەش هەرکەسە و بە ڕۆڵی خۆی ڕووداوێك لە ژیاندا دروست دەکات.

کەسایەتی لەچیرۆکدا ئەو کەسەیە ئەرکی بزواندنی ڕووداوی لەسەرە، تووشی تەنگوچەڵەمە و ئازارو ئەشکەنجە دەبێتەوە.بۆیە کەسایەتی ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەیە لەتەك ڕووداوەکان دا، کرۆکی چیرۆك پێکدەهێنن، چونکە بەهۆی کەسایەتیەکانەوە چیرۆکنووس پەیام و بۆچوونەکانی خۆی بەخوێنەر یاوەرگر دەگەینێت، کەسایەتی لەچیرۆکدا یەکێکە لە تاکە خەیاڵی یا واقیعەکانی کە ڕووداوەکان بەدەوریاندا خول دەخۆنەوە، بۆیە

---

1 ئةزمونى ضيرؤكنووسين. مةحةمةدفةريق حسن .ل 229.

2 البنية السردية في روايات نبيل سليمان ، ساجده زرار عزيز ئاوده لي.ص 112.

3 الوجيزفى دراسة القصص، لين أولتبيندندو ليزلى لويس، ترجمة الدكتور، عبدالجبارالمطلبى.ص 131.

ناکرێت ڕووداو و کەسایەتی لەیەکتر جیابکرێنەوە، چونکە کەسایەتی بەو ڕووداوانە هەڵدەستێت ڕووداویش بێ بوونی کەسایەتییەك ئەستەمە ژیان ببەخشێتە دەق، لەلایەکی ترەوە چیرۆکنووس دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەهەندەکانی بنیاتنان و خولْقاندنی کەسایەتیەکانەوە، چونکە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە کەسایەتیەکەی تێدا بنیات دەنێت دەتوانرێت لەڕێگایەوە جوڵەکانی کەسایەتیەکان دیاریبکرێت، بەو پێەش چیرۆکنووس ناچارە بەپێی ئەو چوارچێوەیەی کە بۆ کەسایەتییەکەکانی دیاریکردووە مامەڵە لەتەك کەسایەتیەکانی دەقەکەدا بکات و سنور بۆحەز و وویستەکانی خۆی بۆ کارکردن و جولاْنەوەی کەسایەتیەکان دیاریبکات.بۆیە بوونی کەسایەتیەکان لەناو چیرۆکدا بەپێی ئەو بارودۆخەی کە هەڵی دەبژێرێت دەگۆڕێت، لە کەسایەتییەکی سادەوە تا دەگاتە کەسایەتییەکی سەرەکی.واتە هەمیشە چەسپاو و جێگیر نییە بەڵکو لەهەمان کاتیشدا جولاْو و بزواوە.بۆیە کەسایەتی بریتییە لە(( کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو و یەکەیەکی پێکهاتوو لە تایبەتمەندی یەکی تاڕادەیەك جێگیر و پایەدار و بەناو یەکداچووەکان، کە هەموویان تاکێك لەتاکێکی تر جیادەکەنەوە ))[1].کەسایەتی نمایشی ڕەفتار و جوڵەی باری دەروونی و چیرۆکنووس و ئەوکۆمەڵگایەیە کەتێیدا دەژی.

کەسایەتی character زیاتر بە (( کەرەسە یان کارکردێك لەقەڵەم دەدرێت کە یەکێتی بەسەرهاتەکانی حیکایەت دەپارێزێت، نە ئەوەی وەك کۆمەڵێك مرۆڤی ڕاستەقینە بێتە ئەژمارکردن بەهەندێ کار و کردەی ڕاستەقینەشەوە ))[2]، کەواتە کەسایەتی دروستکراوێکی واقیعی نییە، دروستکراوی خەیاڵە کە چیرۆکنووس بۆ مەبەستێکی هونەری دیاریکراو درووستی دەکات تا لە ڕێگایەوە بیروباوەڕو بۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر یا وەرگر، جا ئەگەر خوێنەر یا وەرگر بەسادەیی وەریگرت ئەوا تووشی گومڕایی و تێکەڵی دەبێت لەوەی کە ئایا کەسایەتیەکان ڕاستەقینەن یان خەیاڵی.هەروەها (تودۆروف) ئاماژە بەوە دەدات کە (( کێشەی کەسایەتی پێش هەمووشتێك کێشەیەکی زمانی یا ڕێزمانی یە، بۆیە کەسایەتیەکان هیچ بوونێکیان نییە لەدەرەوەی ووشەکان، چونکە ئەوان هیچ نین جگەلە"بوونەوەرێك لەسەر پەڕەی کاغەز یا بوونەوەرانێکن لەکاغەز" وەك **بارت** دەڵێت))[3].

کەسایەتی لەچیرۆکدا خاوەن تایبەتمەندی و گرنگیە، جیاکەرەوەیەتی لە بابەتە هونەرییەکانی تری ناو چیرۆك.زۆرجار سەرکەوتنی چیرۆکەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەوا

---

[1] قوتابخانة و تيؤريةكانى دةروونزانى كةسايةتى، د.سعيد شاملؤ.وةرطيَرِانى، فرميَسيك رِزطارمحمد_سيدؤداود على.خانةى ضاث و ثةخشى رِيَنما، ضاثى يةكةم 2010 ى زايينى.ل 14.

[2] تويَذينةوةى تيؤرى ئةدةبى، رِاجيَر ويَبستر.وةرطيَرِانى عبدوالخالق يةعقوبى.ل 96.

[3] المصطلح السردى فى النقدالأدبي العربى الحديث.أحمد كريم رحيم الخفاجى.ص 3.

چۆن ئەو کەسایەتییانەی کە خوڵقاندوویەتی توانیویەتی زیندوویەتی پێ ببەخشێت، هێز و نهێنیەکانی تێدا حەشاربدات. ئەلێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی تێڕوانینی جوودا دەربارەی ناساندنی کەسایەتی هەیە، جا چ لەڕووی سایکۆلۆجی یا کۆمەلأیەتی یا ئایینی یەوە بێت.ئەگەر لەڕووی سایکۆلۆجی یەوە بڕوانینە کەسایەتیەکان دەبینین" کراوە، داخراو یان گرێ ی دەروونیان هەیە".ئەو کەسایەتیانەشی کەوا چیرۆکنووس لەڕووی ڕووخسارەوە دیاریدەکات ئایا درێژ یا کورت یا قەڵەون؟ چونکە هەریەکە لەم شێوە و ڕوخسارانە گوزارشتە لەشتێك یا هێمایەك بۆ کەسایەتیەك کە چۆنە و چۆن نییە؟ هەروەها پێویستە ململانێ لەناو خوودی کەسایەتیەکاندا هەبێت، چونکە ئەم ململانێیانە بوونی نەبێت ئەوا چیرۆکەکە کرچ و کاڵ دەردەچێت، هیچ بەهاو تامێکی نابێت لای خوێنەر یا وەرگر.ئەو ململانێ یانەش هەمیشە خۆی لەهێزی خێر و شەڕدا دەبینێتەوە.ململانێکان جۆرا و جۆرن هەریەکەیان هەوڵی بە دەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی دەدات بەهەر شێوە و ڕێگایەك بێت.بۆیە کەسایەتی لە داهێنان و ئەفراندنی خەیاڵی نووسەرە، لە کاتی خوڵقاندنی کەسایەتیەکانی دا وەك ئەوەیە دەست بداتە خوڵقاندنی مرۆڤێك و ڕووحی خۆی بە بەردابکات.نووسەری چیرۆك لەوپەری هەڵچوونی خۆیدا ئەم کار ئەنجام دەدات ململانێکانیشی لەناو ژیانی ڕاستەقینەدا وەردەگرێت و بەرگێکی تری دەکاتەوە بەر، زۆرجاریش لەسەرووی خەیاڵەوەن. نووسەر بەئەفراندنی کاراکتەرێك دەڵێی دەست دەداتە ئەفراندنی مرۆڤێك کەدەتوانێت ئازادانە لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا ئامادەگی پەیدا بکات و کاریگەربێت تێیدا.کەواتە دەسەلأتی نووسەر لە خوڵقاندنی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکدا دەسەلأتێکی خواوەندییە و هێزو تواناکانی لەسەرووی مرۆڤێکی ئاساییەوەیە، چۆن بیەوێت بەو شێوەیە وێنای هەموو لایەنەکانی کەسایەتیەکان دەکات و لە کۆتاییدا کەسایەتییەکی کامڵ یان نیمچەکامڵی لێ دروست دەکات وەك خۆی چۆن بیەوێت.

## 2: جۆرەکانی کەسایەتی لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا :

کەسایەتییە هونەریەکان هەمەچەشنە و هەمەلایەنەن، خاوەن جۆری جیاوازن، تەنانەت لەناو لێنانیشیان دا جیاوازییان هەیە.کۆمەڵێك لێکۆڵەر باسی جۆرەکانی کەسایەتییان کردووە لە ڕووی سروشتی و پێکهاتەییەوە، ئەوانیش (فۆرستەر، ئەدوین مۆیەر، ڕۆلان بۆرنۆف و میریام ئالوت و مستەفا مەنسور و عدنان خالید، عبدالملك مورتاز و محمدغنیمی هیلال) و...بوون.سروشت و پێکهاتەی کەسایەتیەکانیان دیاریکردوە و لەیەکیان جیاکردۆتەوە.((

زۆربەی کارەکانی چیرۆکیش کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی تێدایە، پێناسەکردن و گەشەسەندنی کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی بۆ چیرۆك زۆر گرینگە ))[1].بەپێی گرنگی جۆرەکانی کەسایەتی دوو جۆر کەسایەتی دەستنیشان دەکەین وەك نووسەران و ڕەخنەگران ئاماژەیان پێداوە، لە لایەکی ترەوە بە پێی بوونی ئەم جۆرە کەسایەتیانە لە ناو چیرۆکەکاندا جۆرەکانی دەست نیشان دەکەین ئەوانیش:

## 1. کەسایەتی سەرەکی  شاکەس :

هۆکار و داینەمۆی سەرەکی جولاّندنی هەموو ڕووداوەکانی ناوچیرۆکە، لەڕێگایەوە پەرە بەهەموو بەسەرهات و چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداو و هەڵسوکەوتی کەسانی تردەدات لەناو چیرۆکەکەدا، (( کەسایەتییەکی باوی ناو چیرۆکە پێی دەگوترێت Protagonist کە کەسایەتییەکی پێشبڕکێ کەر یان بەر بەرەکانێ کەرە ))[2].لەژێر ڕۆشنایی ئەم کەسایەتییەدا ڕووداوەکانی داهاتوو و چیرۆك دیاریدەکرێت و کۆتاییان پێدێت.گرنگترین ئەرکی ئەم کەسایەتیەش ئەوەیە کە ڕووداوە سەرەکیەکانی چیرۆکەکە لەخۆدەگرێت، بۆیە هەمیشە بنیاتنانی ئەم کەسایەتیە مایەی ترس بووە بۆ چیرۆکنووس، لەبەر ئەمەشە بنیاتنانی گرانە.لە تایبەتمەندی ئەم جۆرەش ئەوەیە کە بەشێوەیەکی خۆرسکانە تەنها بۆ قەدەری تاکانەی خۆی ناژێت لەناو ئەو ڕێکەوتانەی کەوا دەوریان داوە، بەڵکودەیەوێت بە شداری لە و تایبەتمەندییەی بکات کەوا چیرۆکنووس پێی بەخشیوە لە ناو کەسایەتیەکانی تردا.

کەسایەتی سەرەکی چەقی چیرۆك پێکدەهێنێت و کاردەکاتە سەرهەموو لایەنەکانی ژیان و کەسایەتیەکانی تر و ڕەوتی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە.بەهۆی ئەم کەسایەتیە سەرەکیەوەیە ڕووداوەکان هەنگاوی باش دەنێن، قەیرانەکانی ژیانی کەوا تێی کەوتووە زۆرجار لە ژیانی کەسایەتییە لاوەکیەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، چارەنووسیشیان زۆرجار دادەڕێژێت، زۆرجار کەسایەتی سەرەکی لەوانەیە یەك کەسایەتی سەرەکی نەبێت بەڵکو لەوانەیە کۆمەڵێك بن ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، ئەمەش زیاتر لەڕۆماندا بەرجەستە دەبێت نەك چیرۆك، ئەمەش بەهۆی ئەومەودا درێژەی کە ڕووداوەکانی ڕۆمان دەیگرێتەخۆ، دەشێ ئەمەش لە چیرۆکی درێژیشدا پەیڕەو بکرێت.

لە کۆچیرۆکەکاندا بە شێوەیەکی گشتی کەسایەتی سەرەکی بوونی هەیە، بەپێی چیرۆکەکان دەگۆڕێن.هەندێك لەکەسایەتیەکان ناویان هەیە و هەندێکی تر بێ ناون، هەندێکی تریش لەکەسایەتیەکان مرۆڤ نین.ئەمەش وایکردووە لە کۆ چیرۆکەکاندا کۆمەڵێ ڕووداو و ژیان

---

[1] Litearal No4.Tripod.com/elements.html.by Christiana Shery L.sinaghio

[2] هەمان سەرچاوە.

نامەو گۆشەنیگای جیاواز لەخۆ بگرن، بەڵام زۆرێك لەكەسایەتیەكان خراونەتە ژێر خزمەتی ئایدۆلۆجیای نووسەرەوە كە لە ڕێگای كاراكتەرەكانەوە پێشكەشی دەكات و گوزارشتی لێكردووە.

ئەگەر بڕوانینە چیرۆكی "خەرمان" ئەوا (مام ڕۆستەم) كەسایەتی سەرەكی چیرۆكەكەیە، خاوەن زەوی و زارە، ساڵانە خەرمانێكی زۆری بۆ بەرهەم دێت، بەڵام بەهۆی زوڵم و زۆرداری ئاغاوە هیچی بۆ نامێنێتەوە، بە هۆی ئەمەوە بڕیار دەدات چیدی بەرهەمی خۆی بەئاغا نەدات و لەماڵ و منداڵەكەی خۆی سەرفی بكات.سەرەتا چیرۆكنووس ( مام ڕۆستەم) بەم شێوەیە دەناسێنێت :

**(( لە دوورەوە مام ڕۆستەم بەو گورجی یەی بەلاوێكی بەكار ئەهاتە پێش چاو، بەڵام كەلیّ ی نزیك ئەبوویتەوە ئەتبینی پیاوێكی مام ناوەندی یە تاكە تاكە توكی ڕەش بەسەری یەوە ماوە تەنیا سمێلی نەبێت كە ڕەنگی سوور ئەنوێنیّ چونكە مام ڕۆستەم قەت ئەوەی لە بیر ناچێت زوو زوو لەخەنەو وەسمەی بگرێت.سمێلی هەتا بلّێیت پڕو ئەستور بوو بە ڕادەیەك كە تەنیا شت بو لەڕووی مام ڕۆستەمدا كەسەرنجی ڕائەكێشا ))**[1].

بەهۆی پێگەی كەسایەتی لە چیرۆكدا، گێڕەرەوە یاریكەری سەرەكی ئەو بەشەیە، هەر ئەویشە بڕیاری ئەوە دەدات كەوا خوێنەر لە چ كاتێك و چ شوێنێكی دەقدا ئامادەبوونی هەبێت.لەم چیرۆكەشدا كەسایەتی سەرەكی كە (مام ڕۆستەم)ە گێڕەرەوە ئەم كەسایەتی یەی هەڵبژاردووە تا بتوانێت نوێنەرایەتی بەشێكی گرنگی چینەكانی كۆمەڵ بكات كە ئەوانیش چینی جوتیارن بۆیە، (( چیرۆكنووسیش ئەم كەسایەتیە هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی نوێنەرایەتی هەموو ئەوانە بكات كە وویستوویەتی وێنەی بكات یا لە ڕێگایەوە گوزارشت لە هزرەكانی یا هەستەكانی بكات))[2].لێرەشدا چیرۆكنوس لە دەقێكی تری چیرۆكەكەدا گوزارشت لە تەواوی هزری كەسایەتی یە سەرەكی یەكە دەكات كە (مام ڕۆستەم)ە، بە هۆی ئەم پێداگیری یەی گێڕەرەوە لەسەر ئەم كەسایەتیە لە ناو چیرۆكەكە بوونی بە كەسایەتی سەرەكی دەسەلمێنێت لە چیرۆكەكەدا، ئەمەش بە هۆی ئەو ئەركانەی كە كەسایەتی سەرەكی هەیەتی لەمدا بەرجەستە دەبێت.بەم شێوەیە ئەم هەڵوێستە پیشان دەدات و دەڵێت:

**((بە ڕقەوە مام ڕۆستەم سەری هەڵبڕی، چاوەكانی ئەبریسكایەوە وەكو خەرمانەكە لەناویا سوتابێت:**

---

[1] دةضيرؤك.خةرمان.ل 53.

[2] تطور البنية الفنية فى القصة الجزائرية المعاصرة.شربيط أحمد شربيط.ص 33.

**– قەسەم بەخوا ئەمسالَیش بێتەوە دەنکێ گەنمی نادەمێ، وەکو ووتم ئەبێ پۆشتەتان بکەمەوە، ئەم ژورو مالَ و ژیانەم بگۆڕم، ئەگەر نەیکەم کەواتە مام ڕۆستەمم پێ نالَێن و ئەم سمێلَەشم بەخۆڕایی لێ ڕوواوە ))[1].**

بەهۆی ئەم چەسپاندنی هەلَوێستی(مام رۆستەم)ەوە خوێنەر تەواو کاراوە بچێتە ناو ژیانی کەسایەتی یە سەرەکی یەکەوە و لە مپەرێکی لە پێشدا نەمێنێت تا لە کەسایەتی یەکەی دوور خاتەوە.

سەبارەت بەکەسایەتی یە سەرەکیەکانیش دەشێ کەسایەتیەکانی چیرۆك تەنها مرۆڤ نەبن بەلَکوو دەکرێت ئاژەلَ و سروشت و بێگیان بن ئەم دیاردەیەش بەکەساندن ناودەبرێتpersonification ئەمەش واتە(( ئەوەیە شتێ کەس یان مرۆڤ نەبێ بەلاَم وەك کەس سەیری بکەین یان تایبەتمەندی و وەسفی مرۆڤ وچالاکیەکانی پێبدەین))[2].لەو کەسایەتیانەشی کەوا مرۆڤ نین و لە چیرۆکەکاندا بوونی هەیە، کە ڕۆلَێکی سەرەکی دەگێڕێت لە بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە.بوونی ئەم شێوە کەسایەتیەش لەچیرۆکی "گولاَلەسورە" دا کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە (گولاَلە سورە)یەکە، کەمرۆڤ نی یە بەلَکو گولَێکە ئەو ڕۆلَە دەگێڕێت.باس لە ناخی گولَێك دەکات، بەزمانی گولَ دەدوێت، ئەم کەسایەتیە دەکاتە مینبەرێك تا بە هۆیەوە پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت، بۆ گەیاندنی پەیامەکەشی پەنا دەباتە بەر دیالۆگی نێوان (گولاَلە سورە و زەوی)، واتە ئەو بیرەی کە هەیەتی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو، ئەمەش زیاتر هونەریترە کە ڕێگا بە کەسایەتیەکان دەدات خۆیان بدوێن و گوزارشت لە بۆچونەکانی خۆیان بکەن و خوێنەر زیاتر بچێتە ناو کەسایەتیەکانەوە.سەرەتابەم شێوەیە خۆیمان پێدەناسێنێت :

**(( گولاَلە سورەم پێ ئەلَێن.نازانم چۆن ئەم ناوەم بەسەرا سەپێنرا؟ گولَە باخ هەیە لەمن سورتر.کەچی ئەبێ هەر من گولاَلە سورەبم.تۆ بلَێیت هەر لەبەر ئەوەی لەمێژەوە، لەو ڕۆژەوەی هاتمە ئەم جیهانەوە، بەرەنگی سورەوە هاتبم؟ پەڕەکانم بەرگی ڕەنگیان نەگۆڕی؟ نازانم! خۆزگە ئەمزانی.ها..ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت تەنیا چەند پەڕەیەکم هەیە و هیچی تر! بەلاَم نا، گولَە باخی قەلەفسی وەها هەیە لەمن ڕووت ترە ئەرێ ئەوە شێت بووم لەخۆمەوە ورتە ورتمە و کەسیش گوێم لێ ناگرێت.))[3].**

---

[1] دةضيرؤك، خةرمان.ل 67.
[2] هةردى و رِؤمانسيزمى خود، كةمال ميراودةلى، خةندان بؤثةخش و وةشاندن،2007 ى زاييني.ل 173.
[3] راوةبةران.طولاَ لَةسورة.ل57.

دواتر لەڕێگای دیالۆگەوە ئەو پەیامە ی کە هەیەتی ئاشکرای دەکات.ئەمەش ئەرکی سەرەکی ئەم کەسایەتی یە سەرەکیەیە کە (گوڵ)ە.لێرەدا سەرنجی تایبەتی گێڕەرەوە بۆ شتەکان و بەتایبەت گوڵ زۆر ئاشکرایە، دەتوانین لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە بە بەشێك لە کەسایەتی یە سەرەکی یەکە بزانین.لە زمانی (گوڵ)ەوە لە کۆ چیرۆکەکەدا ئاماژە بە واقیعێك دەکات کە بوونی هەیە لە ژیاندا، لە لایەکی ترەوە نرخاندنی لایەنی دەروونی یا هەڵسەنگاندنی کەسایەتی سەرەکی ئامرازێکە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی کەوا هەیەتی، ئەمەش زیاتر لەکاتێکدا بەدەردەکەوێت کە (زەوی) کەسایەتی لاوەکی یە دێتە وەڵام و دەڵێت:

**((– ئەم چەنەچەنەت لەچی یە.دەمت داخەو بیەڵە سەرخەوێك بشکێنم.**

**–ها مامە زەوی ئەوە نەنوستویت، چی بکەم.داخی دڵی خۆم هەڵ ئەڕێژم باش بوو خوا تۆی بۆناردم گوێم بۆ شل کەیت.**

**–من واچاوم بەیەکا نووساوە خەم و خەفەتی خۆشم لەلووتەوە ئەڕژێت، با خوا یەکێکی ترت بۆبدۆزێتەوە.**

**–نا.پێم بڵێ، بۆچی پێم پیائەنێن و ئازارم ئەدەن.گوایە ڕۆژ هەر بۆ ئەوان هەڵدێت؟ منیش وەکوو ئەوان دڵم بەژیانەوەیە.ئەمەوێ هەستی خۆم دەربڕم و دەنگم بەرز بکەمەوە.بیگەییمە ڕاستی ماف خوازان و ماف پەرستان.بەڵام ناگاتە کەس.....))**[1].

چیرۆکنوس دواتر باس لە خراپەکارییەکانی مرۆڤ بەرامبەر یەکتر دەکات تا کۆتایی.کەسایەتی گوڵاڵەسورە دەنگی هەموو ژینگەپارێزێکە کە چیرۆکنووس خستویەتە ڕوو.لەهەمان کاتدا لە زاری ئەوەوە کوشتار و ناهەقیەکانی مرۆڤ دەخاتە ڕوو.کەچۆن هەموو ڕۆژ بەچاوی خۆیان دەیبینن، خوێن و پیسییەکانی مرۆڤیش دەرخواردیان دەدرێت و ئازاریان دەدات، ڕۆژانە بۆنی خوێن و ژەهری کوشندە دەکرێت بەناخی زەوی و ڕەگی گوڵ و دار و درەختەکانەوە.دەنگی نووسەر بوونێکی ئاشکرای هەیە لێرەدا کە پەیامێکە دەیەوێ پێمان ڕابگەیەنێ لەزاری (گوڵاڵەسورە)یەکەوە.کەسایەتی سەرەکی لێرەدا بوونی خۆی زیاتر دەسەلمێنێت و پێداگیری لە بوونی خۆی دەکات تا کۆتایی چیرۆکەکە.

## 2. کەسایەتی یارمەتیدەر  لاوەکی :

[1] هەمان سەرچاوە.ل58_59.

ئەوجۆرە کەسایەتیە یە بەشداردەبێت لە بنیاتنان و گەشەسەندنی ڕووداوەکانی چیرۆك و یارمەتی دانی کەسایەتیە سەرەکیەکە و بەرە و پێشچوونی ڕەوتی چیرۆکەکە.(( دووەم جۆری گرنگی کەسایەتییە لە ناو چیرۆك دا، پێی دەگوترێت Jentera gonist کە بەهۆی کەسایەتی سەرەکی یەوە دەناسرێتەوە لە ناو چیرۆکەکەدا ))[1].ڕاستە لاوەکیە بەلاَم ڕۆلێکی چارەنووس سازی دەگێڕێ لەژیانی کەسایەتییە سەرەکیەکە، چونکە لەکاتێکدا کەسایەتیە سەرەکیەکە هەلَدەستێت بە ئەنجامدانی کارێك ئەوا کەسایەتیە یارمەتیدەرەکە گڕ و تینێکی تری دەداتێ و ڕووداوەکان بەئاقارێکی تردا دەبات، بەلاَم مەرج نییە هەموو کەسایەتیەکی یارمەتیدەر ئەو ئەرك و ڕۆلَەی هەبێت لە بەرە و پێشبردنی ڕووداوەکانی ناوچیرۆك.لە هەمان کاتدا کەسایەتی یارمەتیدەر شان بەشانی کەسایەتی سەرەکی دەبینرێت و لەگەلَیدا بەشدار دەبێت لەڕەوتی ڕووداوەکان.ئەم بەشداری پێکردنە کەمترە وەك لە کەسایەتی سەرەکی، ڕۆلێکی کاراشیان هەیە لە دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی کەسایەتیە سەرەکییەکە، زۆرجاریش ئەرکێکی پێچەوانەی پێدەدرێت بەهۆی ئەمەوە ڕۆلَی کەسایەتیە سەرەکیەکە دەردەکەوێت

شان بەشانی کەسایەتیە سەرەکیەکان تەماشا دەکەین لە زۆربەی چیرۆکەکاندا چەندین کەسایەتی لاوەکی لەناو چیرۆکەکاندا ڕۆلَ دەگێڕن.ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێ کەوا نووسەری چیرۆك لە بنیاتنانی هونەری کەسایەتیەکاندا کەم بایەخە، بەلَکو کەسایەتیە لاوەکیەکان ڕۆلێکی کارا دەگێڕن لە ڕوونکردنەوەی هەلَوێستی کەسایەتیە سەرەکییەکان، بۆیە کەسایەتی لاوەکی هەلَوێستێکی پێچەوانەی دەدرێتێ تاوەکوو بتوانێت بەراوردی هەلَوێستی هەردوو کەسایەتیە سەرەکییەکە و لاوەکیەکان بکات.لە چیرۆکەکاندا هەندێك لە کەسایەتیە لاوەکیەکان کردارەکانیان لەلایەن حیکایەتخوانەوە خراوەتە ڕوو و وەسف کراوە، هەندێکی تریان بەهۆی ئەو کردارانەی کە ئەنجامیانداوە کاریان کردۆتە سەربارى دەروونی و ڕەفتاری کەسایەتیە سەرەکیەکان.هەندێکی تریان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن کەسایەتیە سەرەکیەکانەوە باسی ژیانیان کراوە و خراوەتە ڕوو، بەلاَم هەندێك لەوکەسایەتیە لاوەکیانە تەنها بەناوهێنان ناویان هاتووە.

لەچیرۆکی"دیناری ئاغا" کەسایەتیەلاوەکیەکان بریتین لە (حەمەرەسولی کوری سەعی، حەوێزئاغا و پیشمەرگەکان).(حەمەرسول)کەسایەتیەکی لاوەکییە تەنها لەگرتەیەکدا ئاماژەی

[1] Litearal No4.Tripod.com/elements.html.by Christiana Shery L.sinaghio

پێداوە. ڕۆڵی هەیە لە دڵخۆشی دانەوەی کەسایەتیە سەرەکیەکە کە(حەمەسەعی)یە.هیوای خۆش بەختییەتی لە ژیانیدا.چیرۆکگێڕەوە بەم شێوەیە کەسایەتیەکەمان پێ دەناسێنێت :

**(( حەمە رەسول دووهەم کوڕیەتی یەکەمیان لەخۆیەوە لەبارچو، بەڵام وا خوا کردی و هیمەتی مەشایەخان حەمەرەسولی بوو، لەچاوەزار بەدووربێ تا ئێستا تۆکمەیەو نەخۆش نەکەوتوە کە بیری لەحەمەرەسول کردەوە، بۆماوەیەك ڕووی کرایەوە و شاخە سوتاوەکانی لەبیرچوەوە ))[1].**

هەرچی پێشمەرگەکانن کۆمەڵێکن کەناویان نییە، رۆڵ دەگێڕن لەدەرخستنی ڕووداوەکان کەشەڕکردنە دژی دوژمن و ئاغا.ئەم ڕۆڵەیان پێدراوە تابتوانن کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە و ئەو ڕوودانەی کە لە چواردەوریدا خول دەخۆنەوە ئاشکرا بکات.لە ڕێگای دیالۆگەوە ئەمە دەردەخات و دەڵێت:

**(( یەکێکیان بێ ئەوەی چاوی بۆ هەڵبڕێ بەهێواشی پرسی :**

**– کوێندەریت ؟**

**کەوەڵامی سەعەی بیست، بەرقەوە چاوی بۆهەڵبری و مۆربۆوە و ووتی :**

**– ها..پیاوی حەوێز ئاغای.ئەو هیزە دڕاوەی کەچەکی لەڕوومانا هەڵگرتوە؟ سەعی هەر ئەوە نەبوو گیانی لەکونە لوتی یەوە نەیەتە دەرێ.گوومانی لا نەما نەختێکی تر نابا ناو سکی پڕ ئەکەن لەدووکەڵ.لەدڵی خۆیا شایەتمانێکی هێنا بەڵام هیچ ڕووی نەدا، لەسەر نان داکرماندنی خۆیان ڕۆشتن،...))[2].**

بەردەوام دەبێت لەم گفتو گۆیە تا دەگاتە ناساندنی (حەوێز ئاغا) و دەڵێت:

**(( کاتێك گەیشتە بەرماڵی ئاغا.ئاغا لەبەردەم خانووە دوو نهۆمی یەکەوە بە ورگە زلەکەیەوە بەفیزێکەوە وەستابوو، بە توڕەیی یەوە لەسەعەی ڕووانی و بەسەریا نەڕانی:**

**– ئەرێ نارەسەن لەکوێیت؟ وەرە پێشەوە ! .....))[3].**

هێنانەوەی ئەم دەقانە بۆ سەلماندنی بوونی کەسایەتی لاوەکی یە لە چیرۆکەکەدا و ئەو ئەرکانەی کەوا دەیگێڕن تێدا.ئەم کەسایەتیانەش گرنگی تایبەتیان هەیە لە ڕوونکردنەوەی ژیانی کەسایەتی سەرەکی و ئەو لایەنانەی کەوا بۆ ئێمەی خوێنەر شاراوەن، ئەمەش بە هۆی ئەم کەسایەتیە لاوەکیانەوە ڕوون دەبێتەوە، هەروەك (د.عدنان خالد)دەڵێت (( کاراکتەرە لاوەکییەکان لەبەر کۆمەڵێ هۆگرنگن، لەوانە ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوەی

[1] راوەبەران.دیناری ئاغا.ل 82.
[2] هەمان سەرضاوە.ل 84.
[3] هەمان سەرضاوە.ل 86.

کاراکتەری سەرەکی، لەبەر ڕۆشنایی خستنەسەری هەندێ لایەنی نادیاری دەروونی ئەو....))[1].لێرەدا (حەمە ڕەسولی کوڕی سەعی، حەوێزئاغا و پیشمەرگەکان ) کەسایەتی لاوەکین و ئەرکیان تەنها ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی کەسایەتی سەرەکی(حەمە سەعی)بووە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەواندا کۆی گشتی کەسایەتیە سەرەکی یەکمان بۆ ڕوون بۆتەوە، ئەمانەش دەچنە ژێر چەتری کەسایەتی لاوەکی یەوە.

ئەگەر بە هەمان شێوە بڕوانینە چیرۆکی" قەمەکەی خوای شەڕ" کەسایەتیە لاوەکییەکان بریتین لە "وەسمان ی گەورەی گووند، خێزانی رەحمان ".ئەم کەسایەتیە لاوەکیانە شان بەشانی کەسایەتی سەرەکی (مام ڕەحمان) لەناو چیرۆکەکەدا ڕۆڵ دەگێڕن.سەرەتا کەسایەتی"وەسمان" مان پێ دەناسێنێت کە یەکێکە لە کەسایەتی یە لاوەکیەکان و نوێنەرایەتی چینێك دەکات و دەڵێت:

**(( هەرچەندە وەسمان لە سی ساڵان تێنەپەڕیبوو بەڵام بوو بوە گەورەی گووندەکە و دەمێك بوو ڕۆژانی ڕیش سپیان نەمابوو ))**[2].دواتر (وەسمان) ڕۆڵ دەگێڕێت لەدەرخستنی بیرو بۆچونی (مام ڕەحمان) ی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە، کە حیکایەت خوان لەچەند گرتەیەکی دیالۆگیدا ئەوە دەخاتە ڕوو.دوای ئەوە (خێزانی مام ڕەحمان) کە ناوی نییە باری دەروونی شێواوی کەسایەتیە سەرەکیەکە دەردەخات کە بەهۆی ڕووداوەکەوە ڕووبە ڕووی بۆتەوە:

**((– ئەوە بۆ خەوت لێ ناکەوێ ؟**

**ژنەکەی ئەمەی بەنیمچە توڕەییەکەوە بەوەسمان وت.وەڵامی نەدایەوە.**

**–ئەرێ ئەوە چیتە ئەڵێ ی لەسەر دڕك پاڵکەوتویت.**

**قەت ئەمەی بەمێردەکەیەوە نەدیوە....))**[3].

وەك دیارە تەنها کرداری کەسایەتیە سەرەکییەکان کارناکاتە سەرکرداری کەسایەتیە لاوەکییەکان بەڵکوو بە پێچەوانەوە کردار و ڕەفتاری کەسایەتیە لاوەکییەکانیش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ژیانی کەسایەتیە سەرەکییەکان، دەبێتە بەشێك لەژیانیان و تەواکەری بەشێکی زۆری ژیانیشیانە.لە هەمان کاتدا هەردوو کەسایەتی یە لاوەکی یەکە ڕۆڵی یارمەتی دەریان لە چیرۆکەکەدا هەبووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی توانیویانە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن کەوا کەسایەتی لاوەکی لێیانی خواستووە. کەسایەتیە لاوەکیەکانیش تەنها یەك ئەرکیان هەبووە،

---

1. کاراکتەرسازی لەڕۆمانی ئێوارەپەروانەی بەختیار عەلی دا، نەجم ئەڵوەتنی.ل 57.
2 ئێوارەیەك.قەمەکەی خوای شەڕ.ل 134.
3 هەمان سەرضاوە.ل 136.

ئەویش ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کەسایەتی سەرەکی کە (ڕەحمان)ە، بەڵام ئەم دوو کەسایەتیە لە چیرۆکەکەدا لە یەکتر جیاواز بوونە، لە هەمان کاتیشدا لە مەبەستەکانیشیان جیاواز بوونە.

لە چیرۆکەکاندا هەندێك لە کەسایەتیەکان مرۆڤ نین، هەندێکی تریان بێناون، ئەمەش تواناو لێهاتویی چیرۆکنووس پیشان دەدات لە بنیاتنانی کەسایەتیە سەرەکی و لاوەکیەکان لە چیرۆکەکاندا، لە لایەکی ترەوە هەمە ڕەنگی و فرە ڕەهەندی دەبەخشێتە چیرۆکەکان.

## 3: شێوازەکانی کەسایەتی لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا:

دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان جۆری کەسەکان بەپێی سروشت و پێکهاتەی بینای کەسەکان لەدەقی ئەدەبی چیرۆکدا، بۆیە کەسێتییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی شێواز و بنیاتەوە دوو کۆمەڵەن وەك (فورستەر) ئاماژەی پێداوە، بە پێی دابەشکردنەکەی"فورستەر" کەسایەتیەکان لە ناو چیرۆکەکاندا هەڵدەهێنجێنین و دەیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.کەسایەتیەکانیش بە پێی شێوازەکان لە ناو چیرۆکەکاندا دابەش دەبنە سەر کەسایەتی" سادە پەرە نەسێن و پەرەسێن".

### 1. کەسایەتی سادە پەرەنەسێن :

بەواتای جۆراو جۆرهاتووە وەك: **کەسایەتی پەرەنەسێن، فلات، یەك ئاست، کەسایەتی کارتۆنی و سادە**.کەسایەتیەکە (( لە چوارچێوەی یەك بیر یان یەك سیفەت دەسوڕێتەوە، هەروەها بە ئاراستەی جۆرێکی پێشکەوتوو دەست پێدەکات ئەگەر هاتوو زیاتر لە یەك سەرچاوەی هەبوو، کەسایەتی سادەش دەکرێت بە یەك ڕستە گوزارشتی لێبکرێت ))[1].کەسایەتی سادە کەسایەتی یەکە جێگیرەو لەیەك ئاستدا وەستاوە، دەزانرێت هەڵوێست و ئاراستە فیکرییەکانی چین، کەسایەتیەکی جولاّو نییە بە لّکو جێگیرە.بەدرێژای چیرۆکەکە تەنها بیرێك یا سیفەتێکی چەسپاو هەڵدەگرێت، بەئاسانی بنیات دەنرێت، زۆر لایەنی فیکری و دەروونی و کۆمەلاّیەتی ئاراستە ناکات، هەروەها یا زۆر باش دەبێت یان زۆرخراپ.چەندین پێناسەی هەمەجۆری بۆکراوە، چونکە بابەتێکی گرنگ و سەرەکییە لە بنیاتنانی کەسایەتی لە چیرۆکدا، بیّ ئەم کەسایەتیەش کەسایەتی سەرەکی هیچ بوونێکی نابیّ، بەلاّم دەبێت چیرۆکنووس ئاگاداری ئەوەبێت کە چیرۆکەکەی تەنها لەسەر کەسایەتی سادە بەتەنیا بنیات نەنێت؟ چونکە دەبێتە هۆی وەستانی جولّەی چیرۆکەکە و لەسەر یەك ئاست و یەك بیر و یەك گۆشەنیگا دەوەستێتەوە.ئەمەش بەگشتی دەبێت هۆی لاوازبوونی بنیاتی چیرۆکەکەی.

[1] ارکان القصة.أ.م.فورستر، ترجمة کمال عیاد جاد، مراجعة حسن محمد، مطبعة الوحدة دار الکرنك للنشر والطبع والتوزیع، القاهرة، 1960م.ص 83.

کەسایەتیە سادەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە چیرۆکەکاندا بوونیان هەیە و زۆربەی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکان خۆیان لەم جۆرە کەسایەتیەدا دەبیننەوە، ئەمەش واتای لاوازی ئەم جۆرە کەسایەتییانە نییە لەڕووی بنیاتی هونەرییەوە، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێك خاسیەت و واتای هەمەچەشنەن.بوونی کەسایەتی یە سەرەکیەکانیش لە چیرۆکەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیەو چیرۆکنووس ئەم کەسایەتیانەی لە ناو واقیعی کۆمەڵگاوە هەڵهێنجاوە و نوێنەرایەتی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ دەکەن.بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناو کۆمەڵگادا ئەم کەسایەتیانە هەستی پێدەکرێت.ئەگەر بڕوانینە کەسایەتی یە سادەکانی ناو چیرۆکەکان ڕاڤەی ئەم شێوەیەیان لەسەربکەین ئەوا لەچیرۆکی "نیوەڕۆیەکی هاوین"دا (ست پەروین) کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و لەهەمان کاتدا کەسایەتیەکی سادەی نەگۆڕە.کەسایەتیەکە تواناو دەسەڵاتی گۆڕینی ژیانی خۆی نییە.چیرۆکنووس مووعاناتی کەسایەتیەکە بەشێوەیەکی زۆر وورد دەخاتە ڕوو تەنانەت کاتێك لەبازاڕە چەند ئافرەتێکی لادێ نشین دەبینێ خۆزگەیان پێدەخوازێت و دەڵێت:

**(( دوو ژنی لادێ یی هەرزەکاری بەلادا تێ پەڕی، کە بە سەربەستی و سەری پەخشانەوە، بەجل و بەرگی کوردی یەوە بەگورجی ئەڕۆشتن، خشەی هەیاسەو بازنی زەنگوڵەدار، لەگەڵ جلقەی قاچیاندا کە لە هەموو هەنگاوێکدا لەکەوشەکە ئەهاتنە دەرێ، ئاوازێکی سەیری دروست ئەکرد کە لە هەوای گەرمی ئەو ڕۆژە هاوینەدا بەخێرایی ئەتوایەوە! ست پەروین بەداخ و هەناسەیەکی ساردەوە تێی ڕوانین، و کەوتەوە بۆڵە بۆڵ و ئەیوت:— بەم هاوینەگەرمە، لەم کفنە ڕەشەوە پێچراوین، هەرنەبین بەم لادێ یی یە ڕەش و ڕووتانەش نەبین.لە یاپراخی پێچراوە ئەکەین، لەژێر ئەم پەچە ڕەشە ئەستورەوە، بەردەمی خۆم بەشەڕەشەق ئەبینم، ئەو ڕۆژە ڕووناکە وەکو گیرابێت وەها لام تاریك دیارە....))**[1].

لێرەدا ئایدۆلۆجیای نووسەر لەناو چیرۆکەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.هەست بە دەنگی نووسەر دەکەین تێدا، کە دەنگی نووسەرە لەزاری( ست پەروین)ەوە دەدوێت.هەموو ژیانی وەك ڕۆتین وایە و دووبارە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە ژیانییدا بێتە ئاراوە، سەبارەت بەم ئاراستە نەگۆڕەی ژیانی کەسایەتیەکە بەم شێوەیە دەدوێت و دەڵێت:

**(( هەر لەقوتابخانە دێمەوە، وەکو سەگی پێ خاوس هەڵ ئەسوڕێم، هەتا شەودایەت و لەتاو هیلاکی ئێسقانەکانم ئەکزێنەوە، خێرا بەلادا دێم و ناپرژێمە سەر ئەوەی هەتا گوێ لە ڕادیۆش بگرم...))**[2]

---

[1] دەضیرۆك.نیوەڕۆیەکی هاوین.ل 88.
[2] هەمان سەرضاوە.ل 89.

(ست پەروین) هەموو ئاواتێکی ئەوەیە ژیانی بگۆڕێت بەلام بۆی نایاتە دی و بێ گۆڕانکاری هەموو ژیانی وەکوو خۆی دەمێنێتەوە.چیرۆك گێڕەرەوە لەڕێگای مۆنۆلۆگەوە شێوەی ژیانی (ست پەروین) مان پیشان دەدات و گوزارشتی لێدەکات، پەیامێکی پێ یە ئاراستەی هەموو کەسێکی دەکات بەتایبەتی پیاوان کە بە شێکن لە هۆکاری نەهامەتی ئافرەتان و سەرچاوەی ناخۆشییەکانی ژیانیان، بوونی ئەم هەموو نەگۆڕی یە لە ژیانی دا دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کەسایەتی یە سادەکە کە(ست پەروین)ە ببێتە هەلگری کۆمەلێك واتای بایەخدار، تا ڕادەیەکی زۆریش بەستراوەتەوە بەو پەیوەندیانەی کەوا بە هۆی (مالەوە و مێرد)ەکە یەوە دەردەکەوێت، ئەم پەیوەندیانە وای لێدەکەن کە ژیانی چەق بەستوو بێت و لە ئەنجام دا کەسایەتی یەکی سادەی نەگۆڕی لێ بێتە ئاراوە، چونکە بە دەوری یەك سیفەت دا دەخولێتەوە کە ئەمەش بەشێکە لە پێکهاتەی کەسایەتی سادەی نەگۆڕ.

لە چیرۆکی "دەولەمەندی لات" (حاجی) ڕۆلی سەرەکی دەگێڕێت لە بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان، لە سەرەتاوە تاکۆتایی(حاجی)خاوەن یەك هەلوێستە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەرا نایات، جەوهەرەکەی ناخی وەك خۆی دەمێنێتەوە، تەنانەت مردنی کچەکەشی نابێتە هۆی گۆڕینی هەلوێستی حاجی لەژیاندا.کەسایەتیەکانی تری ناوچیرۆکەکەش تەواوکەری بیرو بۆچون و هەلوێستەکانی (حاجی)ن.لە بەشێکی تێکستی چیرۆکەکەدا بەم شێوەیە سەبارەت بە کەسایەتی یەکە دەدوێت و دەلێت:

**(( ئەوکاتەی حاجی ئەچووە دەرێ ئیتر ئەمان لەمالەوە جەژنیان بوو، هیچ نەبێ هەست بەسەربەستی ئەکەن، بەدلی خۆیان ئەخۆن و بێ ئەوەی چاوی حاجیان بەدووە بێت.بەلام هەرکەوتە مالێ، ئیتر بلێ دۆزەخەوە داگیرساوە، ژیان تال ئەبێ.چونکە باس هەرباسی پارە و پوولە، باسی کڕین و فرۆشتن و ڕۆژانی دەرامەتی یە.هەردانیشێ و دانەنیشێ ڕوو ئەکاتە حاجی ژن و بەبۆلەوە ئەلێ: دەست بگرنەوە بەزەییتان پیاما بێتەوە خۆ مالی جولەکە نییە !....))**[1].

بەشێوەیەك تا کۆتایی ئەم سیفەتی ڕەزیلییەی ئەمێنێتەوە، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێك کاری تێبکات.چیرۆکنوس بەشێوەیەك کەسایەتی (حاجی) لەقالب داوە کە لەزاری ئەوەوە هەندێك لەدیاردەکۆمەلایەتییەکانمان پیشان دەدات، چۆن هەندێك کەس هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر بۆ بەدەستهێنانی دەست مایەی زۆر.ئەو ڕۆلەی کەوا (حاجی) دەیگێڕێت و لە ئەستۆی گرتووە، هەندێك سیفەتی تێدا دێتە بەرچاو، ئەویش ئەو ڕەفتار و ئاکارانەیە کەوا لە

[1] خۆزری ئاوابوو.دەولەمەندی لات.ل65.

چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێداوە وەك(ڕەزیلی).بە هۆی ئەم ئاکارەوەی چیرۆکنووس توانیویەتی سیفەتێکی نەگۆڕی پێبەخشێت و ببێتە کەسایەتی یەکی (سادەی پەرەنەسێن).بۆ دڵنیابوونیش لە بنیاتنانی ئەم کەسایەتیەدا زیاتر درێژە بە سیفەتەکەی دەدات لە قاڵبێکی نەگۆڕدا دەیهێڵێتەوە.لە تێکستێکی تردا حاجی لەدڵی خۆیدا ئەم هەڵوێستەی دووپا دەکاتەوە و دەڵێت:

**((– خۆزگە قەت نەئەمرد و هەر ئەیخستە سەریەك و قەت منداڵەکانی بەو ئاواتە نەگەیشتنانەیە بەفیڕۆی بدەن و لەبەردی بدەن.))[1].**

حاجی بە شێوەیەکی بەردەوام لەسەر یەك هەڵوێست جێگیرە و گۆڕانکاری بەسەردا نایات، بە جۆرێك موکوڕیشە لەسەر هەڵوێستی خۆی کە ئاواتی تەمەن درێژی دەخوازێت تا زیاتر کۆی بکاتەوە و لەسەر یەکی دابنێت.کەسایەتی یەکی جێگیرەو لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.ئەم کەسایەتیە سادەیە (( بە تەواوەتی لە سەر پەڕەی کاغەز دروست دەبێت ، بەلاَم هەڵسو کەوتی ناگۆڕێن، یا شێوەی زیاد و کەم ناکات لە پێکهاتە تایبەتمەندەکانی، زۆرجاریش لە سەر یەك بیر بنیات دەنرێت، یا سیفەتێکی وەك : خراپەکاری و خۆشەویستی ماڵ کە ڕادەی ڕەزیلی تێدەپەڕێنێت، یان سیفەتی خۆ پەرستی زیاد لە پێویست ))[2]،ئەمەش نمونەی کەسایەتی (حاجی) یە لە چیرۆکەکەدا.کەسایەتی یە سادەکان بە شێوەیەکی دیار بوونیان هەیە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بنیاتنانی کەسایەتی یەکان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانیان، بەشێوەیەکی هونەری بنیاتی ناون و بڕوا بەخوێنەر دەهێنێت کەوا ڕاستین و بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە، ئەمەش سەرکەوتنی نووسەر پیشان دەدات لە بنیاتنانی کەسایەتی یە هونەریەکانی ناو چیرۆکەکانی، بەتایبەت لە بنیاتنانی کەسایەتیە سادەکاندا بونی خۆی سەلماندوە، چونکە کەسایەتیە سادەکان هەمان گرنگی کەسایەتیە سەرەکیەکانیان و کەسایەتیە پەرەسێنەکانی لە ناو چیرۆکەکاندا هەیە.

## 2. کەسایەتی پەرەسێن :

کەسایەتی یەکی تری هونەری یە، بە کەسایەتی درامیش ناو دەبردرێت.ئەو کەسایەتیەشە کە لە (( لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر دەگۆڕێت بە پیٚ ی پێشکەوتنی ڕووداوەکان، پێکهاتنی تەواو نابێت تا چیرۆکەکە تەواو نەبێت.))[3] بە شێوەیەکی پلە بەندی

[1] هەمان سەرچاوە.ل 68.
[2] يوسف ادريس كاتب القصة القصيرة، دار بو سلامة للطباعة والنشر_ تونس 1985، ص 89.
[3] فن القصة: أحمد أبو السعود ، الطبعة الأولى _1959م . ص 10.شوێنی چاپ نیە.

پێش دەكەوێت لە چوار چێوەی  پێشكەوتنی چیرۆك و كاریگەری ڕووداوەكان یان بارە كۆمەڵایەتیەكان.كەسایەتی پەرەسێن ((نوێنەرایەتی بەرفراوانی ژیان دەكات لە ناو لاپەڕەكان كتێبدا ))[1]، بۆیە ناكرێت بە(( ڕستەیەك یان بە چەند ڕستەیەكی كەم گوزارشتی لێبكرێت لە هەمان كاتدا بە كەسایەتیەكی تەواو دادەنرێت))[2].مەبەست لەكەسایەتی پەرەسێن كەسایەتی سەرەكی نییە، جیاوازی هەیە لەنێوان ئەم دوو كەسایەتیەدا، چونكە كەسایەتی سەرەكی زۆرجار گۆڕانكاری لە باری دەروون و هەڵوێستیدا ڕوو نادات لەسەرەتاوە تا كۆتایی بێ گۆڕانكاری دەمێنێتەوە، بەڵام كەسایەتی پەرەسێن ئەو كەسایەتی یە كەوا بەپێی گەشەسەندنی باری كۆمەڵایەتی و دەروونی فیكری، قۆناغ بە قۆناغ گەشەدەكات و پەرەدەسێنێت.ئەگەر بڕوانینە ڕاڤەی  چیرۆكی "بەڵام كوردم" باس لەلاوێكی تورك دەكات كە چۆن هەستی تورك چێتی هەر لەمناڵییەوە لەگیانیدا ڕەنگی داوەتەوە و ئاخێنراوەتە ناو بیر و هزرەكانی یەوە.كاتێك كە سوپای تورك دەبینێت لەو گوندەی كەلێ یەتی ئەم شانازی كردنەی بەشێوەیەكی زۆر كاریگەر باس دەكات كە گوزارشتە لەهەستی هەموو تاكێكی تورك و پیشاندانی پەروەردەی مناڵانی تورك..گێڕەرەوە لە بەشێكی چیرۆكەكەدا ئەم هە لوێستە قۆناغ بە قۆناغ دیاردەكات سەرەتا بوونی ئەم بیرەی كە هەیبوە دەردەخات و دەڵێت:

**(( ئەوی ڕاستی بێت منێك كەبەخوێن پاكی تورك و گەورەیی و مەزنێتی لەهەموو میللەتانی تر چاوم كردبۆوە و مێشكم پێی پڕ كرابوو.چەشنە  شانازیی یەك دایگرتم هەمیشە ئەو هەستە بەسەر چاو و گیانما كشابوو، هەستی حەزكردن بە بینینی سوپای تورك  و جەندرمەی ئازا و سمێڵ بابڕی تورك))[3].**

ئاراستەكان بە پێچەوانەوە دەڕۆن لەكاتێكدا كە سوپای تورك هێرش دەكەنە سەر گوندەكە، چونكە دیمەنی كوشتنی منالْ و خۆكوشتنی ژن و كچەكانی گوندەكە لەترسی دەست درێژكردنە سەریان و كوشتنی پیاوەكان و سوتاندنی گوندەكە بەشێوەیەك كاریگەرییەكی تەواو لەسەرباری دەروونی و هەڵوێست و بیركردنەوەی كەسایەتیە سەرەكیەكە بەجێدەهێڵێت، ئەم كاریگەریەش دەبێتە هۆی لەبارچونی هەستی توركچێتی كەسایەتیەكە و خەبات كردن لەپێناو بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیەكی تر.بە هۆی ئەم هەڵوێستەیەوە  توشی ڕاوەدونان و ئاوارەیی دەبێتەوە، تەنانەت ناسنامەی خۆشی بەكورد دەزانێت، ئەو دیمەنەی كەوا كاریگەری كردۆتە سەری بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو و دەڵێت :

---

1 اركان القصة.أ.م.فورستر.ص 95.
2 بناء الرواية، أدوين مير، ترجمةأبراهيم الصيرفي، مراعة الدكتور عبدالقادر القط، الدار المصرية للتاليف و النشر، القاهرة 1965م.ص 138.
3 خۆری ئاوابوو.بەڵام كوردم.ل 77.

**(( ئەوەندەی بڵێ ی یەك و دوو وەكو مێروولە ڕژانە دێ یەكەوە، كەوتنە قەلاَ چۆكردن، خانوو سووتاندن، شەلم كوێرم ناپارێزم ئەیانبڕی و ئەیان كوشت ))[1] .**

كەسایەتیە پەرەسێنەكە لەناو ڕووداوەكان دا گەورەبوو بوو، بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە گۆڕانكاری تەواو بەسەر ژیان و بیركردنەوەیدا هاتووە.هەموو ئەو ڕووداو و كارەساتانەی كە بەچاوی سەر بینیویەتی بۆتە هۆی هێنانە دی گۆڕانكاری لە هەڵوێستی دا.چیرۆكگێڕەوە لە بەشێكی تێكستی چیرۆكەكەدا ئەو گۆڕانكاریەی كەوا بەسەر كەسایەتیە سەرەكیەكەدا هاتووە دەردەخات و دەڵێت:

**(( – ڕاستە توركم، بەلاَم ئادەمیزادێكیشم، خاوەن هەست و هۆشم لەو كاتەوە دەرەوونم بڕوام سەرە و ژێربوو گۆڕا.هەموو ئەو قسەو ووشە فوو تێكراوانەی لەمناڵی ئاخێنرایە سەرمانەوە، لەمەزنێتی و خوێن پاكی تورك، بەقسەی بۆش و بێ واتا هاتە بەر چاوم ))[2].**

گۆڕانكارییەكان بەشێوەیەكی یەك لەدوای یەك ڕوویداوە كە سەرەتای گۆڕانكاری كەسایەتیەكە لە ڕووداوی كوشتن و سوتاندنی گوندەكەوە هاتە ئاراوە، پلەپلە هەڵوێستی كەسایەتیەكە دەگۆڕێت تا دەگاتە دوا قۆناغی گۆڕانكاری كەسایەتیەكە، واتە كەسایەتیەكە لەیەك قاوغدا جێگیر و چەسپاو نابێت، بەڵكو ئەو جۆرە كەسایەتیەیە لەهەڵوێستێكەوە بۆهەڵوێستێكی تر پەرەدەسێنێت، بەپێی پێشكەوتنی ڕووداوەكان، پێكهاتنی تەواو نابێت تا چیرۆكەكە تەواو نەبێت، زۆرجاریش پێشكەوتنی لەئەنجامی بەردەوامی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەیە كە ڕوویداوە، كارلێكردنەكەشی (( زۆرجار دیار و نادیاردەبێت، زۆر بەقوڵی بە ڕەهەندە مرۆڤایەتییە گەشەسەندووەكەی و فیكرو سۆزداری یا هەڵچوونەكەیەوە وەسف دەكرێت، بەجوڵە سەربەستە لەسەرخۆكەی دەوروبەرەكەی و ئەوانەشی كە لە چواردەوریین توشی سەرسوڕمانیان دەكات ))[3].كەواتە كەسایەتیەكی جێگیر نیە بەڵكو گۆڕاوە، هەمیشە لەهەڵوێستێكەوە بۆ هەڵوێستێكی تر دەگۆڕیت و ناجێگیرە، هەرجارەی هەڵوێستێك دەنوێنێت و دەبێتە هۆی ئاشكرابوونی یەكە یەكەی ڕەهەندە فكرییەكانی ئەوكەسایەتیە.

لە چیرۆكی "شۆڕشی ویژدان"دا بەهەمان شێوە (عەبدی جەلاد)كەسایەتیەكی پەرەسێنە، بە هەمان شێوە ئەم كەسایەتیەش بەهۆی ڕووداوێكەوە گۆڕانكاری لە ژیان و بیركردنەوە و هەڵوێستی دا هاتۆتە ئاراوە.سەرەتا ژیانی یەك ڕێچكەی هەبووە، ئەویش تەنها كاری جەللادی

---

[1] هةمان سةرضاوة.ل78_79.

[2] هةمان سةرضاوة.ل 81.

[3] الفواعل السردية. دراسة في الرواية الأسلامية المعاصرة.بان البنا.ص 97.

و لەسێدارەدانی خەڵکی بوو.ژیانی خۆی لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەم شێوەیە بۆ گێڕەرەوەی دووەم باس دەکات و دەڵێت:

**(( پیشەم ئەوەبوو ملی مەردم بکەم بە پەتا.لەباش لە خراپ، پاك، پیس، تاوان بار و بێ تاوان بەم دەستانە پەت کراوە بەملیان و هەڵواسراون.هەستم ئەکرد لەم کۆمەڵە تەریم و تەنیام.کەس توخنم نەئەکەوت وەکو گول بم یان نەعلەت لەناو چەوانم هەڵ نرابێت ))**[1].

کەسایەتی پەرەسێن بۆ ئەوەی بچێتە پێش پێویستی بە هەندێك کردەوە هەیە تا گۆڕانکاری لە هەڵوێستی دا ڕوووبدات، ئەم گۆڕانکاریانەش تەنها بە هۆی خودی کەسایەتیەکەوە دەبێت کە گێڕەرەوە لە ڕێگای کەسایەتی یە پەرەسێنەکەوە ئەنجامی دەدات، هەروەها ئەم پەرەسەندنەش پێویستی بە یارمەتی دەرێك هەیە بەواتایەکی تر پێویستی بە کەسایەتی یەکی یارمەتیدەر هەیە تا بتوانێت ئەم پەرەسەندنە بگەیەنێتە ئەنجام.ئەمەش لە ڕێگای هاتنی لاوێك بۆ زیندان ئەم کارە بەجێدەگەیەنێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی سەراپای ژیانی، و هەڵویستی بەرامبەر مەردم و ژیان دەگۆڕێت.ئەو پەرەسەندنەی کە لە کەسایەتیەکەدا ڕوویداوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

**((– یەك دوو مانگ لەمەوبەر لاوێکیان هێنا لەژووری هەڵواسین دایان نا وەردیانەکە پێی ووتم:**
**– ئەمە لاوێکی کوردە بەشتومەکەوە گیراوە.ئەوەی بەم کراوە بە بەرد بکرایە زبانی لێ ئەڕوا، بەلاّم ئەم ماڵ وێرانی کەلە ڕەقە ئێستەش دەمی نەکردەوە، ئێستەش دانی بەوەدا نەنا کێ یە و کوڕی کێ یە.ها.سەیرە.....))**[2] تاریکاییەکانی ژیانی لەگەڵ هاتنی ئەم لاوەدا کزدەبێت و بەرەو ڕووناکی دەکرێتەوە و کەسایەتی (عەبدی جەلاد) لەناوەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کەسایەتیە ئاشتی خوازەکەی تری ناخی بە ئاگا دێتەوە و هەست و ناخی بەجۆرێك دەگۆڕێت کە هەست دەکات کەسێکی ترە، واتە هەست بە مرۆڤ بوون دەکات .هەستکردن بە مرۆڤیش تەنها لەڕێگای بەخشندەیی و چاکە خوازی یەوە دێتە بوون، ئەم هەستەش لەودا زیندوو دەبێتەوە و دەڵێت:

**(( هەموو جار بەو ڕوو خۆشیەوە ئەهات بە پیرمەوە، بۆ یەکەم جار لەژیانما هەستم کرد مرۆڤم.شتی وام بەخۆمەوە نەدیبو.ئای هەستێکی خۆش و شیرینە کاتێ وا ئەزانی مرۆڤی.))**[3].

کەسایەتی پەرەسێن نابێت بەیەك شێوە بخرێتە ڕوو، بەڵکوو دەبێت گۆڕانکارییەکانی ژیان و هەڵوێستەکانی هەنگاو بەهەنگاو بخرێتە ڕوو.ژیانی (عەبدی جەلاد)یش بەشێوەیەکی

---

[1] راوەبەران.شۆرشی ویژدان.ل 30.
[2] هەمان سەرچاوە.ل 31.
[3] هەمان سەرچاوە.ل33_34.

پلەبەندی و لۆژیکی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە نەك بە یەك شێوەی لەقالب دراو، چیرۆکگێرەوە هەنگاو بەهەنگاو گۆڕانکارییەکانی ژیانی خستۆتە ڕوو هەر قۆناغێك ڕوونکردنەوەی قۆناغی دواتری ژیانی کەسایەتی (عەبدی جەلادە).ئەم کەسایەتی یە دەبێتە مرۆڤێکی تر، مرۆڤێك کە ئیتر هەست بە ئازاری مرۆڤەکانی تر ئەکات، ویژدانی ڕێگر دەبێت لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ژیانێك کە دوور بێت لە خۆشەویستی سۆز، دوور لە کۆمەڵگا، چونکە دوور کەوتنەوە لە کۆمەڵگا و گۆشەگیر بوون هۆکارێکە بۆ هەست نەکردن بە ئێش و ئازارەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا.بۆیە ئەم وەرچەرخانە لە ژیانی دا شێوەی ژیانی دەگۆڕێت لە کە سایەتیەکی خراپەکارەوە بۆ کە سایەتیەکی چاکە خواز، لەسێدارەدانی لاوەکە کۆتایی قۆناغی گۆڕانی کەسایەتی سەرەکیەکە دەردەخات، ئەم ڕووداوە پلەی کامڵ بوونی گۆڕانکارییەکەیە کە دەگاتە پلەی کۆتایی.هەروەها لێرەدا گێڕانەوەکە لە شێوەی گێڕانەوەی نادیارەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەی خودی، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکوو بتوانێت بەر لە گۆڕانکاری سلبی بگرێت کە پاڵەوان بەسەریدا دێت، لێرەدا جۆرێك لە هاوسەنگی پێدەبەخشێت تا بتوانێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەم کەسایەتیی یە پەرەسێنە لە چیرۆکەکەدا بنیات بنێت.

# بەشی سیٚ هەم

## کات و شوێن

## لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا

### پاری یەکەم

### 1: کات:

کات باسێکی فرە شێوازە، ئەرکی جۆراو جۆری هەیە.لەسەرەتاوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت چەندەها هەوڵی جۆراو جۆرو جیاوازی بۆ دراوە تا لە ماهیەتی بگەین و هەستی پێبکەین.کات تەنها بە بنەمایەکی سەرەکی چیرۆك داناندرێت، بەڵکو دەکرێت بڵێین کە(( تەنها هۆکارە بۆ پەیوەندی یەکان لە بوارە هەمە ڕەنگە پێگەیشتوەکان، ژیان، مۆزیك، بیر، هەست، مێژوو ))[1].کات پەیوەندی یەکی پتەوی لەگەڵ هەموو بنەماکانی تردا هەیە، بۆیە ناکرێت لەچیرۆك داببڕێت و لێی جیابکرێتەوە، چونکە دەچێتە ناو هەموو چیرۆکەکەوە و بنەماکانی تری چیرۆکەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

---

[1] تحليل الخطاب الروائی، فی أدب عبدالخالق الركابی. ماجدة هاشم عیسی المالکی .ص 22.

مرۆڤ لە سەرەتاوە پەی بەڕەهەندی کات بردووە، هەمیشە هەوڵی داوە شوێنی خۆی دیاری بکات، لە میانەی نەمری یەوە بۆی ڕوانیووە کە بەرەو مردنی دەبات، سەرباری بە هێزی مرۆڤ و هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ سەرکەوتن بەسەر کات دا، هەر بۆیە (( ئەفسانەی گلگامش سەرەتاترین تۆمارێك پێشکەش دەکات کە بیری مرۆڤ دایهێناوە، لەسەر هەلگەڕانەوەی مرۆڤ لەسەر هێزی زەمەنی سەرکەوتوو.هەمیشە بەردەوام بووە لەسەر گەڕان بە دوای نەمری، یان لەسەر بەردانی شەپۆلی زەمەن ))[1].لە کۆنیشەوە کات بۆتە جێگای مشتومڕێکی زۆرێك لە بیریاران و بیرمەندان، ئەگەر سەرەتا لەگۆشەی فەلسەفەوە بۆی بڕوانین ئەوا بۆ تێڕوانینەکانی(ئەفلاتون)دەگەڕێنەوە کە کات دابەشی سەر دوو جۆر دەکات:[2]

1. کاتی نەگۆڕ : ئەوکاتەیە کەوا مایەی گۆڕانکاری نییەو وەستاوە.پەیوەستە بەجیهانی بالاوە.
2. کاتی گۆڕاو: ئەوکاتەیە کەوا گۆڕاوە، واتە کاتێکە کەوا لاسایی کردنەوەی کاتی جیهانی بالایە، بەلام ئەم کاتە گۆڕاوە، سیفەتی جولاوی هەیە و ڕەها نییە، بەڵکو کاتێکە دەبڕێتەوە و کۆتایی پێدێت.

بەلام (ئەرەستۆ) بەپێچەوانەی ئەفلاتونەوە پێی وایە کەوا کات تەنها جولاوە و سیفەتی جولاوی هەیە و بێ کۆتایی یە، واتە بڕانەوەی بۆ نییە وەك (ئەفلاتون) دەیگوت.هەروەها (ئەرستۆ) دەیگووت((کات سەرەتای نییە، کات لەخالێکەوە دەست پێناکات و لەخالێکدا کۆتایی پێنایات، بەڵکو ئەزەلی ئەبەدیی یە.واتا کات هەرگیز دەستی پێنەکردوە و هەرگیز کۆتایی پێ نایات))[3].لەهەمان کاتدا جەخت لەسەر یەکێتی کات و بابەت و شوێن دەکاتەوە لەشانۆدا.ئەم یەکێتی یە تاماوەیەکی دورو درێژ باڵی بەسەر ئەدەبدا کێشابوو کە نەدەبوو لەم سێ یەکێتی یە لابدەن، بەلام دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و ئەدەبدا ئەم سێ یەکێتی یە گۆڕانکاری بەسەرا هات و بەشێوازێکی نوێتر و ووردتر لەوسیستەمە میکانیکیەی (ئەرەستۆ) دابنابوو بە شێوەیەکی زنجیرەیی بەکارهات، کە (سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی) دەگرتەوە.ئەم گۆڕانکاریەش سیستەمێکە زیندوویەتی و تام چێژ و هەستێکی بەرز و نزمی بە چیرۆکەکە دەبەخشێت، بەپێچەوانەی سیستەمە میکانیکییەکەی (ئەرەستۆ)کە تام و چێژ و زیندویەتی لە بەرهەمەکە دادەمالێ، چونکە بەپێچەوانەی واقیعیەتی کۆمەلگا و تاکەکان دەجولایەوە.

---

[1] أنتصار الزمن، محمد عبدالحسين الدعمى، دار أفاق عربية للصحافة.بغداد.1985م.ص 9.
[2] بيناى كات لةسيَ رِؤمانى كوردى.نجم ئةلَوةنى.ل 34.
[3] هاوكاتى و هاوشوناسى.خويَندنةوةيةك بؤماناى كات لةشيعرى حاجى قادرى كؤيي دا.ريَبوار سيوةيلى.دةزطةها سثيريَز ياضاث و وةشاندن.دهؤك.ضاثى يةكةم ى 2004 ى زايينى.ل 16.

بێجگە لەمانە چەندین بیرو بۆچونی جیاوازتر هەیە کە خستویانەتە ڕوو، لەوانەش (قەشە ئۆگستین) لە کتێبەکەی (**ددان پێدانانەکان**) سەبارەت بە کات دەیگووت (( کات چی یە؟ کاتێك ئەم پرسیارە ئاراستەی کەس ناکرێت، من دەزانم، بەڵام لەکاتێکدا ئاراستەی من دەکرێت ئەوکاتە هیچ نازانم ))[1].هەروەها پێی وابوو کە کات لەلایەن پەروەردگاری مەزن هاتۆتە بوون وەك هەر شتێکی ئەم سەر زەمینە.کاتیش بەلای ئەمەوە تەنها بریتی بووە لە(ئێستا)، چونکە ڕابردوو و داهاتوو دەتوانن هەبن لەکاتێکدا کە نە ڕابردوو ماوە نە داهاتووش هاتوە و نازانین کەی دێت، بۆیە زەمەن تەنها خۆی لەئێستادا دەبینێتەوە، ئەمەش واتای ڕەتکردنەوەی هەردوو دۆخی ڕابردوو داهاتوو ناگەیەنێت، چونکە ئێمە بە هۆی ئێستاوە دەتوانین بۆ ڕابردوو بگەڕینەوە و بیرەوەریەکانمان لە ئێستادا بگەڕێنینەوە و پێشبینی داهاتووش بکەین، بۆیە ئێستا بوونێکی هەمیشەیی هەیە.

بیرو بۆچوونەکان و تێڕوانینەکان جیاوازن سەبارەت بەگووتەزای کات، بۆیە لێکۆڵەران و نوسەران تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆیان بۆ مەزراندنی کات هەڵێنجاوە، تابتوانن لەبەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا بەکاری بهێنن.تەماشادەکەین(جۆرج لۆکاتش)چەمکی تێگەیشتنی کاتی لە(هیگڵ و بیرجۆسن)ەوە هەڵێنجاوە.بەڵام (لۆکاتش) داڕشتنێکی پێچەوانە دەداتە بیری کات و وایدەبینێت ((کات چالاکیەکی دەورەدراوی بەردەوامە، شاشییەکە لە نێوان مرۆڤ و ڕەهادا دەوەستێت، وەك هەموو پێکهاتەیەکی بنیاتی ڕۆمان نووس"چیرۆکنووس"لەلای، هەروەها کات خاوەن سروشتێکە کە هەم پۆزەتیڤ و هەم نێگەتیڤە ))[2].هەروەها(لاینس)هەمان بۆچونی (قەشە ئۆگستن)ی هەیە، پێی وایە تایبەتمەندی گوتەزای "کات" ئەوەیە کەڕووداوەکان لەچرکەساتی ئێستادا بەدەست دێت، هەموو شت پەیوەستە بەچرکەساتی ئێستاوە.ڕابردوو و داهاتوو هیچ نین جگە لە زەمەنێکی بەدەستهاتوو لێوەی.هەندێکی تر لە ڕەخنەگرەکان لە ڕوانگەیەکی فیزیکی یەوە دەڕواننە کات لەوانەش (بنفست). کاتی فیزیاویش، وەرزەکان و ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان دەگرێتەوە، کە کاتێکی بێکۆتایە و هەموو تاکێك هەستی پێدەکات، لە هەمان کاتدا کاتی ڕووداوەکانە، ئەمەش زنجیرە ڕووداوێکی زنجیرەییمان پێدەبەخشێت لەژیاندا.بە پێچەوانەی ئەمانەوە(جان بوین)بانگەشەی ڕێزگرتنی کاتی کرد لەکاتی گێڕانەوەیی دا، بەشێوەیەك گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پێی وابوو **کات** بنەمای هەموو کارێکی ئەدەبی یە و لەسەری وەستاوە.هەروەها(عەممانوێل کانت)یش کات بەزادەی

---

[1] أعترافات، القديس اغوسطينوس، ترجمة الخوري يوحنا الحلو، بيروت، دارالمشرق،الطبعة الرابعة، 1991 م.ص 249.

[2] الرواية والتاريخ.دكتورنضال الشمالي.ص 151.

خەیاڵی مرۆڤەکان زانیوە، واتە کات تەنها لەناو زیهن و هۆشی مرۆڤەکاندا هەیە و هەستی پێدەکرێت، لەدەرەوەی هۆشی مرۆڤ کات هیچ بوونێکی نییە، چونکە ئەگەر هۆش نەما کاتیش نامێنێت.

هەروەها ڕەخنەگرو نوسەرانی وەك (( ئالان رۆب گریە وکلۆد سیمۆن وهنری برگسون))[1].تێڕوانینی جوداجودایان سەبارەت بە کات هێنایە ئاراوە کە هەندێکیان جەختکردنەوە بووە لەسەر ڕای نووسەرانی پێش خۆیان و هەندێکی تریان دژی بیر و بۆچونی ئەوانی پێش خۆیان دەوەستانەوە.بۆیە زۆرجاردەکرێت زیاتر لە کاتێك هەبێت لە چیرۆکدا کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا پشتی پێدەبەستێت.بۆیە تەماشادەکەین ئەو تێڕوانینە زۆرانەی سەبارەت کات هاتە ئاراوە تاوەکوو ئێستا بەردەوام لە گۆڕانکاری بەردەوام دایە و درێژەی هەیە و بێکۆتایە.ئەم تێڕوانینە جیاوازانەش چوونەتە ناو بوارە جیاجیاکانی وەك ( سایکۆلۆجیاو مەنتیق و گەردون ناسی و....) دواتر ئەم تێڕوانینانە درێژەی کێشا تا گەیشتە بوارەکانی زانست، لەوێشەوە بۆ زانستەکانی زمان بە تایبەتی لەبەشەکانی "کاری کات" کە لەگەڵ دابەشکردن و هاوتاکردنی کاتی فیزیاوی ( رابردوو، ئێستا، داهاتوو)دا خۆی دەبینێتەوە.ئەم دابەشکردنە کاتیەش تا ئێستا بەردەوام بەکاردەهێنرێت لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا، هەرچەندە تێڕوانین و بیری جیاواز هاتە ئاراوە بەڵام نەیان توانی بەر لەم دابەشکردنەی کات بگرن.ئەگەر تەماشاکەین هەر نوسەرەوە دەتوانێت بەشێوەیەك ئەو کاتانە بەکاربهێنێت و چیرۆکەکەی پێ بگێڕێتەوە لە ڕووی ڕابردوو و ئێستاو داهاتووەوە.

ئەو کارانەشی چیرۆکنووس کە چیرۆکەکەی لە ڕووی کاتەوە پێ دەگێڕێتەوە ئەمانەن:[2]

یەکەم: دەشێ زەمەنی ڕاوی و زەمەنی ئەوەی دەیگێڕێتەوە جووت بن، یەك زەمەن پێك بهێنن.لەم حاڵەتەدا ڕاوی فرمانی ڕانەبردوو بەکاردەهێنێ کە بۆ زەمەنی ئێستایە کە ڕانەبردووە.

دووەم: دەشێ ڕاوی بەزەمەنی ڕابردوو ڕووداو گەلێك بگێڕێتەوە کە لەئێستا یان لە داهاتو ڕوویداوە.

سێ هەم: راوی دەتوانێ بچێتە زەمەنی ئێستاوە– ڕانەبردوو– یان داهاتووەوە تا ڕووداوگەلێکمان بۆ بگێڕێتەوە کە لەڕابردووی دوور یان نزیکدا ڕوویداوە.

---

[1] سوودمان وةرطرتوة لة: تحليل الخطاب الروائي، في أدب عبدالخالق الركابي.ماجدة هاشم عيسى المالكي.ص 22. بيناى كات لةسيَ رِؤمانى كوردى.نجم ئةلَوةنى.ل26 بةسةرةوة.

[2].دوانزة نامةبؤ رِؤمان نوسيَكى لاو، ماريؤس بارطاس يوسا، وةرطيَرِانى بؤ عةرةبى، صالَح علمانى، بؤكوردى.شيرين-ك.لةبلاَوكراوةكانى ئاشكؤى رِةخنةى ضاوديَر.2008 ى زايينى.ل 178.

کاتی ڕابردوو زەمەنێکە کەوا(دوور و نزیك)ە، زەمەنێکە ڕووداوەکە ی تێدا ڕوویداوە و گێڕەرەوە لە زەمەنی ئێستادا بۆمان دەگێڕێتەوە، بەڵام کاتی داهاتوو زەمەنێکە کەوا گێڕەرەوە بنیاتی دەنێت و مۆرکی ئەوی پێوەیە، زەمەنێکی ناجیگیرە.زۆر جار دەکرێت لە چیرۆکدا زیاتر لە زەمەنێك بوونی هەبێت، واتە کۆمەڵە سیستەمێکی دیاریکراوی زەمەنی هەبێت لە چیرۆکەکەدا کەوا گێڕانەوەکەی پێ ئەنجام دات.

چەندین تێڕوانین و بۆچونی جیاوازدەربارەی کات هاتە ئاراوە، چیرۆکیش چەندین کاتی جیاوازو جۆراو جۆر لە خۆدەگرێت، بۆیە ئێمە بەرامبەر بە چەندەها کاتی جۆراو جۆر وەستاوینەتەوە بە پێی گۆشەی نزیکی ڕەخنەیی.لێرەدا دەبینین چەندین دابەشکردنی کاتی هەیە کە خۆی لە (( کاتی گێڕانەوە، کاتی نووسین، کاتی خوێندنەوە، کاتی نووسەر، کاتی خوێنەر و کاتی نووسین و چاپکردندا دەبینێتەوە.ئەوانەشی کە ئەم دابەشکردنانەیان ئەنجام داوە چەندەها ڕەخنەگر و نوسەری جیهانین کە جێ پەنجەیان لە جیهانی ئەدەبیدا دیارە، بەڵام بە تێڕوانینی جوداجودا گوزارشتیان لە بۆچونەکان و دەربڕینەکانی خۆیان کردووەکە، تۆدۆروف دواتر جان ریکاردۆ، جیرارد ایمیل بنفست، میشێل بۆتۆر، تۆماشێفسکی، لە ڕەخنەگرە عەرەبەکانیش سعید یقگین ))[1]ە، کە کاتی دابەشی سەر ( کاتی چیرۆك و کاتی گوتارو کاتی دەق ) کرد.دواتر فۆرمالیستە ڕووسەکان لە کاری ئەدەبیدا بەهەمان شێوە جیاوازییان کرد لە نێوان (کاتی مەتنی حیکایەت و کاتی حیکایەت).کاتی مەتنی حیکایەت، ئەوەیە ئەو ڕووداوانەی کەنمایش کراوە مەرجە ڕوویدابێت تێدا، بەڵام کاتی حیکایەت، ئەو کاتە پێویستەیە بۆ خوێندنەوەی کارێك واتە ماوەی نمایشەکە، کە ئەمەش هاوتا دەبێت لە گەڵ ئەو تێگەشتنەی کە هەمانە بۆ قەبارەی ڕووداوەکان.

ئەم دابەشکردنە جیاوازانەی سەبارەت بە کات هەیە هەموویان گوزارشت لە یەك ئاراستە دەکەن و لە کۆتاییدا یەکدەگرنەوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.تەنها جیاوازییەك هەبێت لە ڕووخساردا بەدیدەکرێت نەك جەوهەرەکەی.بۆیە کات هەمیشە جێگای بایەخی زۆرێك لە نووسەران و ڕەخنە گران بووە بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە هونەری چیرۆکنووسین بە خۆیەوە دیتی، لە ئەنجامی پێشکەوتنی باری شارستانیەت و ژیان و بیر و زانستەکاندا هاتە کایەوە.کات بە جۆرێك وایلێهات بۆیە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی چیرۆك.کات دڵی

[1] سوودمان وةرطرتووة لة: التحليل الخطاب الروائى.سعيد يقطين.ص 68 بةسةرةوة. تحليل الخطاب الروائى، فى أدب عبدالخالق الركابى.ماجدة هاشم عيسى المالكى.ص 23 بةسةرةوة. الرواية والتاريخ.الدكتورنضال الشمالى.ص 153بةسةرةوة.

چیرۆکە ئەگەر ئەو دڵە لەکار بکەوێت ئەوا چیرۆکێکی بێگیان و بیَ جوڵە بەرهەم دێت کە ئەمەش واتای مەرگی چیرۆك دەگەیەنێت.ئەم بەکارهێنانەی زەمەنیش پەیوەستە به توانای نووسەرەوە کە ئایا چۆن دەتوانێت لە چیرۆکەکەکانیدا ئەو زەمەنە بەرجەستە بکات، ئەگەر توانای بەسەردا نەشکێت ئەوا ناتوانێت باوەڕ بەخوێنەر یا گوێگر بهێنێت کە ڕاستەقینەیە.

کات واتای ژیانە، جوڵاوە و بەردەوام لەجوڵەدایە، وەستانی کات یانی وەستانی ژیان و جوڵە.نوسەری چیرۆکیش دەتوانێت کاتەکان بە پێی ڕووداوەکان بەکاربهێنێت و بیانخاتە قاڵبێکی هونەریەوە، جا دەشێت کاتێکی ڕابردوو بهێنێتەوە یان داهاتویەك بخاتە ناو قاڵبی چیرۆکەکەیەوە کە هەردوو کاتەکەش لە ئێستا بەکاردەهێنێت و بەردەوام لە جوڵەدا دەبێت لەنێوان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بردنەوەشی بۆ داهاتوو کە لەوانەیە بێتە دی یان بە پێچەوانەوە ڕەنگە تەنها گریمانەیەك بێت کە دەیخاتە ڕوو نەیەتە دی.هەموو ئەمانەش کاتێکی تۆکمە لەچیرۆکەکەدا بەدیدەهێنن و خوێنەر وا هەستدەکات لە واقیعدایە و خۆی بەشێکە لەو کاتانەی کەوا بنیاتنراوە لە چیرۆکەکەدا.ئەگەر هاتوو کات تەوەری سەرەکی کەون و ژیان بوو، ئەوا تەوەری ژیانی ناو خۆییمانە، لە هەمان کاتدا جوڵە پێکەری لایەنی دەروونی و هەستەکانمان و لایەنی جەستەیی و ئاڵ و گۆڕە جەستەیی یەکانمانە.کات شێوەی ژیانمان ڕێکدەخات، ڕێکخستنی ژیانی دەرەکیمانە، شەپۆلی ژیانی ناو خۆییمانە.

## 2:دابەشكردنی كات لە چیرۆكەكانی د.كاوس قەفتان:

لە دابەشكردنی كاتی چیرۆكەكاندا بە پشت بەستن بەو دابەشكردنەی كەوا هەندێك لە ڕەخنەگران بۆ (كات) یان دیاركردووە و بەكاریان هێناوە لە لەناو بنیاتی دەقی چیرۆكدا وەك پرۆگرامیك، كاتی چیرۆكەكان دابەش دەكەین كە خۆی لە (( ڕێكخستن– الترتیب و (مانەوە)– الدیمومە ))[1] دا دەبینێتەوە.

### 1. ڕێكخستن–الترتیب–order:

لێكۆڵینەوە لەكاری ڕێكخستن بۆ كاری گێڕانەوەی چیرۆك بەواتای بەراوردكردن و ڕێكخستن و چاودێریكردنی ڕووداوەكان و پارچەكانی كات لەگوتاری گێڕانەوەدا بەسیستەمێكی زنجیرەیی یەك بەدوای یەكی لەناو هەمان كات یا چیرۆكدا دێت.ڕێكخستن واتا(( لێكۆڵینەوە لە پەیوەندییەكانی نێوان زنجیرەی مەنتیقی ڕووداوەكان و تەرتیبی گێڕانەوەیان ))[2]

كات لەچیرۆكدا فرە ڕەهەند و ئاراستەیە، زەمەنێكە خاوەن ئاراستەی جۆراو جۆرە لەناو دەقدا، بۆیە تەماشادەكەین لە چیرۆكدا كۆمەڵێك ڕووداو لەیەك كاتدا بەڕێوە دەچن و ڕوودەدەن.ڕەسەنایەتیش لەڕووداوەكان و چیرۆكدا ئەوەیە كە ڕووداوەكان بەپێی زەمەنێكی چڕوپڕی بە دوایەكدا هاتنی زەمەنی بێت و چیرۆكیش بەشێوەیەكی زۆر بەرەو كۆتایی لەناو زیهنی نووسەردا ئاراستەدەكات.لەهەمان كاتدا بەهۆی فرەیی ڕووداوەكانەوە چیرۆكنووس ناتوانێت لەیەك كاتدا بیان بات بەڕێوە، بۆیە ناچارە پەنا بباتە بەر ڕێكخستنی كاتی چیرۆكەكان، چونكە سروشتی نووسین وایە كە ئەم ڕێكخستنە فەرزدەكات، لەلایەكی تریشەوە نووسەر بەئەنقەست ئەم ڕێكخستنە ئەنجام دەدات تاوەكوو بتوانێت جیاوازییە كاتی یەكان لەناو دەقدا دروست بكات.ئەم بەكارهێنانەش بەمەبەستی جۆراو جۆر ئەنجام دەدرێت وەك( جوانكاری و خۆشی و چێژ گەیاندن و تەفرەدان ).نووسەری چیرۆك پەنا دەباتە بەر ڕێكخستنی ڕووداوەكان تا جوانكاری لە دەقەكەدا بهێنێتەبوون، هەروەها ئەو چێژ و خۆشی و تەفرەدانەشی كە پەنای بۆدەبات بۆ ئەوەیە تا هێڵەڕاستەكانی كات تێك بشكێنێ و جارێك بەرەو دواوە بگەڕێتەوە جارێكیش بەرە و ئاییندەی ئاراستە بكات، بەمەش جیاكاری كاتی دروست دەبێت، واتە چەند كاتێكی جیاواز تێكهەڵكێش دەكات تاوەكوو ژینگەیەكی وەها

---

1 سوودمان وةرطرتووة لة: بنیـة الـنص السـردی مـن منظـور الأدبی.د.حمیـد الحمدانی.الطبعـة الأولـی.المركـز الثقـافی العربـی، بیـروت1991م.ص 75_74.خطـاب الحكایـة، بحـث فـی المنهج.جیرارجنیت.ترجمة.محمـد معطسم، و عبدالجلیل الأزدی و عمرحلی.الطبعة الثانیة_المجلس الأعلی للثقافة.القاهرة1997م.ص 59.

2 بووتیقای رؤمان.ظةنسان ذووظ.ل 85.

بۆجیهانەکەی دروست بکات کە هونەری تێدا بخولقێنێت و گوزارشت لەو جیاکارییە بکات.وەڵامدانەوەی چیرۆك بۆ ئەم بەدوا یەکهاتنە سروشتی یە لە نمایشکردنی ڕووداوەکان (( حاڵەتێکی مەرجی یە زیاتر لەوەی واقیعی بێت، چونکە ئەم بەدوایەك هاتنە زیاتر دووردەکەوێتەوە یان کەمتر لەڕاستەڕێی گێڕانەوە.ئەمەش بۆ دواوە دەگەڕێتەوە تاوەکوو ڕووداوێك بگەڕێنێتەوە کە لەڕابردوودا ڕوویداوە یاخوود بە پێچەوانەوە بەرەو پێشەوە هەنگاودەنێت تاوەکوو پێشبینی ئەوەبکات کە دێت یان لەوانەیە ببێت لەداهاتوودا ))[1].لەهەردوو بوارەکەدا لەنێوان جیاکارییەکی کاتیدا دەبین کە ڕێڕەوی گێڕانەوەکە ڕادەگرێت و ڕێگە خۆشکەردەبێت بەرامبەرهاتنە ناوەوەی لەسەر تەوەری گێڕانەوەکە و دەرچوون لەو خاڵە زەمەنییەی کەوا چیرۆکەکە پێی گەیشتوە.خاڵی سەرەتاش لەگێڕانەوەدا خاڵی جێگیرە و بنەڕەتییە لەکار، یاخوود خاڵی تەرکیزکردنە کە نووسەر بەرە و دواوە(رابردوو)، یان بەرەو پێشەوە(داهاتوو) دەڕوات، لەئەنجامدا جیاکارییەکی کاتی بەدیدەکرێت تێدا.

دەکرێت هۆکاری دەرکەوتنی چەمکی جیاکاری کاتی بەشێوەیەکی گەورە بۆ ئەوە بگەڕێنیەوە کەوا(( بەواتای ڕوونی و جیابوونەوەی ڕوونی دێت لە نێوان زەمەنی حیکایەت و بەدوایەکهاتنە مێژوویەکەی و زەمەنی گێڕانەوە و سیستەمی دەرکەوتنی ڕووداوەکانی هەمان حیکایەت لەگوتاری ڕۆمان نووس"چیرۆکنووس" ))[2].ئەم جیاکاریانەش گواستنەوەی کاریگەری کاتی ئێستایە کە بەربڵاوە بۆیە دەبێت ڕابردوو و داهاتوو بەشێك بن لێی لەبری ئەوەی بەتەنها بریتی بێت لە ڕێکخستنی زەمەنی ڕێك و سەربەخۆ و نەبەستراو بۆ ڕووداوەکان.ئەوانەشی زنجیرەیی کاتی گێڕانەوەیان تێکشکان و گۆڕانکاریان لەکاتی گێڕانەوە هێنایە ئاراوە نووسەران و ڕخنەگرانی قوتابخانەی (تەوژمی هۆش) بوون، چونکە ئەم زنجیرەیی بوونەی چیرۆك لەگەڵ چیرۆکی نوێدا نەدەگونجا کە بەخاڵێك دەستی پێدەکرد و بەخاڵێکیش کۆتایی پێدەهات.بۆیە ئەم بنەمایە تێك شکێنراو ڕووداوەکان لەزەمەنی جوداجوداوە دەهاتنە پێشکەشکردن.ئەم جیاکاری کاتییەش بەتەنها موڵکی ئەم قوتابخانەیە نییە، بەڵکو سەرەتا و ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ حیکایەتە میللی یەکان و خورافی و کۆنەکان دەگەڕێتەوە کە بەسەرهات و چیرۆکەکانیان لە کاتێکەوە بۆ زەمەنێکی تر دەگواستەوە بێ ئەوەی ببێتە هۆی شێواندنی بابەتی چیرۆکەکە.بەپێچەوانەوە چێژ و خۆشی و تەفرەدانی دەبەخشییە وەرگران و خوێنەران و تووشی سەرسوڕمانی دەکردن.

---

[1] الرواية والتاريخ.الدكتورنضال الشمالي.ص 156.

[2] تحليل الخطاب الروائي، في أدب عبدالخالق الركابي.ماجدة هاشم عيسى المالكي.ص 25 _ 26.

بوونی ڕووداوەکان و بەدوا یەکهاتنیان لە ڕووی ڕێکخستنەوە دەکرێت بەدوو بەشەوە "فلاش باك و پێشخستن" ، کە دەبنە ڕاڤەی چیرۆکەکان لە ڕووی ئەم دوو شێوە تەکنیکە، لە کۆ چیرۆکەکاندا پشتیان پێدەبەستین و بە پێی بەکارهێنانەکانیان بەکاریان دەبەین.

## أ- فلاش باك – Analepsis:

گەڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کەوا ڕوویداوە یا لەخاڵێکدا پێیگەیشتوین لەو چیرۆکەی کەتێیدان.واتە پچڕانی ڕووداوە سەرەکیەکە و پێشکەشکردنی ڕووداوێکی ترە کە لە ڕابردوودا ڕویداوە، ئەمەش سەرپێچییەکی تەواوە لەڕێڕەوەی گێڕانەوە بە گێڕانەوەی گێڕەرەوە و جوڵەپێکردنی ڕووداوێك کە لەڕابردوودا ڕوویداوە، ئەم گەڕانەوەیەش بەمەبەستی ئەوەیە کەوا چیرۆکنووس یان گێڕەرەوە ڕووداوێك لەڕابردوودا ڕوویداوە بگەڕێنێتەوە کە گێڕەرەوە فەرامۆشی کردوە یان پەراوێزی خستووە یان جێی هێشتووە یان لەبیری کردووە یان هەر هۆکارێکی تربێت، یاخوود ئەوەمان بۆدەگێڕێتەوە کە پێشتر ڕوویداوە واتە گەڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە بۆ ئێستای چیرۆکەکە.گێڕەرەوە بەپێی ئەو مادەیەی کەوا دەیگێڕێتەوە گەڕانەوەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات.((هەمووگەڕانەوەیەکیش بۆ ڕابردوو بەنیسبەت گێڕانەوە وەبیرهاتنەوەیەك پێکدێنێت کە یادگارییەکانی تایبەتە بە ڕووداوێکی تایبەتی کەپێی هەڵدەستێت.لەمیانەی ئەوەوە دەمان گوێزێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، لەوخاڵەی چیرۆکەکەی پێگەشتووە ))[1].گەڕانەوەش یادگەی دەقی چیرۆکە، کە چیرۆکنووس بۆمانی دەگێڕێتەوە لە چوارچێوەی چیرۆکەکەدا.گێڕەرەوە یا نووسەر لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوە و بەرچاو ڕوونی خوێنەر ئاماژە بە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەکات لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ دواوە واتە بە پێچەوانەی زنجیرەی کات دەڕوات.

چیرۆکنووس لە چیرۆکەکاندا (فلاشباکی) وەك تەکنیکێکی نوێ بەکارهێناوە تا لە ڕێگایەوە هەندێك لەو ڕووداوانەمان بۆ بگەڕێنێتەوە کە بەهەر هۆکارێك لەکاتی خۆیدا باسی نەکردووە.ئەمەش بەرچاو ڕوونی یەك دەبەخشێتە خوێنەر تا هۆکاری ڕوودانی هەندێك لە ڕووداوەکان یان نهێنی یە شاراوەکانی کەسایەتی یەکان بزانێت کە لە ڕابردوودا ڕووبەڕوویان بۆتەوە.ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی "ماچ" ئەوا چیرۆك گێڕەرەوە گێڕەرەوەیەکی خودی یە لەکاتی باسکردنی بەشێك لە ژیانی خۆی باس لە بەسەرهاتی پیاوێکی (فەلە) دەکات کە

---

[1] الرواية والتاريخ.الدكتور نضال الشمالي.ص 157.

هاوسێیان بووە، دەیەوێت لەبارەی ڕابردووی کابرای (فەلە) بدوێت و هەندێك زانیاری سەبارەت بە کابرای فەلە پێشکەش بکات و دەڵێت:

**(( دەمێك بوو هاوار و قریشکەی کابرای فەلەی دراوسێمان نەمابوو، ئاسمان شین لەگۆمێکی مەنگی قول ئەچوو، ئەستێرەکانیش بەجۆرێك ئەدرەوشانەوە، وا ئەهاتە بەرچاوم کە خەریکی یاری و گەمەن...))**[1].

گێڕەرەوە بۆئەوەی بیەوێ کەسایەتیەکی نوێ بهێنێتە ناو ڕووداوەکانەوە دەبێت زانیاری پێویست سەبارەت بەوکەسایەتیە پێشکەش بکات.لەم چیرۆکەشدا گێڕەرەوە پێش ئەوەی زانیاریمان سەبارەت بە کەسایەتیە نوێ یەکە پێبدات لەزاری کەسایەتی سەرەکی (فەلە)ەکەوە ئاماژەیەکمان پێدەدات بۆ هاتنی ئەم تەکنیکە و دەڵێت:

**(( ئەم کیپەی ئەمشەو، ڕووداوێکی سامناکم ئەخاتەوە یاد، کەلە هەرزەکاریمدا لێم قەوما.))**[2].دواتر ڕێگە خۆشدەکات کە گێڕەرەوەی دووەم لە ڕێگای تەکنیکی فلاش باکەوە زانیارییەکان و ڕووداوەکانی ڕابردوومان پێ ئاشنا بکات و دەڵێت: **(( ناوی ئاتە بوو، لەدێ یەك لەم ناوچەی خۆشناوەتی یە ئەژیا، ئافرەتێك هەتا بڵێ یت شۆخ، جوان و نازدار، کوڵمەسورەکانی لەسێوە لاسورەیەکی تەڕ و بڕ ئەچوو....))**[3].

لێرەدا گێڕەرەوە کاتی ئێستای ڕاگرتوە و بەرەو ڕابردوو گەڕاوەتەوە، تاوەکوو لە ڕێگای زەینی(فەلەوە)ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە بگێڕێتەوە، دواتر ئەو ڕووداوە دەهێنێت و لەکاتی ئێستادا دەیگێڕێتەوە.دوو کاتی جیاواز بەدیدەکرێت کە کاتی ئێستا و ڕابردووە.هەروەها لەچیرۆکی "بستێ زەوی" لەڕێگای کەسایەتی (خاڵە حەمە)وە زانیارییەکان و نەهامەتییەکانی ژیانیمان پێشکەش دەکات، دواتر هەر (خاڵە حەمە) دەست دەکات بەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕابردووی لەڕێگای فلاش باکەوە.گێڕەرەوە کاتی ئێستا پەك دەخات بەرە و ڕابردوو گەڕاوەتەوە، تا زانیاریـمان سەبارەت بە کەسایەتی (خاڵەحەمە) دەست کەوێت.ئەمەش لە ڕێگای کەسایەتی (خاڵە حەمە)وە ئەم زانیاریانەمان پێشکەش دەکات و دەڵێت:

**(( وەکو هەموو لاوێك ئارەزووی ژن هێنانم کەوتەسەر، بەدڵی خۆم ژنێکم خواست بە هەموو دڵ و گیان و هەستم خۆشم ئەویست دڵ نیابووم لەوەی هەر بوونی لەلامەوە تاڵی ژیانمی کەم ئەکردەوە، بەڵام بڕوا ئەکەیت بەزۆر لێم سەندرا ))**[4].

---

1 دةضيرؤك.ماض.ل 27.

2 دة ضيرؤك.ماض.ل 29.

3 هةمان سةرضاوة.ل 29.

4 خؤرى ئاوابوو.بستيَ زةوى.ل 42.

پێشکەشکردنی ئەم زانیاریانە لەلایەن خودی کە سایەتی یەکەوە لە ڕابردوودا، ڕێگە خۆشکەرە بۆ باسکردن لە بەشێکی تری زانیاریەکانی کە بە خوێنەر نادیارن، دواتر هەر لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو باس لە بەسەرهاتی کوڕەکانی دەکات کە چۆن بوونەتە نۆکەری ئاغاو ژیانی چی بەسەرهاتوە تا دەگاتە کۆتایی بەسەرهاتەکەی.لەوێ گەڕانەوەکە تەواو دەبێت و دەگاتەوە خاڵی دەستپێکردنەوەی حیکایەتەکە جارێکی تر.پێشکەشکردنی ئەم زانیاریانە هۆکارێکە بۆ ڕەنگاڵەییکردنی چیرۆکەکە و بەخشینی تام و چێژێکی زیاتر و تایبەت بە خوێنەر لە لایەك و بە چیرۆکەکەش لە لایەکی ترەوە، لە هەمان کات دا هۆکارێکی گرنگە لە تێگەیشتنی کۆی ڕووداوەکە.

ڕێگەدان بەکەسایەتیەکان تاوەکوو خۆیان بدوێن ڕێگە خۆشکەرە بۆ ڕەنگاو ڕەنگی چیرۆك و بەخشینی تام و چێژێکی تایبەت بەچیرۆکەکە.بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە، کەسایەتیەك دەدوێت و دواتر کەسایەتیەکی ترمان پێشکەش دەکات.لە چیرۆکی "نانی خوێناوی" چیرۆکنووس سەرەتا بەشێوەی دیالۆگ بیرو ڕای کەسایەتیەکانمان پێ ڕادەگەیەنێت، دواتر لەڕێگای (فلاش باك)ەوە بەرەو ڕابردوومان دەگەڕێنێتەوە و لەم ڕێگایەوە خوێنەر هۆی گۆڕانکارییە فیکرییەکانی (عەزەی خەیات) کە یەکێکە لە کەسایەتی یەکانی ناو چیرۆکەکە دەزانێت.گێڕەرەوە ڕێگا (بەعەزەی خەیات) دەدات ڕووداوەکانی ڕابردوو لەڕێگای فلاش باکەوە بگێڕێتەوە بۆ کاتی ئێستا، ئەمەش بەمەبەستی زانینی هۆکاری ئەو بێ ئومێدی و بێزاری یەی کەوا تێی کەوتووە.دەڵێت:

**(( ڕۆژە ڕەشەکەبو، هێرشەکە هێندە ڕێك خراوو کتوپڕ بوو لەفلیمێکی سینەمای ئەکرد! کاتێك خەڵکەکە هاتەوە سەرخۆی، لاشەی کەوتوو، خوێنی ڕژاو، دەرگای شکاو، دیواری ڕوخاو، بەسەر یەکدا ترشابون، نمونەیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی سەقەت بوو ))**[1].لە ڕێگای گێڕەرەوەی دووەم کە(عەزەیە) ڕووداوەکانی ژیانی ڕابردوویمان پێ ڕادەگەیەنێت، لە هەمان کاتدا ڕێگای بە کەسایەتیەکانی تریش داوە بەشێك بن لەو گێڕانەوەیە و پشکداربن لە هۆکاری گەڕانەوە بۆ ڕابردووی عەزەی خەیات.لە بەشێکی تری تێکستێکی چیرۆکەکەدا سەبارەت بە و ڕووداوەی کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە دەڵێت:

**(( ماڵەکەمان لەکۆڵانێکی فراواندا بوو، ئەیڕوانییە سەر شەقامەکە.کوڕە گەورەکەم کە نۆسالان بو، پێش تەقەکردن ناردم بۆ ئەوەی نانمان بۆ بهێنێ ))**[2].

---

[1]دار بـەڕووە بێسـێبەرەکە.د.کاوس قەفتان.ضـاثخانە و ئۆفێسـتی بابـان- سـلێمانی، 2007 ی زاییـنـی. نـانی خوێناوی.ل 11.

[2] هەمان سەرضاوە.ل 12.

بەم شێوەیە تا کۆتایی بەردەوام دەبێت تا دەگاتە بنبەست.لەمەوە هۆکاری ئەو نا ئومێدی بێتاقەتی و بێ هیوایی یەی کەسایەتی (عەزەی خەیات)مان بۆ دەردەکەوێت کە تووشی هاتووە.بێگومان ئەمەش تەنها بەتەکنیکی (فلاش باك) دەبێت تا بتوانێت ژیانی ڕابردووی کەسایەتی یەکەو هۆکاری گۆڕانی بیر و باوەڕیمان پێ بڵێت کە لە ڕابردوودا لە ژیانی دا ڕوویداوە، بۆیە ڕووداوەکانی کە لە ڕابرددودا ڕوویان داوە لە ناو ناچن بەڵکو لە ناو نەستی تاکەکەن دا دەمێنێتەوەو بە هەر هۆکارێك کە ببێتە هۆی وورژاندنی کاراکتەرەکان یان کەسەکان بە تایبەت کە ڕووداوەکە پەیوەندی بەوەوە هەبێت یا بیری بێتەوە بە هۆی شتێکەوە، جارێکی تر ئەو ڕووداوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو بیری خۆی و پەیوەستی دەکات بەو ڕووداوەی کە بینیویەتی یا بیستویەتی یا هەر شتێکی تر.

## ب- پێشخستن–prolepsis:

پێشخستن پێچەوانەی فلاش باکە.هەروەها پێچەوانەی کاتی گێڕانەوەشە، چونکە کاتی ئێستای چیرۆك تێ ئەپەڕێنێت، تاوەکوو ڕووداوێکمان پیشان دات کەهێشتا نەهاتووە.ئەمەش بەهۆی جیاکاری زەمەنی دێتەئاراوە و بەرەو پێشەوە دەڕوات و هەنگاو دەنێت، ڕووداوێکیش وێنا دەکات کە لەداهاتوودا لەوانەیە بێت نەك لەکاتی ئێستا یان ڕابردوو، یاخوود جیاکارییەکی زەمەنی یە بە یارمەتی پێشکەشکردنی گێڕانەوەیەکی پێش وەخت بۆ ڕووداوی داهاتوو بەدەست دێت و بەرجەستە دەبێت.پێشخستن واتای ئەوەیە کە ڕووداوێك نەهاتوە پێشبینی دەکات، واتە پێشبینی داهاتوو دەکات یاخوود بە واتای ئەوە دێت کە (( هەموو جوڵەیەکی گێڕانەوە لەسەر گێڕانەوەی ڕووداوێکی دواتر یان ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە دێت ))[1].پێشخستنیش بازدانە یاخوود پەڕینەوەیە بەسەر ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا لە کاتی چیرۆك، ئەم تێپەڕینەش بەمەبەستی پێشوازیکردنی داهاتووی ڕووداوەکانە و بەدوادا چوونیەتی بۆئەوەی بزانێت چی ڕوودەدات لە شتە نوێکارییەکانی چیرۆك کە ئەگەری هاتنە پێشەوەی هەیە لە داهاتوودا.

ئەم تەکنیکە کەمتر بەکاردێت لەچاو تەکنیکی فلاش باك، چونکە پێشخستن بەدەگمەن لە چیرۆکی تەقلیدیدا بەکاردێت یا بەکارهاتووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گێڕانەوەکانیان زیاترلەسەر بنەمای چێژ و خۆشی بنیات دەنرا کە بنەمای چیرۆکی تەقلیدی بوو، هەروەها لەلایەکی ترەوە زیاتر ڕوو لە ڕابردوو دەکرا و کەمتر بەرە و ئاییندە هەنگاویان

[1] خطاب الحكاية، بحث فى المنهج.جيرار جنيت.ص 51.

دەنا.ئەم شێوە گێڕانەوەیەش دەبێتە هۆی پاشخستنی گێڕانەوە لە ئێستا و بەرە و ئایندە هەنگاو دەنێت، واتە ڕاگرتنی کاتی ڕابردوو و ئێستاو بەردەوامی دان بە ئاییندە، بەڵام ئەم تەکنیکە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (19) ی ی زایینی و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم (20) ی ی زایینی هاتەکایەوە، ئەمەش بەهۆی گفتوگۆی بەردەوام لەسەر داهاتوی مرۆڤ لەکاتی ئێستادا.(جاستون باشلار) جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە (( واتای داهاتوو ماوەکەی لەخودی ئێستادا وێناکراوە ))[1].ئەم بۆچوونەی (باشلار) یش واتای قۆرخکردنی چیرۆکی نوێ نییە لەلایەن تەکنیکی پێشخستنەوە، بەڵکوو هەوڵی داوە لە ناو چیرۆکدا تەوزیفی بکات، چونکە گێڕانەوەی چیرۆك بەتەنها گێڕانەوەی ڕابردوو نییە بەڵکو لەهەمان کاتدا لەپاڵ ڕابردوودا هەردوو کاتی ئێستا و داهاتوو دێنە ناوەوە و ڕۆڵی خۆیان لەڕەوڕەوەی ڕووداوەکاندا دەگێڕن.

پێشخستن زانیارییەك پێشکەکش دەکات لەسەربنەمای گریمانەیی یان پێشهات.واتە دڵنیا نییە کە ئایا ڕوودەدات یان نا، چونکە هیچ شتێك نییە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کەئایا ڕوودەدات یان نا.بەڵام ئەمە تا چەند ڕاستە؟ لێرەدا ئەگەر هاتوو پێشخستن بەدی نەهات ئەوا بەپێشخستن داناندرێت، چونکە دەبێت لەداهاتوودا بەدیبێت، بەڵام ئەگەر هەربەدیش نەهات ئەوا دەکرێت بە پێشخراوی دروستیش دێت.ئەمەش ڕەتکردنەوەی نییە، چونکە پێشخستنە، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا ڕێگە خۆشبکات بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو، زەینی خوێنەریش بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو کە لەوانەیە ببێت ئامادە دەکات و وەهای لێدەکات کە بزانین ڕەوتی ڕووداوەکان بەرە وکوێ هەنگاو دەنێن و کەسایەتیەکان ئەنجامیان بەچی دەگات، زۆرجاریش ئەنجامی کۆتایی ڕوون دەکاتەوە.بەڵام ئەمەش پێویستی بە شارەزایی و زانیاری پێویست هەیە تا خوێنەر پێشهاتەکان لەزەینی خۆیدا شیبکاتەوە.هەروەها پێشبینی کردنی ڕووداوەکان بەڕێگای هەمەچەشنە بە مەبەستی ووروژاندنی خوێنەرە کە لەڕێگای پێشهاتەوە ئاماژەی بۆ دەکات.

بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەش لە بەشێکی کەمی چیرۆکەکان دا بە دیدەکرێت.ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی "شۆڕشی ویژدان" چیرۆك گێڕەرەوە بەهۆی دیالۆگی نێوان کەسایەتی (عەبدی جەلاد و لاوە بەندکراو)ەکە ئاماژە بە لە سێدارەدانی لاوەکە دەکات لەداهاتودا.ئەمەش پێشهاتێکە کە دواتر دێت و ڕوودەدات، ڕێگا بۆ خوێنەریش خۆشدەکات کە لە داهاتوو دا ئەنجامی ڕووداوەکان بزانێت و ئاکامی ژیانی کەسایەتی(لاو)ە زیندان

[1] تحليل الخطاب الروائي، في أدب عبدالخالق الركابي.ماجدة هاشم عيسى المالكي.ص 42.

کراوەکەشی بۆ ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت.واتە بەرچاو ڕوونی یەکی پێ دەبەخشێت لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا.بەم شێوەیە ئاماژە بەم پێشهاتە دەکات و دەڵێت:

**(( لەکانگای دڵمەوە ئەمویست ڕزگاری بکەم بۆیە ڕۆژێك پێم ووت:**

**– قسەبکە و خۆت ڕزگارکە.جێ ی داخە لاوێکی وەکو تۆ لەدەست چێت، زەردەخەنەیەکی گاڵتەی لێ ئەتکا ڕووە زەردە لاوازەکەی ڕوون کردەوە بەجۆرێ شەرم دای گرتم خەریك بووم هەستم و ڕابکەم.بەڵام وازم نەهێنا بەئازارەوە پێم ووت.**

**– کورە ماڵ کاول ئەتکوژن، بەخوا هەڵت ئەواسن...))**[1].

لەم قسانەی (عەبدی جەلاد) ئەوە دووپات دەبێتەوە ئەگەر لاوەکە لەکاتی ئێستا قسەنەکات و خۆی ڕزگار نەکات ئەوا لەسێدارە دەدرێت.ڕۆژی دواتر بەهۆی قسەنەکردنیەوە ئەوپێشهاتە دێتەدی و لاوەکە لەسێدارە دەدرێت و دەڵێت **(( بۆ ڕۆژی دوایی بەدەستی خۆم هەڵم واسی ))**[2].ئەوەی خوێنەر پێشتر بیری بۆ دەچوو بە هۆی دیالۆگی نێوانیانەوە لە کۆتایی دا دێتە دی.ئەمەش واتای تەواوی پێشبینی یە لە چیرۆکدا.بابەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان پێش ڕوودانیان بەشێکە لە پێکهاتەی تەکنیکی (پیشخستن)، ئەم چەشنە گێڕانەوەیەش زۆر دەگمەنە، چونکە ڕووداوەکان بەکاتی داهاتوو دەگێڕێتەوە.ئەم شێوازەش لەگەڵ هەندێك ڕستەی پێشبینی کەردا دەگونجێت وەك لە ڕستەی **(قسەبکە و خۆت ڕزگارکە.جێ ی داخە لاوێکی وەکو تۆ لەدەست چێت)**.ئەم شێوە پێشبینی کەرە بەدیدەکرێت.

هەروەها لەچیرۆکی "قەمەکەی خوای شەڕ"دا گێڕەرەوە هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە پێشبینی ڕووخاندن و تێکدانی گووندەکەیان دەکات کە دواتر لەبەشێکی تێکستی چیرۆکەکەدا ئەو پێشهاتە دێتە دی و دەڵێت:

**(( ئەو ڕۆژەی مام ڕەحمان بەهەڵەداوان هات و بەپەشۆکاوییەوە وتی:دوێنی گوندی(..)چۆڵکراو هەمووش دوو بست لەئێمەوە دوورە.))**[3].

ئەم ئاماژە کردنە لەسەرەتای ڕووداوەکانەوە خوێنەر دەخاتە ناو چیرۆکەکەوە، زیاتر سەرنجی ڕادەکێشێت تا بەدوای ڕووداوەکەدا بڕوات و بگاتە ئەنجام.دواتر ئەم پێشهاتە دێت و دەڵێت:

**(( تیشکی بەرەبەیانی بە ئاشکرا تەنگی بەپەنجەرە بچووکەکە هەڵچنی، کەچاوی کردەوە، خەو یاری بەپێڵوی چاوی ئەکرد.لەناو گرمەو غەڵبەغەڵبێك خەوی لەچاوی فڕان.هێشتا نیوە**

[1] راوەبەران.شۆڕشی ویژدان.ل 34.
[2] راوەبەران.شۆڕشی ویژدان.ل 36.
[3] ئێوارەیەك.قەمەکەی خوای شەڕ.ل 134.

**گۆڕین خۆی نەگۆڕیبوو، بەپەلە خۆی گەیاندە پەنجەکەرەکە.بڵندو زەرێکی زەبەلاح وەك سێبەری هەورێکی تەڵخ بەگرمەوە ئەهات.گەڕایە دواوە، توند دەرگاکەی داخست.خۆی گۆڕی و گەڕایەوە سەرپەنجەرەکە.لەو ماوە کورتەدا نیوەی گوندەکە نەمابوو، بلدۆزەری بێوەی گسکی لێدابوو.))**[1].

بەشێوەیەکی دڵنیاکەر پێشهاتەکە هاتۆتە دی و ڕێگاشی بۆ ڕووداوی داهاتوو خۆشکردووە، لە هەمان کاتدا ئەنجامی ڕووداوەکەشی ڕوونکردۆتەوە کە ڕووخانی گوندەکەی (مام ڕەحمان)ە، خوێنەریش زەین و هۆشی بەکاردێنێت تا لەکۆتاییدا بگاتە ئەنجامی چیرۆکەکە، کە سەرەتا لە لایەنی کەسایەتیە سەرەکی یەکەوە پێشبینی کرابوو.ئەم بە دیهاتنەش لە پێشخستنی چیرۆکەکە دەباتە قۆناغێکی ترەوە، واتە سەرەتا بە چەند دیاردەیەك یا ئاماژەیەك یا هەر دەربڕینێکی تر ڕووداوەکانی داهاتوو لە ناو زەیینی خوێنەردا دەخاتە چوار چێوەیەکی دیاریکراوەوە، بە جۆرێك لێکدانەوەی هەمە جۆری بۆ دەکات و جارێکی تر بۆ ناو ئەو بازنەیە دەگەڕێتەوە کە پێشتر کێشابووی، واتەخوێنەر دڵنیا دەکاتەوە لە پێشهاتەکە، ئەمەش سەرکەوتویی چیرۆکنووس دەردەخات لە بنیاتنانی ئەم تەکنیکە.

## 2.ماނەوە–Duration:

ئەوکارەی کەوا چیرۆکنووس ئەنجامی دەدات لەڕووی بنیاتنانی کاتەوە پێویستی بەماوەیەك هەیە تا بخوێندرێتەوە بۆئەوەی هاوتابێت لەگەڵ ئەو کاتەی کەوا دایهێناوە.ئەمەش وا لەگێڕەرەوە دەکات بەرنامەیەك بۆ خۆی دابنێت تاوەکوو بتوانێت بەڕێکی ئەو ماوە زەمەنیانە تۆماربکات کەوا دەیەوێت دایبنێت و هیچ ماوەیەکی لەدەست نەچێت، ئەمەش وای لێدەکات یەکسانییەك ببەخشێتە نێوان پارچەکانی چیرۆکەکەی یان گێڕانەوەکەی.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا بنیاتنانەکانی کات پێویستی بە توانا و زیرەکی لێهاتووی و پلان دانان هەیە کە لەبواری ئەدەبی و ڕەخنەیی بەکارهاتوودا.سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی چیرۆکنووس لە بنیات نانی خێرایی و سستی یا دواکەوتنی لەخاڵی سفر دا، ئەوا پێویستە کاتی گێڕانەوە بەراوردی کەین لە گەڵ کاتی ڕاستەقینەی چیرۆکدا، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەش لەسەر کات زۆرگرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی چیرۆك، چونکە ئاشکراکردنی پەیوەندییە زەمەنییەکان دەمان باتەوە بەرەو کورتکردنەوە و خێراییی گێڕانەوە و ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە نەسەقی چیرۆکەکەدا دێت لەخێرایی و خاوکردنەوەدا، ئەم خێرایی و خاوکردنەوەیەش ئیقاعێکی مۆسیقی دەبەخشێتە چیرۆکەکە، چونکە هیچ چیرۆکێك بوونی

---

[1] هەمان سەرچاوە.ل 138.

نییە ئەگەر لەسەر یەك ڕەزم بڕوات واتە تەنها خێرایی یان سستی خۆی هەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی شێواندنی چیرۆکەکە.

چیرۆکنووس چەند ساڵێك بەچەند چرکە ساتێك یا ڕۆژێك دەبڕێت بەخێرایی، بەڵام جاری واهەیە چەند لاپەڕەیەك بۆ یەك دانیشتن یان ئاهەنگێك تەرخان دەکات.هەر چیرۆکێکیش جیاوازە لە چیرۆکێکی تر لەڕووی خێرایی و خاوکردنەوە.هەر شێوازێك ئیقاعی خۆی هەیە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی و ناکۆکی هەیە لەنێوان ماوەی چیرۆك و درێژی دەقەکە، ئەم ئیقاعانەش لە واقیعدا بوونی نییە، تەنها دەکرێت لە چیرۆکدا بوونی هەبێت.چیرۆکنووسیش خاوکردنەوە بەمەبەستی پیشاندانی دیمەنێك بەکاردەهێنێت کە زۆرگرنگە، خێراییش بەمەبەستی گوزەرکردن بەسەر هەندێك ماوەی کاتی کە ڕووداوی گرنگی تێدا نییە بەکاردەهێنێت.

جوڵەکانی گێڕانەوەش لە چیرۆکەکاندا بە پیّ ی مانەوەکان بەم شێوەیە دابەش دەکەین ئەوانیش:

2-1.خێرایی گێڕانەوە:

أ- لابردن.

ب- کورتکردنەوە.

2-2.سستی گێڕانەوە:

أ- دیمەن.

ب- وەستان-پشودان.

## 2-1.خێرایی گێڕانەوە:

خێرایی گێڕانەوە بریتی یە لە تێپەڕین بەسەرماوەیەکی زەمەنییدا لەناو کاتی چیرۆك بەرامبەر بە کاتی گێڕانەوەی باسکراوی نوێتر.خێرایی گێڕانەوەکەش بەدێڕێك یان چەند دێڕێك یا نیشانەیەك کە ئاماژە بەتەواوبوونی ئەو کاتە دەکات کە بە هۆکارێك لە هۆکارەکان تێی پەڕاندووە.ئامانجی سەرەکی چیرۆك ئەوەیە تەنها ئەوەی گرنگە ئەوە بپارێزێت و هەڵی بگرێت یاخود ئەو واتایەی کە هەیەتی ئەوە هەڵبگرێت و جێگای ئەوانی تربگرێتەوە، واتە وەك نهێنی یەك بمێنێتەوە و تەنها قسەکردنیش لەسەربابەتە سەرەکیەکە بێت و بەو پەڕی ڕێزگرتنەوە بەسەر بابەتە لاوەکیەکان یان ناوەندییەکاندا تێپەڕێت و درێژە بە بابەتە سەرەکیەکە بدات کە بنەمای سەرەکی چیرۆکەکەیە.خێرایی گێڕانەوەش دابەشی سەر دوو

بەش دەبێت کەوا دەکەن ڕووداوەکان بەخێرایی تێپەڕن ئەوانیش " کورتکردنەوە و لابردن " ن.

أ- کورتکردنەوە:

واتە پەڕینەوە بەسەر ماوەیەکی کاتی درێژ لە چیرۆکەکەدا کە گێڕەرەوە بەسەریدا تێدەپەڕێت.بەو پێیە کورتکردنەوە((لە شێوازی نوسینی چیرۆکدا لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکاندا پێویستە لەماوەی چەندسالْ و مانگ و کاتێکدا ڕوویدابێت، خستنەناوەوەی بۆ ناو پەڕەکان و دێڕەکان یاخوود چەند ووشەیەکی کەم بەبێ خستنەڕووی درێژی یەکەی ))[1].ئەم جۆرە تەکنیکەش دووەم جۆرە لەڕووی خێرایی گێڕانەوەدا کە مەودایەکی زۆر بەماوەیەکی کورت و پوخت دەبڕێت بێ ئەوەی کار لەبنیاتی هونەری چیرۆکەکە بکات.لێرەوە گێڕەرەوە ناوەڕۆکی ئەوسالأنەی ناو چیرۆکەکەی پوخت دەکاتەوە، لەوەوە پوختکردنەوە یان کورتکردنەوە دێتەدی.ئەمەش حالْەتێکی سروشتی یە لەچیرۆکدا، چونکە هەندێك زانیاری هەن پێویست نین و سودی نییە بۆ گێڕانەوەکە، بۆیە ئەم تەکنیکە بەکاردێنێت تا لەدرێژ دادەڕی بیبپارێزێت.

لەچیرۆکی "نیوەڕۆیەکی هاوین"دا گێڕەرەوە ڕووداوەکانی مانگێکی لەچەند دێڕێکدا کۆکردۆتەوە و ووردەکارییەکانی نەخستۆتەڕو:

**((ئەمە مانگێکی ڕەبەقە بێ کەسم، بەتاقی تەنیا ئەرکی ناومالْ کەوتۆتە ئەستۆم...))**[2].

هەروەها لەچیرۆکی "راوەبەران" چیرۆکگێڕەرەوە دەلێت:

**((بەس خوا بکات وەستانی ئەم شەڕە تاسەربێت.وا دوو سێ مانگە نەختێك حەساوینەتەوە.زەوی خەریکە دەم ئەکاتەوە و سەری گەنم و جۆی لێ بێتەدەرێ.بەخۆشی ببڕێتەوە، کوردەکەش دەست خەڕۆ نەبێت و چی ئەوێ بیدەنێ ))**[3].ئەو ماوەیەی کەوا شەڕەکە وەستاوە بە ئاماژەیەکی کاتی کورت ئاماژەی پێداوە و ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕوویداوە لەچەند قسەیەکدا بەرجەستەکردووە.بەمەش کاتی گێڕانەوەکەی خێراکردوە و خۆشی لەزیادەڕۆیی پاراستووە بۆ خوێنەری جێهێشتوە تا زەینی بخاتە کار بۆ دۆزینەوەی کۆی ئەو ماوەیە.

لە چیرۆکی "ڕەشبەلْەك" دا چیرۆکگێڕەرەوە ئەو ماوەیەی کە کەسایەتی سەرەکی دالْغەی بەکچێکەوە لێداوە لە کاتێکی دیاریکراودا کۆی کردۆتەوە و دەلێت :

---

1 بنية النص السردى من منظور الأدبى.د.حميد الحمدانى.ص 76.

2 دةضيرؤك.نيوةرؤيةكى هاوين.ل 89.

3 راوةبةران. ضيرؤكى راوة بةران.ل 68.

**((دوو هەفتەبوو لەماڵەوە داڵغەم بەکیژێکی جوانەوە لیٚ ئەدا، ئەوی ڕاستی بێت ئەمەم کردە پیشەو بەجۆرێك دونیام لەبیرچوەوە، ڕۆژ نەبوو مامۆستاکان لەژووری خوێندن دەرم نەکەن.))**[1] .

بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی بەو ماوە کاتی یە کردووە، نەچۆتە سەر ووردەکارییەکانی ڕووداوەکانی ئەو هەفتەیەو باسی داڵغەکانی نەکردووە.

### ب- لابردن :

لابردن بریتیە لە تێپەڕاندنی چەند ماوەیەکی زەمەنی چیرۆك بەبیٚ ئەوەی ئاماژە بەو ڕووداوانە بکات کەتێیدا ڕوویداوە یاخوود ماوەیەك کە چیرۆکەکە بەتەواوی بێدەنگ بێت تێدا، یان چیرۆکگێڕەوە بەشێك لە چیرۆکەکەی هەیە کە لەناو دەق دا بێدەنگ بووە تێدا.لابردن ماوەیەکی زەمەنی کورت یان درێژ دەگرێتەخۆ لە کاتی چیرۆك و خۆلێنەدان لە هەندێك ڕووداو کە ڕوویان داوە تێدا.بە واتای ((تێپەڕین بە سەر هەندێك قۆناغی چیرۆك))[2]دا.واتە باس نەکردنی ماوەیەکی درێژی چیرۆك لەلایەنی گێڕەرەوەوە.لابردن ماوەیەکی زۆر کورت دەکاتەوە بە ووشەگەلێکی سادە و ساکار وەك بلیٚ" چەند مانگێکی پێچوو یان چەند ساڵێك تێپەڕی یان زەمەنێکی زۆری برد پاڵەوانەکە گەڕایەوە".ئەم لابردنانەش کاتێکی زۆر درێژ یان زۆرکورت لەناو کاتی ڕاستەقینەی چیرۆکەکەدا دادەپۆشێت، واتە پارچەیەکی کورت لەگوتاردا، ڕوونکردنەوەیەکی درێژ لەچیرۆکەکە دادەپۆشێت، بەو واتایەی ئەو ساڵ و ماوەیەی کە ڕووداوەکانی زۆرگرنگ نین چیرۆکنوس کورتی دەکاتەوە تا درێژە بە ڕووداوە سەرەکیەکە بدات.لابردنیش زیاتر لەچیرۆکدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت نەك ئەو ئەوگێڕانەوانەی کەوا بەڵگەنامەیی یان مێژوویی یان سیاسین.

لابردن پێویستییەکە لەپێداویستیەکانی گێڕانەوەی چیرۆك و لەسەربنەمای هەڵبژاردن دەبێت.ئەم شێوەیەش دابەشی سەرچەند جۆرێك دەبێت:

### یەکەم: لابردنی ئاشکرا:

ڕاگەیاندنی ماوەیەکی کاتی یە لەسەرەتادا لابردراوە لەسەربنەمایەکی ڕوون.ئەم جۆرە لابردنە یەکێکە لە بەکارهێنانە ئاساییەکان، بەڵام زۆرجار دوادەخرێت تا هەڵپەساردنی

---

1 ذووری میوان.رةش بةلَةك.ل 70.

2 بنية النص السردى من منظور الأدبى.د.حميد الحمدانى.ص 77.

گێڕانەوەکە.کەواتە لابردنی ئاشکرا((ئەولابردنەیە کەوا تەنها ماوەکەی دیاریکراوە بەبێ ئەوەی ڕووداوەکانی بخرێتە ناوتێکستەکەوە))[1].ئەمەش دوو جۆرە:

1. لابردنی دیاریکراو: گێڕەرەوە ئاماژە بە بەماوە لابردراوەکە دەکات وەك بڵێت دوای یەك ساڵ یان سێ مانگ.

لەچیرۆکی "خۆشەویستی" دا چیرۆکگێڕەرەوە دەڵێت: **(( ئێستەش وا سێ چوار سەعات تێپەڕی ئەم لەسەر چەقی ئەم ڕێگایە وەستاوە هەتا چاوی پێ بکەوێت هۆی نەهاتنی بزانێت، هات و چۆی هەر لەم کاتانەدایە، گومان نی یە هەردێت، هەر خەریکی ئەم قسانە بوو، وەکو شێتێك لەبەرخۆیەوە ئەی ووت و ئەی ووتەوە! ))**[2].گێڕەرەوە باسی ئەو ماوە کاتی یە ناکات کە لەسەر شەقامەکە وەستاوە، کۆی ئەو ماوەیەی ڕابردووی لابردوە کەتێدا وەستاوە.بەمەش کاتی گێڕانەوەکەی خێراکردووە.

لەچیرۆکی "نەهاتەوە" چیرۆکنووس ڕووداوەکانی یەك هەفتەی ڕابردووی تێپەڕاندوەو باسی نەکردووە کە بە سەر(ئایشێ)ی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەدا هاتووە لەئێش و ئازارو برسێتی و چاوەڕوانی لەو ماوەیەدا.بەم شێوەیە ئاماژە بە ماوە لابردراوەکە دەکات و دەڵێت:

**((هەفتەیەك بەسەردا ڕۆیشت، ڕۆژ ڕۆژی ماروو مێروو مشکی ناوژێرخانەکە بوو، هەرچی لەکاسەکاندا هەبوو پاکۆیان دابوە...))**[3].

چیرۆکگێڕەرەوە لەچیرۆکی "شۆرشی ویژدان" دا باس لەچۆنیەتی هاتنی لاوێك دەکات بۆ زیندان و دەڵێت:

**((یەك دوومانگ لەوەو بەر لاوێکیان هێنا لەژووری هەڵواسین دایان نا))**[4].

لێرەدا گێڕەرەوە ڕۆژەکەی دیاری نەکردووە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی پێداوە.باس لەڕووداوەکانی پێش ئەوەمان بۆ ناکات کە "لاوەکە" لە زیندانێکی تردا بوە و چی بەسەرهاتوە، واتە نەیخستۆتە ناو چوارچێوەی گێڕانەوەکەی.

"چیرۆکی لەسەرکانی یەك" چیرۆکگێڕەرەوەیەکی خودیە، لەباسی خۆشەویستەکەیدا دەڵێت: **(( لەپاش چوارساڵ نەبینین دیم، خۆزگە قەت نەم ئەدی.کچەکەی چوارساڵ لەوەو پێش نە**

---

[1] بیناى كات لەسيَ رِۆمانى كوردى.نەجم ئەلْوەنى.ل 26.
[2] دەضيرؤك.خؤشەويستى.ل 76.
[3] خؤرى ئاوابوو.نەهاتەوة.ل 52.
[4] راوةبەتران.شؤرشى ويذدان.ل 31.

**بووکچێك بوو جوانی نازداری لێ ئەباری، بەچەشنی گوڵی بەهار کرابۆوە، دڵ فڕێنێکی دڵ بەندکەر بوو ))[1].**

گێڕەرەوە ئەو ماوە زەمەنی یەی کەوا خۆشەویستەکەی تێدا گۆڕانکاری بەسەرا هاتوە تێپەڕاندووە کاتەکەی خێراکردوە و ڕاستەوخۆ هاتۆتەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کچەکەدا دیتویەتی.(لابردن)لە دەقی چیرۆکدا دەبێتە هۆی توند بوونی زۆری ڕەوڕەوەی ڕووداوی چیرۆکەکان.گێڕەرەوە کاتێکی زۆرکەمی تەرخان کردووە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کەوا ماوەیەکی بەرچاویان خایاندووە، واتە لێرەدا بەشێکی زۆر نانووسێ لەو شتانەی کەوا لە ڕووداوەکان هاتونەتە پێش.

2. لابردنی نا دیاریکراو:

بەپێچەوانەی یەکەمەوە ئاماژە بەماوە لابردراوەکە نادات کە لایبردووە بەڵکو تەنها دەڵێت: چەند مانگێك خایاند یان چەندساڵێکی پێچوو.واتە لێرەدا ناوی مانگ و ڕۆژەکان ناهێنێت بەڵکو بە شێوەی چەندێتی ئاماژەی پێدەکات.

لە چیرۆکی "دیناری ئاغا"دا کاتێك کەباس لە(حەمە سەعی)دەکات کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە دەڵێت:

**(( هەمووی چەند سەعاتێك لەوە و پێش سەعی دەستی بە خاکەنازەکەیەوە ووشك بوو.بەترس و دڵەخورپێ وە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی ))[2].**

ماوەکە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دیاریکراوە و بەووردی ئاماژەی بەژمارەی زەمەنەکە نەداوە ، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی پێداوە.بەهەمان شێوە لە چیرۆکی "هونەرمەند"دا گێڕەرەوە دەڵێت:

**(( چەند ڕۆژێك لەوەو بەر شەڕو هەرا بۆجاری دەیەم لەماڵە دراوسێیەکەیانەوە بەرز بۆوە ))[3].**

گێڕەرەوە ئاماژەی بە ژمارەی ڕۆژەکان نەداوە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی پێداوەو ژمارەکەی دیارینەکردووە، تەنها لەڕووی چەندێتیەوە ئاماژەی بەکاتەکە داوە.

بە کاتی"چەندساڵێك" لەچیرۆکی(ئوتوچی)دا گێڕەرەوە ئاماژە بە ژمارەی ساڵەکان دەکات، هەروەها لەڕووی چەندێتی یەوە ژمارەی ساڵەکانی دیاری نەکردووە کەچەندە.

---

1 نيو هةنطاو دوور لةدؤزةخ.ضيرؤكى لةسةركانييةك.ل 49.

2 راوة بةران.دينارى ئاغا.ل 80.

3 ثيَنج تابلؤى شيَواو.هونةرمةند.ل 37.

**((لەدەرەوە چەند سالێك خوێندبووی، بەلاّم زۆر گەڕابوو.بە شارەزاییەوە لە هەموو ولاّتێك ئەدوا...))**[1].نازاندرێت چەند لەدەرەوە بوە و چەندی پێچوە لەخوێندنەکەشی.تەنها چەندێتی سالّەکانـمان بۆ ئاشکرا دەکات.

## دووەم: لابردنی ناوخۆیی"چمنی" :

بەربلاّوترین جۆرەکانی لابردنە لەکاری هونەریدا بەرامبەر لابردنی ئاشکرا.لابردنەکە بەئاشکرا دەرناکەوێت، واتە پێچەوانەی"لابردنی ئاشکرا"یە، یاخوود هیچ نیشانەیەکی زەمەنی دیاریکراوی نییە تابزانین کاتە لابردراوەکە چی یە، بۆیە لەسەر خوێنەر پێویستە خۆی بەدوای ئەو کاتە لابردراوەدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە.ئەمەش لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و زانیارییەکانی خوێنەر دەوەستێتەوە. گێڕەرەوە بێدەنگ دەبێت لەماوەی کاتی ژیانی کەسێك و دانانی لەژێر سێبەرێك تاوەکو کەسایەتیەکی تر پێشکەش دەکات.ئەم بێدەنگ بوونەش کارێکی ئاساییە لەژیانی کەسێك بەهۆی ئەو بۆشاییە زەمەنییەی کە هەیە.

لە کۆ چیرۆکەکاندا ئەم شێوە لابردنە بە شێوەیەکی کەمتر بەکارهاتوە وەك لە شێوەکانی تری لابردن.لە چیرۆکی"خۆری ئاوابوو"دا لەکاتی چوونی (مامۆستا) بۆ شارۆچکەکە"ناحییەکە"ی نزیك گوندەکە بە مەبەستی پەیداکردنی هۆکاری گواستنەوە، تاوەکو گوندەکەی پێ جێبهێلێت.ئەو ماوەیەی کەوا کاراکتەر(مامۆستا)ەکە چووە بۆ شارۆچکەکە تا بتوانێت هۆکاری گواستنەوەکەی پەیدا بکات و کاری ڕۆشتنەکەی پێ جێبەجێ بکات، ئەوا چیرۆکگێڕەوە ئەو ماوە زەمەنیەی لابردوەو باسی نەکردووە، ئەو ماوەیەشی کە لابردراوە لە چوار چێوەی چیرۆکەکەدا ڕووداوی تێدا بووە، بەلاّم چیرۆکنووس ڕووداوەکانی بە نادیاری هێشتۆتەوە، تاوەکوو خوێنەر زەیین و هۆش و تواناو زیرەکی خۆی بخاتە کار و بتوانێت ئەو ماوە زەمەنیە نادیارە بدۆزێتەوە کە چیرۆکنووس بە هۆکارێك بێت ئاشکرا یان دەستنیشانی نەکردووە.**(( بێ ئەوەی بگەڕێتە مالّەوە، یەکسەر ملی ڕێ ی گرت.لەبەرئەوەی فێری ڕۆیشتن نەبوو، ئێوارە وەختە گەیشتە ناحیەکە.وولاّخی گرت و سبەینێ ئاشکرای زوو بەرەو دێ یەکە کەوتە ڕێ...))**[2].

لە چیرۆکی (ئاوەژوو)دا بەهەمان شێوە ماوەیەکی زەمەنی لابردراو هەیە کە ئامارژەی پێ نەدراوە، لەبە شێکی تێکستی چیرۆکەکەدا چیرۆکگێڕەوە دەلّێت:

**((قەپالّی لەچەناگەی گرت..لێوی ترازاو..خشا....تا دەگاتە ئەوەی کە دەلّێت: چرپە و خشپەیەکی ژوورەکەی ئەوبەریان، لەم دالّغە قولّەی ڕاستی کردەوە هێنایە**

---

[1] داربەڕووة بيَسيَبةرةكة. ئوتوضى.ل 76.

[2] خؤرى ئاوابوو.ضيرؤكى خؤرى ئاوابوو.ل 30.

**دەرەوە!......))**[1].دوای ئەوەی کە دەبینێت (ئاتە و حەمەغەریبی) برای لێك ئالأون ئەوا چیرۆکەکە دواتر کۆتایی پێدێت، بەلأم گێڕەرەوە ئەو ماوە زەمەنیەی کە (ئاتە و حەمە غەریب) خەریکی ئەنجامدانی سێکسن تێدا، گێرەرەوە لەو ماوە زەمەنیە بێدەنگ بووە، واتە ئەو ماوە لابردراوەی کە باس نەکراوە هەردوو کاراکتەرەکە کاری خۆیان تێدا ئەنجام دەدا، ئەم لابردنەش تەنها لە چوار چێوەی چیرۆکەکەدا درکی پێدەکرێت و دەدۆزرێتەوە.کاتەکەی کە لابردراوە لە لایەنی ناو خۆییەوەیە نەك دەرەکی واتا کاتێکی نادیارە.

## سێهەم: لابردنی گریمانەیی :*

ئەو جۆرە لابردنەیە کەوا ئەستەمە شوێنەکەی دیاربێت، بەڵکو زۆر ئەستەمە لەهەر شوێنکدابێت دابندرێت.ئەم جۆرەش لە چیرۆکدا لە پلەی کۆتایی دێت لەدوای لابردنی ناوخۆیی، پشکداریش دەبێت لەگەڵی بەبێ بوونی قەرینەیەکی ڕوون لەسەر دامەزراندنی شوێنەکەی یان ئەو زەمەنەی کە دەیخایەنێت.پێویستە ئاگاداری ئەوەشبین لەو واتایانەی کەوا لابردنی گریـمانەیی بەرەو بوونی لابردنمان دەبات، چونکە ئەم لابردنە گریمانەییە لە وێنە گشتی یەکە نزیکمان ناکاتەوە یاخوود ناوەڕۆکەکەمان بۆ دیار ناکات، بەڵکو لەم جۆرەدا زیاتر ئەوەی کە دێتە پێشمان ئەوەیە پارچەیەك کە ناونیشانێکی سەربەخۆی هەیە یاخوود خاوەن ژمارەیە پاشان دەست دەکەین بە بەشێکی تر، لێرەدا لابردنی گریمانەیی جێگیردەبێت.چیرۆکنووس بە ووشەکانی وەك "پاش ماوەیەك یان ماوەیەکی درێژ یان دەمێك..." ئاماژە بە ماوە زەمەنییەکە دەدات.

لەچیرۆکی "ئەرزوحاڵچی" دا گێڕەرەوە ئەم شێوە لابردنە دیاردەکات و دەڵێت: **((لەپاش ماوەیەك قەڵەمە سەوزەکەیانی بۆ لادێ یەکە هەڵ ئەبڕێ و ئەیوت: ئەم قەڵەمە سەوزە ئەبینی؟ بەختی ئەو ئەرزوحاڵە بەم قەڵەمە ئەنوسرێت لەچوار فەسڵە ئەکات! لەبەرئەوە نازانم کامیان ئەهێنێ، بەختی بەهاری خۆش، یان بەختی سەختی زستان.))**[2].

چیرۆکگێڕەرەوە ئاماژەی بەو ماوە زەمەنی یە نەکردووە کە ئەرزو حاڵچی تێدا وەستاوە، تەنها ووشەی پاش ماوەیەکی بەکارهێناوە و ڕێگە بەخوێنەر نادات ئەو ماوە زەمەنی یە بزانێت.هەروەها لە چیرۆکی"نۆش" دا گێڕەرەوە سەبارەت بەکەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە

---

1 نیوهةنطاو دوور لةدؤزةخ.ئاوةذوو.ل 31.

* وةكوو زاراوةبة"هيثؤتيكى،رانةطةيةندراو"يش ديَت .

2 دةضيرؤك.ئةرزو حالَضى.ل 40.

دەڵێت ((**دەمێك بوو خوێندنی تەواو كردبوو، مووچەخۆر بوو و موچەكەش كەم نەبوو، دایكی زۆر خۆش ئەویست و ئەترسا لەوەی ژنەكەی ئازاری دایكی بدات.**))[1].

ئەو ماوەیەی كەوا كەسایەتیەكە خوێندویەتی باس نەكردوە و كاتی گێڕانەوەكەی خێراكردووە، ڕێگە بە خوێنەر نادات ئەو ماوە زەمەنی یە بزانێت كەوا خوێندنەكەی تێدا تەواو كردوە.

لە چیرۆكی "نانی خوێناوی" دا گێڕەوە گێڕەرەوەیەكی "خودی" یە لە باسكردنی خۆیدا دەڵێت: ((**ماوەیەكی درێژ بوو نەچوو بوومە سەرەوە، بەڵام وا ڕێك كەوت بۆ چەند ڕۆژێك سەرم لێدایەوە! شەڕ لەپشوداندا بوو، سروشتی بێباكیش ئاگر و دۆزەخی كوشتاری لەبیر چوبۆوە، وەك ئافرەتێكی بێ خەم تارای خۆ ڕازاندنەوەی پۆشیبوو**))[2].گێڕەرەوە بەشێوەیەكی گشتی ئاماژەی بەكاتەكە كردووە، نازانرێت ئەو ماوەیە چەندە كەوا سەردانی شاری نەكردووە.

چیرۆكنووس بەشێوەیەكی گشتی هەموو جۆرەكانی لابردنی بەكارهێناوە و توانای خۆی لە بنیاتنانی ئەم تەكنیكە لە ناو چیرۆكەكانیدا پیشانداوە، لە بنیاتنانیدا سەركەوتووش بووە.

## 2-2.سستی گێڕانەوە:

دواخستنی گێڕانەوە جوڵانەوەیەكی دژە بەرامبەر خێرایی گێڕانەوە.لێرەدا گێڕانەوەكە خاودەكرێتەوە زۆرجاریش تا پلەی وەستانیش دەڕوات.ئەم دواخستن و خاوكردنەوەیەش بەدوو شێوە ئەنجام دەدرێت ئەوانیش "**دیمەن و وەستان**" ن.

أ- دیمەن.

دیمەن حاڵەتێكی ڕێكەوتنە لەنێوان كاتی چیرۆك و كاتی گوتاردا.لێرەدا كاتی گێڕانەوەكە یەكسانە بەزەمەنی ڕووداوەكە، چونكە ڕووداوەكە كورت ناكرێتەوە بەڵكو بەشێوەیەكی زنجیرەیی پێشكەش دەكرێت لەگەڵ تەواوكردنی بەشێوەیەكی دروست.بۆیە یەكێك لە گرنگترین ئەركەكانی دیمەن تێكشكاندنی یەك ڕێچكەیی ڕێكخراوی ڕووداوەكانە.دەسەڵاتەكەی بەرتەسك دەبێتەوە و كەسایەتیەكانیش نزیكتر دەبنەوە لە خوێنەر، ئەمەش بێ ئاگاداری گێڕانەوەكە دەبێت، لێرەدا گێڕەرەوە لەسەر(بۆگێڕەرەوە) پەیڕەوی دەكات.(دیالۆگ) هۆكارێكی گرنگ و سەرەكیی یە بۆگواستنەوەی دیمەنەكانی ناو

---

1 ذووری میوان.نؤش.ل 20.

2 داربةرووة بيَسيَبةرةكة.نانى خويَناوى.ل 5.

چیرۆك، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین ئەگەر سەرتاپای چیرۆکەکە دیالۆگ بوو ئەوا ناتوانێت هەموو ئەو هەموو ماوە زەمەنیەی کە بێدەنگ بووە تێدا بگوازێتەوە جگە لە ئامادەبوونی گێڕەرەوە تێدا.بۆیە ئەو کات دەبێتە دیمەنێکی شانۆیی نەك چیرۆکی.

لە دیالۆگدا((ئەم ڕەنگە بنیات دەنرێت لە یەکسانی نێوان بەشی گێڕانەوە و بەشی چیرۆکەکەی کەجۆرێك لەهاوسەنگی بەرهەم دەهێنێت))[1].هەروەها (مۆنۆلۆگیش) گوتارێکی نەبیستراو و دەر نەبڕاوە، کەسایەتیەکانیش لەم ڕێگایەوە گوزارشت لە ناخ و دەروون و بیر و ڕاکانیان دەکەن کە لە نەست دا هەڵیان گرتووە.دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە (دیمەن) گێڕانەوە دەگەیەنێتە ئەوپەڕی خاوی یان سستی بە پێچەوانەی لابردن و کورتکردنەوە.دیمەنەکان زیاتر بە شێوەیەکی ئاسایی گوزارشتی لێکراوە نەك (دایە لۆگی و مۆنۆلۆگ).

لەچیرۆکی "خۆشەویستی"دا چیرۆکگێڕەرەوە دیمەنی تێپەڕینی کچێك پیشان دەدات کە بە پێشیدا تێپەڕدەبێت و دەڵێت:(**(کچێکی نازداری جوانکەلەی بەلادا تێپەڕی کراسە هاوینی یە تەنکەکەی بەلەشی یەوە نووسابوو، نەخشەی لەش و لاری وەها بەوردی دەرخستبو لەوە ئەچوو بەڕووت و قوتی بڕوات، کراسەکە کورتیش بوو، سەری ئەژنۆی و لاڕانی بەئاستەم لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا سەرە تاتکێ ی لە هەموو ئەو چاوە برسی و نەوسنانە ئەکرد کە بەورژاوی یەوە لێ ی وردئەبونەوە، مەمکیشی قوت لەسەرسنگی بەرز و نزم ئەبوونەوە ئەوە نەبوو تەکان لەکراسەکە نەدەن و شەق و پەقی نەکەن و بێنە دەرێ!...)**)[2].

چیرۆکنووس لەم دیمەنەدا یەکە یەکە جوڵانەوەی جەستەیی و جل و بەرگەکانی و ڕۆیشتنیشی پیشان دەدات.بەمەش درێژی بە زەمەنی گێڕانەوەکە دەدات و بەخێرایی بەسەر ئەو دیمەنەدا دەڕوات تاوەکوو تەوژمی گێڕانەوەکە خاوبکاتەوە و دوابخات و لەگەڵ ئاستی حیکایەتەکەدا بگونجێت. خوێنەریش ئامادە دەکات بۆ چونە ناو دەستپێکی ڕووداوەکانەوە، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی دیمەن، کە زیاتر لەچیرۆکی تەقلیدیدا دەکەوێتە سەرەتای چیرۆکەوە.

لەچیرۆکی "ئاوەژوو" دا گێڕەرەوە دیمەنی تێك ئاڵانی (عەزیز) کەسایەتی سەرەکی و(ئاتە)پیشان دەدات، کە ئەو دیمەنەش خەیاڵی سێکسی (حەمەغەریب)ە بە (ئاتە)وە بەم شێوەیە ئەم دیمەنە دەردەخات کە بۆتە هۆی سستی گێڕانەوەکە:

---

[1] تحليل الخطاب الروائي،في أدب عبدالخالق الركابي.ماجدة هاشم عيسى المالكي.ص 60.

[2] دةضيرؤك.خؤشةويستى.ل 68.

**((قەپاڵی لەچەناگەی گرت..لێوی ترازاو..خشا..کشاو کەوتە سەرملی، کەوتە لێستنەوەی، ئەموستە گەورەی کەوتە ناو ناوکیەوە.ڕۆچو..هەستی کرد هەموو پەنجەکانی بوون بەیەك پەنجە.بەڕاست دا، بەچەپ دا، لەسەر بۆ خوار..لەخوار بۆ ژوور، وەك ئەسفەنج بێت لە ناو لەپیدا وەها ئەیگوشی.هەناسە لەرزۆکەی ئاتەو..ووشە پچڕپچڕەکانی.مە..کە..مە..ئەگینا....ها..! ئەوەندەی تر شێتی ئەکرد ))**[1].

پیشاندانی ئەم دیمەنە بۆتە هۆی خاو بوونەوەی ڕەوتی گێڕانەوەکە و دواخستنی.ئەمەش بۆ ئەوەیە هاوسەنگی دروستبکات و ئیقاعێکی مۆسیقی بخوڵقێنێت لە ڕووی خاوکردنەوە و خێرایی گێڕانەوەدا، کە ئەمەش چێژی تایبەت بە چیرۆکەکە دەبەخشێت و نابێتە هۆی ماندوو بوونی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا.

لەچیرۆکی "ڕەشبەڵەك" دا چیرۆکگێڕەوە گێڕەرەوەیەکی خودیە، لە کاتی چونی بۆ گوندێکی تر ئەم دیمەنی ڕەش بەڵەکە دەبینێت و سەرنجی ڕادەکێشێت.دیمەنی شایی یەکە بە شێوەیەکە وەك ئەوە وایە کە دیمەنێکی سینەمایی بێت و دەرهێنەر لەسەر ئەو دیمەنە هەڵوەستە بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بینەران هەست بە بێتاقەتی نەکەن.چیرۆکنووس توانیویەتی سوود لەم تەکنیکە وەربگرێت و خوێنەر لە بەردەوامی ڕووداوەکان بۆ چەند ساتێك بوەستێنێت ، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا بتوانێت دیمەنی شایی یەکە بگوازێتەوە کە دواتر ڕۆڵی هەیە لە بەردەوامی ڕووداوەکان.چیرۆکگێڕەوە دیمەنی (ڕەشبەڵەك)ی گووندەکە بەم شێوە پیشان دەدات و دەڵێت:

**((کەگەیشتمە ئەوێ بینیم خەڵکەکەش وەك سروشت ورووژاوە، کراسی سەوزو سوورو زەردی ئافرەتان تێکەڵ بە شەرواڵ و مرادخانی هەمەڕەنگی لاوان بووە، هەموویان بوونەتە یەك زنجیرە وەك قوڵفەی ئاسنین دەستیان ناوەتە دەستی یەك، لەگەڵ دەنگی هەموو لێدانی دە هۆڵەکە، سنگ و مەمکی ئافرەتان دێتە پێشێ و بەرز ئەبێتەوە دوایی وەك دەستی سروشت گرتبێتی بەرەو دواوە ئەڕوات و سەرپێچی لاوان و پشتێنەکانیان بەربوون و بەسەرشان و ملیان لەبەر پێ یاندا خشەی دێ و کەس ئاگای لێ نییەو دەست نابات هەڵیان بگرێتەوە، ...))**[2].گێڕەرەوە کاتی گێڕانەوەکەی دواخستوە تا دیمەنی شایی یەکەمان پیشان بدات، چونکە ئەم دیمەنە پەیوەندیەکی پتەوی بە بەڕووداوە سەرەکیەکەوە هەیە کە ئەویش دیتنی کچەکەیە لەو کاتەدا.چیرۆکنووس خوێنەر وەها لێدەکات کە هەست بکات ئەو دیمەنە

[1] نیوهةنطاو دوورلةدؤزةخ.ئاوةذوو.ل 31.
[2] ذووری میوان.رةش بةلَةك.ل 71.

بەچاوی سەر دەبینێت و ئێستای خۆی لەبیر دەكات، و بەتەواوەتی تێكەڵ بەوكاتە بێت كە شایيەكەی تێدا ئەنجام دەدرێت و هەست بكات بەشێكە لەو دیمەنە.

## ب- وەستان.*

وەستانیش یەكێكە لەوتەكنیكانەی كەوا دەبێتە هۆی خاوبونەوەی گێڕانەوە لە ناوچیرۆكدا. ئەم شێوەیەش بەهۆی تەكنیكی وەسفەوە دروست دەبێت.هەندێك لە لێكۆڵەران بە وەستانی وەسفی ناوی دەبەن.لە وەستاندا كاتی گوتار درێژتر و بێ كۆتایی یە لە چاو كاتی چیرۆك، واتە كاتی چیرۆك لێرەدا یەكسانە بەسفر.چونكە كاتی چیرۆك دەوەستێت و كاتی گوتار بەردەوام دەبێت.بەڵام زۆرجار هەموو وەسفێك وەستان نییە، بۆ ئەوەی وەسف ببێتە وەستان پێویستە لەسەر پارچەوەسفیەكان كورت بكرێتەوە كەلەلایەن خۆیەوە زەمەنی گێڕەرەوە ڕایدەگرێت بەڵام ڕاگرتنێكی تەواو، ئەمەش بەوەستانی وەسفی ناودەبردرێت.وەسف یەكێكە لەو تەكنیكە گرنگانەی كەوا ڕۆڵێكی گرنگ لە خاوكردنەوەی خێرایی گێڕانەوەدا دەبینێت، یا بەتەواوی پەكی دەخات.لەهەمان كاتدا چیرۆكەكە بەهەڵواسراوی بۆ ماوەیەكی درێژ یان كورتتر دەهێڵێتەوە.بێجگە لەوەسف هەندیك پارچەی تر هەن دەكرێت بە وەستان بێنە ئەژماردن ئەوانیش ( پەند و شیكاری دەروونی و تەئەموول یان تانەی فەلسەفی و ڕەوشتی و هاتنە ناوەوەكانی نووسەر یان گێڕەرەوە و گوزارشت كردن لەهەڵوێستی گشتی).

لەچیرۆكی " گوێدرێژیش باسی خۆی هەیە" چیرۆكگێڕەوە لە وەسفی كەسایەتیە لاوەكیەكە كە (پۆلیسێك)ە ڕەوتی ڕووداوەكەی بۆ ماوەیەكی نادیار پەك خستووە، ئەمەش بە مەبەستی ناساندنی یاخوود وەسفكردنی كاراكتەرەكەیە.زەرورەتی وەسفەكە وایكردووە كە گێڕانەوەكە بۆ ماوەیەكی نادیار ڕابگرێت، تاوەكوو كەسایەتی پۆلیسەكە بە خوێنەر ئاشنا بكات.وەسفەكە بەم شێوەیە دەكات و دەڵێت: **((پیاوێكی كورتە باڵای گزگل بوو، لەپشت گوێ درێژەكەیەوە تەنیا سەری دیاربوو.بەڵام سەرو سیمای بەو پرچە بژبووە چڵكنەو بە پیشەماش و برنجە درێژ بووەكەی و بەو دەم ولێوە توندو قایم داخراوانەیەوە، لەفەیلەسوفێكی لاتی لێ قەوماوی بێ سەرو شوێنی ئەو شاخ و هەردەی ئەكرد.))**[1].

لەچیرۆكی "نوقورچ" دا چیرۆكگێڕەرەوە لە وەسفی كەسایەتی سەرەكی چیرۆكەكە "گوڵە" كاتی چیرۆكەكە خاو دەكاتەوە و دەیوەستێنێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە هاوسەنگیەك

* ئةم زاراوةية لة ذيَر ناوی- ثشودان- يش ديَت.

[1]ثيَنج تابلؤی شيَواو.طويَدريَذيش باسی خؤی هةية.ل 107.

دروست بکات لەچیرۆکەکەدا و کەسایەتیەکەمان پیٚ بناسێنێت، ئەم پشوودانەش بەهۆی وەسفی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە "گوڵە"وە بە ئەنجام دەگات.بۆ ئەوەی چیرۆکگێڕەوە کاتی گێڕانەوەی حیکایەتەکە ڕابگرێت و وەسفەکە ئەنجام بدات، ئەوا پێویست دەکات ئەم وەسفە بکاتە هۆکارێك تاوەکو گێڕانەوەکە بۆ ماوەیەکی نادیار پەك بخات، چونکە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام نەدات ئەوا ناتوانێت وەسفەکە بەدیبێت لە چیرۆکەکەدا.بەم شێوەیە گێڕەرەوە وەسفەکە دەکات و دەڵێت:

**((گوڵە بەهەڵەداوان هات، کەم و زۆر لەوەی نەئەکرد لەگوڵ بکات.کچە لادێیەکی حەڤدە هەژدە ساڵە، کورتە باڵایەکی خرت، دوو دەستی کورت بەڵام پەنجەکانی هەتا بڵێی باریك و شوش بوون، قاچیشی وەك دەستەکانی کورت و هەردوو پێشی لەهیچ پێڵاوێکدا جێگایان نەئەبۆوە.))**[1].

دوای بە ئەنجام گەیاندنی وەسفەکە چیرۆکگێڕەوە جارێکی تر بەشێوەیەکی ئاسایی دەست دەکاتەوە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەی، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکوو بتوانێت ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی و یەك بە دوای یەکی بگەیەنێتە بنبەست.

[1] ذووری میوان.نوقورض.ل 88.

## پاری دووەم

### 1: شوێن :

به درێژایی مێژوو شوێن بیر و هۆشی ژیانی تاکەکانی داگیرکردووه.بۆته جەدەلێکی بەردەوامی نێوان فەیلەسوف و بیریاران، چەندین قوتابخانەی فەلسەفی تێڕوانینەکانی خۆیان سەبارەت بەشوێن دەربڕیوه و شییان کردۆتەوه.له پێش (سوقرات) ەوه (تالیس و ئەلکسیمندەر و هیراقلیتس و...) دواتر قوتابخانەی فیساگۆرسییەکان و دواتر سروشت خوازەکان و و ئیلیەکان و پاشان سوقرات و ئەفلاتون و ئەرەستۆ و قوتابخانەی کۆنەکانی یۆنان وەك ئەبیقۆرییەکان و ڕەواقیەکان و ئەفلوتین.....))[1] بیرو ڕاکانی خۆیان سەبارەت بەشوێن خستۆته ڕوو.هەریەك لەم قوتابخانانه تێڕوانین و بیر و بۆچونی جیاوازیان سەبارەت

[1] سوودمان وەرطرتووة لـة: نظرية المكان فی الفلسفة الأسلامية.د.حسن مجيد العبيدى.دارنينوى للدراسات والنشر والتوزيع.2007م.ص20.

بەشوێن هەبووە.بەردەوامی ئەم جەدەلانەش لەسەرشوێن تا ئێستاش جیگای بایەخ و گرنگی پێدانە و بەردەوامی هەیە.ئەگەر بڕوانینە تایبەتمەندی شوێن ئەوا لای( ئەرستۆ) ئەمانەن:[1]

1. شوێن سێ ڕەهەندی هەیە: درێژی و پانی و بڵندی، و ئەمانە هەمووی (تەن)ێك دەستنیشانی دەكات و نزیكی یان بۆ دادەنێت، و شوێنیش بە هیچ ئاواییەك نابێتە(تەن)، چونكە دەبێتە ئەگەری ئەوەی كە (دوو تەن) لە یەك شوێن دابن.
2. شوێن بەشێكی تاكەو كۆمەڵی نی یە، بەڵكو جوداكەرێكە بۆ هەرشتێك كە تێی دایە.
3. شوێن ئەوەیە كە شت دەگرێتە خۆ، ئەو شتە دەگرێتە خۆ كە تێی دایە، و بەشێكیش نی یە لەو شتەی كە لە شوێن دایە.

جگە لەمانە لەسەرئاستی تاك تەنها یەك شوێن هەیە دوور لەتێڕوانینی فەلسەفی تەماشای دەكات، بەلای ئەوەوە ( گوند، خانوو ، قوتابخانە، دەشت، چیاو ڕووبار و دارستان و......) شوێنن، لەگەڵ ئەم شوێنانەدا هەمیشە یادگارییەكی هەبوە و تۆماری كردووە.پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ شوێن لەسەرئاستی دەروونی بووە، مامەڵەكردنیشی لەگەڵیدا لەسەرئاستی دەروونی بووە.مرۆڤ زۆرجار نهێنی یەكانی خۆی بۆ ڕووبار یان ئاسمان یا هەرشتێكی تر بێت، بۆیە لە ڕێگای شوێنەوە دەتوانین لێكۆڵینەوە لەبارەی دەروونی كەسایەتیەكانەوە بكەین لەناو ئەو كۆمەڵگایەی كە تێیدا دەژی، ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێنەوە دەبێت.

شوێن هەمیشە خاوەن ڕەهەندێكی فیكری و فەلسەفی یە لەناو چیرۆكدا، ئەمەش پێویستی بە توانا و شارەزایی چیرۆكنووس هەیە تا بتوانێت ئەو جوگرافیا دروستكراوە بخولقێنێت، بەلام بەپێچەوانەوە(( شوێن لای نووسەرێكی ئاسایی دابڕاوە لەواتا فەلسەفی و فیكرییەكەی ))[2].شوێن بنەمایەكی سەرەكی و كاریگەرە لەچیرۆكدا، پانتاییەكەی فراوانی داگیركردووە تێدا، بە ئاشكرایی و بەڕوونی هەستی پێدەكرێت، پەیوەندییەكی پتەویشی بەهەموو بنیاتە هونەرییەكانی تر ی چیرۆكەوە هەیە وەك: ڕووداو و كەسایەتی و وەسف و ...بێ ئەو ڕەگەزە سەرەكیانە شوێن هیچ بوون و واتایەكی لەناو دەقدا نابێت، چونكە ڕووداوەكان لەناو شوێندا ڕوودەدەن و كەسایەتیەكانیش لەناو شوێندا دەخولێنەوە و دیاردەكرێن و وەسفیش تەواوكەری بنیاتی شوێنە.بۆیە ئەگەر بڕوانینە شوێن بەواتا

---

[1] المكان الروائي عند غسان كنفاني، صفوان أحمد قاسم الدباغ، رسالة ماجستير، بأشراف الأستاذ المساعد.د.أبراهيم جنداري الجميلي، كلية التربية، جامعة الموصل، شباط 2000 م.ص 5.
[2] الرواية والمكان.ياسن نصير.دارالشؤن الثقافية العامة.بغداد.1986.ص 17.

بەرفراوانەکەی هەمیشە شانۆیەك بووە بۆ ڕووداوەکان، ئاشکراکردنی دەروونی کەسایەتیەکان بووە و گوزارشتی لێکردون و کاریگەری لەژیانیاندا دروستکردووە.

شوێنیش گوزارشتە لە خاوەنەکەی یا نیشتمانەکەی یا خێڵ و ژینگەکەی.شوێن شانۆی ژیانە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە، ئاوێنەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و شارستانیەتەکەیەتی ((مرۆڤ بەوشوێنە دەناسرێتەوە کەتێدا دەژی، و نەریت و خو ڕەفتاری لێ وەردەگرێت، نەك تەنها لەڕووی ڕەنگ و زمانەوە بەتەنها))[1].مرۆڤ هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ ئەو شوێنەی کەوا سەرەتا لێوەی هاتووەتە دوونیاوە، خۆی بەنامۆدەزانێت لەو شوێنەی کەوا ئێستا تێدا دەژی، چونکە مرۆڤ لەسەرەتاوە لەئاسمان هاتۆتە بوون و بەشێکی تری ژیانیشی لەوێ تەواوکراوە، گواستنەوەی مرۆڤ لەشوێنە ڕەسەنەکەی خۆیی بەرە و جیهانی سەرزەوی بارێکی نالەباری دەروونی گەورەی بۆ خولقاندوە، هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شوێنی بنەڕەتی دەکاتەوە کە لێوەی هاتووە.بۆیە وادیارە کە ((شوێن زیاتر بە ژیانی مرۆڤەوە گرێدراوە ))[2].

ترسی مرۆڤیش لەشوێن، بەردەوام لەناو هزر و خەیاڵیاندا دەسوڕێتەوە، بەتایبەتی لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە کە شوێنی خۆش و ناخۆش هەیە.شوێن (( تەنها پێکهاتەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو کێڵگەیەکی دەوڵەمەند و بەپیتیشە، زۆر لەئەوین و ئەندێشە و نەریتی تێدایە، هەندێك کەس وایدەبینن شتێك دێت لە هزری کۆکراوەی نێوان چوارینەیی گەردوون " زەوی، ئاسمان، گەردوون و ئەوەی لەناوەوەی زەویدا هەیە لەپاشماوەی مرۆیی لەتەرم و شتی تر...))[3].لەڕووی دەروونیەوە زۆرجار شوێن کاریگەرییەکی خراپی بەسەر مرۆڤەکانەوە هەبووە و جێهێشتوە، وەك لەدەست دانی کەسە نزیکەکان یان شوێنی پاشماوەی جەنگ و...لەهەمان کاتدا دەکرێت شوێنەکان بە پێچەوانەوە مایەی ئارامی وخۆشی بن، دەشێت هەرتاکێك لە زەینیەتی خۆیدا شوێنێك بەباشترین شوێن دابنێت کەوا کۆمەڵێك یادەوەری خۆشی تێدا بەجێهێشتووە.لەوانەش، شوێنی لەدایك بوون یان یەکەم دیداری مەعشوق لەو شوێنەدا...شوێن کارگەی بەرهەم هێنانی ڕووداوەکانە لەژیاندا، لە دایکبوونی کەسایەتیەکانی ناو ژیانە، جیهان شوێنێکی گشتیە پەیوەستە بەهەموو مرۆڤایەتییەوە، ئەوە ئێمەی تاکەکانی کۆمەڵگاین شوێنەکان و سنورەکانمان دەست نیشان کردووە.شوێن کانگای سۆزو خۆشەویستی و لە دایکبوون و مردنی مرۆڤەکانە.شوێنیش خاوەن جوانکاری و تایبەتمەندی و واتای تایبەت بەخۆیەتی، لە ڕێگای شوێنەوە ناخ و هزری کەسەکان و ململانێ دەروونیەکان

[1] شویَنی جوطرافی.ئامادةكردنی هاورِيَ مةلا رةئوف.ضاثی يةكةم ی 2012 ی زايينی.ل 53.
[2] المكان و دلالاته، ضمن كتاب جماليات المكان، مجموعة من المؤلفين، سيزا قاسم دراز.الدار البيضا، عيون المقالات، الطبعة الثانية، 1998م.ص 59.
[3]شویَنی جوطرافی.هاورِيَ مةلا رةئوف.ل 50.

ئاشکرا دەکەین تێدا.هەروەها بەپێی جیاوازی شوێنەکان ڕەفتارەکان و هەڵسوکەوت و کەلتوری ڕۆژانەی کەسایەتیەکان دەگۆڕێت.

لای لێکۆڵەران و ڕەخنەگران شوێن چیدی ئەو پارچە جوگرافیایە نەما کەپێشتر باوبوو، بەڵکو گوزارشت بوو لەپەیوەندی شوێن بەمرۆڤ و کەسایەتیەکانی ناو کۆمەڵ و شارەزاییەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی.هەموو ئەمانەش دوای ئاشکراکردنی(جوانی شوێن)هاتە ئاراوە کە ئەمەش زیاتر لەلای(جاستون باشلار)بەروونی دەردەکەوێت کاتێك لە پەیوەندی نێوان شوێن و مرۆڤ دەدوێت و دەڵێت: (( ئەو شوێنەی کەوا خەیاڵ بەرەو لای خۆی ڕایدەکێشێت ناکرێت وەك شوێنێکی فەرامۆشکراوی خاوەن ڕەهەندی ئەندازەیی بمێنێتەوە، چونکە ئەو مرۆڤی تێدا ژیاوە نەك بەشێوەیەکی بابەتی بەتەنها بەڵکو هەموو ئەو شتانەی لەناو خەیاڵدا هەیە بەجیاوازی سەرنجمان ڕادەکێشێت، چونکە بوون بەچڕی لەسنورێك کۆدەکاتەوە کە خاوەن جوانی یە لەتەواوی وێنەیەکدا، بۆیە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان دەرەوەو ناوەوە یەکسان نابێت ))[1].ئەمە تەنها شوێنێکی جوگرافی ئەندازەیی نییە، بەڵکو هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتییە، تەجروبەیەکی مرۆڤایەتییە کە لەناو هەموو یادگە و یادەوەرییەکانی مرۆڤەکاندا دەژی، هەڵگری یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانە لەژیاندا، بۆیە هەمیشە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی یادی دەکاتەوە، چیرۆکنوسیش دەتوانێت هەموو ئەو شتانەی کە لەشوێندایە بگرێتە خۆ و تۆماری بکات بەهەموو ئەو ڕەهەندانەی کەوا هەیەتی.لە ڕوانگەی پەیوەندی شوێن بە کۆمەڵەوە (یاسن نصیری) ڕەخنەگری عێراقی جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە(( شوێن ئەوکیانە کۆمەڵایەتیە یە کە پوختەی کارلێکی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگاکەی دەگرێتە خۆ، بۆیە حاڵی هەمان حاڵی هەر بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی ترە ))[2].مرۆڤ و شوێن دوانەیەکی بەیەکەوە بەستراون، شوێن بەشێکە لەجیهانی مرۆڤ و ڕەهەندەکانی، بەو ئاستەی ئەگەر شوێنەکان بگۆڕێن ئەوا مرۆڤەکانیش دەگۆڕێن.

شوێن ئەو گۆشە نیگایەیە کە لەڕێگایەوە تێڕوانینی نووسەرمان بۆ دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت.(دکتۆر صەلاح) ی ڕەخنەگری عێراقی سەبارەت بەشوێن دەڵێت: (( شوێن لای من دەفرێکی گەورەیە، بە شێوەیەکی فەلسەفی تێڕوانینەکانی خۆم لەناویدا دەردەبرم، زۆرجار ئارەزووی ڕەتکردنەوەی سنوورەکانی دەکەم، دەیکەمە ژینگەیەکی سەربەست، کاتێك کە دەمەوێت کاری پێبکەم، بۆ چەند ساتێك بە پارچەی جولاو کاری پێدەکەم ، کارەکە لە(شوێن) کارێکی دەروونیە، ئارەزووی دیاریکردنی جوگرافیەتی ناکەم یان وێنە و تابلۆی بۆ

[1] جمالیت المکان.جاستون باشلار.ترجمة غالب هلسا.دار الحریة للطباعة.بغداد 1980.ص 31.
[2] الروایة و المکان.یاسن نصیر.ص 16_17.

دانانێم ))[1].د.صەلاَح لە ڕوانگەیەکی دەروونیەوە دەڕوانێتە شوێن، نایەوێت سنوری بۆ دابنێت و بە شێوەیەك لە سنورێکی دیاریکراودا بیهێڵێتەوە، بۆیە سەربەستی شوێن لەوەوە دێت کە نابەسترێتەوە بە شارێك یان بە گوندێکەوە و سنورەکەی دیار ناکرێت، یاخوود بە پارچە شوێنێکی دیاریکراو دیاری ناکرێت، سەربەستی شوێن زیاتر سەربەستی بۆ بیری نووسەر فەراهەم دەکات.شوێن لەچیرۆکدا گرنگی یەکی زۆری هەیە، یەکێکە لەڕەگەزە هونەرییەکانی، یاخوود گرنگی لەوەدایە ئەو شوێنانەن کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات و کەسایەتیەکانی تێدا دەجوڵێتەوە و نمایشەکانی خۆیانی تێدا ئەنجام دەدەن.

جگە لەمانەش کارە باشەکانی شوێن ئەوەیەکە کەوا هەموو ئەو کارانە دەگوێزێتەوە بۆ ژینگەیەك کەوا هەموو بنەماکانی چیرۆك دەگرێتە خۆ لە ڕووداو و کەسایەتی و پەیوەندییەکانی نێوانیان و بەهەمان شێوە.ئەو ژینگەیەشی پێدەبەخشێت کە تێیدایە، گوزارشت لە بۆچونەکانی دەکات، یارمەتی دەر دەبێت لە پێشکەوتنی بنیاتی چیرۆك و هەڵگری تێڕوانینی پاڵەوانەکان دەبێت.بۆیە شوێن تەنها ڕووکەشێکی سادە و بێگیان نابێت لەچیرۆکدا، بەڵکو ئەوشوێنە دەبێت کەوا تابلۆیەکی هونەری بەهەموو واتایەك دروست دەکات، لەوێوە واتاکان دەبەخشێت.شوێنیش پشکدار دەبێت لەدروستکردنی واتاکان لەچیرۆکدا، زۆرجار پاشکەوتویەکی خراپ نابێت، بەڵکو زۆرجار شوێن دەبێتە هۆکارێك بۆ دەربڕینی هەڵوێستی پاڵەوانەکان لەناو گشت.گێڕەرەوە دەتوانێت شوێن بکاتە هۆکارێك بۆ لابردنی حاڵەتە فکرییە دەروونیەکانی پاڵەوانەکانی لەسەر ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین، بەجۆرێکیش شوێن دەکاتە واتایەك لەسەرووی زاندراوەوە دەبێت، چ لەسەر تەختی شانۆ کە شوێن ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، یان لە ناو دقی چیرۆکدا بە جۆرێك دەیکاتە شوێنێك کە چوارچێوەیەکی ڕاستەقینەی پێدەبەخشێت.بۆیە چیدی شوێن ئەو شوێنە نەما کە تەنها ژوور و ماڵ و بنمیچی ژوورەکان بگریتەوە لەناو چیرۆکدا، بەڵکو گوزارشتە لە ناوەوەی دەروونی کەسایەتیەکان و پەیوەندییان بەڕابردووەوە، هەڵگری نهێنی یەکانی ژیانیانە، سەرەتای لەدایکبوون و مردنی مرۆڤەکانە.هەرکونج و کەلەبەرێك بۆخۆی هەڵگری واتا و واتایەکە لە ژیاندا.لێرەوە دەبێت مامەڵەکردنی چیرۆکنوس لەگەڵ شوێن مامەڵەیەکی ڕووکەشانە نەبێت بەڵکو بەناخی کەسایەتیەکاندا ڕۆبچێتە خوارێ و وێنەی تەواوی ژیانیان لەڕێگای شوێنەکانەوە بۆ خوێنەر یا وەرگر بکێشێت.

---

1 ثلاثة نماذج من الأخراج المسرحي فى العراق. ياسين نصير.مجلة الأقلام مجلة شهرية تعنى باالأدب الحديث.العددالثالث-أدار1989م.ص76.

واتا نهێنییەکان لەپشت شوێنەکانەو خۆیان حەشارداوە، تاڕادەیەك سەرەداوەکەی بۆ خوێنەر یا وەرگر دەردەخات و ئاشکرای دەکات و ئەوانەی تریش بۆ خودی لێکدانەوەکانی خوێنەر جێدەهێڵێت.ئەو شوێنانەشی کە چیرۆکنووس لەدەقەکەیدا بەکاریدەهێنێت راستەقینە یا خەیاڵی یا ئاییینی یان جەستەییە.لەو شوێنانەش (کراوە و داخراو، سروشتی و دروستکراو، جێگیر و ناجێگیر، گشتی و تایبەتی).دەکرێت ئەم بنەمایانە بەسەرەتایەك دابندرێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ شوێندا، بەڵام سەرەڕای بایەخ پێدانی لێکۆڵەران بەشوێن نەتوانرا ببێتە فەلسەفەیەکی تایبەت و تیۆرێکی تایبەت بەشوێن.بەڵام دەکرێت لەئاییندەدا بەپێچەوانەوە ئەدەب و هونەر بەگشتی بەئاراستەیەکی ترا ببات.

شوێن هەڵگری هەموو واتایەکی ئەدەبی و نشتمانی و سیاسی و ...یە.لەڕێگای شوێنەوە چیرۆکنووس واتا دەبەخشێتە ژیان.بۆیە (( شوێن هەرشوێنێك نییە، بەڵکوو شوێنی مەبەستە، خاڵێکە لەسەر گۆی زەوی، کاتێك مرۆڤ پێ یەکانی لەسەر ئەو خاڵە داناو ووتی ئەوە شوێنی منە، لێرەوە ململانێ دەستی پێکرد لەسەر شوێنەکان، ئەم ململانێ یە کارەکەی گەیاندە ئەوەی شوێنەکە ناسنامەیەکی هەبێت، ئەوە ناسنامەی مرۆڤە لەهەمان کاتدا ))[1].شوێن لەسەر بنەمای دەرەکی دامەزراوە، بۆیە هەرگیز ناتوانین بڵێین شوێن بوونی نییە.دەکرێت لەشوێندا هەندێك شت بوونی نەبێت بەڵام شوێنەکە بوونی هەیە.شوێن هەیە بەهەشتێکە لەسەر زەوی بنیاتنراوە، شوێنیش هەیە دۆزەخێکە لەسەر زەوی ڕۆنراوە.ئەمانە بەگشتی دەسەڵاتیان بەسەر زەینمانەوە هەیە بەرەو لای خۆیان کەمەندکێشمان دەکەن.

## 2: پەیوەندی شوێن بە واقیعەوە:

[1] شوێنی جوطرافی. هاوڕێ مەلا ڕەئوف. ل 31.

شوێن لە چیرۆكدا هەمیشە پاڵنەرێكی بەهێز و هەمیشەیی یە جا ئەو شوێنە واقیعی بێت یان خەیاڵی.ئەمەش لەسەرچۆنیەتی ئەو شێوازە دەوەستێت كەوا چیرۆكنووس هەڵیدەبژێرێت.

شوێن پەیوەندیەكی پتەویشی بەواقیعەوە هەیە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانین كە ((شوێن لەچیرۆكدا هەرچۆنێك و هەرچیەك بێت ئەو شوێنە نیە كە لەواقیعدا هەیە، بەڵكو شوێنێكە لەسەربنەمای خەیاڵ بنیاتنراوە و ڕەگەزێكی هونەرییە لەڕەگەزەكانی چیرۆك، بۆیە پێویستە جیاوازی بكەین لەنێوان شوێن لەجیهانی دەرەوە لەگەڵ جیهانی گێڕەرەوە ))[1].چیرۆكنووس دۆزەرەوەی وجودە، جیهانێكی سەربەخۆ دروست دەكات كەتایبەتمەندی خۆی هەیە، جیاوازە لەوشوێنەی كە لەواقیعدا بوونی هەیە، واتای گەڕانەوە نییە جارێكی تر بۆ واقیع ، راستە ئیلهامی لەواقیع وەرگرتوە بەلآم كۆپی یەكی واقیع نییە بەڵكو جوانكردنی واقیعە لەڕێگای خەیاڵەكانییەوە، كاتێك كەچیرۆكنووس وەسفی شوێن دەكات یاخوود ناوێكی لێدەنێت ئەوا (( كۆشش ناكات بۆ وێنەگرتنی شوێنی دەرەكی بەڵكو كۆشش دەكات بۆ وێنەگرتنی شوێنی گێڕەرەوە، بۆیە هەر بەرامبەركردنێك لەنێوانیاندا لەگەڵ یەكتری ئەوا بەرامبەركردنێكی هەڵەیە، بۆیە هەر ئیستحانە كردنێكی گێڕەرەوە بۆ ناولێنان یان وەسفكردن تەنها بۆ ورژاندنی خەیاڵی بۆ نێردراوە ))[2].خەیاڵی نووسەر خۆنەویستانە خەیاڵی خوێنەر تەواو دەكات، بۆیە چیرۆكنووس ئەو سنور و گۆشانەی كە وێنەی بۆدەكێشێت و وەسفی دەكات، جۆرێك لە واقیعیەتی ئیجرائاتی پێدەبەخشێت كە توانای وێناكردن و نواندنی هەیە.ئەمەش بەو واتایەی كە ئەو شێواز و گوزارشتەی دەیكات جۆرێك لەسەربەستی دەدەنێ بۆ گواستنەوە لەنێوان شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی، كە یەكەمیان لەجیهانی ڕاستەقینەدا بوونی هەیە، واتە لەو جوگرافیایەی كە لەواقیعدا هەیە، بەلآم ئەویتریان لەناو دەق یان سیاقی چیرۆكەكەدا بوونی هەیە، واتە ئەو شێوەیە نییە كە لەواقیعدا هەیە، بەڵكو تێكەڵ بەخەیاڵی فراوانی چیرۆكنووس كراوە و ئامانجەكانی و بیرەكانی خۆی لەپشت ئەو شوێنەوە دەردەبڕێ بۆ خوێنەر یا وەرگر.لە ڕووی واقیعەوە شوێنەكانی كە چیرۆكنووس هەڵیان دەبژێرێت زۆرجار خۆی لەشار یان گوندا دەبینێتەوە كە بەشێوەیەكی بەرفراوان ئەم دوو ڕەگەزە بوونەتە هەوێنی چیرۆكەكان.

شار هەمیشە چەقی ڕووداوەكان بووە و لەوێوە ڕووداوەكان سەرهەڵدەدەن، چیرۆكنووس زیاتر شار لەچیرۆكەكانیدا بەرجەستە دەكات، چونكە چەقی داهێنان و كێشەكانە، شوێنی

---

[1] دراسات نقدية من الأسطورة الى القصة القصيرة. الدكتورأحمدزياد محبل .ص 148.
[2] سةرضاوةى ثيَشو.148.

ئازادی ڕادەربڕینە و خاوەن ڕەهەند و مەودا گەلێکی زۆر فراوانە.بۆیە بەسەرهاتەکانی زۆر فراوانترە لە گوند، بەڵام گوندیش بەو بچوکیەوە بۆتە جێگای بایەخی نووسەری چیرۆك، زۆرێك لە بابەتەکانی ناو چیرۆکەکانی لە گونددا بەرجەستە کردوە و شوێنەکانیشی لەوێ هەڵبژاردووە.

## 3: جۆرەکانی شوێن لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا :

شوێن چەندین جۆر لەخۆدەگرێت کە هەرلێکۆڵەرە و ڕەخنەگرێك شێوەیەکی بۆ داناوە و بەپێی بابەتەکانی هەڵی هێنجاوە و خستویەتەڕوو.ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دابەشکردنی شوێن ئەوا سەرەتا(ئەرەستۆ) شوێنی دابەش کردە سەر دووبەشی سەرەکی ئەوانیش:[1]

یەکەم: شوێنی گشتی: ئەو شوێنەیە کە هەموو جەستەی تێدایە، شوێنێکە کە هەموو شوێنە تایبەتییەکانیش دەگرێتەوە.

دووەم: شوێنی تایبەتی: ئەوشوێنە کەتەنها "تۆ" یەك دەگرێتەخۆ، زیاتر لەتۆیەك نا، هەروەها لەیەك زەماندا تەنها یەك جەستە دەگرێتەخۆ.

دواتر ( ڤلادیمیرپرۆپ) سێ جۆر شوێنی دیاریکرد کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی پێی گەیشت:[2]

یەکەم: شوێنی ڕەسەن– بنەڕەتی :

ئەمەش زیاتر شوێنی لە دایکبون و خێزان و کات بەسەربردنە، بەڵام زۆرجارخراپی یەك یان ناخۆشیەك لەوشوێنە ڕوودەدات بۆیە ناچاردەبێت ڕوو لەشوێنێکی تربکات و گەشت بکات بەمەبەستی گەڕان بەدوای هۆکاری چاککردنی بارودۆخ و داهێنان لەوشوێنەدا.

دووەم: ئەو شوێنەی کەهەڵسەنگاندنی پاڵاوتنی تێدا ڕوودەدات، ئەویش شوێنێکی پێشکەشکردنی کاتییە.

سێ هەم: ئەو شوێنەیە کە داهێنانە سەرەکیەکە یان پاڵاوتنە سەرەکیەکەی تێدا ڕوودەدات.

دوابە دوای ئەم نووسەر و ڕەخنەگرانە ڕەخنەگرانی عەرەبیش لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەردەوام هەوڵی دابەشکردنی شوێنەکانیان داوە.(غالب هەلسا)شوێنی دابەشی سەرسێ جۆرکرد، ئەوانیش: شوێنی مجازی و ئەندازەیی و شوێنێکیش بەپێی تاقیکردنەوەی کەسەکان.دواتر (جەمیل شاکر و سعید مرزوقی) شوێن پۆلینی سەرسێ جۆر دەکەن: شوێنی

[1]: نظريةالمكان فى الفلسفة الأسلامية. د.حسن مجيد العبيدى .ص 28.

[2] بۆزانیاری زیاتر سەبارەت بە دابەشکردنی شوێن بڕوانە: الوصف فى الرواية العراقية، ص 45 بەسەرەوە.المصطلح السردى، ص 421-427.دراسات نقدية من الأسطورة الى القصة القصيرة. الدكتورأحمد زياد محبل ص 149-150.الرواية والمكان. د.حسن مجيد العبيدى.ص 32-36.

ڕەسەن – بنەڕەتی، شوێنی نمایشی– پێشکەشکردن، شوێنی سەرەکی– مەرکەزی.زیاتر سوودیان لە دابەشکردنەکەی (پرۆب) وەرگرتوە لە دابەشکردنەکانیاندا.

( یاسین نصیر)ی ڕەخنەگری عێراقی بەهەمان شێوە سێ جۆر شوێنی دیاریکردووە: یەکەمیان شوێنی بابەتی کە دابەشی سەر دوو جۆری دەکات: شوێنی بابەتی داخراو، شوێنی بابەتی کراوە.دووەمیان شوێنی گریمانەیی کە ئەمیش دابەشی سەر دوو جۆر دەکات ئەوانیش: شوێنی یۆتۆپی گریمانەیی، شوێنی کۆمەڵایەتی گریمانەیی.سێ هەمیان شوێنی یەك مەودایی.هەروەها دکتۆر (شجاع العانی) چوار جۆر شوێنی دیاریکردووە.شوێنی شانۆیی، شوێنی مێژوویی، شوێنی نیشتەجێبوون، شوێنی گوازراوە– زۆرەملێ.لەلایەکی ترەوە ڕەخنەگری عێراقی (عبداللهأبراهيم) دوو جۆر شوێنی دیاری کردووە ئەوانیش[1]: شوێنی ئارام، شوێنی نا ئارام.

لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی بەر بڵاوترن جۆرەکانی شوێن دیاریدەکەین کە دەبێتە بنەمای هەڵێنجانی شوێنەکان لەناو چیرۆکەکاندا ئەوانیش (شوێنی واقیعی و خەیاڵی).شوێنەکانیش بەپێی جۆرەکان دابەش دەکەین.بە پێی ئەو دابەشکردنانەی کەوا چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا بەکاری هێناون و دەستنیشانی کردوون، ئەوانیش :

### یەکەم : شوێنی واقیعی :

ئەوجۆرە شوێنەیە کە واقیع بەشێوازێکی هونەری دەگوازێتەوە.خوێنەر لەوکاتەدا خۆی بەرامبەر شوێنی ناو چیرۆك دەبینێتەوە کەوا ڕاستگۆیی هەستەکان و واقیعیتی پێدەبەخشێت، ئەمەش واتای ئەوە نییە کەوا چیرۆکنووس ئەو واقیعە جوگرافییە چۆن هەیە ئاوا بیگوازێتەوە و دوورکەوێتەوە لەخەیاڵی هونەری، چونکە ئەگەر وانەکات کارەکەی جوانکاریە هونەریەکەی و نرخەکەی لەدەست دەدات، چونکە شوێن بەتەنها بوونێکی نییە ئەگەر نەبێتە تەواوکەری لایەنی دەروونی و جوگرافیایی شوێنەکە، ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدات ئەوا ئەو کات شوێنی بنیاتناوە.

چیرۆکنووس لەڕووی واقیعیەتی شوێنەوە ئەو شوێنانەی بەکاربردووە کەوا ڕاستەقینە و واقیعین، چونکە شوێنی واقیعی زۆر دیاردەکرێت بەهەموو ئەو مەرجەعیەتانەی کەهەیەتی لە ڕاستەقینەیی و واقیعیەتی لە چوارچێوەی سیاقی جوگرافی و مرۆیی.چیرۆکەکان بەشێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی ژینگەی کوردی ئەکەن چونکە چیرۆکەکان تایبەتن بەو ژینگەیە و لەو چوارچێوەیەدا نەچونەتە دەرەوە.لەبەر ئەوە لەڕووی ژینگەی جوگرافی یەوە بەشێوەیەکی

---

[1] سوودمان وةرطرتووة لة: البناء الفنى لرواية الحرب في العراق.عبدالله أبراهيم.ص 138- 140.

دیاریکراوی واقیعی زانستی لەلایەن خوێنەرەوە دەناسرێتەوە.ئەم شوێنانەش بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی سنوری ئاڵو گۆڕی مرۆڤایەتی و سروشتیدا ڕێك کەوتن هەیە لەسەری.شوێنە واقیعییەکانیش بەپێی هۆکاری (پێکهاتەیی و پانتایی و ڕووبەر و هەستی تاکەکان )دابەش دەکەین لە ناو چیرۆکەکاندا.

## 1. دابەشکردنی شوێنی واقیعی بەپێی هۆکاری پێکهاتەیی:

### أ- شوێنی سروشتی :

ئەو شوێنەیە کەوا دەستی مرۆڤی نەگەیشتۆتێ لە هەموو ڕوویەکەوە.وەك: شاخەکان و دەشتەکان و دۆڵەکان و...

شوێنە سروشتیەکان لەچیرۆکەکاندا پانتایی یەکی فراواندا بە دیدەکرێت، چونکە ڕووداوەکانی لەناو ئەو سروشتەدا هەڵهێنجاوە، بەشێکە لێی لێی جودا نابێتەوە.لە چیرۆکی "شۆرشی ویژدان" دا شوێنی سروشتی وەك (شاخ) بۆتە جێگای حەوانەوەی پۆلێك پێشمەرگە.کە دوای ڕۆژە شەڕێکی درێژ بۆ پشودان چونەتە پاڵ ئەو شاخە:

**((هەر یەکە بۆ خۆی لەجێگایەکدا پاڵی لێدا بۆوە و قاچی لێ ڕاکشابوو.دەستەیەك پێشمەرگە بوون.پاش ڕۆژە شەڕێکی دوورو درێژ ئەو قەد پاڵی شاخەیان دەست نیشان کرد بۆ حەسانەوەیەکی سەرپێ یی.بەژوور سەریشیانەوە شاخی قووچ بەئاسمانا هەڵشاخابوو شەڕی پێ ئەفرۆشت.))**[1].

کانیاوەکان سەرچاوەیەکی سروشتین، لەهەمان کاتدا شوێنێکی سروشتی یە.لە"چیرۆکی لەسەرکانی یەك" سەبارەت بە شوێنی سروشتی کانیاو دەڵێت:

**(( بەجووتە بوین، لەسەرکانی یەکی ڕوونی پاك کە بەهێواش و بێدەنگی ئاوەکەی ڕێگای بەناو بەردو زیخا دۆزیبۆوە و ئەڕۆیشت بۆ ناو چەم و چغوردو دارو دەوەنەکەی دەوروپشتی ))**[2].

دەشتایی شوێنێکی سروشتیەو سەرچاوەی زۆرێك لەڕووداوەکانە.لەچیرۆکی"چۆڵستان" وەها شوێنەکە دەخاتەڕوو **((دەشتەکە، هەتا چاوبڕیکات درێژ بوو بۆوە، ئەکشاو ئەکشا، لەوە ئەچوو یەزدان سنوری بۆ دانەنابێ ))**[3]

---

[1] راوة بةران.شؤرشى ويذدان.ل 25.
[2] نيو هةنطاو دوور لةدؤزةخ.ضيرؤكى لةسةركانييةك.ل 47.
[3] ئيَوارةيةك.ضؤلستان.ل 127.

ئەم شوێنانە بەشێکن لە سروشت، سروشتیش بەشێکە لە شوێن.چیرۆکنووس بە هۆی ئەم شوێنانەوە هەوڵیداوە سروشت بکاتە پردێك بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی و پێکەوە گرێدانی لەگەڵ ڕووداوەکان و باری دەروونی کەسایەتیەکان، چونکە شوێنەکان کاریگەری تەواو لە سەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگا جێدەهێڵن و لەگەڵیشیدا کارلێك دەکەن.

ب. شوێنی دەستکرد:

مەبەست لەو جۆرە شوێنەش ئەوەیە کەوا دروستکراوی دەستی مرۆڤەکانە.تایبەتمەندی و جیاوازی پێدراوە کە جیاوازە لەو ژینگە سروشتیەی کە هەیە، شوێنەکانیش وەك: خانوو، باڵاخانە، باغ و بێستانەکان و چایەخانە و بەندیخانە و...کە هەموو ئەمانەش دواتر کاریگەری دەروونی بەسەرتاکەکانەوە جێدەهێڵن بە باش و بەلایەنی خراپەوە، چونکە هەر پارچەیەك لەشوێن کاریگەری هەیە لەسەرتاکەکان و لەگەڵیشیدا کارلێك دەکەن.بوونی شوێنی دەستکردیش وەك : خانوو و کۆشك و تەلار و...شوێن گەلێکن بەشی هەرە زۆری ئەو ڕووداوانەی تێدایە کەوا چیرۆکنووس بەکاری هێناوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ململانێی چینەکان لەوێوە دەست پێدەکات.شوێنە دەستکردەکانیش بە زۆری وەك: ماڵ و دوکان و مزگەوت و ....لەوێوەکەسایەتیەکان دەخاتەڕوو.

لەچیرۆکی"کڕی نەیکڕی" شوێنی دەستکرد قوتابخانەیە، بەشێکی ڕووداوەکان لەوێوە دەست پێدەکەن (( **لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی دا رەشیە فەنی بۆیەکەم جار بە ڕوویەکی خۆشەوە خۆی کرد بەدەرگای قوتابخانەکەدا.هەموو شتێکی لا بەشێوەیەکی نوێ هاتەوە بەرچاو))**[1].

هەروەها لەچیرۆکی"ئەمەیە بەشمان" شوێنی دەستکردی مرۆڤ "ماڵە".(( **بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ. ماڵیش چی کولانە ڕوخاوێکە.هەمووی سێ ژوورە سێ خێزانی تیا ئەژی...))**[2].

شوێنە دەستکردەکان بە شێوەیەکی گشتی بوونی هەیە کە دەستکردی مرۆڤەکان خۆیانن و دەستی ئەوانی گەیشتۆتێ.کاریگەریشی بەسەر باری دەروونیانەوە هەیە بەپێی ئەو بارەی کەتێیدان.بە هۆی ئەم شوێنانەوە دەتوانرێت بەشێکی زۆری ژیانی کەسایەتیەکان و بابەتەکانی ناو چیرۆکەکان بزانرێت، لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ بکرێت، چونکە هەر شوێنێك پەیوەندی بەو کەسایەتیەوە هەیە کە تێیدا دەژی و کاریگەری لەسەر کۆی ژیانیان دروست دەکات، بە شێوەیەك ئەو کاریگەریە لە ژیانی داهاتویاتدا ڕەنگ دەداتەوە.

1 خۆری ئاوابوو.کری نەیکری.ل 100.
2 نیو هەنطاو دوور لەدۆزەخ. ئەمەیەبەشمان.ل 147.

## 2. دابەشکردنی شوێنی واقیعی بەپێی پانتایی و ڕووبەرەکەی :

### أ. شوێنی کراوەی گشتی :

شوێنێکی فری یە بۆهەموو کەس، سنورەکانی فراوانە، لەلایەنی جوگرافی یەوە شوێنێکە بۆ هەموو کەس کراوەیە، بەڵام لەلایەنی دەروونی یەوە داخراوە نەك شوێنی.وەك (بیابان) کە بەسروشتی خۆی کراوەیە بەڵام لەلایەنی نەگونجانی کەشەکەی لەگەڵ مرۆڤ ڕێگای بۆداخراوی بەردەوامی خۆش دەکات.دروستە ئەگەر بگوترێت شوێنەکانی وەك: چیا و دۆڵ و باغ و باخات و رووبار و دەریا و کوچە و کۆلانەکان و شەقامە گشتی یەکان و...شوێنی کراوەن.ئەمانەش گوزارشتن لە دڵخۆشی و کامەرانی و جێگیربوونی باری دەروونی.

شوێنەکراوەکان فرە جۆرەن، بەپێی گرنگی ڕووداوەکان شوێنەکانی بەکاربردووە، زۆرجار چەندین شوێنی کراوەی جۆراوجۆری لەیەك چیرۆکدا بەکاربردووە.شوێنە کراوەکان لە ناو چیرۆکەکاندا وەك(چایخانە، فیتەرخانە، دادگا، شەقام...).ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی "خەم نەخۆر"دا ئەوا شەقام شوێنێکی کراوەی گشتی یە، موڵکی هەموو کەسێکە.دەڵێت: (( **کەبەسەر شەقامەکەدا ئەڕۆیشت، هەستی ئەکرد بلاّ بەرزە لاوازەکەی مایەی سەرنج ڕاکێشان نی یە** ))[1].

هەروەها (چایخانە و فیتەر خانە) دووشوێنی کراوەی گشتین کە بەشێکی زۆری هاوولاّتی ڕووی تێدەکەن، چیرۆکنووس ئەم شوێنە کراوە گشتی یە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: (( **منالێکی دەسالاّنە بەکزی لەبەردەم فیتەرخانەکەدا دانیشتبوو...**))[2].لە هەمان چیرۆکدا شوێنی کراوەی گشتی وەك (چایخانە) دەبێتە بەشێك لەشانۆی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە.(( **لەوبەرەوە چایخانەیەکی لاتی بەدیکرد.لەسەر یەکەم قەنەفەپاڵی لیَ دایەوە.ئەو نیمچە سێبەرەی بەبەهەشت هاتە بەرچاو** ))[3].

---

1 ثێنج تابلؤی شیَواو.خةم نةخؤر.ل 28.

2هةمان سةرضاوة.ل32.

3 هةمان سةرضاوة.ل 33.

شوێنە کراوەکان بەشێکن لە ژیانی خەڵکی، چیرۆکنووس ئەو شوێنانەی پەیوەست کردووە بە ژیانی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکانیەوە، لەوێوە هەوڵیداوە شوێنەکان بکاتە هۆکارێك بۆ شانۆی ڕووداوەکان و ڕوونکردنەوە و خستنە ڕووی ژیانی کەسایەتیە سەرەکیەکان و لاوەکیەکان لە چوار چێوەی چیرۆکەکانیدا.

### ب. شوێنی داخراوی تایبەتی :

شوێنێکە تایبەتە بەیەك کەس یا کەسانێك کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا تێدا دەسوڕێنەوە.سنورێك بۆ سەربەستی مرۆڤ و چالاکیەکانی و کردارەکانی و گواستنەوەی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دادەنێت.ئەوانیش وەك: ژووری میوان و نوستن، ژێرزەمین و بەندیخانەکان و شوێنی پەرستشە ئاینیەکان و هەموو ئەوشوێنانەی کەوا خاوەن سنورێکی دیاریکراون، ئەمانە شوێنێکن کە گوزارشت لە ڕق و کینە و خۆشی و دڵتەنگی دەکەن.

شوێنە داخراوەکان هەمیشە چواردەوری کەسایەتیەکان دەدەن.زۆرجار بارێکی نالەباری دەروونی بۆ کەسایەتیەکان دەخوڵقێنێت، چونکە داخراوی ژوور درێژە دەکێشێت بۆ داخرانی دەروونی. شوێنەداخراوەکان لە چیرۆکەکاندا بەشێکی زۆری گوزارشتە لە ناتەواوی باری دەروونی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆك.لە چیرۆکی"نەهاتەوە" ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لەناو ژووردا بەرجەستە بوە و ڕوودەدات، کچێکە لەهەموو ڕوویەکی جەستەیی یەوە ناتەواوە کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر لایەنی دەروونی کەسایەتی یەکە.چیرۆکنووس (ماڵی) وەك شوێن هەڵبژاردووە، چونکە داخراوە لەهەمان کاتدا داخرانێکی دەروونیشە.شوێنە داخراوەکە شوێنی کەسایەتی یەکەمان پێدەناسێنێت کە بەشێکە لە ژیانی، لەوێوە نەهامەتی کەسایەتی یەکەمان بۆ دەردەکەوێت، و کاریگەری ئەم داخرانە زیاتر دەروونی ئاڵۆز و شێواوتر کردووە.گێڕەرەوە دەڵێت:

**(( لەژێرخانە تاریکە، تەڕو نسرمەکە، لەگەڵ هەموو ئەوکەل وپەل و شتومەکە بێ کەڵکانەی ناو ماڵ فرێدرابوو، هەر بەو چاوەشەوە سەیریان ئەکردو لەگەڵیا ئەجولانەوە ))[1].**

لەچیرۆکی "شۆرشی ویژدان" بەشی دووەمی ڕووداوەکان لە چەند شوێنێکی داخراودا ڕوودەدەن وەك: (ماڵی عەبدی جەلاد و زیندان).کاتێك کە (جوامێر) خۆی هەڵدەداتە ماڵی

---

[1] خۆری ئاوابوو.نەهاتەوە.ل 48.

(عەبدی جەلاد) دەڵێت: **(( لە ژوورەوە هەردانیشتین گورج چایەکی گەرمی کرد بەقورگما، ئاهێکم پیاهاتەوە))**[1].دواتر لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو کە(عەبدی جەلاد) و لە هەمان کاتیشدا گێڕەرەوەی دووەمە و دەچێتەوە ناو یادەوەرییەکانیەوە کە کاتێك جەلاد بووە و دەڵێت: **(( یەك دوو مانگ لەمەو بەر لاوێکیان هێنا لە ژووری هەڵواسین دایان نا، وەردیانەکە پیێ ی ووتم: ئەمە لاوێکی کوردە بەشتومەکەوە گیراوە....))**[2].

ماڵ و زیندان دوو شوێنن کە هەوێنی ڕووداوەکانی بەشی دووەمی چیرۆکەکەیە، کە (عەبدی جەلاد) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەناو شانۆی ڕووداوەکان، شوێنەکانیش بەپێی ڕووداوەکان هاتۆتە بوون و پێویستی ڕووداوەکە ئەو دوو شوێنە داخراوەی دروستکردووە.بۆیە تەواوکەری یەکترین وەك دوو بنیاتی هونەری لە ناو چیرۆکەکاندا.

## 3. دابەشکردنی شوێنی واقیعی بەپێی هەستی تاکەکان :

### أ. شوێنی هۆگر :*

ئەوشوێنەیە کەوا یەکەم تروسکایی چاوی ژیانمان لیێ هەڵهێناوە، لەگەڵی ژیاوین، هەستمان بەئارامی و خۆشی و دڵنیایی کردووە تێدا، شوێنێکە یادگاریەکانی لەسەردڵمان نەخشراوە، هەمیشە لەیادمانە و ناسرێتەوە.(خانوو) یەکێکە لەو گۆشەیەی کەوا مرۆڤ لەوێوە بوونی مرۆڤایەتی بەدەست دەهێنێت، بەرەنگاری ژیان دەبێتەوە، لەوێ تایبەتمەندی و گەورەیی مرۆڤ دەردەکەوێت.(جاستون باشلار)دەیگووت: (( کاتێك خەو بەو خانوەوە دەبینین کەتێدا لەدایك بووین، لەکاتێکدا لەوپەڕی قوڵایی پشوداین و دەچینە ناو ئەو باوەشە گەرمە ڕەسەنەوە، لەو ماددەیە بۆ فیردەوسی ماددیمان. ئەمە ئەو ژینگەیەیە کە مرۆڤی پارێزراو لەناویدا دەژی، دواتر دەگەڕێینەوە بۆ مەلامیحەکانی دایکایەتی بۆخانوو ))[3].بەلاّم هۆگری و هەستکردن بەتەنها لەسەر ئاستی خانوو ناوەستێت کەتێدا لەدایك بووین، بەڵکو دەکرێت ئەو شارە بێت کە تێیدا ژیاوین یان گوندێك بێت کە تێیدا ژیاوین و گەورەبوین.سەبارەت بە (ماڵ) لە چیرۆکی "گەشتەکەی ئەحمەدەفەندی" ماڵ شوێنێکی هۆگرە بۆ (ئەحمەدە فەندی و خێزانەکەی).بەجۆرێك تەنها لەماڵی خۆیاندا هەست بەئاسودە یی و ئارامی دەکەن، بۆیە هیچ شوێنێك بەلای ئەوانەوە وەك ماڵ مایەی ئاسودەبوون و ئیسراحەت نی یە.

---

1 راوة بةران.شؤرشی ويذدان.ل28.

2 هةمان سةرضاوة.ل 31.

* سودمان لة تانيا ئةسعةد محمدسالَح وةرطرتوة بؤ ئةم زاراوةية.لةلَيكؤلَينةوةكـةى بـةناوى بينـاى شـويَن لـةدوو نمونةى رِؤمانى كوردى(هيَلانة.ئةذديها).

3 جماليت المكان.جاستون باشلار.ص 42.

**(( خێزانی هاتەژوورێ، چاوێکی ناڕەزایی بە موبەقەکەدا گێڕا:**

**–هەرچەندە لەماڵی باوك  و دایکی خۆم بووم، کەچی لەم کونە گورگەی خۆماندا هەست بەحەوانەوەی ڕاستەقینە ئەکەم.بەدەمێکی سستەوە بەڵام لەکانگای دڵەوە ووتی:**

**–بەخوا ڕاست ئەکەیت.))**[1].

لەگونددا زیاتر هەستی شوناس و خزمایەتی سۆز بەندی هەست پێدەکرێت، لە(گووند)دا زیاتر شوێنەکان دەناسینەوە.دۆڵ و چیا و ڕووبار و باڵندە کێویەکان و هەوری تێکەڵبووی ڕەنگەکان و ڕەشماڵەکان و زیخ و چەو ....هەموو ئەمانە هۆگری و ئارامیمان پێدەبەخشن.دیمەنی گرنگی گرتەکانی چیرۆکن.

لەچیرۆکی "قەمەکەی خوای شەڕ"دا  سەبارەت بە گووند، چیرۆکگێڕەرەوە بەشێوازێکی وورد معاناتی کەسایەتیەکەی خستۆتەڕوو، کە لەئەنجامی چۆڵکردنی زێد و باپیری دا ئەو هۆگربوونە زیاتر دەبێت و بەجۆرێك ئەگەر بیشی کوژن جێی ناهێڵێت کە دواتر هەر ئەمەش ڕوودەدات.ئەم هەستکردنە سەبارەت بە گووند لەبەشێکی تێکستی چیرۆکەکەدا کە لەدیالۆگی نێوان (مام ڕەحمان و خێزانەکەیدا) ئاماژەی پێدەدات و زیاتر هۆگربوونی (مام ڕەحمان) دەردەخات و دەڵێت:

**(( ویستی وشەیەك بدۆزێتەوە، بەڵام کارەساتەکە ئەوەندە گەورەبوو هیچی پێنەهێشتبوو، هەر ئەوەی پێکرا سەرینەکەی لەژێر سەری دەرهێناو گرتییە باوەش، دوایی خستییە سەری و دەمی پێداپۆشی و بەدەنگێکی خنکاوەوە وتی: گوندی (..) چۆڵکرا ))**[2].

مرۆڤ لەساتە وەختی لەدایك بوونی یەوە کە دەست دەکاتە  گریان، واتای دابڕانی مرۆڤە لە زێدی ڕاستەقینەی خۆی کە ماوەیەکی زۆر هۆگری بووە.بۆیە مرۆڤەکان هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوەی شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان دەکەن کەسەرەتا هۆگری بوونە.شوێنە هۆگرەکان بەشێوەیەکی کەمتر بەرچاودەکەون، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی کە ڕووداوەکان بەشێکی زۆری لەناو شارە و کەمتری لەگوندە.ئەمەش وای خواستووە کەمتر ئەو شێوازە بەکاربهێنێت.

ب. شوێنی گوازراوەی زۆرە ملێ (ناهۆگر) :

شوێنێکە کەوا مرۆڤ هەست بەئارامی ناکات تێدا، ئەو باوەشە گەرمە ڕەسەنە نی یە کەمرۆڤ تێیدا لەدایك بووە یا ژیاوە، بەڵکو شوێنێکە سنوری سەربەستی مرۆڤەکانی

---

[1] ثێنج تابلؤى شێواو.ل93.

[2] ئێوارةيةك.قةمةكةى خواى شةڕ.ل 136.

دیاریکردووه، لەوانەشە بیرەکانیشیان سنورداربکات.شوێنێکە بەتەواوەتی مرۆڤەکان تووشی ئیفلیج بوون دەکات، چونکە ئەو ناوەندەی کە تێدادەژی ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی دەربڕینی ئازادی وسەربەستیان نادات.هەر بەرەنگار بوونەوەیەك یا حاڵەتێکی دەروونی یا هەڵچوونی ئەگەر لەگەڵ ئەوشوێنە نەگوونجا ئەوا بەهەڵگەڕاوە دادەنرێت.بۆنمونە: زیندانەکان و مەنفا و قەلاّکانی زیندانیان تێدایە و یا هەرشوێنێك کەوا ڕقمان لێیەتی تێدا دەژین.دەکرێت زیندان باشترین شوێن بێت بۆشوێنی زۆرەملێ، چونکە شوێنێکە وا لەکەسایەتیەکان دەکات بە زۆرەملێ تێدا بژین.بۆیە دەبێتە پێکهێنانی(( خاڵی گواستنەوە لەدەرەوە بۆ ناوەوە، لەناو جیهانەوە بۆ ناو خود، بەنسبەت بەندکراوەوە لەوەی ئەو گواستنەوەیە دەیگرێتە خۆ لەگواستنەوەی بەها و کلتور و گران بوونی ئەرکی سەرشانی بە پابەندی و قەدەغەکراوەکان، لەوکاتەوەی کەپێی بەندکراوەکە دەچێتە ناو بەندیخانەوە لەدوای خۆیەوە جیهانێکی سەربەستی جێهێشتوە تا ئازارەکانی دەست پێبکات.کۆتایی نایات تەنها بەئازاکردنی نەبێت )).[1]

لەچیرۆکی "شۆرشی ویژدان"دا زیندان شوێنێکی زۆرە ملێ یە، لاوەکە بەزۆر و دوور لەحەزو ویستی خۆی ئاخێنراوەتە ئەوێوە.(( **یەك دوو مانگ لەمەو بەر لاوێکیان هێنا لە ژووری هەڵواسین دایان نا، وەردیانەکە پێ ی ووتم: ئەمە لاوێکی کوردە بەشتومەکەوە گیراوە....))**.[2]

لێرەدا ژووری هەڵواسین ئاماژەیەکە بۆ شوێنی زۆرە ملێ.لەوێ ئازادییەکانی لاوەکە زەوت دەکرێت، شوێنەکە بەلای ئەوەوە شوێنێکی زۆرە ملێ یە دوور لەحەزو وویستی ئەو ئاخێنراوەتە ئەوێوە.لەچیرۆکی "چۆڵستان"دا چیرۆکنووس ئەندێشەو ژانی کەسایەتیەکان لەڕێگای شوێنەوە دەخاتە ڕوو، کەچۆن ئارەزووی گەڕانەوەی شوێنی ڕەسەن دەکەن کە گوندەکەیانەو بەزۆر لێی ڕاگوێزراون.((**جارەهای جار چاوی هەڵئەبڕی و لەئاسۆی دوور ورد ئەبۆوە، ئەیویست لەئاسمانا شێوەی گوندەکەی، یان تارماییەکەی بەدیبکات.بەلاّم هەوای داغبووی لمە بێ سنورەکە، بەلێشاوی تۆزەوە شالاّویان بۆ ئەهێناو ئەچوونە ناو چاوییەوەو ئاویان تیا وشك ئەکرد ))**.[3] لەبەشێکی تری تێکستی چیرۆکەکەدا دەڵێت:(( **چاوی لە لمەکە چەقاند، ئەیویست بەناویا بچێتە خوارێ.بەلاّم لە لم بەو لاوە هیچی تری بەدینەکرد.ئاوڕێکی**

---

1 جمالیات التشکیل الروائی، محمدصابر- سوسن البیاتی. ص 208.

2 راوة بتران.شۆرشی ویذدان.ل31.

3 ئێوارةیةك.ضۆلستان.ل 129.

**دایەوە، باوکی بەدیکرد، لەو لاوە دانیشتبوو، بە توندی مژی لەسەبیلەکەی ئەدا، گاڵتەی بەوانە ئەهات جگەرەیان ئەکێشا.هەرگیزو هەرگیز ئەیوتەوە.**

**– ئەمەش دەردێکی تری شارە، تێیداوین))[1].**

شار بەشێکە لەو شوێنەی کە بەزۆرەملێ دوور لەویستی خۆیان تێدا نیشتەجی کراون، هەمیشە نامۆ و ناهۆگرە بەوان.هەمیشە ئارەزووی زێدی ڕەسەن دەکەن کەگوندەکەی خۆیانە.بۆیە لەململانێی دەروونی بەهێزدان لەگەڵ ناخیان کە بەهۆی (شوێنی زۆرەملێ) وە بۆیان دروست بوەو ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

دووەم : شوێنی خەیاڵی :

شوێنێکە پێچەوانەی شوێنی واقیعییە، چونکە شوێنی واقیعی بوونێکی جوگرافی سروشتی ڕاستەقینەی هەیە لای مرۆڤەکان، هیچ ناکۆکیەکیش نییە لەدیاریکردنی ئەوشوێنانە.بەڵام شوێنی خەیاڵی بە پێچەوانەوە ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کەوا ڕۆیشتن بۆی گرانە، سەرچاوەکەی سنوردارە، ئەمەش بەهۆی ئەو ناوەی یا ئەوسیفەتەی هەیەتی پێی دەناسرێتەوە، واتە شوێنێکە زادەی خەیاڵە، شوێنێکە کەوا ئێمەی تێدا ناژین، شوێنێکە نووسەر جەخت دەکاتەوە سەرخەیاڵی خۆی لە بنیاتنانی ئەوشوێنە کەتەنها بەزەین هەستی پێدەکەین.ئەگەر نا لەڕاستەقینەدا بوونیان نییە.زۆرجاریش نووسەر ناوی واقیعی بۆ شوێنی خەیاڵی دادەنێت کەتەنها مەبەستی ڕەمزە لێی.یەکێکیش لەخاسیەتەکانی شوێنی خەیاڵی لەڕووی بەکارهێنانەوە (( ئەوەیە کە تەنها بەکاردێت، واتە ئەوشوێنەی کەپانتاییەکی گەورەی هەیە و کۆمەڵە شوێنێکی بچوکتری لەخۆگرتووە، خەیاڵی بێت، ئەوا بەشە بچووکەکانی تریش خەیاڵی دەبن، ئەمە بە پێچەوانەی شوێنی واقیعیەوەیە کە ناتوانرێت بەتەنها بەکاربهێنرێت، هەر بۆیە زۆرجار هەردوو جۆرە شوێنەکە واقیعی و خەیاڵی پێکەوە بەکاردێت ))[2].شوێنە خەیاڵیەکانیشی کە بەکاردێت وەك (کێوی قاف) کە لە چیرۆکە میللیەکاندا بەدیدەکرێت یان (ماڵێك لەسەر مانگ) یان شوێنە ئەفسانە ییەکانی ناو داستانەکان...

**بوونی شوێنە خەیاڵیەکان لە کۆ چیرۆکەکاندا بەدی ناکرێت، چونکە شانۆی ڕووداوەکان لە شوێنی واقیعدا ڕوویان داوە، پەنای نەبردۆتە بەر شوێنی خەیاڵی لە بنیاتنانی**

---

[1] هەمان سەرضاوة.ل 130.

[2] بينــاى شــويَن لــةدوو نمونــةى رِؤمــانى كورديدا(هيَلانة.ئــةذديها).تانيا ئةسعةدمحمدصالَح.ضــاث و ثةخشــى سةردةم.ضاثى يةكةم ى 2011 ى زاييني.ل 93.

**شوێنەکاندا.زیاتر ویستویەتی واقیع بەرجەستە بکات و شوێنەکانیش لەخزمەتی بیری سەرەکی و ڕووداوەکان دا بن.**

کات و شوێن دوانەیەکی چیرۆکن و پێکەوە کاردەکەن، تەواوکەری یەکتریشن، هەروەها دوو ڕەگەزی هونەرین کە(( هەستەکانی ناوە و دەرەوەی خوێنەر دەوورژێنن، وەك چۆن بۆ نووسەر دەبنەکەرەسەی هونەری، ئاواش بۆ خوێنەر فەزایەکی سەرنج ڕاکێشن ))[1].بە هۆی گرنگی پێدانی (فەرجینا ۆلف و جیمس جویس و ولیەم فۆکنەر )بە کات بۆیە هۆی پەیدابوونی شەپۆلی هۆش، بەلام لەلایەکی ترەوە گرنگی پێدانی ڕەخنەگرانی وەك (( ناتالی ساروت و ئالان رۆب گرییە و کلۆد سیمۆن و...))[2] بە ڕەگەزی شوێن وایکرد ڕۆمانی نوێ بێتە ئاراوە کە ئەم شێوازە نوێ یەش لە ڕۆمان دا دژە چیرۆکی پێدەلێن.بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم گرنگی پێدانەی شوێن لەلایەن ئەم نوسەرو ڕەخنەگرانەوە وایکرد چیرۆکی نوێ بێتە ئاراوە.

شوێن تەنها گوزارشت نییە لەماڵ یان گوند بە واتا سادەکەی، بەڵکو کۆمەڵێك واتای تری شاراوەی هەیە و دەگرێتەخۆ.جوانکاری شوێنیش بۆتە ڕازاندنەوەی چیرۆك، گوزەرکردنی زەمەنیش بەناو ئەو شوێنە فرە ڕەهەند و جیاوازانەش زیاتر دەبێتە هۆی پێکەوە گرێدانی ئەم دوو ڕەگەزە پێکەوە.ئەم دوو ڕەگەزەش پێکەوە بوونەتە دوانەیەکی لەیەك جیا نەبۆە و و تەواوکاری یەکتری، چونکە ئامادە نەبوون و بزربوونی هەریەك لەم دوو ڕەگەزە دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەك لە ناو چیرۆکەکە، ئەمەش ناتەواوییەك لەدەقی چیرۆکەکەدا دەهێنێتە بوون، پێش ئەوەی دەقی چیرۆکەکەش بێتە بوون مەرگی خۆی دەبینێت، مەرگی چیرۆکیش واتە لەدایکبوونی بەرهەمێکی لاوازی کرچ وکاڵ کە خوێنەر تووشی بێزاری و بێتاقەتی دەکاتەوە لەکاتی خوێندنەوەی دەقی چیرۆکەکە.ئەمەش دەوەستێتە سەر توانا و لێهاتویی نووسەری چیرۆك کە چۆن ئەو تەکنیکانە لەناو دەقەکەیدا بوونیات بنێت و شێوەیەکی هونەریانە ببەخشێتە چیرۆکەکەی و لە کۆتاییدا چیرۆکێکی هونەری بهێنێتە بوون.بە پێی ئەو بنەمایانەی کە کات هەیەتی چیرۆکنووس لەچیرۆکەکەیدا دەتوانێت سوودی لێ ببینێت و بەشێوەیەکی هونەریانە بەکاری بهێنێت، ئەمەش ناتوانێت بەکاربێت ئەگەر شوێنێك نەبێت و زەمەنەکەی تێدا نەسورێتەوە.

گرنگی شوێن هەمان گرنگی کاتی هەیە لە چیرۆکدا، تەواوکەری یەکترین و تەنانەت هەندێك لەڕەخنەگران پێکەوەی بەکاردێنن، چونکە پێیان وایە ناکرێت لەیەك جیابکرێنەوە.((

---

[1] شويَنكاتى يةكةم لة ئيَستاو دووةمى سةطوةرِدا. عةبدول موتةلَيب عبدالله.ل 74.

[2] سوودمان وةرطرتووة لة: ضيرؤكى هونةرى كوردى، زاهير رِؤذ بةيانى.ل 262.

بیری نووسەریش لە سەر کات هەردەم تێکەڵە لەگەڵ بیری شوێن ))[1].کاتەکان و شوینەکان بەپیێ گرنگی چیرۆکەکان ئەو ڕۆڵەی کە هەیانە دەخرینە ڕوو، دەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی ڕخنەگران و لێکۆڵەران.

## ئەنجام

1. بنیاتی هونەری چیرۆك توخمێکی بنەڕەتی چیرۆکە و سەرەتاکان و سەرنجەکانی بنیات بۆ بنیات گەرەکان دەگەڕێتەوە کە سۆسێر سەردەستەیان بوو، ئەو تێڕوانینانەی سەبارەت بە بنیاتی هونەری هەیە بە بالآیی دەمێنێتەوە تا سەردەمی ئێستا کە وەك باسێکی گرنگی ناو چیرۆك سەیر دەکرێت و لە توێژینەوە ئەدەبیەکانیشدا پێگەیەکی دیاری پێدەبەخشرێت.
2. لەناو لێکۆڵینەوەی چیرۆکدا بنیاتی هونەری چیرۆك بایەخێکی تەواوی پێدراوە، لە لای نوسەران و ڕخنەگران وەك بەشێکی گرنگی ناو چیرۆك سەیرکراوە و بە چڕی لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە.
3. دەکرێت بڵێین بنیاتە هونەرییەکانی چیرۆك نامەیەکی زمانی یە بۆ ڕێکخستنی چیرۆك و پەیوەندییە ناوخۆییەکان و ئەوسیستەمەی کەوا بنیاتەکان ڕێك دەخات لەسەرەتاوە

[1] نشوء الرواية، أيان واط، ترجمة، ثائر ديب، دار شرقيات للنشر والتوزيع، القاهرة،1997م.ص 26.

تاکۆتایی لەگەڵ یەکتری، چی ڕوویداوە یان چی ڕوو دەدات و چۆن دەگێڕدرێتەوە و کێ دەیگێڕێتەوە و کەسایەتیەکان و شوێنەکان چۆن وەسف دەکرێن.تا دەگاتە کەسایەتیەکان کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەجولە پێکردنی ڕووداوەکان و کاتەکان، شوێنەکانیش دەبنە شانۆیەك بۆ کۆی گشتی چیرۆکەکان.لێرەوە پەیوەندی پتەوی نێوان ئەم تەکنیکانە دەردەکەوێت کە وەکوو زنجیرێك وان پێکەوە بەستراون.بنیاتە هونەریەکانیش پەیکەری گشتی چیرۆك پێکدەهێنێت، نەبوونی هەریەك لەمانە پەیکەری گشتی سەرەکی دەشێوێنێت.

4. بە شێوەیەکی گشتی بنیاتە هونەریەکان لە چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا بە پێی ماوەکانی قۆناغی نوسین جۆراو جۆری دەنوێنێت و سوودی لە ئەزموونی چیرۆکی نوێی جیهانی وەرگرتوە بە پێی ئەوەی کەوا چیرۆك پەیوەندیەکی بەهێزی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە.لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەی کوردیدا هات لە قۆناغی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، چیرۆکنووس لەو قۆناغەدا بە هۆی بابەتی نوێ وە توانیویەتی گوزارشت لە ئێش و ئازار و نەهامەتیەکانی سەردەمی خۆی بکات، بۆیە سەیر دەکەین بابەتەکانی تەواوکەری ناوەڕۆکی چیرۆکەکان و بە داڕشتنێکی تۆکمەوە خۆیان دەنوێنن.
5. چیرۆکەکانی ئەو ماوەیە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، ئەمەش بە هۆی ئەو بابەتانەی کە بۆ چیرۆکەکانی هەڵبژاردوە دەردەکەوێت، بەو واتایەی بە هۆی ئەو نمونانەوە دەتوانرێت تایبەتمەندی بابەتەکانی چیرۆکەکان ببینرێت و بناسرێتەوە.
6. ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکان باسکردنە لە مەسەلەی کێشەی چینایەتی و جوتیار و ئاغا و دەرەبەگ و کێشەی ئافرەت و هەژاری و نەتەوایەتی، ئەم ڕووداوانەش ڕووداوی ڕۆژی ئەوکات بوونە کە بەشێوەیەکی بەرچاو هەست بە بوونی کراوە و کۆمەڵگا پێ یەوە گیرۆدە بوو بوو.بیرو بۆچونەکانیشی بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەربڕیوە لەڕووی ڕاستگۆیی و تاڵی و نەهامەتییەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە.
7. بەکارهێنانی بنیاتە هونەرییەکانی چیرۆك بەشێوەیەکی گشتی لەکۆچیرۆکەکاندا بوونی هەیە، کەئەمەش بالا دەستی چیرۆکنووس دەسەلمێنێت لە ڕووی شارەزایی و ئاگاداربوون لە تەکنیك و بیری نوێ و ئەو شێوازانەی کە هاتونەتە نێو چیرۆکی هونەری کوردی یەوە.بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانەش بەپێی ساڵەکانی نوسینی

چیرۆکەکان جیاوازی دەنوێنێت و هەر قۆناغە و شێوازێکی نوێتر دەگرێتەخۆ.ئەمەش بوونی وەك چیرۆکنووس دەسەلمێنێت.

8. ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆجیەتی چیرۆکنووس لە کۆی گشتی چیرۆکەکانیدا، هەوڵی داوە ئایدۆلۆجیەتی خۆی بەسەر بابەتەکانیدا بسەپێنێت، پەیامێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری، دواتر پەڕیوەتەوە بۆ ناو هەندێك بابەتی سێکسی لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، ئەمەش واقیعیەتی چیرۆکەکانی پیشان دەدات.

9. کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکانی بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتی تێکشکاون چ لەڕووی دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان فیکری یەوە.ڕەشبینن بەرامبەر بەژیان و گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگا و باشترکردنی ژیانیان.کەسایەتیەکن ئومێدیان بەژیان و دەور و بەر نییە، ئەمەش بەکاریگەری ئەو ڕووداوانەی کەوا بەسەریان هاتوە و ئەم بارە نالەبارەی بۆ خولقاندوون.

10. شێوەی بەکارهێنانی زمان ڕۆڵی هەیە لەدیاریکردن و تێگەیشتن و شێوازی ئەو نووسینەی کەوا چیرۆکەکانی پێدەنووسێت، زمانێکی سادەی ئاسایی بەکارهێناوە کە تایبەتە بە نووسەر، شێوازێکە لەزمانی تەقلیدی گێڕانەوەدا بەدیدەکرێت کە چیرۆکە میللیەکانی پێ دەگێڕدرێتەوە، شێوازێکی سادەی بێ گرێ و دوور لە ڕەمزی بەکارهێناوە.

11. لە ئەنجامی شیکردنەوەی چیرۆکەکانی د.کاوس قەفتان دا بۆمان دەردەکەوێت کە چیرۆکی کوردی لەو سەردەمەدا بەردەوام لە نوێ بوونەوەدا بووە، ئەم نوێ بوونەوەیە و گرنگی دان بە تەکنیکی نوێ لەو سەردەمەدا سیمایەکی هونەری بە چیرۆکەکانی ئەو ماوەیە بە گشتی و چیرۆکەکانی چیرۆکنووس بە تایبەتی بەخشیوە.

## سەرچاوەکان

### چیرۆکەکان

1.دەچیرۆك.د.كاوس قەفتان.بە یارمەتی وەزارەتی كاروباری شیمال لەچاپ دراوە . بێساڵە.
2.خۆری ئاوابوون.د.كاوس قەفتان، چاپخانەی كامەرانی، سلێمانی 1970 ی زایینی.
3.راوەبەران.د.كاوس قەفتان.چاپخانەی كامەرانی، سلێمانی 1971 ی زایینی.
4.نیوهەنگاو د وور لەدۆزەخ.د.كاوس قەفتان.دەزگای رۆشنبیری وبلاوكردنەوە كوردی. بەغدا 1979 ی زایینی.
5.پێنج تابلۆی شێواو و چەند چیرۆكێكی تر.د.كاوس قەفتان.چاپخانەی (الحوادپ)، بەغدا 1985 ی زایینی.
6.ژووری میوان.د.كاوس قەفتان.چاپ و پەخشی سەردەم. 2000 ی زایینی.
7.ئێوارەیەك.د.كاوس قەفتان.بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوكردنەوەی سلێمانی، چاپی یەكەمی2003 ی زایینی.
8.دار بەڕووە بێسێبەرەكە .د.كاوس قەفتان. چاپخانە و ئۆفێستی بابان– سلێمانی 2007 ی زایینی.

## كتێبە چاپكراوە كوردیەكان

1. ئەزمونی چیرۆكنوسین، مەحەمەدفەریق حسن.بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی، چاپی یەكەم، 2012 ی زایینی.

2. ئەدەب و ڕەخنەی نوێ سەرەتایەك بۆ ڕەخنەی ئەكادیمی.لوقمان ڕەئوف. چاپخانەی بینایی، 2011 ی زایینی.

3. بینای شوێن لەدوو نمونەی ڕۆمانی كوردیدا(هێلانە.ئەژدیها).تانیا ئەسعەد محمدصالح.چاپ و پەخشی سەردەم  چاپی یەكەم ی 2011 ی زایینی.

4. بنیاتی كارنامەیی دەق.د.عبدالقادرحەمەئەمین محمد.مەڵبەندی كۆردۆلۆجی  سلێمانی 2008 ی زایینی.

5. بینای كات لە سێ نمونەی ڕۆمانی كوردی دا (ژانی گەل، شار، ران).نجم خالید ئەڵوەنی.چاپ و پەخشی سەردەم  سلێمانی 2004 ی زایینی.

6. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی كوردی باشوری كوردستاندا، ڕێزان عوسمان(خاڵە دێوە)، لەبلاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی  هەولێر، چاپی یەكەم 2010 ی زایینی.

7. بینای هونەری چیرۆكی كوردی لەسەرەتاوە تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی  پەرێزسابر.چاپ وپەخشی سەردەم  چاپی یەكەم 2003 ی زایینی.

8. بووتیقای ڕۆمان، ڤەنسان ژووڤ ، وەرگێڕانی دكتۆرمەحەمەد ڕەحیم ئەحمەدی. دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس  چاپی یەكەمی 2012 ی زایینی.

9. بەرەو ئاستانەی ڕۆمان وگۆشەنیگاكان، عبداللە سەراج.چاپ وپەخشی سەردەم  سلێمانی، چاپی یەكەم 2007 ی زایینی.

10. تەكنیكی گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی (مارف بەرزنجی) دا، د.شوكریەرەسول.لە بلاوكراوەكانی لقی كەركوكی یەكێتی نووسەرانی كورد–(12).چاپی یەكەم 2005 ی زایینی.

11. توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، راجێر وییستر، و.عەبدوالخالق یەعقوبی، دەزگای توێژینەوە و بلاوكردنەوەی موكریانی  چاپی یەكەم 2006 ی زایینی.

12. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلیدا.جلال ئەنوەر، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاّو کردنەوەی سلێمانی 2009 ی زایینی.
13. پەخشانی کوردی، عبدالرزاق بیمار، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی داڕالحريه للگباعه 1998 ی زایینی.
14. جوانی و جیاوازی، مەحەمەد کوردۆ.چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی 2009 ی زایینی.
15. چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر ڕۆژئاشکرای، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی هەولێر چاپی دووەم 2008 ی زایینی.
16. چیرۆك و تایبەتمەندییەکانی، ڕست هیلز، وەرگێڕانی سەلاّح عومەر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، کتێبی گیرفان، 2005 ی زایینی.
17. چیرۆکی نوێی کوردی، حسن جاف، دەزگای ڕۆشنبیری بلاّوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی علا بەغدا 1988ی زایینی.
18. چیرۆکی کوردی، سابیر ڕەشید، وەزارەتی ڕۆشنبیری.کتێبی گیرفان هەلێر، 2005 ی زایینی.
19. دەروازەی دراما، ئەحمەدسالار، لەبلاّوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی بەرگی یەکەم .بەغدا.1980ی زایینی.
20. .دوانزە نامەبۆ ڕۆمان نوسێکی لاو، ماریۆس بارگاس یوسا، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، صالّح علمانی، بۆکوردی.شیرین–ك.لە بلاّوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.2008 ی زایینی.
21. دەنگی بلورینی دەق، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، عەبدوالخالق یەعقوبی، چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاّوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 2005 ی زایینی.
22. رەخنەی بنیاتگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزە کردن – ڕەخنەی شیعری کوردی بە نمونەوە.دکتۆر علی تاهیر حسێن ، چاپ و پەخشی سەردەم چاپی یەکەم ، سلێمانی 2008 ی زایینی.

23. ڕۆمان و پیشەی نوسینی ڕۆمان نوسین، ئەدوارد بلشن.دایانا داوبتفایر.وەرگێڕانی بۆعەرەبی، سامی محمد، وەرگێرانی بۆ کوردی، ئەژی گۆران.دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی □ بەغدا 1982 ی زایینی.
24. ڕۆمان لەگۆشەنیگای جیاوازەوە، صەلاّح عومەر، خانەی دهۆک□ چاپی یەکەم ی 2010 ی زایینی.
25. شوێنی جوگرافی.ئامادەکردنی هاوڕێ مەلا ڕەئوف.چاپی یەکەم ی 2012ی زایینی.
26. شوێنکاتی یەکەم لەدووەم و ئێستای سەگوەڕ دا.عەبدولموتەلّیب عبدالله، لەبلاّوکراوەکانی سەنتەری فیکری و ئەدەبی نما□ چاپی یەکەم .هەولێر 2004ی زایینی.
27. شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، ئازاد ئەحمد مەحموود، دەزگای ئاراس □ چاپی یەکەم 2008 ی زایینی.
28. قوتابخانە و تیۆریەکانی دەروونزانی کەسایەتی،د.سعید شاملۆ. وەرگێڕانی، فرمێسیك ڕزگارمحمد □ سیدۆ داود علی.خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما□ چاپی یەکەم 2010 ی زایینی.
29. کورتەیەك لە بارەی چیرۆکەوە.لین ئۆلنبیرد–لیزلی لویس، وەرگێڕانی سەلاّح عومەر، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم–سلێمانی.2003 ی زایینی.
30. کورسی و بەهادرامییەکان، لێکۆڵینەوەی چامە والأی" کورسی" ی شێرکۆ بێکەس "، ئەحمەدسالار، چاپ و پەخشی سەردەم □ سلێمانی، چاپی یەکەم ی 2009 ی زایینی.
31. کاراکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیارعەلی دا.نەجم ئەلوەنی.دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد.چاپی یەکەمی 2009 ی زایینی.
32. لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردیەوە، نجم ئەلوەنی□ چاپخانەی ئاراس.چاپی یەکەم ی 2011 ی زایینی.

33. مەم و زینی خانی.د.کەمال میراودەلی.چاپ و بلاوکردنەوەی ڕەنج.چاپی یەکەم. 2007 ی زایینی.
34. هەردی و ڕۆمانسیزمی خود، کەمال میراودەلی، خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، 2007 ی زایینی.
35. هونەری دراما، ڕامانێك لەدرامای کوردی، یاسین قادر بەرزنجی، چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی 2009 ی زایینی.
36. هاوکاتی و هاوشوناسی.خوێندنەوەیەك بۆواتای کات لەشیعری حاجی قادری کۆیی دا.رێبوارسیوەیلی.دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشاندن. دهۆك. چاپی یەکەم ی 2004 ی زایینی.
37. هونەری شیعر(شیعرناسی)، ئەرەستۆ، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە، عەزیز گەردی، چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپی دووەم ی 2011 ی زایینی.
38. فەرهەنگی یاریدەر، عەرەبی□کوردی□ئینگلیزی.فوئادی تاهیرسادق. بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.بەشی یەکەم ((أ□ت)) . کوردستان 2007 ی زایینی.
39. فرهنگ فارسی □ کوردی.بە سەرپەرشتی ماجد مردۆخ روحانی.لە بلاوکراوەکانی دانشگاە کوردستان، سنندج. 2011 ی زایینی.

## کتێبە چاپکراوە عەرەبییەکان

40. اركان القصه.أ.م.فورستر، ترجمه كمال عياد جاد، مراجعه حسن محمد، مگبعه الوحده دار الكرنك للنشر و الگبع و التوزيع، القاهره، 1960م.
41. أنتصار الزمن، محمد عبد الحسين الدعمى، دار أفاق عربيه للصحافه. بغداد 1985 م.
42. الّسس الفنيه للّبداع الّدبى، د.عبد العزيز شرف.دار الجيل بيروت.الگبعه الّولى 1993م
43. أساس البلاغه، جارالله ابى القاسم محمود بن عمر الزخمشرى، دار الفكر للگباعه والنشر و التوزيع، الگبعه الّولى، لبنان 2006م.
44. أعترافات، القديس اغوسگينوس، ترجمه، الخورى يوحنا الحلو،بيروت، دارالمشرق، الگبعه الرابعه 1991م.
45. بؤس البنيويه الّدب والنڤريه البنيويه، ليوناردجاكسون، ترجمه پائرديب. دار الفرقد للگباعه و النشر و التوزيع، الگبعه الپانيه 2008 م.
46. بناو الروايه، أدوين مير، ترجمه أبراهيم الصيرفى، مراجعه الدكتور عبدالقادر القگ، الدار المصريه للتأليف و النشر، القاهره، 1965 م.
47. البناو الفنى لروايه الحرب فى العراق (دراسهنڤم السرد، والبناو فى الروايه العراقيه المعاصره)،عبدالله أبراهيم،دارالشؤن الپقافيه العامه، بغداد1998م.
48. بنيه النص السردى من منڤور الّدبى.د.حميد الحمدانى.الگبعه الّولى. المركزالپقافى العربى، بيروت 1991م.
49. البنيويه، جان بياجه، ترجمه عارف منيمنه و بشير أوبرى.منشورات عويدات.بيروت لبنان.الگبعه الّولى 1971م.
50. التخيل القصصى، شلوميت ريمون كنعان، ترجمه لحسن حمامه، دار التكوين الگبعه الّولى 2012م.
51. تگور البنيه الفنيه فى القصه الجزائريه المعاصره(1947 1985) شربيگ أحمد شربيگ، اتحاد الكتاب العرب، الگبعه الّولى، 1998م.

52. تيار الوعى فى الروايه الحديپه، روبرت همفرى ترجمه: محمود الربيعى، الگبعه اليپانيه، دار المعارف بمصر، 1978م.
53. تهژيب البلاغه، الدكتورعبدالهادى الفچلى، مگبعهالزهراو–قم، الگبعه الحادى عشر، 1426هيجرى.
54. جماليات المكان.جاستون باشلار.ترجمه غالب هلسا.دار الحريه للگباعه .بغداد.1980م.
55. جماليات التشكيل الروائى، دراسه فى الملحمهالروائيه (مدارات الشرق) لنبيل سليمان.محمدصابر–سوسن البياتى، عالم الكتب الحديپ للنشر والتوزيع–أردن الگبعه الٱولى 2012 م.
56. حوار فى الروايه الجديده، ريمون لاهو، ترجمه د.نزارصبرى، دار الشئون اليقافيه، الگبعه الٱولى، بغداد 1988م.
57. خگاب الحكايه،بحپ فى المنهج.جيرارد جنيت.ترجمه.محمد معگسم و عبدالجليل الٱزدى و عمرحلى.الگبعه اليپانيه.المجلس الٱعلى لليپقافه. القاهره1997م.
58. دراسات نقديه من الٱسگوره الى القصه القصيره.الدكتور أحمد زياد محبل. منشورات دار علاو الدينالگبعه الٱولى 2001م.
59. الروايه وصنعه وكتابه الروايه، ادوارد بلشن، ترجمه سامى محمد، دار الحريه للگباعه بغداد أيلول1981م.
60. الروايه التأريخيه، دراسه ڤى الادب الروائى محمد سليم سوار نموژجا، دكتور جمال خچير الجنابى، مگبعه اليپقافه،اربيل كوردستان،الگبعه الٱولى2011م.
61. الروايه والتاريخ.الدكتورنچال الشمالى، عالم الكتب الحديپ، أربد–أردن، الگبعهالٱولى، 2006 م.
62. الروايه و المكان.ياسن نصير.دار الشؤن اليپقافيه العامه.بغداد.1986 م.
63. شعريه الروايه، فانسون جوف،ترجمهلحسن أحمامه،دار التكوين.الگبعه الٱولى 2012 م.

64. فن القصه: أحمد أبو السعود ، شوێنی چاپی نیه.الگبعه الٌولى1959م.
65. الفن القصصى فى القران الكريم، محمد احمدخلف الله مع شرح و تعليق خليل عبدالكريم، مؤسسه الٌنتشار العربى و سينا للنشر،الگبعه الرابعه ،1999 م.
66. الفواعل السرديه، دراسه ڤ الروايه الٌسلاميه المعاصره، بان البنا، عالم الكتب الحديپ، الگبعه الٌولى. أردن 2009م .
67. المدخل الى علم الٌدب، تأليف مجموعه من الكتاب الروس  ترجمه أحمدعلى الهمدانى.دار المسيره للنشر و التوزيع والگبع.الگبعه الپانيه2010م.
68. مشكله البنيه أو أچواو على البنيويه.الدكتور زكريا أبراهيم.الناشر مكتبه المصر.1990م.
69. المصگلح السردى فى النقد الٌدبى العربى الحديپ.احمد رحيم كريم الخفاجى، دار صفا للنشر والتوزيع  عمان الگبعه الٌولى 2012م.
70. المكان و دلالاته، چمن كتاب جماليات المكان، مجموعه من المؤلفين، سيزا قاسم دراز.الدار البيچاو، عيون المقالات، الگبعه الپانيه 1998م.
71. مكونات الخگاب السردى.مفاهيم نقريه.الدكتور الشريف حبيله.عالم الكتب الحديپ للنشر أردن.الگبعه الٌولى 2011م.
72. المعجم الٌدبى ، جبور عبدالنور، دار العلم للملاين  بيروت 1977م.
73. معجم مصگلحات نقديه‌الراويه، عربى، أنكليزى، فرنسى.د.لگيف زيتونى، مكتبه‌لبنان ناشرون، دارالنهار للنشر.گ.الپانيه 2002م.
74. معجم علم النفس و التحليل النفسى، مجموعه من المؤلفين، الگبعه‌الٌولى، بيروت.بلاسنه.
75. مقدمه فى النقد الٌدبى، على جواد الگاهر، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، منشورات المكتبه العالميه، الگبعه الپانيه، بغداد 1983م.
76. نقره البنائيه فى النقدالٌدبى.د.صلاح فاچل.دارالشؤن الپقافيه‌العامه بغداد، الگبعه الٌولى1987م.

77. نظريه الادب، شفيق يوسف البقاعى، منشورات جامع السابع من أبريل، الگبعه الاولى.ليبيا، 1425هيجرى.
78. نظريه المكان فى الفلسفه الاسلاميه.د.حسن مجيد العبيدى.دارنينوى للدراسات والنشر و التوزيع.2007م.
79. نشوو الروايه، أيان واگ، ترجمه، پائر ديب، دار شرقيات للنشر والتوزيع، القاهره 1997م.
80. الوجيز فى دراسه القصص، لين أولتبيندند و ليزلى لويس، ترجمه الدكتور، عبدالجبار المگلبى، منشورات دائره الشؤن الپقافيه و النشر– بغداد 1983م.
81. الوصف فى الشعرالعربى فى القرن الپانى للهجره، د.بسمه‌نهى الشاوس، مكسيليانى للنشر.الگبعه الاولى2010م.
82. وظيفه الوصف فى الروايه.عبداللگيف محفوظ.الدار العربيه للعلوم ناشرون.الگبعه الاولى 2009 م.
83. ينابيع الروايه اللابداعيه، خچرمحمد، دار الحوار، سوريه. 2006 م.
84. يوسف ادريس كاتب القصه القصيره، دار بو سلامه للگباعه والنشر تونس1985م.

## نامەكانی ماستەری كوردی

1. بنیاتی وەسف لەڕۆمانەكانی"بەختیارعەلی"دا، كاروان مهدی عوسمان، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین 2009 ی زایینی.
2. تەكنیكی هونەری لەڕۆمانەكانی "عبداللە سەراج"دا.ئارەزوومحمد علی، نامەی ماستەر، كۆلیژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەددین 2010 ی زایینی.

## نامەكانی دكتۆرای كوردی

1. گفتوگۆ لە ڕۆمانی كوردی كرمانجی خواروودا.(1991–2003زایینی)، جلال ئەنوەر، بە سەرپەرشتی.پ.ی.د.فازل مجیدمحمود.نامەی دكتۆرا، كۆلیجی زمان–زانكۆی سلێمانی.2010 ی زایینی.
2. رەگەزەكانی چیرۆك لە داستانی(مەم و زین)ی خانی دا.نەوزەت ئەحمەد عوسمان.نامەی دكتۆرا.زانكۆی بەغدا.كۆلیجی پەروەردەی أبن روشد 1999ی زایینی.

## نامەكانی ماستەری عەرەبی

1. تحليل الخگاب الروائى، فى أدب عبدالخالق الركابى، الپلاپيه نموژجا، ماجده هاشم عيسى المالكى.جامعه أبن رشد، كليه التربيه.رساله ماجستير.سنه2002م.
2. المكان الروائى عند غسان كنفانى، صفوان أحمد قاسم الدباغ، رساله ماجستير ، كليهالتربيه، جامعه الموصل، شباگ 2000م.
3. الوصف فى الروايهالعراقيه، دراسه نقديه فى تقنيه بناو الوصف، عبدالٱميرمگرفيلى الساعدى، رسالهماجستير، كليهالٱداب، جامعه بغداد 2000 م.

نامەکانی دکتۆرا عەرەبی

1. البنیه السردیه فی روایات نبیل سلیمان.ساجده زرارعزیز ئاودەلی. أگروحه دکتورا جامعهالمستنصریه.کلیه التربیه، نیسان 2010 م.

گۆڤارە کوردیەکان

1. تەکنیکا ڤەگێرانێ د کورتە چیرۆکێن(مەیدانا کوچکان)ا اسماعیل هاجانی دا.حسین عوسمان عبدالرحمن.گۆڤاری ڕووگەھ، زانکویا زاخۆ دەر دئێخیت، چاپخانا خانی– دهۆك.ژمارە 10ی هاڤینا 2011 ی زایینی.

2. ملامح فنیەفی قصه یوسف علیه السلام، صالح ملاعزیز.گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی صەللاحەددین.هەولێر.ژ.37ی 2008 ی زایینی.

گۆڤارە عەرەبییەکان

3. پلاپه نماژج من الاخراج المسرحی فی العراق  یاسین نصیر.مجله الاقلام.مجله شهریه تعنی باالادب الحدیپ.العددالپالپ–أدار1989م.

4. الانشائیه الهیکلیه.تزفتان تودوروف، ترجمه عن الفرنسیه:مصگفی التوانی، مجله الپقافه الاجنبیه، دار الجاحچ للنشر، بغداد، العدد الپالپ  السنه الپانیه، 1982م .

**سەرچاوەکانی ئینتەرنێت**

**1. LitearaNo4.Tripod.com/elements.html.byC hristiana Shery L.sinaghi**

**2. Yeklivan dastan.blogfa.com.post-120.spx**

**کتێبە ئینگلیزی یەکان**

1. Merriam Webster encyclopedia of Literature. 1995.p.1015
2. The penguin Dictionarry of literary Terms and literatury theory .J.A.cuddon.Reciend by.C.E.preston.1970-1998.p.812

## مُلّخّص الرساله باللغه العربيه

إنّ البنيه الفنيه للقصه عنصرٌ مهم من العناصر الّسلوب القصصى و تعدُّ عاملاً من العوامل التى تعبر عن صوره خياليه مستنداً إلى معنى ژهنى و فى الوقت نفسه ترسم أو تصور للمتلقى حالهً نفسيه أو تجربه شعوريه أو منڤراً مرئياً متعلقاً بالحاله الّجتماعيه والگبيعه البشريه، و تحاول هڑه البنيه أن تعگى للحالات السابقه تصوراً جديداً للحياه البشريه أو تعگيها حركهً و حيويهً إڑا كان هڑا الّنموڑج الّنسانى شخصيهٌ حيه إلى جانب تجسيد الگبيعه الّنسانيه الخفيه للعيان، وتروى هڑه القصص من جانب الشخصيات أو تكتب بواساگتها، كما يعد عنصر المحادپه عاملاً مهماً من عوامل التأديه والعرچ للقصه بحيپ تجعلها أكپر واقعيهً مع إدخال عنصر الخيال الواسع، وقبل البدو ينتقل المتلقى إلى مسرح الّحداپ، ڑلك المسرح الڑى تحدپ الّحداپ حولها برمتها، وتساهم المناڤر فى نقل هڑه الّحداپ إلى جانب الشخصيات المحركه لها، وڑلك بأسلوب انفعالى مختلف والڑى يساهم فى خلق الحركه عن گريق افتعال مواقف مختلفه متباينه تڤهر للوجود من خلال هڑه الّحداپ المتباينه كما تڤهر صفات و خصائص الشخصيات على وفقٍ مواقفها فى زمن سواو إڑا كانت هڑه الّحداپ قد حدپت أو يحدپ فيما بعد، لڑالك فإن سير الحياه داخل القصه و فى زمن روايه الّحداپ لا تصبح بارزاً و ڤاهراً للعيان من تلقاو نفسها، وإن القصه ليست حكايه الحياه كما هىّ و إنّما هى عالم خاصٌ يحتوى الحياه بكل جمالها و قبحها و حلوها و مرّها و تحاول أن تملّ و تسُدَّ سلبيات الحياه بهدف إڤهارعالم مختلف لما هوّ موجود فى الواقع.ومن هڑا المنگق يدرس البحپ البنيه الفنيه للقصه، بهدف البحپ فى ڑالك العالم الخاص الڑى يبتكره الكاتب والڑى هوّ عالمه و مجتمعهُ.

يتألف هڑا البحپ من پلاپه فصول مبدووه بمقدمه و ممنتهيه بمصادر ومراجع أعتمد البحپ عليها فچلاً عن الملخصين باللغه العربيه و الّنجليزيه، ففى المقدمه تگرق البحپ إلى نبڑه مختصره لموچوع البحپ.پم سبب أختيار هڑا العنوان., و أما الفصل الّول فإنه يتكون من

مبحپين، ويناول المبحپ الّول مقدمه لتوچيح مصگلحى البنيه والقصه، فى حين تگرق المبحپ الپانى إلى البنيه الفنيه للقصه والتى تشمل الحدپ وبنيتهُ و عناصره.

أما الفصل الپانى فإنه بعنوان( حصاد القصص) و ينقسم على پلاپه مباحپ.يتناول المبحپ الّول السرد و أساليبها فى قصص(د.كاوس قفگان) پم نأخژ على أنواعها، وأخرى على قصصه، محاولين توچيح كُلاً منهما فى الّصگلاح مع الّستشهاد بالّمپله القصصيه و فى مبحپ الپانى حاول البحپ أن يعرف الوصف و علاقته بالراوى وّ واجباته فى القصص و الوصف فى قصص(د.كاوس قفگان) و فى المبحپ الپالپ تگرق البحپ إلى التعريف الشخصيه و مفهومها و فى الّصگلاح.پم أنواع الشخصيه و اسلوب الشخصيات فى قصص (د.كاوس قفگان).

ويتألف الفصل الپالپ من مبحپين و يتچمنان خصائص الزمان و المكان فى قصص(د.كاوس قفگان) إژيدرس المبحپ الّول الزمان فى حيپ يتناول المبحپ الپانى المكان و علاقته بالواقع پم اتحدپُ عن أنواع المكان بحسب وجُدِه داخل إگار القصه.

فى النهايه تم عرچ الّستنتاجات التى توّصّلّ البحپ إليها.

# Abstract

The technical structure of story is an important element of the form of story (ficthion). It is a factor from which, and through pictures, a picture from sensation is represented from the mental meaning, still a psychological status, a perceived event, an observed view about the human example and the human nature. It raises these entire pictures together and draws their outline as well as providing them with a private life or a new movement. When the mental meaning denotes shape and movement, or the psychological state of a tableau or a view, when the example of humanity is a living personality and the nature of man is a tangible mass. The happening, views, and the fictions however, are retold or written by a living person characterized by life an activity, due to the fact that no one can perform such an action unless he is alive and powerful

Besides, the element of conversation remains a significant factor for displaying the exhibition of the stories in a more colourful way, and the imaginations will mach it. And before the show has started, it will convey the audience and the readers to the stage of events that are happening in a location where it has appointed somewhere.

The view endeavers to transfer these events to us as if they were cinematic shows. Meanwhile, these events need drives that are the characters of the fiction, who are roaming about, each time

with new passions, which are repercussions of diverse stances and the course of the events.

Th merits are attributed not on no basis, but according to the stance and personalities.The entire of these things have once happened or are happening or may once happen in the future.

As such, life dosen't com from nothing, it is in the fiction, with in the narration of happenings and various types of narratives of life.Also it is not the narration of the type of life where the state of things do not exist as they are but it is a special kind of world which embraces life with all its beautiful and ugly things, attempts to make it perfect and tries to complete its short comings; it aims at exhibiting a sort of life totally different from this actual life.

We will try, thus, to undertake investigation into the technical structure of the stories, besides the private world created by the writer within his stories.

This study consists of three chapters, sources, concl- usions and abstract in both Arabic and English languages. In the introduction, the abstract is mentioned along with the reasons of choosing the subject and the method, the study applies.the study is of three chapters:

The first chapter consists of two parts; the first one is about the concepts and terms, while the stories' artistic basics are mentioned in the second.

Chapter two consists of three parts: the first part is entitled narration and its types in the stories of Dr. Qaftan. Part two is about introducing description and its functions in the stories and relation of description with narration. Introducing personality as far as concepts and terms are concerned a long with types and forms of personality are all stated in third part.

The third chapter, which is the last one, consists of two parts: the first part is about time. Brodly speaking, we tried to explain the parts of time in the stories. Introducing place and its relation with reality and later types of place as they are seen in the stories are shown in part two.

At last, the researcher mentioned the conclusions of the study.

Kurdistan Regional Government
Ministery of Higher Education
And scientific Research
University of sulemany

# Artistic Basis of dr.Kaws Qaftan's stories

A study prepared by
Saywan Muhammad Taher Saeed

For

The Council of Faculty of Languages
University of Sulaimany

Partial fulfilment for the degree of master of
Kurdish literature

Supervised by
Assis.praf.Dr.Abdulqadr Muhammad HamaAmin

1434 HJ. 2013 GR. 2713 KU.